Jineolojî

ئەو زانستەی لە تەوەری ژن گەشە دەکات، دەبێتە هەنگاوی یەکەم بەرەو سۆسیۆلۆژیایەکی ڕاستەقینە.

گۆڤارێکی توێژینەوە-تیۆریی وەرزییە، ژمارە ٢٨ / شـووبات ٢٠٢٥ تایبەتە بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



# بنەمای مێژوویـی و کۆمەڵایەتی خەباتی ژنان لە ڕۆژهەڵات

# JINEOLOJÎ

گۆڤارێکی توێژینەوە-تیۆریی وەرزییە

ژمارەی ٢٨ گۆڤاری ژنۆلۆژی تایبەتە بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

# ژنۆلۆژی

بەڕێوەبەر: عائیشە بەرکتای

---

دەستەی نووسەران: دەریا ئایدین. ئەلیف کایا، مەرال چیچک، هاسکار قرمزی گوڵ، ڕۆشن سەیدائوغلو، سۆزان ئاکیپا، لالەش چلیگر، ڕۆژدا یلدز، نەسلیخان شدال، هەروەها ئەندامی هەمیشەییمان (ناگیهان ئاکارسەل)

---

دەستەی ڕاوێژکاریی گۆڤار: جاندان یلدز، دلار دێریک، سیلڤیا فدریچی، ئەوین سویسال، فریال سایگلیک، گونول کایا، هاوین گوینەشەر، هولیا عوسمان ئاغائۆغلو، مەلالا جویا، نازان ئوستونداغ، نوکهەت سیرمان، ڕەباب المهدی، ڕەباب ئیبراهیم عبدالهادی، ڕمزیە ئەرسەلان، ڕووناهی ئونەن، ڕوکەن شەنگول، شلێرئەمینی، سیلڤیا مارکۆس، شنل کاراکاش، شمسال ئوزەر، ڤالانتین موقەدەم، سەدا ئاڵتوغ، یاکن ئەرتورک، یوکسەل گەنج.

---

بەرپرسیاریەتی تەواوی وتارە بڵاوکراوەکان لە ئەستۆی نووسەردایە. سوودوەرگرتن لەبابەتی ئەم وتارانە ئازادە، بە مەرجی ئاماژەکردن بە سەرچاوەکەی. بڵاوکردنەوەی وتارە نێردراوەکان پەیوەندی بە دید و بۆچوونی دەستەی نووسەرانەوە هەیە.

گۆڤاری ژنۆلۆژی بە شێوەیەکی وەرزی بڵاودەکرێتەوە و هەر ژمارەیەکی لەسەر بابەتی تایبەتە و پەیوەستە بە بژاردەی کاری چالاکوان، توێژەر و نووسەرانەوە.

---

ژمارەی ٢٨ گۆڤاری ژنۆلۆژی کە تایبەتە بە (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) بە زمانەکانی تورکی، فارسی و کوردی (کورمانجی ژوورین و ناوین-سۆرانی) بڵاودەکرێنەوە. ئەگەر پێشنیاز یان تێڕوانینێکتان دەربارەی بابەتی بڵاوکراوەی گۆڤاری ژنۆلۆژی هەبێت، بەدڵنیاییەوە دید و ڕەخنە و تێڕوانینەکانتان لەگەڵمان بەش بکەن.

ئیمەیـــــڵ: editorjineoloji@gmail.com
ســــــایت: http://www.jinelojdergisi.org
فـەیسبووک: @jineolojidergisi
ئـــــێکس: @jineolojidergi

# پێڕست


وتاری دەستەی نووسەران:........................................................... ٩

توێژینەوەیەکی دۆخی مێژوویی و کولتووری ژنان........................ ١٧

– ئەوین زیلان

کاریگەری پیاوسالاری و نوێگەرایی (مۆدێرنیزم) لەسەر ژن......... ٥٣

– ڕوشین عوسمان

کاروانی هەزاران ساڵە بەرەو ئازادی............................................ ٨٥

– خانێ ئانوش

چاوپیاخشاندنێک بە توندوتیژی ڕەگەزیی و دەستدرێژی زیندانیان ئێران و بەرخودانی ژنان لەبەرامبەریاندا.......................................... ١٠١

– پونە ئاشتیانی

چەپی ئێران و شۆڕشی(ژن، ژیان، ئازادی): ڕۆڵگێڕە نەبینراوەکان..... ١٣١

– مهتاب محبوب

ڕیشەداکوتانی ستەمکردن دەربارەی نکوڵیکردن، سیاسەتی سڕینەوە..... ١٥١

– هێرۆ خوسرەوی

شیکاری سیاسی جەستەی ژنان لە شۆڕشی ژینادا........................ ١٦٩

– ئەوین ڕۆژهەڵات

بەشداریی ژنان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا.............................. ١٩٧

– پەیمان وەلی

دۆخی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ............................................ ٢٢١

– کوێستان داودی

گەردوونیبوونی تێکۆشانێک کە پشتی بە خۆی بەستووە................ ٢٤٥

– وەرگێڕانی: نەجیبە قەرەداغی

پەراوێزەکان: ........................................................................... ٢٨٣

(لەنێو جۆری مرۆڤدا، گرێکانی مەزنی ژیان لە دامێنی
تۆرۆس-زاگرۆس و لە دۆڵەکانی دیجلە- فورات
هەڵقوولاَ و ژیانی ئەفسووناوی لێرەدا لەدایکبوو و لە
کوردستان لە شێوەی (ژن و ژیان) هاتە بوون).

**ع. ئۆجالان**

## وتاری دەستەی نووسەران:

بە تێپەڕبوونی حەوت ساڵ لەسەر بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ژنۆلۆژی کە گۆڤارێکی زانستی-تیۆرییە، بە پێداگریی و باوەڕ بەوەیزانستی ئازادی و دیموکراسی پەرە پێ دەدەین و بەردەوامی بە چالاکییەکانمان دەدەین. بە لەبەر چاوگرتنی بەرزبوونەوەی ئاستی تێکۆشانی بزووتنەوەی ژن لە ناوچەکەدا و بە تایبەت کوردستان، دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ژنۆلۆژی بڕیاری دا کە چوار ژمارەی ئایین دەی ئەم گۆڤارە تایبەت بکات بە بەرخودانی ژنان و دۆخی بزووتنەوەکانیان لە هەر چوار بەشی کوردستاندا. لەگەڵ دەستپێکردنی بزووتنەوەی(ژن، ژیان، ئازادی) لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئامادەبوونی چالاکوانانی ژن لە شەقامەکاندا ڕابوونێکی مەزنی بە بەرخودانی ژنان بەخشی کە بە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی بەرخودانی ژنان لە قەڵەم دەدرێت. ڕاپەڕینێکی ئازادانەی ژنان و هاودەنگی شکۆمەندیان دەسەڵاتی ئێرانی چەک کرد و بە تێپەڕبوونی زیاتر لە ساڵێک بە سەر ئەم بزووتنەوەیەدا هێشتا نەیانتوانی سەرکوت و کپیان بکەن، بەرخودانێکی کۆمەڵایەتی بەربڵاو بەڕابەرایەتی ژنان لە سەرتاسەری جوگرافیاکەماندا کە زۆر بەتوندی لەژێر کاریگەری کولتووری پیاوسالاری و دەسەڵاتی دەوڵەت-نەتەوەدا بوو لەدۆخی شێوە گرتنێک بوو. گرنگی ئەم بزووتنەوەیە تەنیا بە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان سنووردار ناکرێت، بەڵکو کاریگەری لەسەر بەشەکانی تری کوردستان و وڵاتانی ناوچەکەشەوە هەیە. لەبەر ئەوە هەڵسەنگاندنی ڕەهەند و مەودای تیۆری، سیاسی و کۆمەڵایەتی

ئـەم بزووتنەوەیـە شـایەنی بایەخپێدانـە. ژمـارەی ٢٨میـن ژنۆلـۆژی کـە تایبـەت کـراوە بـە ڕۆژهـەڵات سـەرەتا بەزمانـی فارسـی و تورکـی و دواتـر بـە زاراوەکانـی کوردی بڵاوکرانەوە بـە تایبەتـی زاروەکانـی کرمانجـی و سـۆرانی. یەکەمیـن ژمـارە لەسـەر بەشـەکانی کوردسـتان بەنـاوی (ڕۆژهـەڵات) ئیلهـام لـە دروشـمی) ژن، ژیـان، ئـازادی) وەردەگرێـت کـە بـە جیهانـدا بڵاوبوویـەوە. ئـەم ژمارەیـە پێشـکەش دەکەیـن بە(ژینـا ئەمینـی) هێمـای بەرخـودان و ڕاپەڕینـی ژنـان و ناگیهـان ئاکارسـەل، ئەندامـی ئەکادیمـی ژنۆلـۆژی.

دەبـوو دەسـتپێشـخەرییەکی پێویسـت بکرایـە لەبەرامبـەر سـتراتیژی (پەرتکـە و زاڵبـە) کـە ڕیشـەی بـۆ دژە-ژن دەگەڕێتـەوە کـە لـە سـەد سـاڵی ڕابـردوودا گەیشـتووتە ترۆپکـی خـۆی و لـە هەوڵدایـە بـۆ لەناوبردنـی بەهـا کۆمەڵایەتییـەکان، هـەر لـە بـەر ئـەوەش پێویسـتی بـە فراوانکردنـی لایەنـی کۆمەڵایەتـی و ئاشـکراکردنی هێـزی ئەخلاقی و سیاسـی، شـێوەکانی بەرخـودان، پێوەرە ئەخلاقـی، جوانناسـی، دەوڵەمەنـدی کولتـووری کوردسـتان و بەهاگەلێـک لـە تـەوەری ژن، لەبەرامبـەر ئـەو سـتراتیژییەی کوردسـتانی پارچـە کردووە. بە باوەڕ و بانگەشـەی سـەرکەوتن لەسـەدەی هەنووکـەدا، لـە هەمـان ئـەو ڕێگایـەی گرتوومانەتـە بـەر، والاتـر لـە سـەرقاڵبوون بـە ڕاسـتی بەشـکردنی کوردسـتان، هـەوڵ دەدەیـن زیاتـر لـە بابەتـی کۆمەڵایەتـی، کولتووریـی و ڕێبـازی بەرخـودان و بابەتانێـک کـە ژنـان ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و

کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیی جیهانی و پەیوەست و زنجیرەیی ئەو ڕەوتە لە هەرێمەوە بۆ گەردوونیبوون هاوبەشی دەکەین و ئەو کارەش بە هیوای ئازادی کە جارێکی تر بە دروشمی)ژن، ژیان، ئازادی) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دووبارە چرۆی کردەوە.

هەروەک عەبدوڵڵا ئۆجالانیش جەختی لەسەر ئەوەی کردەوە کە؛(سەرەڕای هەموو هەوڵە ناوەندگەراییەکان، لە ژێرەوە وەک بڵێی ئێرانێکی فیدراڵیش هەیە. کاتێک توخمەکانی شارستانیەتی دیموکراتی لەگەڵ توخمە فیدراڵییەکان (ئازەری، کورد، عەرەب، بەلوچ و تورکمانەکان) یەکبگرنەوە، پڕۆژەی کۆنفیدراڵی دیموکراتی ئێران دەتوانێت واتا پەیدا بکات و بە ئاسانی ببێتە ناوەندێکی سەرنجڕاکێش. بزووتنەوەی ئازادی ژنان و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕۆڵێکی گرنگیان دەبێت لە چوارچێوەی ئەم پڕۆژەیەدا.) هەڵبەت ڕێکەوت نییە کە یەکێتی هێزە پێشڕەوەکان هەوڵی لەناوبردنی بەربەستەکانی بەردەم پەرەسەندنی ئێرانێکی دیموکراتی بدەن کە لە تەوەری ژن ڕێک بخرێت. لەڕاستیدا ئەو دۆخەی ڕەوتی شۆڕشی کۆمەڵایەتی(ژن، ژیان، ئازادی) هێناویەتە ئاراوە و بەرفراوانی کردووە لە واقیعی مێژوو و کۆمەڵایەتی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا پەنهانە. بۆیە ڕۆڵ و پەی بردن و واتابەخشین بەم ڕەوتە مێژوویی-کۆمەڵایەتییەی ڕاپەڕین، لە وێناکردنی ئایین دەدا زۆر گرنگە. لەم ژمارەیەدا دەربارەی بەرهەم و سەرەتای ئەو ڕووداوانە دەدوێین. ئەو ڕووداوانەی ئێمە پەیگری

دەکەین لە قۆناغەکانی چاخی بەردینی نویّ (نیۆلیتیک) کە ئێمە ئەو چاخە بە یەکەمین شۆڕشی ژن پێناسە دەکەین تا دەگاتە سەدەی ٢١ کەوەک سەردەمی شۆڕشی ژن پێناسەی دەکەین، مێژووی بەرخودانیکولتووری و سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێشینەی ئایدیۆلۆژی-مێژوویی ڕژێم و سیاسەتی سەرکوتکارانە و بونیادی دەسەڵاتداری ئایینی و مەزهەبی و ئاستی کاریگەریەکانی لەسەر ژن، بەرخودانی ژنان لە دژی ئەوانە و هۆکار و پاڵنەرەکانی ئەم بەرخودانانە ئاشکرا دەکات.

ژنۆلۆژی وەک زانستی ئەم بەرخودان و شۆڕشە، ڕیّ و شوێنی بەدەستهێنانەوەی ماف و بەرپاکردنی ژیانێکی ئازادە، تێپەڕاندنی ناکۆکیەکان و هێرشەکانی سیستەمی ئێستا، دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوە ئایدیۆلۆژیای ڕەگەزگەرایی، نەتەوەپەرستی، ئایینگەرایی و زانستگەرایی کە دەوڵەت-نەتەوە و سەرمایەداری جیهانی لە ڕێیانەوە، بوونی خۆیان لەسەرپێ هێلاوەتەوە، دەقەلایەک دروست بووە. هاوژیانی ئازاد و یەکسانی بۆ ژنان، گەلان، باوەڕ، کولتوورەکان وهەموو ستەملێکراوان فەراهەم دەکات. لەبەرامبەر هزری دەوڵەت-نەتەوە کە لەسەر بنەمای پەرتەوازەیی، جودایی و دابەش بوون و پلەبەندییە، ویستی هاوبەش و ئازادی ژنکە یەکیان دەخات و لەیەکیان نزیک دەکاتەوە، واتایەک بە جوانیی و واتای ژیان دەبەخشێت.

بەو شێوەیە لەم ژمارەیەدا،(ئەوین زیلان) لە وتارەکەیدا بە ناونیشانی(توێژینەوەیەکی دۆخی مێژوویی و کۆمەڵایەتی

و کولتووری ژنان، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا) جەخت لەسەر ئەو ڕووداوە کۆمەڵایەتی و کولتووریانە دەکاتەوە کە ژنان تێیدا دەژین. لەڕووی جوگرافیەوە، شێوازی تێڕوانین بە ژنان و ڕەهەندە مێژوویی و کۆمەڵناسیەکان دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

(ڕۆشین عوسمان) بە وتاری(باوکسالاری و کاریگەری نوێگەرایی- مۆدێرنیزم لەسەر ژنان) توێژینەوەی تیۆری- چەمکگەرایی سەبارەت بە ڕەگەز و چۆنیەتی دەسپێکی سەرهەڵدانی ڕەگەز، هەروەها لەو ڕووەوە نموونەی ژیانی کۆمەڵایەتی دەخاتە بەر باس و توێژینەوە.(خانێ ئانوش) لە وتارەکەیدا بە ناونیشانی) کاروانی هەزاران ساڵە بەرەو ئازادی) پەیوەندی نێوان ڕیشەی بەرخودانێک کە ژنان هەزاران ساڵە هەر لەسەردەمی خوداوەندێتی ژن تا دەگاتە ئەمڕۆ ئەزموونیان کردووە بە کات و شوێن، کۆمەڵایەتی و ڕۆحی سەرکێشیەوە دەخاتە ڕوو.(پونە ئاشتیانی) سیاسەتەکانی تەمێکردن، ڕەگەزگەرایی و گرفتی سزادان، لەزیندانەکانی ڕژێمی ئێران دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و پێناسەی توندوتیژی ڕەگەزی و ئەشکەنجە بە ناونیشانی جۆرێک سزادان دەکات و هەروەها سەبارەت بە گرفتەکانی بەرخودانیش دەدوێت.

(مهتاب محبوب) لە وتارەکەیدا بەناونیشانی(چەپی ئێران و شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی و هۆکارە شاراوەکانی) دەڵێت بابەتەکە تەنیا پەیوەست نییە بە ڕژێمی دیکتاتۆری ئێرانەوە، بەڵکو پەیوەستیشە بە بابەتی چینایەتی و ئەزموونی بزووتنەوە چەپەکانی ئێرانیشەوە. لە هەمان

کاتـدا هەڵوێسـتی ئـەو بزووتنەوانـە بـۆ پرسـی نەتەوەیـی و ئـازادی ژن دەخاتـەڕوو و بـاس لـەوە دەکات ئـەو لـە قۆناغـی شۆڕشـدا ئـەو پەیوەندیانـە چـۆن ببەسـترێت.

(هێرۆ خەسرەوی) لە وتارێکیدا بە ناویشانی(ڕیشەداکوتانی ستەمکردن، دەربارەی نکوڵیکردن، سیاسەتی سڕینەوە) زیاتر سـەرقاڵی ئـەو بابەتـە دەبێـت کـە ڕژێمـی ئێـران لەبەرامبـەر کـورد و ناسـنامەی ژن و چەنـد لایەنـە بـووە و ناتوانێـت لەڕێی دەسـەڵاتی دیکتاتۆرانەیـەوە سـنووورداری بکات. هیـرۆ خەسـرەوی جەخـت لەسـەر چۆنیەتـی بەرجەسـتەکردنی ئـازادی دەکاتـەوە و خوێنـەر بانگی پێداچوونەوەیەکی هـزری فـراوان دەکات لـەم بابەتـەدا.

(ئەوین ڕۆژهـەڵات) زیاتر لەسـەر سیاسـەتی پیاوسـالارانە و ستەمکارانەی حکومەتی ئێران لەڕێی جەسـتەوە، قـاڵ دەبێتەوە. ئـەو لـە وتارەکەیـدا بـە ناونیشانی(شـیکاری سیاسـی جەسـتەی ژن لـە شۆڕشـی ژینـادا) بـاس لـە سیاسـەتگەلێکی سـەر جەسـتە و ڕەوتـی تێکۆشـان و بەرگـری ژنـان دەکات بـە ناونیشـانی جەسـتەیەکی سیاسـی لـە بزووتنـەوەی(ژن، ژیـان، ئـازادی)دا.

بابەتێـک بـە ناونیشانی)هاوبەشـێتی ژنـان لـە بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییـەکان) لـە نووسـینی(پەیمان وەلـی) بەردەوامـی پێـدەدات کـە ئاسـتی هاوبەشـێتی ژنـان لـە بزووتنـەوەی سیاسـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، ئامانـج و هۆکارەکانـی ئامادەبوونـی ژنـان لـە بەرخودانـەکان، کاریگەرییەکانیـان و ڕۆڵـە مێژووییەکانیـان، بـاس دەکات.

(چیرۆکی ژیانی کوێستان داودی) کە لە ٢٦ کانوونی دووەمی ٢٠٢٣ دا لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد، بەشێکە لەو وتارەی کە لەپانێلێکدا لە ساڵی ٢٠١٦دا لە خولێکی پەروەردەی ژنانی ڕۆژهەڵات لە سوێد پێشکەشی کرد. لەم نووسینەدا بە هزر، هەست، بەرخودان و ئەزموونەکانی ئەو ئاشنا دەبین.

کۆتا بابەت لەو باوەڕەداین کە ئاشکراکردنی پێکهاتەی کولتوور و بەهای ژنانێکەکە ژنان لە مێژەوە تا بە ئەمرۆ و لە شوێنێکەوە کە جیهانێکیان دروست کردووە، وەفاداریی و هیوا، بۆ یەکێتی لە بەرخودانددا، لە هەلومەرج و سیستەمێکی ئاوا کە مرۆڤ بە ئاراستەی لەخۆنامۆبوونەوە دێنێتە بوون. خۆشحاڵین کە لەگەڵ ئێوەی خوێنەری بەڕێزدا و ئەو وزەیەیلەم جۆرە پەیوەندیانەدا بەدەستی دەهێنین، بە شێوەیەکی گشتی و لە هەموو ئەو دۆستانەی لەم ژمارەیەدا هاوکارمان بوون، لەکانگای دڵمانەوە سوپاسگوزاریانین.

# توێژینەوەیەکی دۆخی مێژوویی و کولتووری ژنان

ئەوین زیلان

## پێشەکی

جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکێکە لە یەکەم شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤایەتی. لە دامێنی زاگرۆسەوە بگرە تا هەورامان و برادۆست، سەلمێنراوە کە بەپیتترین خاک و دەوڵەمەندەبە هەموو جۆرە ڕووەک و ئاژەڵێکی ئەم ناوچەیە. ئەگەر بەدوای ڕیشەگەلی هەندێ ناوی وەک(دالاهۆ) یان (نیشتمانی ژن-دایک) بین، بینەری هێماگەلێکی (خوداوەندی ژن) دێرین دەبین. شایەنی باسە کە لەم جۆرە کۆمەڵگەیەدا، ژن خاوەن پایە، ڕۆڵ و پێگەی خۆی بووە و هەمیشە نازناوی دایکی پێبەخشراوە. هەر لە(دایە تەبریز هەورامی بگرە تا(مینا فاتمی) بەهەمان نازناو و بە ناونیشانی دایکی مهابات ناسراوە. ژنانی خاوەنی تایبەتمەندی پێشەنگایەتی لە زەمینەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و... هتد بوون و لەو پێناوەدا سەختی و ئازارێکی زۆریان چەشتووە. قۆناغێکە کە بە ئاگاییانە خۆیان بە هونەر ڕازاندووەتەوە. هونەرمەندانی تەمورەژەن و چامەچڕی(شاعیران)ی ناوچەی لوڕستان نموونەی

وەک(ڕەیحانـە لوڕسـتانی) و(لیـزا خانـم) سـەکۆی نمایشـیان تەنیـا بـۆ پیـاو چـۆڵ نەکـردووە. مەسـتورە ئەردەڵانـی (کوردسـتان) یەکەمیـن مێژوونووسـی بەناوبانگـی ژنـە لـە جیهـان. هـاوکات لـە نووسـینی شـیعری فارسـی و کـوردی شـارەزاییەکی تایبـەت بەخـۆی هەبـووە.

هەم دەوڵەمەندی جوگرافی و هەمیش کولتووری و مێژوویی ئـەم ناوچەیـە بـۆ دەسـەڵاتدارەکان وەک هەڕەشـەیەک بۆیـان ڕوانیـوە، بۆیـە هەمیشـە ڕووبـەڕووی هێـرش و داگیـرکاری بووەتـەوە. لەبەرامبـەر ئەم هێرشانەشـدا بەرگـری ڕەوا بابەتێکی ڕیشـەیی و گرنگ بووە و ژنانیش لە ئاست بەرگری کردن لە خاکی خۆیـان ڕۆڵێکی بەرچاویـان بینیوە. یەکێک لە نموونـەی فەرماندەکانی ژن، خاتـو (شـاناز) بـووە لـە بەرگریکردنی قەڵای (دمـدم)[1]، ژنانـی وەک گەوهـەر خانـم، ڤیـان، قمـری خانم، زادینە کـە پێشـەنگایەتی بەرخودانیـان لەئەسـتۆ گرتبـوو و خۆیـان ڕادەسـت نەکـردووە. (قـەدەم خێـر) ی لوڕسـتانییش لـە پێنـاو پارێزگاریکـردن لەناوچـەی خـۆی ڕۆڵـی پێشـەنگایەتی گێـڕاوە و لـە جەنگـدا گـۆڕا بـە ژنێکـی ئەفسـانەیی. ژنانـی بەرخودێـر و ئازادیخـوازی وەک شـەهلا، نەسـرین کەعبـی و شـیرین عەلەمهولـی لـە پێنـاو لەناوبردنـی بەربەسـتەکان و نەهێشـتنی نایەکسـانی، بـۆ گەیشـتن بـە عیشـقێکی بـاڵا، لەبەرامبـەر ئەشـکەنجە و سـتەم، بەرخودانیـان کـرد.

ئەوان لەنـاو جەرگـەی شـۆڕشـدا بەرگریـان لە ئازادی ژنان کـرد و درکیـان بـەوە کـرد کـە ئـازادی گرنگتـر و پێویسـتترە لە هەمـوو شـتێک. لـە پێنـاوی ئـەوەی تـەواوی ژنـان لەبەرامبـەر

ستەمدا، تامی ئازادی بچێژن، لە بەرامبەر پەتی سێدارە و نەژادپەرستی دەوڵەت، بەرگریەکی ئەفسوناویان ئەنجام داوە. لەم ساڵانەی دواییەدا (زەینەب جەلالیان) بە ڕادەست نەبوون لەبەرامبەر بە خواستەکانیدەسەڵات بووە بە هێمای ئازادی. شۆڕشی ژنان کە لەمیراتە مێژوویەوە سەرچاوە دەگرێت بە دروشمی(ژن، ژیان، ئازادی) ئیلهامی وەرگرتووە و لەبەرامبەر هزری هێزخواز و دەسەڵاتخوازی پیاوسالاری دەنگی خۆیان لەم شۆڕشەدا یەکخست.

## ڕۆڵی جوگرافیا لە پێکهێنانی کولتووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کولتووری خوداوەندی ژن، یەکەمجار بە تایبەت لە جوگرافیای میزۆپۆتامیا و لە دەوروبەری زنجیرە چیاکانی زاگرۆس ڕۆڵی خۆی بینیوە و یەکەمین شێوەی ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر ئەم خاکە و دەوروبەری پێکهێنا. ڕۆڵی لانکە و ناوەندیان لە پێکهێنانی کولتووری زاگرۆسییدا بینی. هێشتاش لە هەندێک ناوچەی ئەم جوگرافیایەدا پاشماوەی کولتووری زاگرۆسبەپایەداری ماوەتەوە. بێگومان تایبەتمەندی سرووشتی ئەم جوگرافیایە لە پێکهێنانی ئەو ئادگارە کاریگەری خۆی هەبووە. بەرزاییە سەخت، سەوز و تایبەتمەندی ژیان و بونی جۆرەها گیا و گیانەوەر سەلمێنەری گرنگی ژیانی ناوچەکە و دەوڵەمەندی سرووشتەکەتی. خەڵکانێک کە بۆ یەکەمین جار لەم جوگرافیایەدا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیان پێکهێنا و دەستیان بە ئاژەڵداری و کشتوکاڵ کرد. توانیان بناغەی مرۆڤایەتی ڕەنگڕێژ بکەن. دەوڵەمەندی

کولتووری ئەم جوگرافیایە تا دەگاتە ئەمڕۆش کاریگەریان بەسەر خەڵکی ئەم ناوچە هەیە و بە ویست و فیداکاریی و عیشقیان بۆ ژیان بەردەوامیان بە ژیانداوە. شایەنی سەرنجە کە ناوچەی زاگرۆس بەو فاکتەرە یارمەتیدەرانەی وەک سەرچاوەی فراوانی ژێرزەوی و سەرزەوی بووە کە بگۆڕدرێت بە شوێنێکی نموونەیی باڵای ژیانی مرۆڤایەتی.

زنجیرە چیاکانی زاگرۆس درێژیەکەی ١٨٠٠کیلۆمەترە، خاوەنی کۆمەڵە بەردێکی شێوە گۆڕاوە کە لەڕێی بەریەک کەوتنی تاشەبەردەکانی ئۆراسیا و خۆرئاوای ئاسیا هاتووەتە بوون و ئەم گۆڕانکاریە تا دەگاتە ئەمڕۆش بەردەوامە. زنجیرە چیاکانی زاگرۆس دابەش دەکرێن بە سێ بەشەوە بەشی باکوور (ناوچەی ئورومیە، ئیلام، کرماشان، سنە و بەشی باکووری باشووری کوردستان) بەشی ناوەندی (خۆرئاوای ئەسفەهان و بەشێک لە چوارمەحەلی بەختیاری، لوڕستان، خوزستانی ناوەنجی و هەمەدان) بەشی باشووری (ناوچەی کەهکیلویە و بویرئەحمەد، بوشەهر و فارس) لەخۆ دەگرێت.

زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس لە هەرێمی وان لەباکووری کوردستانەوە دەست پێدەکات و لە ناوچەی سنە، کرماشان، هەمەدان، ئیلام، لوڕستان، خوزستان، چوارمەحەلی بەختیار، کەهکیلویە، بویرئەحمەد، بوشەهر، فارس و هرمزگان تا باکووری تەنگەی هورمز درێژ دەبێتەوە. درێژی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس بریتییە لە ١٨٠٠ کیلۆمەترە و پانیەکەی لەنێوان ١٠٠ بۆ ٣٠٠کیلۆمەترە کە ڕووبەرەکەی دەکاتە ٣٢٣٠٠٠کیلۆمەتر چوارگۆشەیە کە دەکاتە ٪٢٠جوگرافیای ئێستای ئێران.

ناوی زاگرۆس لەسەر بنەمای هەندێک بۆچوون لە زمانی (ئاوێستا) بە واتای کێوی مەزنە. یەکێکی تر لە ئەگەرەکان ئەوەیە کە (زا-گر) لە وشەی زیکیرتو[٢] سەرچاوە دەگرێت و گۆڕاوە بە(زا-گر). لەبەرچاوگرتنی کەش و هەوا گۆی زەوی لەسەردەمی دەرکەوتنی یەکەمین کۆمەڵگەی بچووکی مرۆڤایەتی لە دامێنی زاگرۆسدا، بەشوێنێکی گونجاو بۆ بەردەوامی ژیانی جۆری مرۆڤ لەقەڵەم دراوە. بەپێی شوێنەوارە بەجێماوە بەدەستهاتووەکان کە تەمەنی بۆ ١٠٠ هەزار ساڵ پ. ز لە ئەشکەوتەکانی ناوچەی زاگرۆس کە هێمای نیشتەجێبوونی مرۆڤەکانە لە سەردەمی چاخی بەردینی کۆن کە بۆ (٣٠ هەزار تا ٣٠٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر) دەکات، بەهەمان شێوە دەتوانرێت ئەم بانگەشەیەش بسەلمێنرێت. دامێنەکانی زاگرۆس لە باکوورەوە بگرە تا دەگاتە باشوور و هەر چوار بەشی ئەم زنجیرە چیایە لە هەزارەی پ.ز یەکێک بووە لە ناوەندە گرنگەکانی کۆبوونەوەی نەتەوە جیاوازەکان. بۆ نموونە، دەتوانین ئاماژە بە شارستانی (ئیلام، ئورارتۆ، میتانی،ماننا، ئیسکیت، مادەکان) بکەین. لەسەر بنەمای ئەو توێژینەوانەی لەسەر ئێسکەپەیکەرەکان بەدەستهاتوون لە جوتیارانی سەرەتایی ئەم ناوچەیە، سەلمێنەری ئەوەیە کە DNA ئەم جوتیارانەیخەڵکی زاگرۆس و لەهەمووی زیاتر بە زەردەشتیەکانی ئێران و دانیشتوانی ئەمڕۆی ئەفغانستان، پاکستان، ئێران (بۆ نموونە لە کورد) ەوە نزیکن و زۆریش دوورن لەو خەڵکانەی کە کشتوکاڵیان لە تورکیاوە بردووەتە ئەوروپا. بۆ نموونە، بەشێک لەو پاشماوانەی لە (ڕەوانسەر)

دۆزراونەتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی چاخی بەردینی کۆن کە لە ٥٠ هەزار تا ١٢هەزار ساڵ لەخۆدەگرێت[٣]. هەروەها ددانێکی فیلی ئاسایی لەو ناوچەیەدا دۆزراوەتەوە کە بۆ چاخی سەهۆڵبەندان دەگەڕێتەوە.

ئەشکەوتی (قوڕی قەڵا) بە زمانی کوردی پێی دەوترێ (قوڕەقەڵا) یان قوڕی قەڵعە یەکێکە لە سرووشتە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم ناوچەیە کە دێرینیەکەی بۆ ٥٦ هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. ئەم ئەشکەوتە خاوەنی سەرچاوەگەلێکی ئاوە بە قووڵی ١٤ مەتر و پلەی گەرمی لە هەرچوار وەرزەکەدا جێگیرە کە لە نێوان ٧-١١ پلەی سلیزییە. هەروەها لەسەر بنەمای ئەو کنە و پشکنینەی لەو شوێنەوارانەی شاری (دوورود) ی لوڕستان ئەنجام دراوە، گوندگەلێکی زیاد لە ٧٠٠٠ ساڵ دۆزراوەتەوە و خودی شارەکەش تەمەنی بۆ ١٣٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

یەکێکی تر لە نموونە مێژووییەکانی ئەم ناوچەیە، شوێنەوار و وێنە هەڵکۆڵراوەکانی ئەو دیوارانەیە کە لە دەوروبەری شاری (کوهدەشت) ی لوڕستان دۆزراوەتەوە و تەمەنیان بۆ ١٥-١٧ هەزار ساڵ لە پێش (ئەشکەوتی همیان) و نزیکەی ١١هەزار ساڵ لەمەوبەر (وێنە هەڵکۆڵراوەکانی دیواری ئەشکەوتی میرملاس) کۆنترە. پاشماوە بەدەستهاتووەکان نیشاندەری ئەوەیە کە مێژووی نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە ئەشکەوتەکانی (میرمیلاس) بۆ ١٤٧ هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. نموونەیەکی تر کە دەتوانرێت ئاماژەی پێ بکرێت، شوێنەواری پەیوەست بە

چاخی بەردینی نوێیە لە دەوروبەری (دهلرانی ئیلامە) کە کەرەستەی دروێنەی دانەوێڵەکانە و دەیسەلمێنێ کە تەمەنی جێگربوونی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بۆ ٥ تا ١٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. ئەم شوێنەوارە لە تەپەی عەلی کوش (٨ هەزار پ.ز) و تەپەی گۆران دۆزراونەتەوە. لە شوێنەوارە مێژووییەکانی ساین قەڵا (شاهین دژ) دەتوانین بە ژێر زەمینی بی بی کەند و کنە و پشکنینەکانی عقربلو (چاخی بەردینی کۆن) تەمەنی بۆ چەند هەزار ساڵێک دەگەڕێتەوە. ژێر زەمینی بی بی کەند پەیوەستە بە هەزارەی یەکەمیپ.ز کە لە گۆڕی هەڵکنراوی نێو تاشەبەرد و دوو پایەی بەشی پێشەوەی پێکهاتووە. لە (بۆکان) پاشماوەی چاخی (نیۆلیتیک، کالکولیتیک، چاخی زیوی،ماننا، دالما (٤٨٠٠-١٠٠ پ.ز) دۆزراوەتەوە. هەروەها گردی قەلایچی (کچی بەگ) لەم ناوچەیەدا دۆزراونەتەوە، ڕێسان و دروستکردنی گوریس لە هەزارەی دووەمی پ.ز دۆزراوەتەوە.

گردی ئەرنجان دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای گوندی (ئەهرنجان) ی سەلماس. ئەم گردە یەکێکە لە کۆنترین ناوچەکانی نیشتەجێبوونی مرۆڤایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە تەمەنی بۆ ٧٠٠٠ ساڵ پ.ز دەگەڕێتەوە.

من زت، نینی ئالی (خوداوەندی شار) لە ژنەخوداوەندەکانی شارستانی ئیلامە. ژنە خوداوەندی (من زت) یەکێک بووە لەخۆشەویستترین خوداوەندەکان. بە پێی باوەڕی خەڵکی ئەو ناوچەیە، لە کاتی دووگیانیی ژنان، پەیکەری ئەم خوداوەندیان لەتەنیشت خۆیانەوە داناوە و لەوباوەڕەدابوون

پارێزگاری لە ژنانی دووگیان دەکات. خودای ژن (کیریشا) یەکێکە لەخوداوەندە ژنەکانی شارستانی ئیلام کە لە لوڕستان دۆزراوەتەوە و ژنەخوداوەندی دووگیانیی و لەدایکبوون بووە.

شێوە و ڕاستی ژیان و زۆرێک لە دەستەواژەکانی زمانی کوردی بەڕوونی ئاماژە بە ئەو خوداوەندانە دەدات. ئەگەر لە ڕووی ئیتیمۆلۆژی (زانستی ڕیشەناسی) هوە ئەگەر بۆ واژەی (ئەدا) ئا (ئا) –ئانە (لە زمانی کوردیدا بەواتای دایک) بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێت کە باوەڕ بە هێزی ئافراندنی ژن و پیرۆزکردنیی، یەکێکە لە تایبەتمەندییە بەرجەستەکانی. واژەی (کناچە، کنی، کنالیل) کە لە سیاچەمانەشدا بەکاردەهێنرێت، هەموویان هەڵگری یەک ڕەگ و ڕیشەن. بگرە زۆرێک لەناوی گوندەکانی ناوچەی هەورامان، لەناوی ژن و دەرهاویشتەکانیەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆ نموونە گوندی (شیان و ژیوار) لەو جۆرە نمونانەن. لەناوچەکانی بێسارانی هەورامانیش دراوێک دزۆراوەتەوە کە لە ڕوویەکی ئەو دراوەدا وێنەی ژنێکی لێ هەڵکۆڵراوە و لە ڕووەکەی تریدا ناوی (ئاداد) ی لەسەر نووسراوە. (ئاداد) ناوی دایکە، ئەدا، ئادا–ی کوردیە و ئەمڕۆش بەهەمان زاراوە و شێوە دەربڕین بەکاردەهێنرێتەوە.

ژنانی ناوچەی هەورامانیش لە بواری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و هەروەها لەڕووی سەربازی و بەرگری لە نیشتمانی خۆیان، لەبەرامبەر هێزە ناوخۆیی و دەرەکیەکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە. بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی جوگرافی و هەرێمی سەختی ئەم ناوچەیە، ژنان بۆ

دابینکردنی بژێوی ژیانیان، ڕۆژانە هەوڵێکی زۆریان داوە. لە بواری کشتوکاڵ، باخداری، پیشەسازی دەستی و... هتد شارەزاییەکی تایبەت بە خۆیان هەبووە و لەم زەمینەیەدا پشتیان بە خۆیان بەستووە. هەرێمە کێوەکانی سەختی کوردستان بەدرێژایی مێژوو بەربەستێک بووە لەبەرامبەر هێرشی دوژمنان، هاوبەشی خەڵکی ئەم ناوچەیە و بەتایبەت ژنان لە شەڕ و بەرگریکردن لە بەرامبەر دوژمنو دابینکردنی بژێوی ژیان، فەرامۆش ناکرێت. ژنانی وەک (خاتوو هوریزاد سوڵتان) فەرمانڕەوای ناوچەی هەورامان، کەمەرە، ڕزاو و شامیان لەئەستۆدا بووە. هەروەها خاتوو منیرە سوڵتانیش بە یەکێک لە فەرمانڕەوایانی ئەم ناوچەیە لەقەڵەم دەدرێت، بگرە نازناو و ناوگەلێکی زۆری تیرە، هۆزەکان و کوڕ و نەوەکانیش بەناوی دایکەوە بانگ کراون. خاتوو دایراک ڕەزباریش ژنە تەمورژەن، خۆشنووس و دایکی سان سەهاکی بەرزنجەیە. ژنێکی زۆری فێری تەمورژەنین کردووە و یەکێکە لە(حەوت تەن[٤])ەکان.

(کچە نەغەدە) پیش جەنگاوەری کۆماری مهاباد چووەتە ڕیزی هێزە جەنگاوەرەکانەوە. لەکاتی دەستگیر کردن و بەردەوام ئەشکەنجەدانی لە زیندانی ئێراندا و بەهۆی ڕەتکرنەوەی خیانەت، لەسێدارە دەدرێت. (ماه شەرەف خانم) ی ئەردەڵانی نازناوەکەی (مەستورە ئەردەڵانی)، شاعیر، نووسەر و مێژوونووس بووە. ئەو سەرەڕای نەریتی دژە-ژنی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆی، سەرقاڵی خوێندنی زانست، وێژە و چامە (شیعر) بووە لە ماوەیەکی کورتدا توانی لەڕیزی وێژەوانان و وتاربێژانی بەتوانا

خۆی ببینێتەوە. هەروەها لەڕووی سیاسیشەوە توانایەکی کاریگەری هەبووە. خاتوو (شاناز) جەنگاوەرێکە کە لەگەڵ پێنج سەد ژنی تردا بۆئەوەی نەبنە دیلی سەربازانی ئێرانی، هاوکاری پیاوانی خێڵی ئەردەڵانیان کردووە و توانی قارەمانانە فەرماندەیی ئەو لەشکرە بکات و شان بەشانی پیاوان بجەنگێ و بەرگری بکات.

میزۆپۆتامیا-نیشتمانی باوەڕی ئایینی و هزرگەلێکە کە ژنان ڕۆڵی شایستەیان تێدا بینیوە. (نین هورساک[٥])، میترا (ژنەخوداوەندی خۆر و جەنگ)، ناهید یان ئاناهیتا (ژنەخوداوەندی ئاو و هێمای پاکی) ئاشی (ژنەخوداوەندی دووگیانیی) و... لە ژنە خوداوەندگەلێکن کە لە ئەفسانەکانی ئەم خاک و ئاوەدا سەریانهەڵداوە. هەروەها لە کولتووری ئیلامیشدا باوەڕ بە هێزی سرووشتی و پیرۆزی ژن یەکێکە لە دیاردە بەرجەستەکانی ئەو سەردەمە. شوێنەواری بەجێماوی کولتووری ژنەخوداوەند لە سەردەمی شارستانی ئیلام بۆ هەزارەی سێیەمی پ.ز و سەدەی ٧ یان ٨پ.ز دەگەڕێتەوە.

ئەم ئەفسانانە، شێوە ڕێکخراوی یەکەمین پێکهاتە کۆمەڵایەتی و کەلەپووری بەرگریکردنە لەبەرامبەر هزری پیاوسالاری، چینایەتی و پلەبەندی ڕێکخراودا. کولتوور و فەلسەفەی ژن-دایک ئەگەرچی لەژێر کاریگەری هزری شارستانی پیاوسالار و دەوڵەتگەرادایە، بەڵام بەدرێژایی مێژوو بەرگری و باوەڕگەلی وەک میترایسم، زەردەشتی، مانی، مەزدەکی، خوڕەمی، بابەکی، هەروەها عەلەوی، ئێزیدی و یارسانی لێ هەڵکەوتووە. تایبەتمەندی مرۆڤدۆستی،

سرووشتدۆستی، ماهیەتی دیموکراتیانە، بەهابەخشین بە ژن، وڵاتپارێزیی-نیشتمانپەروەریی و پابەندبوون بەخاک، ئازادی و سوسیالیستبوون لە تایبەتمەندی گرنگ و ئاشکرای ئەم کولتووره پایەدار بووه و هێشتا لەبەرامبەر هزری پیاوسالاری و ناوەندگەرا و دژە-ژنبوون بەردەوامی بە بەرخودانەکانی دەدات و بە وتنەوەی(ژن، ژیان، ئازادی) جارێکی تر ئەم کولتووره لەم نیشتمانەدا، نیشتمانی ژنەخوداوەند، بەرخودان و ئیرادە، ئازادی و یاخیبوون، عیشق و مرۆڤدۆستی، دیموکراسی و ڕێز و.... هتد تا ئێستا بوونی خۆی سەلماندووه.

هاوشێوەی بەشێک لەو کنە و پشکنینەی لەچەند شوێنێکی جیاوازی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجام دراوە، پەیکەر و نەخشی پەیکەرگەلێکی بچووک لە ژنەخوداوەند-دایک بەدەستهاتووه کە سەلمێنەری نەریتی دایک پەرستنە لە ئێراندا و بەناونیشانی کۆنترین ئایینی خەڵکی ئەم جوگرافیا و خاکە لەقەڵەم دەدرێت. هێما و شێوەی سەگ بەناونیشانی نموونە ڕێبەر و یاوەری، لیلۆپەڕ (نیلوفەڕ) هێمای لەدایکبوون و زایین، هەنار هێمای بەروبووم، تاووس هێمای بەرفراوانی، هەڵۆ هێمای توانایی، هەنگور (ئەنگور) هێمای پڕبەری و لەدایکبوونو... هتد کە لەپاڵ ژنەخوداوەندی ئەم خاک و نیشتمانە بەدی دەکرێت پێناسە ناوەکی و دەرەکی ئەو هێمایانە بەپیرۆز لەقەڵەم دەدرێن.

یەکێکی تر لە کۆنترین و مێژوویترین کولتوورەکان: کولتووری برادۆستی یان زاگروسییە کە کۆنترین کولتوور سەردەمی چاخی بەردینی کۆنە. کە تەمەن و

دێرینی بۆ ٤٠٠٠٠ تا ١٢٠٠٠ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. پاشماوەی نیشتەجێبوونی ئەم مرۆڤانە لە چاخی ئاسن لە نزیکی گوندی (ڕوئاو) دۆزراوەتەوە کە پێکدێت لەچەند جێیەکی نیشتەجێبوون و گوڕستانێکی گەورە بەرد، بە بنمیچ گومەزشێوە کە تەمەنی بۆ ٣٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. سەرەڕای ئەوەش پاشماوەکانی چاخی ئاسن لە نزیک گوندی (تەنگیوەر) بەدی دەکرێت. هەروەها بوونی هەندێک لە بۆنەیئاییینی و کۆنی ئەو کۆمەڵگەیە کە تا ئەمڕۆ ئەم بەڕێوە دەبرێت و کۆمەڵگە باوەڕێکی تەواوی پێیەتی و سەلمێنەری دێرینی ئەم خاک و نیشتمان دەگەیەنێت. بۆ نموونە بەرپاکردنی بۆنەی وەکو (پیرشالیار) کە شێوەیەکی کۆمینالی هەیە سەرەڕای پاراستنی بەها و باوەڕەکان، هەماهەنگی، ڕێکخستن و یەکبوونێک دەبەخشێت. نەورۆزی (پاڵنگان) یش کە دێرینی بۆ چەند هەزار ساڵە دەگەڕێتەوە ٢٠ ڕۆژی دەمێنێ بۆ جەژنی نەورۆز لە گوندی (پاڵنگان) ی هەورامان بەشایی و هەڵپەڕکێ دەست پێ دەکەن. هاوکات سروتی بارانخواز کە یەکێکە لە سروتەکانی پاشماوەی پەنجەژمێرەکانی ئەم ناوچەیە. کۆمەڵێک هێماگەلی گرنگی ژنەخوداوەند، کشتوکاڵە کە لە ئێستاشدا لە هەندێک شوێنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجام دەدرێت. ئەم سروتە پەیوەستە بە ژنەخوداوەندی (ئەناهیتا). جوڵەی بەکۆمەڵیخەڵک یەکێکیترە لە تایبەتمەندیەکانی ئەم سروتە و لەشێوێنێکەوە دەست پێ دەکات و لەپاڵ ڕووبار یا سەرچاوەی کانیەککۆتایی دێت. یەکێکیتر لەم سروتە دێرینە ئەم خاک و ئاوە، ڕێ و ڕەوشی پەیوەست بە ژنەخوداوەندی (مارەکان) لە کرماشان. کرند و

کەنگاوەر کە یەکێکن لە ناوەندەکانی (ئەناهیتا). لەم سروتەدا خەڵک لەپاڵ کانیەکدا کۆدەبنەوە و بەناو جەژن و شایی ژنەخوداوەندی (مارەکان) خواردنێکی تایبەت لە بەروبوومی گەنم ئامادە دەکرێت و بەسەر خەڵکدا دابەش دەکرێت و بە نەزری شای ماران بانگی دەکەن. لەمڕۆشدا زۆرێک لە ژنان، لە گوندەکانی کوردستان لە دانەوێڵەی وەک نۆک و گەنم کە سەرچاوەی کشتوکاڵە، ئەو دانەوێڵانە پەیوەست بۆ ژنەخوداوەندی شای ماران دەگەڕێننەوە. نەزری حەفتانە یان ساڵانە بۆ ئەم ژنەخوداوەندە ئەنجام دەدەن تا بەروبووم و فەڕی ماڵ زیاتر بکات. ڕۆژی چوارشەممەیان تایبەت کردووە بە نەزر کردن، بە یەکێک لە ڕۆژە پیرۆزەکانی حەفتەی لەقەڵەم دەدەن.

لەو هێمایانەش کە دەکرێت لە بیری یارساندا ئاماژەی پێ بدرێت، ئاو (نیشانەی پاکی و پیرۆزی) یە، ئەشکەوت (هێمای پاراستن، تاریکی و ڕووناکی) ئاماژە بۆ حەقیقەتی ناحەقیقەت. بێ هۆ نیە کە کەسایەتیگەلی وەک (مەحمەد، بودا و...) پەنایان بۆ ئەشکەوت بردووە، هەروەها ئاوێک لە ئەشکەوتدا تک تک دەتکێت هێمای پاکی، بەزەیی و باوەڕبەخۆبوونە. بگرە زۆرێک لە شوێنە پیرۆزەکانی یارسان وەک کانی قسڵان (سەرچاوەی باوەیادگار) و زەمزەم (شائیبراهیم) لەشێوەی منداڵدانی ژنە. کەڵەشێریش لە سەردەمی میترا هێمایەک بووە، چونکە بەئاگاهێنەرەوە هەڵهاتنی خۆر و دەستپێکردنی ڕۆژێکی نوێیە، لە نەریتی یارساندا کەلەشێر دەکەنە قوربانی، چونکە لەو باوەڕەدان کە ئاژەڵە مێیەکان نابێت سەر ببڕرێن، چونکە

سەرچاوەی بەردەوامی ژیانە. بێگومان لە نیشتمانێکدا کە لە هەموو ڕوویەکەوە هەڵگری پێشینەیەکی مێژووییە و ناشتوانێت دەسەڵاتخواز و ناوەندەگەرا بێت، بەرنامەی بەڕێوەبردنی ئەم کۆمەڵگەیانەش لە هەمان هزری دیموکراتی ژن- دایکەوە سەرچاوەی گرتووە و تەواوی کۆمەڵگە بەشداریەکی چالاکانە و هەمەلایەنەیان تێدا دەکرد. سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتییش بەهەمان شێوە هەڵگری ڕەگ و ڕیشەیەکی دێرینە و بۆ سەردەمی مانایییەکان دەگەڕێتەوە. بەردەوامی کولتووری دیموکراتی کۆمەڵگەی ژن -دایک و نیشتمانی زاگرۆسە. دێرینیی ئەم کۆنفیدراسیۆنە بۆ ٨٠٠٠-٦٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. تایبەمەندی بەرجەستەی ئەم کۆنفیدراسیۆنە بەشداری خەڵکیە لە تەواوی بوارەکانی ژیاندا، بە شێوەیەکی چالاک و خۆبەخشانە بووە، ناوی ژنەخوداوەندیماننا ئافرێنەر، ئاداد بووە. کاری سەرەکی ئەوانە کشتوکاڵ، ئاژەڵداری و بەخێوکردنی ئەسپ بووە. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین پەی بەوە ببەین کە بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی جوگرافیایی ناوچەکە و شاخاویبوونی، ژنان و پیاوان پابەندبوونێکی بەهێزیان لەگەڵ چیادا هەیە و لەمڕۆشدا ئەم تایبەتمەندیە لە کولتوور و سروتیاندا ڕەنگی داوەتەوە، بگرە ناوی هەندێک لە ناوچە و چیاکان بە ناوی دایک یان بەهۆیکاریگەری زەردەشتەوە ناوی لێنراوە و ئەمەش سەلمێنەری کاریگەری کولتووری ژنەخوداوەندە لەو ناوچەیەدا. بۆ نموونە شاری (ماکۆ) پێناسەگەلێکی جۆراوجۆری هەیە. (ماکۆ) لە دوو بەش (ماغ) و (کێو) پێک

هاتووه کە بەواتای (کێوی موغەکان- ڕابەرە ئایین یەکانی زەردەشت). بەڵگەش بۆ ئەوە لەدایکبوونی زەردەشتە لە دەوروبەری دەریاچەی ئورومیەدا. پێناسەیەکی تر بۆ (ماکۆ) هەیە کە بریتیە لە (ماک) و (کێو) کە واتای (شاخ یان چیای دایک) دەگەیەنێت. (ماننا) ییەکان لە باشووری دەریاچەی ئورومیە و دەوروبەری ئەو ناوچەیە ژیاون. پایتەختی ماننایيەکان (ئیزیرتو) یان (زردە زیرتە) (زێویێ یان سەقز) ی ئەمڕۆیە. کۆنفیدراسیونی مانایيەکان لە (ئورارتو) و (ئاشور) یەکان بە شێوەیەکی پارێزگا بەڕێوەدەبرێت و هەندێک لەو پارێزگایانە بۆ نموونە (سوریکاش-سەقزی ئەمڕۆ) و (لامسی-باکووری ڕووباری زەڕینەرود) و (ئودیش-ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی ئورومیە) ئارسیانیشی و ئارشتیانا و... بووە و لەسەر بنەمای هەندێک لە سەرچاوە و شوێنەوار و پاشماوە بەدەستهاتووەکان، کۆنفیدراسیۆنی ماننایيەکان لە هەندێک ناوچەی دەوروبەری (بۆکان، سنە، سەردەشت، سەقز، شنۆ، مهاباد، پیرانشار، بانە، میاندواب، نەغەدە، مەلکەندی) جێگیر بووە. لەسەردەمی ماننایيەکاندا بەترنامەی بەڕێوەبردنیان لەشێوەیئەنجوومەن (سنا و شورا) بووە و بەپێی پێویست و شایستەیی کەسەکان ئەرکی بەڕێوەبردنیان پێ بەخشراوە. بگرە بەڕێوەبەری پلە یەکی کە لەمڕۆدا بەناوی (شاهـ) دەناسرێت، ئەویش بەشێوەی ڕێککەوتنی هەمەلایەنەی ئەندامان و شایستەیی کەسەکە هەڵبژێردراوە. ئەرکی کەسی یەکەم (ئەنجوومەن) دەستنیشانی دەکرد. بێ لە مادەکان کە زیاتر لە (لولوی) یەکان و (گوتی) ەکان بەواتا نەوەی زاموا (بەشی ناوخۆی

نیشـتمانیماننـا بـه زامـوا بانـگ دەکرێـت) پێکدەهاتـن. تیرەگەلێکی تر لە سیستەمی ماننا هەبوون، بۆنموونە (سونبی، کومـوردی، میسـی سـی، هازانـو) لـەو جـۆرە تیرانـە بـوون. ئـەم کۆمەڵـە خێڵـە لەیـەک فیدراسـیۆن و لەنـاو یـەک سیسـتەمەندا پێکـەوە ژیـاون و هـەر یەکێکیـان لـە بەدیهێنانـی کولتـووری زاگرۆسـدا ڕۆڵـی شایسـتەیان گێـڕاوە. خەڵـک هەمـوو جـۆرە کۆیلایەتی و ستەمێکیان لە پادشـاوە ڕەت کردووەتەوە و ئەگەر بەپێچەوانـەی خواسـتی کۆمەڵگـە ڕەفتـاری بکردایـە. بەسـزای خۆیـان دەگەیەنرانـو ئـەم تایبەتمەندیـە سـەرپێچیکارانە تـا دەگاتـە ئەمرۆشـبەردەوامە و خەڵکـی زاگرۆسنشـین و بەتایبـەت گەلـی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان ئـەوەی پێچەوانـەی خواسـت و ویسـتی ئـەوان لەڕێـی ڕژێمـی دەسـەڵاتەوە ئەنجـام بدرایـە، ڕەتیـان کردووەتـەوە و بەشـێوەگەلی جۆراوجۆرکاردانەوەیـان نیشـان داوە. یەکێـک لـە نموونـە مێژووییـەکان هێرشـی ئاشـور و هەڵهاتنـی (ئاخشـترە) یـان (ئاهشـترە) لـە پایتەختـی (ئیزیرتـو) ەوە بـۆ (ئورومیـە) لەسـەدەی ٧ی پ.ز بـووە. لەڕێـی خەڵکـەوە شۆڕشـێک بەرپا بووە. (ئاخشـترە) یـان کوشـتووە و جەسـتەیان لـە (بـەرزەن) فـڕێ دەدەن، لەسـەر بنەمـای هەندێـک توێژەرانـی مێژوو، لەوەیکە پادشـای ماننا لەسـەر بنەمـای توانایی و بەپێـی یاسـاکانی کۆنفیدراسـیۆن هەڵبژێـردراوە، بەئەگەرێکـی زۆر (ئاخشـترە) لەدەستپێشـخەریدا زیـادەڕەوی کردبێـت و خـۆی بـە پادشـای ڕەهـا ڕاگەیاندووە و ئـەم بابەتـەش بووەتـە مایـەی نیگەرانـی و تووڕەیـی خەڵـک. دوایماننـا، کۆنفیدراسـیۆنی مـاد دەسـتبەکار بـووە بـەڵام لەچـاو فیدراسـۆنەکانی تـردا تەمەنـی کورتتـر بـووە و کـەم ژیـاوە. لـە سـەردەمی کۆنفدراسـیۆنی (مـاد)

دا، ڕێکخستنی سیستەمی بەڕێوەبردن، بووەتە مایەی ئەوەی یەکێتیەکی مەزن، بەرفراوان، پایەدار، بەهێزتر و ڕێکخراوتر و هەروەها بووەتە هۆی ئەوەی لەشکرێکی بەهێزتر و ڕێکخراوتر پێکبهێنرێت. هاوکات گۆڕینی بیروباوەڕو شێوەبەخشینێکی کولتووری بەکاریگەریەکانی زەردەشت لەو ماوەکورتەدا، جێگەی تێرامان و سەرنجە. لەم چاخەدا هاوکات بە خۆبەڕێوەبەری خێڵ و نەتەوە جۆراوجۆرەکان و هەڵبژاردنی دیموکراتیانەو هاوبەشی پادشای خۆیان، هەروەها کۆیلایەتی و ستەم بەلایانەوە کارێکی نامۆ بوو. کولتووری کۆیلایەتی و ستەم تێیدا گەشەی نەکردووە. بگرە لە جەنگەکانیشدا دیلەکانیان نەکردووەتە کۆیلەی خۆیان و تالانیان لەشارە داگیرکراوەکاندا نەکردووە، هاوبەشی و بوونە ئەندامی (کاسیەکان)، لەم کۆنفیدراسۆنەدا کاریگەری کولتووریی و سیستەمی ڕێکخستنی بەهێزتر و زیاتر کرد. ئەوەی لە فەلسەفەی کۆنفیدراسیۆندا گرنگ بووە، یەکێتی و هاوبەشی بەرفراوانتر و پایەدارتر کرد کە کێبەرکێی ساختەی کاڵتر کردووەتەوە و هێزێکی زیاتر بەرەگ و ڕیشەی سیستەمی بەڕێوەبردن و کۆمەڵگە دەبەخشێت. ئەوەی بنەماکانی سیستەم دروست دەکات، فەلسەفەی بەڕێوەبردنی و کولتووری ژیانە. دوای فیدراسیۆنی ماد، شاری هەمەدانی ئەمڕۆ وەک پایتەختی کۆنفیدراسیۆنەکە دەناسرێت. یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی (دیاکۆ) ی ڕابەری کۆنفیدراسیونی مادەکان، چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و بەدیهێنانی یەکێتیەکی بەهێز لەنێو خەڵکدا بووە کە یەکێک لە هۆکارانی ئەو فشارە زۆرەی بەسەر کۆمەڵگەوە، دەگەڕێتەوە بۆ کەڵێنە چینایەتیەکان.

## هونەر و موزیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

یەکێکی تر لە لایەنە گرنگ و مێژووییەکانی ئەم نیشتمانە، دەوڵەمەندی کولتووری، هونەری و میوزیک بووە. بێگومان بنەچەی هەر کۆمەڵگەیەک و جەوهەری گەلێک پەیوەستە بە کولتوور و هونەری ئەو کۆمەڵگەوە. میوزیک و هونەری کوردیش دەربڕی بەها و باوەڕ و ڕووداوە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان بووە و دەربڕی واقیعی خەڵکی کورد و ئەم جوگرافیایەیە. میوزیکی کوردی هەڵگری پەیوەندیەکی دانەبڕاوی هەیە لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا. میوزیکی کوردی میوزیکێکی ڕەسەنە کە سەرەڕای تێپەڕبوونی چەندین سەدە، هێشتاش تایبەتمەندی کەلەپووری خۆیی پاراستووە.

زۆرێک لە مێژوونووسان و توێژەران، زاگرۆس و ئەو ناوچانەی گەلی کوردی تێدا دەژی بە لانکەی سەرەتای میوزیکی جیهان لەقەڵەم دەدەن. دێرینییمیوزیکی کوردی، پەیوەستە بەدێرینییبونیاد و پێکهاتەیکۆمەڵگەی زاگرۆسەوە و زۆرێک لە بەڵگە و پاشماوەی شوێنەوارە بەدەستهاتووەکان ئەو ڕاستییەی سەلماندووە و بگرە لەئەفسانەکانی گەلی کورددا ڕیشەی داکوتاوە. یەکێک لەو نموونانە(سەرئەنجام) ە کە باسی بەدیهاتن (تکوین) دەکات. هەروەها لە ئاوێستادا هاتووە کە پزیشکەکان سودیان لە میوزیک وەرگرتووە بۆ چارەسەری نەخۆشەکان. بەشی هەرە زۆری مێژوو ئەم سەرزەمینە بەشێوەی زارەکی و دەماودەم لەقاڵبی میوزیک بە ئەمرۆمان گەیشتووە. ئەفسانەکان، داستانەکانی جەنگ و عەشق و.... ڕەگ و ڕیشەی لە باوەڕی کورددا

داکوتاوە. ئاوازە کوردیەکان بەگشتی هەر لە چەمەرە (لە ناوچەی ئیلام، کرماشان، لوڕستان ڕەواجی هەیە) بەیت (بالۆرە) کە لە ناوچەی (موکریان) بە تایبەتتر (مهابات و بۆکان) هەن. ئەم جۆرە ئاوازانە لە جەنگەکاندا، گێڕانەوەی داستانەکاندا بەکار هاتوون. (سیاچەمانە) لە ناوچەکانی هەورامان، جوانڕۆ، مەریوان، سنە و پاوە هەن. حەیران (جۆرێک ئاوازە کە هاوبەشیەکی لەگەڵ(بەیت)دا هەیە و زیاتر لەکاتی عیشقی زەمینی، لاڵەی یەزدانی و لەناوچەی مهابات و موکریان باوە) لاوک (لاواژە) یەکێکە لەئاوازە کوردیەکان و تایبەت بە ژنانە و لەنێوکوردانی خوراسان (لوهی لەلوشوان) ی پێ دەڵێن، گۆرانی (کۆنترین ژانری وێژەی کوردیە) بەند (هەڵبەست)، هۆرە (جۆرێک لە ئاوازی کوردیە کە زیاتر بە بابەتە ئایینیەکانەوە پەیوەست دەکرێت و لە کۆندا بۆ خوێندنەوەی ئاوێستا سودیان لێ وەرگرتووە و لە ناوچەی هەورامان، سنە و موکریان باوە بووە و لەمرۆشدا لە شێوەی شیعر، شیوەن، ماتەمینی و کۆسکەوتن و گێڕانەوەی داستان ئەفسانەییەکاندا چڕدراوە)، مور (لە ناوچەی کرماشان، لوڕستان و ئیلام، لەکاتی کۆچی کەسێکدا ئاوازێکی غەمگین لەلایەن ژنان و پیاوانەوە دەچڕدرێت. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی)مور) ئاوازێکی بەکۆمەڵی ژنانەیە). هەندێک لەو ئامێرە میوزیکیانەی بەکاریدەهێنن سەرچاوەی ئەفسانە لەخۆ دەگرن (شمشاڵ، زوڕنا، نای، دەهۆڵ، دەف، تەنبور، کەمانچە و دیوانە) ئامێرە میوزیکیەکان بە شێوەیەکی گشتی لە شێوەی حەوت دەزگای (ماهور، شور، نەوا، هەمایون، سێ گاهـ

چوارگاهـ و پێنـج گاهـ) ن. گۆرانیـە کوردیـەکان خاوەنـی ڕیتمگەلێکی ڕێک و دیارن، سـەمای هەڵپەڕکێ بـە بەشـێکی تـری کولتـوور و میوزیکـی کوردسـتان لەقەڵـەم دەدرێـت. سـەمای هـەر ناوچەیەکـی کوردسـتان ڕەنگدانـەوەی جـۆری تێڕوانین، کولتـوور، لایەنـی دەروونی و چۆنایەتی ژیانیخەڵکی ئـەو ناوچەیـە و بەتێڕامانـەوە لـە جوڵـەی پڕجۆشـی ئەوانـدا دەتوانیـن پـەی بـە بەهـا کولتووریەکانـی ئـەو ناوچەیـە ببەیـن.

سـەما یـان هەڵپەڕکـێ ڕەگ و ڕیشـە و بناغـەی هونـەری کـوردی و کۆڵەکـەی تـەواوی سـەماکانی تـرە. سـەما و میوزیـک لـە نێوکۆمەڵگـە مرۆییەکانـدا شـێوە گفتوگۆکردنێکـە لەگـەڵ سرووشـتدا و سـەما و میوزیـک لـە کەشـی ڕۆحانیەتـدا بـەکار هاتـووە. چ بـگات بـەوەی ئـەم سـەما و میوزیکـە بەهـۆی خۆشـحاڵی، غەمگینـی یـان دەربڕینـی خواسـتێک یـان سپاسـگوزاری ئـەو سـوودەی سرووشـت بـە کۆمەڵگـەی بەخشـیوە، ئەنجـام دراوە. لەسـەر بنەمـای هەندێـک لـە توێژەران ئـەم جوڵانـە تەنیا پەیوەسـت بـە کولتـووری جەنـگ و تاکتیکـی جەنـگ یـان جـۆش و غەمگینیـەوە نییـە، بەڵکـو واتـای هەڵپەڕکـێ (سـەما) زۆر لـەوە قووڵتـرە و پەیوەنـدی مرۆڤـە لەگـەڵ بوونیـدا کـە واتایـەک بـەو جـۆرە سـروت و نەریتـە دەبەخێشـت. بـە شـێوەیەکی گشـتی دەتوانیـن لەسـەر بنەمـای شـێوە جیاوازەکانـی هەڵپەڕکـێ لەسـێ بەشـی ئایینـی، کولتـووری، هونەریـی، نمایـش و سـەربازیی پێناسـە بکەیـن. خاڵـی هاوبـەش لەنێـوان تـەواوی ئـەم هەڵپەڕکێیانـە یەکێتـی و کۆمەڵایەتیبـوون، جوڵـەی شـێوەبازنە کـە وەک خـۆر لـە بازنەیـەک بـە چـواردەوری خۆیانـدا دەسـوڕێنەوە و بـاوەڕ

بە پیرۆزی خۆر و یەکسانی ژن و پیاو و نەبوونی بیری جیاوازی ڕەگەزی لەم جۆرە هەڵپەڕکێیانەدا بەڕوونی بەدی دەکرێت کە بەداخەوە لەمڕۆدا کەوتووەتە ژێر کاریگەری عەقڵیەتی پیاوسالاری و جیاوازی ڕەگەزی و بە لاڕێدا براوە.

نموونە گەلێکی مێژوویی سەمای کوردی لە سەدەی پێنجەمی پ. زدا لە زاگرۆس، وێنەیەکی سادە، ڕەش و سپی بەسەر کاسە گڵینەسوورکراوەکان لە گردی (خەزێنە) ی شوش دۆزراوەتەوە. لەسەر ئەم کاسەیە لە بەشێکیدا کراوە و بێ زەمینە، سەمای شەش کەس لەسەر ئەو کاسەیە نەخشێنراوە. هەروەها سەمای خەڵکی نەهاوەند لە ٤٥٠٠ پ.ز، سەمای تاکەکەسی لەسەر تاوێرەبەردێک لە شوش و لە هەزارەی یەکەمی پ.ز، لە لوڕستان لەسەر تابلێتێک کە دۆزراوەتەوە، سەمای چوار کەس بە شێوەیەکی شارەزایانە پیشان دەدرێت. لەم جۆرە نمونانەدا جوڵانەوەی دەست و پێ لە کاتی سەماکردندا بەباشی دەتوانین هەست پێ بکەین. هەروەها شێوەی جلوبەرگی کوردی ژنانە و پیاوانە کە چەند جۆرێکی جیاوازیان هەیە سەلمێنەری دەوڵەمەندی کولتووری و پۆشاکی گەلی کوردە. شێوە جلوبەرگی هەر ناوچەیەک لەگەڵ ناوچەیەکی تر جیاوازە، ئەگەرچی هەموویان جلی کوردین، بەڵام هەریەک شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە و بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی جوگرافیایی و ژینگەییان جۆری دوورینی جل و بەرگیان جیاوازە و بە شێوە و ڕەنگەلێکی جیاواز و جوان دووراون کە لە تاوێر و بەردە هەڵکۆڵراوەکان وەک یادگارییەک لەدوای خۆیان بەجێ ماوە و هەروەها وێنەگەلێکی زۆری ژن و پیاوی ناوچەی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپێی پێویستی پۆشاکی ناوچەکە هەڵکۆڵراوە. لەم کنە و پشکنینانەدا، وێنەی ژن و پیاوگەلێک، بە پۆشاکی تەواو و شێوە جلو بەرگی خەڵکی کرماشان، ئیلام، لوڕستان لەبەردەکەن بەدیدەکرێت. بەتایبەت جۆری ڕەنگی جلوبەرگی کوردی ئەم ناوچەیە بەتایبەت جۆری دوورینی جلی ژنان، لە ئیلهامی لە گوڵ و گوڵزار، سەوزایی و سرووشت وەرگرتووە و ئەمەش نیشاندەری نزیکی خەڵک و ئاوێتەبوونیەتی لەگەڵ سرووشت. کاتێک توێژینەوە و شیکاریی مێژووی کۆنی ئەم خاک و ئاوەمان کرد-بەواتا ناوچەی زاگرۆس بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاشکرایە گەلێکهەڵگری مێژوو، جوگرافیا و دەوڵەمەندی کولتوورێکی ئاوایە. بێگومان خەڵکێکی ئاوا کە خاوەنی زنجیرە چیاگەلێکی سەختی زاگرۆسن و لەنێو کولتووری ژنخوداوەندەکانەوە سەریان هەڵدابێت، بەهیچ شێوەیەک ڕێ بە کۆیلایەتی نادات و هیچ هێزێکی خاوەن دەسەڵات بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت ئەم گەلە سەرکوت و ملکەچ بکات. گەلێک کە پشت بە کێوەکانیان ببەستن، توانیویانە لەبەرامبەر ئاشووریەکان، (ئەسکەندری مەکدۆنی) و سوپای ئیسلام، سوپای ئێران و هێزە داگیرکەرە دەرەکیەکان بەرخودان بکات و ڕێی نەداوە نیشتمانیان داگیر بکەن، ئەمڕۆش لەژێر هیچ هەلومەرجێکدا کۆیلایەتی قەبوڵ بکات، لەبەرئەوەی ئەم نیشتمانە لە هیچ قۆناغێکدا لەدۆخی کۆیلایەتیدا نەژیاوە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەڕووی جوگرافیاییەوە دەتوانین بەسێ بەشی باکوور، ناوەند و باشوور پۆلێنی بکەین. ڕۆژهەڵاتی کوردستان فرەڕەنگی تەواوی شێوەزارەکانی

کوردی بووە و هەڵگری دەوڵەمەندیەکی کولتوورییە. هەڵبەت جیاوازیگەلێک لە نێوان هەرسێ بەشەکە بەدی دەکرێت و پەیبردی ئەم بابەتەش زۆر پێویستە. ناوچەی باکوور زیاتر کرمانجیین، ناوچەی ناوەندی سۆران و و ناوچەی باشوور (ئیلام و کرماشان و لوڕسان) هەڵگری فرەڕەنگی شێوەزار و بگرە سروت و نەریتی تایبەت بەم ناوچەیەن. لەسەر بنەمای توێژینەوەی مێژوونوسان، کولتووری (نیۆلیتیک-چاخی بەردینی نوێ) ڕەوتێکی کەم و کورتە کە زیاتر لە باکووری کوردستان و بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەگرێتەوە. ئەوەی دەتوانرێت لەم بارەیەوە هەڵسەنگاندنی لەسەر بکرێت، کاریگەری ئەم کولتوورەیە لەسەر کۆمەڵگەی باکووری کوردستان و ڕەنگدانەوەی لە ڕەفتاری ژنان و پیاواندا، لە سیاسەت و ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدی دەکرێت. کولتووری خێڵ ڕۆڵێکی گرنگ لە کۆمەڵگەدا دەگێڕێت. لە ئێستاشدا نەیتوانیوە ئەم کولتوورە تێپەڕێنێت و لەگەڵ کولتووری ئەورۆییدا بە شێوەیەکی تەواو ئاوێتە بێت. سادەیی زمانی شیعری و ژیانیخەڵکی ئەم ناوچەیە دەتوانێت زۆر بەڕوونی ببینرێت. شیعری ناوچەی کرمانج ئاوێتەی سرووشت بووە و بگرە لێچواندنی ژن بە درەخت یان زۆرێک لە پیرۆزیەکان، لێکچواندنی غەم و پەژارە بە ئاسمان، ڕەنگدانەوەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە. هێشتا ئاڵۆزیەکی تایبەتی لە زمانی ئەم ناوچەیەدا پێکنەهاتووە و ئەم بابەتە دەتوانین لە سیاسەتیشدا ببینین. ناوچەی نێوەند، هێڵێکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ڕۆژئاوای کوردستان و تا باکووری کوردستان درێژ دەبێتەوە. لەم ناوچەیەدا

شۆڕشـی زمانەوانـی بەرپـا بـووە و ئاڵـۆزی تایبـەت بەخـۆی هەیە. شارستانی لەم ناوچەیەدا هەمەڕەنگە و ئاوێتەیکەسایەتی تاکـی کـورد بـووە. لـە هەمـان کاتـدا لـە شـیعر و وێژەشـدا ڕەنگدانـەوەی هەیـە. لـەم ناوچەیـەدا بـە هـۆی کاریگـەری شارسـتانیەت، ژنان زیاتر حەز لەشـار و شـارۆمەندی دەکەن، بـەڵام لـە سیسـتەمی سیاسـی و بەڕێوەبردنـدا پێگەیەکـی نزمتـری هەیـە. جۆری ئەو دیدە ڕەگەزگەراییە لـەم ناوچەیەدا هەیـە، بووەتـە هـۆی ئـەوەی کـە ژنـان زیاتـر ئـازار بچێـژن و خواسـتە کۆمەڵایەتییـەکان دیارتـر بن. لـە لایەکی تـرەوە بابەتی شارسـتانی کەسـایەتیەکی دووفاقـی بەتاکـی ئـەم ناوچەیـە بەخشـیووە. لـە وێـژە و شیعریشـدا نـەک کەسـایەتیەکی پارچـە بـوو بەڵکـو کەسـایەتیەکی چەنـد لایەنـەی بـەدی دەکەیـت. بەشـی باشـووری کرماشـان، ئیـلام و لورسـتان، بەشـێکی پەراوێزخـراوە، چونکـە نـە لەوێژەی سیاسـی-باوەڕی ڕژێمـی ئێـران و نـە لـە وێـژەی کوردییـدا پێگەیەکـی تایبـەت بەخـۆی هەیـە. لەلایەکـی تـرەوە لـەم ناوچەیـەدا وێـژەی زارەکـی لـە وێـژە نووسـراوەکان بەهێزتـرە. لەئەنجامـدا ئـەم بەشـەش ڕۆڵـی لـە پەراوێزخسـتنی گێـڕاوە. بـە جۆرێـک لەبـارەی ئـەم ناوچەیـە هـەم لەڕێـی حـزب و ڕۆشـنبیرانی کـورد و هەمیـش ڕۆشـنبیرانی ناوەندگەرا و کوردانی وابەسـتە بە ڕژێمی ئێران، لـەڕووی مێژووییشـەوە سـڕدراوەتەوە. دوو ڕەوت هاوتـای سیاسـەتی ناوەندگـەرا و دژەکان خوازیـاری بەئاگاهێنانـەوەی خەڵکـی ئـەم ناوچەیـەن، بگـرە پێشـکەوتنی بیـری یارسـانی لـەم ناوچەیـەدا، دەتوانیـن بەشـێکی بـە ئـاکار و بەشـێکی تـری بـە ڕەسـەنایەتی ڕەوتـی بیـری ئـەم ناوچەیـەوە، پەیوەسـتی

بکەین. بەواتا مرۆڤ لە ئاستێکی سەرەتاییەوە کە شەیدای سرووشت بووە، بە ئاستێکی هزری گەیشتووە و توانیویەتی لە جیهانگەلی فەلسەفە هەنگاو بنێت. ئەم ناوچەیە توانی لەڕووی جوگرفیاییەوە وەڵامدەرەوە بێت، چونکە هەم کوێستانی و شاخاوی بووە و هەمیش دەشتەکی. لەهەمان کاتدا هەر چوار وەرزەکەی تێدا ببینین کە بووەتە هۆی دابین کردنی پێداویستگەلێکی فراوان بۆ ئازادی و توانای ژیان و ئاسایشی مرۆڤ.

## هێرش دژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کولتووری بەرخودان

شایەنی باسە ڕەوتی سرووشتی کۆمەڵگەی کوردستان بە تێپەڕبوونی کات دووچاری گۆڕانکاریی و ناهەمواری بووەوە. دەستتێوەردانی دەسەڵاتداران بە ئامانجی داگیرکردن کە بووە هۆی گۆڕینی دیموگرافی ناوچەکە، لەهەمان کاتدا لەگەڵ پەرتەوازەبوونی خەڵکی ناوچەکە و دابڕانیان لە یەکتر بە مەبەستی ئاسانتر زاڵ بوون بەسەریاندا، دوورخراوەیی و کۆچپێکردنیان دوور لە شوێن و زێدی خۆیان، کە لەلایەکەوە دووچاری گرفتی دەروونی بە کەرەستەبوون و کەمی متمانەبەخۆبوون و لەلایەکی ترەوە دوورکەوتنەوەی لەزەمینەی ژیان و سرووشتی کولتووری خۆیان، بووە هۆی گۆڕانکاری و برینداری ڕۆح، کەسایەتی و کولتووری ئەو کۆمەڵگەیە، دزەکردنە ناو ئەو جۆرە کۆمەڵگەیە، ئاسانتر دەکات. دابەشکردنی سنوورەکان بەمەبەستی خاوەنداریەتی و فەرمانڕەوایی، بەرژەوەندی ئابووری و سیاسیەکانیرژێمێک

ئەنجام دراوە. کاریگەریەکی تەواو دەخاتەسەروابەستەبوونی کولتووری و کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگەیە. دروستکردنی ئەم سنوورانە بێگومان بە مەبەستی پاکتاوی ئەتنیکی و لەیەکدابڕانی کۆمەڵگە ئەنجام دراوە. پەیماننامەی ‹ئاشتی›١٦٣٩ی قەسری شیرین تا دەگاتە ئەمڕۆش لەشێوەی سنووری ئێران، تورکیا و عێراق کارپێکەرە. جەنگی یەکەمی جیهانییکۆتایی بەسەربەخۆیی کوردان هێنا و پەیمانی (سایکس-پیکو) لە نێوان بەریتانیا و فەڕەنسا لە ساڵی ١٩١٦ بووە هۆی زیاتر دابەشکردنی کوردستان.

لەم دابەشکردنەدا هەموو لایەک بەشێکی لەم خاک، ئاو و کۆمەڵگەیە بردووە و کوردستانی خستە چنگی پاکتاوی کولتووری و جەستەییەوە. ئەم دۆخە بووە هۆی لەخۆنامۆبوونی ئەم خەڵکە، لەبەرئەوەی شیرازەی کۆمەڵایەتی و سیاسی تایبەت بە خۆیان نەبوو. ئەم دابڕینە بە تێپەڕبوونی کات دزەی کردە هزری مرۆڤەکانیشەوە و بگرە بووە هۆی دروستبوونی دووبەرەکیش لەنێوانیاندا. هاوکات بەکارهێنانی هەمان خەڵکی ئەو چین و ناوچەیە بە مەبەستی سەرکوتکردنی کەسە ناڕازی یان ئەو کەسانەی لە ساتە جیاوازەکاندا، کاردانەوە دژی دەسەڵات پیشان دەدەن. ئامانجی بەشێکی تری ئەم سیاسەتە ئەوە بووە. بۆ نموونە ئەرکی دامەزراندنی خەڵکی کرماشان و هەورامان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ناوچە کوردستانیەکاندا و بەکارهێنانیان وەک داشێکی دەوڵەت بۆ سەرکوتکردنی کۆمەڵگە، دامەزراندنیان لە دامەزراوەکانی دەوڵەت، کەلێنێکی زیاتری خستە نێو کۆمەڵگەی کوردەوە. هەڵبەتە

کـە جیـاوازی لـە شـێوەزار و مەزهـەب بەهەمـان شـێوە بـۆ مەبەسـتە سیاسییەکانیان بەکارهێنا و ناکۆکیەکانیـان قووڵتـر کـردەوە. نەتەوەکانـی تـر و غەیـرە کـورد کـە لـە کوردسـتان پێکـەوە دەژیـن، بەهەمـان شـێوە دژی یەکتـر بەکاریـان دەهێنـان و بـە فراوانکردنـی ناکۆکـی مەزهەبیـی، ڕێیـان لـە زمانـی پەیوەنـدی مرۆیـی و پێکەوەژیانیـان دەگـرت. ئـەو فەرمانبەرەکوردانـەی لـە فەرمانگەکاندا دامـەزراون، دەبێت بـە دڵـی دەوڵـەت، واتـا بەکرێگیراوەیی، توانەوە، لەخۆنامۆبوو بێت و زمانـی پروپاگەنـدەی سیاسـەتەکانی دەوڵـەت بەکاربێنێـت. پەیوەنـدی مرۆیـی و پێکەوەژیـان، لـە ڕێـی دەسـەڵاتەوە ناکۆکیـە مەزهەبـی و زمانیەکانفـراوان کـردووە. جوگرافیـای ئێـران ئاوێتەیەکـی فرەنەتـەوە، فـرە زمـان و فرەبـاوەڕە و لـە مێژوودا سـەلمێنراوە کـە خەڵکی ئـەم ناوچەیـە پێکـەوە ژیـاون و خاوەنـی ژیانێکـی دیموکـرات و ئـازاد بـوون.

تایبەتمەنـدی بەرخۆدێـری و جەنـگاوەری کـورد و هاوسـنووربوونی زۆرێـک لـە شـارەکانی کوردسـتان لەگـەڵ دەوڵەتـە دراوسـێکان بووەتـە هـۆی ئـەوەی هێـزی کـورد بـۆ جەنگـی سـنوورەکان، وەک پاسـەوانێکیسـنوور بەکاربهێنرێـن. هـەر لەبەرئـەوەش بگـرە لـە هەندێـک لـە پەرتووکـی خوێندنگـە سـەرەتاییەکاندا بـە ئاشـتیخوازی کوردانـی پاسـەوانی سـنووری جەنگـی هەشـت سـاڵەی ئێران-عێـراق بـاس بکرێت. بەپێچەوانـەی ئـەو کوردانـەی دژی دەسـەڵات، لەپێنـاو پاراسـتنی مـاف و ناسنامەی خۆیـان ڕاپەڕیـون، بـە جوداخـواز و بەکرێگیـراو بانـگ بکرێن. لەکاتێکدا گەلـی کـورد لەبەرامبـەر هـەر جـۆرە داگیـرکاری، دەسـتدرێژی کردنـە سـەرخاک

و نیشتمان هەمیشە پەیڕەوی لەبەرگری ڕەوا کردووە و جەنگاوە. بەڵام بەداخەوە ڕژێمی ئێران هەمیشە کەڵکی لە هێزی بەرگری و گیانی جەنگاوەری کورد وەرگرتووەکە لەبەرژەوەندی خۆی بەکاری بهێنێت. سیاسەتێکی تر کە ڕژێمی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیڕەوی کردووە، سیاسەت و مۆدێلسازی کەسایەتی و هاوشێوەکردنی کولتوورییە. ئەم مۆدێلسازیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێوەی ناوەند و دەوروبەر، ئەنجامی دەدات. هەندێک لە شارەکانی کوردستان وەک سنە، ئورومیە، مهاباد و کرماشان بەناونیشانی ناوەندی، هەڵبژێردراون. لەڕێی ئەم دەروازانەوە دزەی کردووەتە دەروبەریشەوە و شێوەیەکیش بەوان دەدات. بە تایبەت ئەو شارانەی دەتوانن ڕۆڵی پێشەنگایەتی تێدا ببینن و کاریگەری لەسەر شارەکانی تریش بکەن، هەر بەو ئاراستەیە بگرە لەهەندێک ناوچە خێڵەکییەکان و ئەو شوێنانەی هەڵگری تایبەتمەندی خێڵەکین ڕۆڵی ئاسانکاری بۆ ئەم جۆرە بابەتانە گێڕاوە. ئەم ڕەوتە بە تێپەڕبوونی کات ڕۆڵی خۆبەزلبینینلەناوچە ناوەندەکاندا دێنێتەبوون و کۆمەڵگەکانی دەوروبەریش لە هەوڵی هاوشێوەبوونی مۆدێلی ناوبراو دەکەونە داوی ڕەوتی پاکتاوی کولتوورییەوە و ڕووبەڕووی ڕکابەری درۆینە دەبنەوە لەگەڵ یەکدا و ئەم ڕکابەرییەش دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی وزەی کۆمەڵگە و دووبەرەکی و پەرتەوازکردنیان.

بۆ نموونە سیاسەتی پاکتاوی کولتووری (توانەوە-ئاسمیلاسیون) ی ڕژێمی ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سیاسەتی (بەسیج) سازی لەم ناوچەیەدا، بە

تایبەت ژنان و لاوان لەڕێی هەژاری ئابووری، بە ئامانجی دیلکردنی هێزی پێشەنگایەتی کۆمەڵگە پەیڕەو کردووە. ئەم سیاسەتە لە تەواوی ناوچەی کوردستان بەرچاودەکەوێت، بەڵام ناوچەکانی سنوور و ناوچەگەلی وەک هەورامان کە هەمیشە سەربەخۆ و یاخی و ئازاد بوون و بەدرێژایی مێژوو تا دەگاتە ئەمڕۆ لەبەرامبەر سیاسەتی دەستدرێژکەر و داگیرکەری دەوڵەتەکاندا سەری نەوی نەکردووە، لەڕێی هەژارکردنی خەڵکی و بەستنی سنوورەکانەوە پەیڕەو دەکات، لەمڕۆدا بەداخەوە دیاردەی کۆڵبەری کە سەرچاوەی بژێوی ژیانی زۆرێک لە خێزانەکانە. بەو سیاسەتە، هەوڵی پەلکێشکردنیان دەدەن بۆ ناو ڕێکخراوە بەسیجییەکان. بە فراوانکردنی ڕێکخراوگەلی (خوشکانی بەسیج) لەنێو ژنان بەتایبەتیش لە کوردستان هەوڵدانێکە بۆ فراوانکردنی هزری ڕەگەزگەرایی و سەرکوت و زاڵبوونێک کە ئەمجارە بەڕێی ژنان کە خودی هزرەکە دژێکی دێرینەی سیستەمی پیاوسالاری هەیە. بێگومان سیاسەتی جەنگ بە تایبەت لە کوردستان کۆتایینەهاتووە و ڕۆژانە بە ئامانجی لەناوبردنی ئەگەری پێشەنگایەتی و بەرخودانی کوردستان بەتایبەتی ژنان و لاوان لە هەموو جۆرە کردارگەلی سیاسەت و کاری نائاکار و پاکتاوی ناسنامە و کولتوور دەستیان نەپاراستووە. زۆرکردنی هۆگری بە ماددەهۆشبەرەکانەوە، خۆکوژی و خۆسوتاندن، بێکاری و کۆچکردن لە کوردستان و بەتایبەتتر لەناوچەی کرماشان، ئیلام، لوڕستان ڕۆژانە لەدۆخی زۆر بووندایە. بە شێوەیەک کە لە پارێزگای کرماشان، لەهۆگری ماددەهۆشبەرەکان و بێکاری، ئیلام

لـە خۆسـوتاندن و لوڕسـتانیش لەکۆچکردنـدا، زۆرتریـن سـەرژمێری لەخۆدەگرێت. ناکۆکـی و زیانـە کۆمەڵایەتییـەکان کـە کاریگەریەکـی بەرچـاوی کردووەتـە سـەر ژنـان، بووەتـە هـۆی زۆربوونـی ئاڵوودەبـوون بـە مـاددەی هۆشـبەر لەنێـو ئـەم چینـەی کۆمەڵگـەدا کـردووە و زۆرێـک لـە کچانـی لاو بـۆ بەدەسـتهێنانی مـاددەی هۆشـبەر پەنـا بـۆ لەشفرۆشـی دەبـەن. بێگومـان ئـەم بابەتانـەش لەسیاسـەتە دیارەکانـی ڕژێمـی ئێرانـە. سـەبارەت بـە پاکتـاوی ناسـنامە، کولتـوور و کەلەپـووری و پووچەڵکردنـەوەی هێـزی چالاکیـان لەپێنـاو سیاسـەتی بەکرێگیـراوی و دەسـەڵاتخوازی خۆیـان. تـەواوی ئـەم ناوچانـەی کوردسـتانیش لـەڕووی جوگرافیـەوە، هـەم بـۆ کشـتوکاڵ و هەمیـش ژن و پیاوگەلێکـی بەغیـرەت لەخـۆ دەگرێت. بـەڵام جێـی پرسـیارە بۆچـی لەنێـو خەڵکانێکـی وادا دەبێـت بێـکاری، خۆکـوژی و هۆگـری مـاددەی هۆشـبەر بەرۆکیـان بگرێـت؟

یەکێـک لـەو دیاردانـەی کـە جێـی داخـە و زیانـە کۆمەڵایەتییـەکان بەرۆکـی ژنانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانی گرتووەتـەوە. خۆکـوژی و خۆسـوتاندنە. گرفتـە ئابـووری و کۆمەڵایەتییـەکان لـە ئێرانـدا تووشـی ناهەمواری و گرفتگەلێکی زۆری کردووەتـەوە. لەمڕۆدا نـەک تەنیا ژنان بەڵکو پیاوانیش بەهـۆی گرفتگەلـی دەروونـی، کۆمەڵایەتـی و ئابووریـەوە بەشـێوەگەلێکی غەمناک کۆتایی بە ژیانیان دەهێنن. زاڵخوازی هـزری پیاوسـالاری، توندڕەوی و خێڵگەرایـی، جۆرەکانـی توندوتیـژی، گرفتـە خێزانیـەکان، کاریگەریەکانـی جەنـگ لەناوچـە سنوورەیەکانی وەک ئیلام و فراوانبوونـی خەمۆکـی

و... هۆکاری بنەڕەتی خۆسووتاندن و خۆکوژیین یان باشتر بڵێم هاندانی ژنانە بۆ خوکوشتن. ژنان لە کولتووری ئەم جوگرافیادا پلە و پایەیەکی والاّ و پیرۆزی هەبووە. ئەمڕۆ لە ژێر کاریگەری هزری ڕەگەزگەرایی پیاوسالاری و بەتایبەت لەم چل ساڵەی دواییدا لە خراپترین هەلومەرجی کۆمەڵایەتیدا بەسەر دەبەن و ئەم بیرە فەرمیە لەژێر ناوی ئایین، مەزهەب و نامووس گۆڕەپانی زیاتر لە ژنان تەنگتر کردووە. هاتنە ناوەوەی نوێگەرایی (مۆدێرنیتە) بۆ ئەم ناوچانە و هەڵوەشانی لایەنی کولتووری، کۆمەڵایەتی و بەدیهێنانی شارگەرایی، زیاتر زیانی بە ژنان گەیاندووە. ژنانێک کە بەتایبەت لەناوچەی یارساننشینەکان، هەورامان و گوندەکان کە خاوەنی هێزی خۆبەڕێوەبەری و لەڕووی ئابووریەوە ئازاد بوون، بەکۆچکردنیان بۆ شارەکان و زۆربوونی گرفتە کۆمەڵایەتیەکان، دووچاری سەر لێشێواوی و گۆڕینی ناسنامە و بەهاکان بوون و ناچار پەنابردنیان بۆ کاری نەخوازراویش، ئەوانی دووچاری گرفتگەلێکی ڕیشەیی کردووەتەوە. ئەم بابەتانە بووەتە هۆی زۆربوونی خۆکوشتن، گۆشەگیری کۆمەڵایەتی و خەمۆکی. لە لایەکی ترەوە بە تێکەڵبوونیان بە ژیانی شار، زیاتر پەنا بۆ لاساییکردنەوە و بەدەستهێنانی پلە وپایەی پێگەی ژنانی ناوەندنشینەکانی فارس دەبەن و لە ڕاستیدا ئەم ناوەندانە، بەتایبەت خوێندنگە و ڕێکخراوە ئیداریەکان گۆڕاوە بە ناوەندگەلی پاکتاوکردنی ناسنامە، هەر لە ڕووی جۆری پۆشاکەوە بگرە تا دەگاتە کولتووری ژنانی کورد کاریگەریەکی بەرچاویان لەسەر دەکات.

ژیانی ژنان لەنێوکۆمەڵگەکانی یارساندا هەڵگری پێناسەیەکی تایبەت بە خۆیانن. پەیوەندی ژنان و پیاوان و ڕێزی یەکتر تا ئاستێکی بەرچاویان توانیویەتی ئەو پێگەیەی خۆی بپارێزێت. لە ئایینی یارساندا هێشتا ڕەگەزگەرایی و بابەتی نامووس نەیتوانیوە کاریگەری بکاتە سەر کولتووری کۆنی ئەم کۆمەڵگەیە. یەکسانی ژن و پیاو و ڕێزگرتن لە مافەکانی ژنان لەنێو یارسانەکاندا کارێکی ئاسایی، سرووشتی و ناچاریی لەقەڵەم دەدرێت. ئاکاری مرۆڤ، ڕێز و خۆشەویستی لەم کۆمەڵگەیەدا بابەتگەلێکی بنەڕەتین. ڕۆڵی ژنان لە بەڕێوەبردن و گۆڕەپانی سیاسیش لەنێو یارساندا شایانی فەرامۆشکردن نییە. کەم نین ئەو پیاوانەی بەناوی دایکیانەوە بەناوبانگن و دەناسرێنەوە. ئەم کارە بۆ کولتووری (کەیوانۆ) و (کەی خودا) دەگەڕێتەوە کە لەمرۆشدا لەنێو یارسانەکاندا ماوە. ڕۆڵی دایکی (سوڵتان سەهاک) لە سەرهەڵدانی بیری یارسانیشدا جێی سەرنجە. لەنێو یارسانەکاندا حەوت تەن هەیە کە لەشێوەی ئەنجوومەن کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن و هەریەک لەمانە هەندێک لە چالایەکانی کۆمەڵگە لەئەستۆ دەگرن. (خاتوو ڕەمزبار) دایکی (سوڵتان سەهاک-سان سەهاک) یەکێکە لەو حەفت تەنانە و بەواتای (بار و ڕەمز) ئەفراندن دێت. ڕۆڵی بە شێوەیەکی گشتی، پاراستنی کۆمەڵگەیە. هەروەها ڕۆڵی سیاسی، کۆمەڵایەتی و پەروەردەش لە ئەستۆی (خاتوو ڕەمزبار) بووە. لەبەشەکانی تردا، ژنێکی خاوەن ڕۆڵی فرەڕەهەندانەی بینیوە. ئایینی یارسان، کۆمەڵێکە لەبیر و هزری زاگرۆسی کە زادەی کولتووری ژنەخوداوەندە.

هەورامـان یەکێکـی تـرە لـە پانتاییـە گونجاوەکانـی ژیانـی ئـازاد، یەکسـانی و دیموکراتـی بۆ کۆمەڵگـە و بەتایبـەت ژنـان. هەروەهـا نـاوی هـەر ناوچەیـەک لـە کوردسـتان ئاماژەیـە بۆ پێگـەی ژنەخوداوەنـد و پیرۆزییـەکان. هەورامانیـش بـە واتـا (هـورا) یـا (ئاهـورا) لـە ئاوێسـتادا بەواتـای (خـۆر) دێـت و (مـان) بـە واتـای مـاڵ، بەواتـای (نیشـتمانی ئاهوراییـەکان) دێـت. کۆمەڵگـە لەگـەڵ کولتـووری کۆمەڵگـەی سرووشـتی هاو-واتـای کولتـووری دەوربـەری ژن-دایکـە. ئـەو تێڕوانینەی سرووشـتی بـە زینـدوو هێڵاوەتـەوە و بەسـوودوەرگرتنی لـە سرووشـت، لـە ئاسـتی پێویسـتی ژیانـدا، بەردەوامـی بـە پەیوەنـدی و هاوڕێیەتـی خـۆی لەگـەڵ داوە و خـۆی بـە بەشـێک لـە سرووشـت دەزانێـت. هەڵگری تێڕوانینـی یەکسـان لەگـەڵ ڕەوانێکـی پـاک و سـادە، بیرێکـی ئـازاد بۆ دابینکردنـی پێویسـتیەکانی ڕۆژانـە و پێکەوەژیانـە. دیـدی کۆمەڵگـە سـەبارەت بـە پێناسـەی مافـی ژن و پیـاو، لەسـەر بنەمـای ڕەگـەز نەبـووە، بەڵکـو لەسـەر بنەمـای دیـدی یەکسـانی و دیموکراتـی بـووە. ژن، دایـک، سرووشـت، کۆمەڵگـە، خێـزان، لـەلای هەمـوو کەسـێک پیـرۆز بـووە و لەبەڕێوەبـردن و ڕێکخسـتنی کۆمەڵگـەدا ڕۆڵـی بنەڕەتـی هەبـووە. ناونانـی گونـدی بێسـارانیش دەتوانێـت سـەلمێنەری ئـەم بابەتـە بێـت. هەورامـان گۆڕەپانـی بەرگـری و جەنـگ بـووە و بەهـۆی تایبەتمەندیەکانـی زەمینـەی بـۆ چالاکـی ئازادیخوازانـە و بزووتنـەوەی شـۆڕشـگێڕی بـووە. نیشـتمانپەروەری، پابەندبوون بـە خاکـەوە، پەیوەسـتبوون و پاڵنەرێکـی زۆر بـە کشـتوکاڵیش، یەکێکـی تـرە لـە تایبەتمەندیەکانـی ژنانـی ئـەم

ناوچەیە. هەر لەبەرئەوەش، خەڵکی ئەم ناوچەیە هەڵگری تایبەتمەندی داهێنان، نوێخوازی بووە کە کۆمەڵگە دەتوانێت بە شێوەیەکی خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵگە خۆی بەڕێوە ببات.

کاریگەری جوگرافیایی و باوەڕەکان لەم ناوچەیەدا بووەتە هۆی ئەوەی سیاسەت، بیری و هزری ڕژێمی دەسەڵاتخواز کەمتر بتوانێت کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە هەبێت و لەچاو ناوچەکانی تر کەمتر ببنە هۆی لەخۆبێگانەبوون و ئاسانتر پاکتاوی کولتووری کاریان تێبکات. شایەنی باسە هەر ئەم تایبەتمەندیە بووەتە هۆی ئەوەی هەمیشە لەلایەن دەسەڵاتەوە هێرشیان بکرێتە سەر و نێوانی ئەوان و میللەتانی تری ئێران تۆوی دووبەرەکی و کینە بچێنن. سەرەڕای سیاسەتگەلی نامرۆڤانە و پاکتاوی ڕەگەزی، کولتووری، نەریتی و خێڵەکی کۆمەڵگە، بە بەدیهێنانی زەمینەی پەروەردە و توێژینەوەی ئیرادەیەکی وا، دەتوانرێت لەم زەمینەوە بەناونیشانی کلاوڕۆژنەیەکی شۆڕشی هزری، دژی ڕەگەزگەرایی کۆمەڵگە سوودی لێ ببینرێت کە لەم بوارەدا ژنان دەتوانن ڕۆڵی پێشەنگایەتی لە ئەستۆ بگرن.

لە کۆمەڵگەی کوردستان بە ئاشنابوونی سیاستەکانی ڕژێم دژی خەڵکی و بە ئاشنابوونی کەسایەتی زاگرۆسی و ڕەسەنایەتی ئەم خەڵکە بە تایبەت ژنان دەتوانن لە بیری دژە-ژنی و شێوازی جەنگی تایبەتی دەسەڵات، هەڵسەنگاندنێکی تەواو پێچەوانە ئەنجام بدات، بەو واتایەی کام بەش لە کولتووری کۆمەڵگە یان کام چینی کۆمەڵگە زیانی زیاتری بەرکەوتووە، بەدڵنیاییەوە خاڵی بەهێزی ئەو

کۆمەڵگەیـە، هـەر لـەو چیـن و بەشـەدا شـاردراوەتەوە. هـەر لەبـەر ئەوەشـە، دەکرێت وەک سـەرچاوەی هێزێکـی ڕزگاری لـە داگیرکاریـی لێـی بڕوانرێت.

تـەواوی بەڵگـە مێژووییـەکان ئـەوە پیشـان دەدەن کـە فەلسـەفەی) ژن، ژیان، ئازادی)بابەتێکی سـەردەمی و ئەمڕۆیی و تەنیا پەیوەست ناکرێت بەناوچە یان کۆمەڵە خەڵکێکی تایبەتەوە. بەڵکو ئەم دروشمە لـە ناوچەرگـەی کوێسـتانەکانی زاگرۆسـەوە سـەرچاوە دەگرێت. ئـەم دروشـمە فەلسـەفەی (نیـن هورسـاگ، خـودای ئاناهیتـا و میتـرا) یـە کـە توانیـان ئـەم میراتـە لەنـاو دڵـی مێژوو دەربهێنـن تـا پێشـکەش بـە ژنـان و خەڵکـی ئـەم سـەرزەمینەی بکـەن.(ژن، ژیـان، ئـازادی) تەنیـا یـەک دروشـم نەبـووە، بەڵکـو کولتـووری کۆنـی ئـەم نیشـتمان و سـەرزەمینەیە کـە ژنـان هەمیشـە لەگـەڵ ئـەم فەلسـەفەیەدا ژیـاون و ئەمـڕۆ لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان چەخماخـەی دا و نـەک تەنیـا لەنێو ژنانـی کـورد، بەڵکـو لەسـەرتاسـەری ئێـران بڵاوبویـەوە. ژنانـی ئێران ئەمـڕۆ جارێکـی تـر سـەلماندیان کـە نـەوەی سـەرزەمینی زاگرۆسـن. سـتەمی زوحاکـەکان، فێڵـی ئەنکیدۆکان، هەروەها زنجیری کۆیلایەتی شارسـتانیەتیەکان، هیـچ کاتێـک نەیانتوانیـوە گیانـی بەرخـودان، بەرگـری و سـەرکێشـی ژنانـی ئـەم خاکـە تێکبشـکێنن. ئـەوەی ئەمـڕۆ لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و ئێـران ڕوو دەدات، ڕێکـەوت نەبـووە بەڵکـو تۆڵـەی هـەزاران سـاڵەی نـەوەی ژنەخوداوەندەکانـی ئـەم خاکەیـە لـە بیـری پیاوسـالاری و دژەژن. یەکێتـی و یـەک دەنگـی ژنان لـە وتنـی)ژن، ژیـان، ئـازادی) بەواتـا شـکاندنی تـەواوی ئـەو سـنوورە سیاسـیانەی کـە دەوڵەتانـی خـاوەن هێـز، لەپێنـاو بەرژەوەندی خۆیان لەنێـو خەڵکیـدا دروسـتیان کـردووە.

# کاریگەری پیاوسالاری و نوێگەرایی (مۆدێرنیزم) لەسەر ژن

ڕوشین عوسمان

گەشـەی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری ناوچەیـەک، وڵاتێـک یـان هەرێمێـک بـە لەبەرچاوگرتنـی دوو تیـۆری کلاسـیکی بەهێـزی مەزنبـوون (فراوانبـوون) و گەشـەپێدانیمرۆیی دەکەوێتـە بـەر توێژینـەوە و هەڵسـەنگاندن. بەپێـی تیـۆری کلاسـیکی فراوانبـوون، دابەشـبوون و توانـای هێـزی کار فاکتەرێکـی گرنگـە لـە گەشـەکردنی ئابـووری وڵاتێـک یـان هەرێمێکـدا. تیـۆری گەشـەپێدانیش نەتوانینـی دابینکردنـی پێداویسـتییە سـەرەکییەکانی مـرۆڤ وەک بەربەسـتێک لـە بـەردەم پەرەپێدانـدا دەبینێـت. چەوسـانەوە لـە بـوارە جیاوازەکانـدا بۆنموونە چەوسـانەوەی ڕەگەزی، ئەتنیکی، باوەڕی، هەروەها چەوسانەوە لەسـەر بنەمـای تایبەتمەندییـە خێزانیـەکان دەبێتـە ئاسـتەنگ لەبەرامبـەر گەشـە و پەرەسـەندن دا.

بەگشـتی جیـاکاری لـە نێـوان هەرێمەکانـدا لـە بوارەکانـی (ئەتنیـک و زمـان) و بـاوەڕی و لـەم شـێوانە ڕوو

دەدات[٦]. سیاسەتەکانی دەوڵەت لە بنەمای جیاکاری ناڕاستەوخۆیکۆمەڵایەتی و ئابووری لەکۆمەڵێک پارێزگاکانی وڵات بەتایبەت پارێزگاکانی کوردستان، سیستان و بلوچستان و ئورومیەدا، بە شێوەیەکی ئاشکرا بەرچاو دەکەوێت. بەو پێیە، جیاکاری لە بوارە جیاوازەکاندا لەوانە جیاکاری ڕەگەزی، جیاکاری ئەتنیکی، جیاکاری ئایینی و جیاکاری لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە خێزانییەکان، ڕێگر دەبن لە بەردەم گەشەپێدان و گەورەبووندا. کاتێک تاکەکانی کۆمەڵگە هەست بە جیاکاری دەکەن، هەست بە ناڕەزایی دەکەن بەرامبەر چەوسێنەر و لەوانەیە دژیان کاردانەوە ئەنجام بدەن. لەهەمان کاتدا چەوسانەوە دەتوانێت پەل بکێشێت بۆ ناڕازی لە ژیانی کار، سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریش. جیاکاری کاریگەری لەسەر ورە و باوەڕی خەڵک دەکات و لە دەرئەنجامداکاریگەری دەخاتە سەر سەرمایەی کۆمەڵایەتی و بوونی چەوسانەوە لە وڵاتێک بەتایبەت جیاکاری دژی پارێزگاگەلێک و بە تایبەتی ژن (کەش و دۆخی کار، مووچە و بیمەی کۆمەڵایەتی- تأمین اجتماعی) و هەندێک تایبەتمەندی تر دەتوانێت ببێتە هۆی کەمبوونەوەی سەرمایەی کۆمەڵایەتی ئەو پارێزگایانە. جیاکاری، دەبێتە هۆی ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگە.

جیاکاری ڕەگەزی ژن و پیاو لەڕووی پێکهاتەی فیسیولۆژی و دەروونی جیاواز دەبێت، بەڵام نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزی ژن و پیاو کە لە کۆمەڵگەدا دەبینرێت و بەرجەستە دەکرێت، زۆر زیاتر لەوەیکە سەرچاوەکەیان بۆ جیاوازی سرووشتی بێت، لە بوونی کەشێکی دۆگماتیک،

کۆنەپەرستی هزری و کولتووری کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێت. چەوسانەوەی ڕەگەزیی دەبێتە هۆی هەژارتر و وابەستەتربوونی ژنان بە پیاوانەوە. لە سالانی ٦٠ و ٧٠کانی سەدەی بیست، ئاستی خوێندەواری ژنان کەم بوو، بەڵام لە ٨٠کاندا و ٩٠کاندا زیاتر لە زانکۆکان و دامەزراوە بالاکانی خوێندن وەرگیران. بەڵام کاتێک سەیری ئاستی بێکاریی دەکەین دوای دەرچوونیان، ئەو ڕاستیە ئاشکرا دەبێت کە لە دامەزراندندا پێشینە بە پیاوان دەدرێت. جیاکاری دژی ژنانتەنیا لە کۆمەڵگەدا نییە، بەڵکو ئەم جیاکارییە بە خێزانەکانیشدا بڵاو بۆتەوە. بە سەرنجدانێکی وردتر دەبینرێت کە جیاکاری ڕەگەزی لە خێزانەکاندا لەو کۆمەڵگەیانەدا بەرجەستەیە کە دەوڵەت توندڕەوی ئایینی و پایە هەستیارەکانی باوەڕە مەزهەبیەکان، لەناو خێزانەکاندا ڕیشە داکوتاو دەکات و مەیدانی لە ژنان تەنگتر کردووە. بەهۆی تێڕوانینی جیاوازی دایک و باوک لەبەرامبەر کچ و کوڕ لەهەمان خێزاندا، کاتێک هەر دوو ڕەگەز دەگەنە تەمەنی هەرزەکاریی، دووئاڕاستەی جیاواز بۆ هەردووکیان دیاری دەکرێت، بە شێوەیەک کە کچان دەنێردرێنە ماڵەوە لە هاوتەمەن و دەوروبەریان دوور دەخرێنەوە، لەکاتێکدا کوڕەکان زیاتر تێکەڵ بە ژینگەی دەرەوە دەبن و پەیوەندی بە هاوتەمەنەکانی خۆیانەوە دەکەن. هەر ئەوکارە دەبێتە هۆی لاوازترکردنی ناسنامەی ژن، بە شێوەیەک کە بۆ دوای سەردەمی پێکهێنانی ژیانی هاوسەریش بەردەوام دەبێت. ئەم جۆرە تێڕوانینە جیاوازەی خێزانەکان لەبەرامبەر دوو ڕەگەزی جیاواز منداڵەکانیان لە پارێزگا سنووریەکان

لەگەڵ هەمەجۆریی زمان و باوەڕ زیاتر بەرچاو دەکەوێت کە زۆربەی لە تێڕوانینە نەریتیی، مەزهەبیی و سیاستە جیاوازەکانی حکومەت، بۆ نموونە سیستەمی پەروەردە، سیستەمی بوجە و.... هتد [٧]یەوە دێت. لەم ناوچانەدا پیاوسالاری و باوکسالاری بە شێوەیەک ڕەگی داکوتاوە کە بگرە لە پەیوەندیە ڕۆژانەیی و ئاساییەکانیشدا بەشێوەیەکی ناخودئاگایانە درکی پێ دەکرێت. بۆ نموونە یەکێک لەو نزایانەی کە دایک و باوکی کورد لە زمانی ڕۆژانەیاندا لەبەرامبەر منداڵەکانیاندا دەیکەن، نزای (خوای گەورە کوڕێکت پێ ببەخشێت) یان (کوڕت نەمرێت) کە خودی ئەم جۆرە نزایانە سەرچاوەیان بۆ ڕیشەی باوکسالاری دەگەڕێتەوە، هەروەها دایکێکی کوردزمان بێئاگایانە لە ڕیشەی ئەم نزایە، ئەو نزایە بۆ منداڵەکان دەکات.

## کۆمەڵگەی خاوەن کولتوور و دیدی پیاوسالارانە

کەلتووری باوکسالاری، کۆمەڵگە لەسەر بنەمای سەروەری و هێزی پیاو ڕێکدەخات و ئەو وێنە بەهێزە، خاوەن ئیرادە، هۆشمەند، سەربەخۆ و توندوتیژەی کە بۆ پیاوی کێشاوە، بۆ چەوساندنەوەی ژن بەکاری دەهێنێت[٨]. لە کۆمەڵگەیەک بە تێڕوانینی کولتووری پیاوسالاری و باوەڕگەلی دژە ژن، ئەوا لەکۆمەڵگەیەکی وادا پێشوازی لە دیدی ڕەگەزگەرایی و توندوتیژی دژی ژنان بە بەشێک لەمەودای ئاسایی کۆمەڵگە دێتە ئەژمار، بە شێوەیەک لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا لەلایان باوبێت کەتوندوتیژی دژی ژنان ستایش بکات، گەر ژنیش

بەرگـەی توندوتیـژی و تـەڵاق نەگرێـت ئـەوا دەبێتـە مۆرێکـی نەنگ بەنێوچاوانی ژنـەوە. توێـژەران سـەلماندوویانە تـا بەهـای پیاوسـالارانە لەکۆمەڵگـە ئەتنیکیـدا بەهێزتـر بێـت، بەهەمـان ئەندازە ئاستی توندوتیژی دژی ژنـان لەنێو خێزانەکاندا بـەدی دەکرێت. بگرە لـە کۆمەڵگەی پیاوسـالاردا، ژن گەیشـتووەتە ئەو بـاوەڕەی کـە زەبـری پیـاو بەشـێکی تایبەتـی کەسـێتی نەگـۆڕی ئـەوە و ژنیـش لەسـەریەتی لەخۆبـوردوو بێـت و بەرگـەی ئـەم توندوتیژیـە بگرێـت کـە ئـەم کارەش لـەو کۆمەڵگەیـەوە سـەرچاوە دەگرێت کـە بابەتـی ڕەگەزگەرایـی لا پەسـەند بێت. لـە کۆمەڵگەیەکـی پیاوسـالاردا چـاوەڕێ لـە ژن دەکرێـت کـە ئەرکـی ژنانـەی خـۆی لەسـەر بنەمـای نەریتـی (ئـەو تێڕوانینـە کولتووریـە نادروسـتە پەسـندکراوە) لـە کۆمەڵگـەدا ببینێـت و ملکەچـی فەرمانەکانـی پیـاو بێـت و لـە هەمـوو بارودۆخێکـدا بەرگـەی توندوتیژیەکانـی پیـاو بگرێـت، چونکـە لەسـەر بنەمـای نەریـت، خێـزان ڕێکخراوێکـی پیـرۆز و تایبەتـە، کەسـانی تـر مافـی دەسـتتێوەردانیان نییـە و لەژێـر هـەر هەلومەرجێکـدا دەبێت پارێزگاری لـەم نەریتـە بکرێت. بگـرە هێـزە فەرمیەکانـی کۆمەڵگـەش کەوتوونەتـە ژێـر کاریگـەری ئـەم جـۆرە تێڕوانینـە کولتووریـە نادروسـتە و ژنـان هاندەدەن کـە بەهـەر شـێوەیەک بێـت لەگـەڵ هاوسـەرەکەیدا ڕێـک بکەوێـت و هەنـدێ جاریـش سەرزەنشـتیان دەکـەن. لـەو جـۆرە کۆمەڵگەیانـەدا کـە پیاو ڕۆڵی هێـز دەبینێـت و ژنانیـش ملکەچـی دەسـەڵات و هێـزی پیـاو بێـت، بەڕووکەش هیـچ توندوتیژیەک ڕوو نادات، گرفتەکە لەشـوێنێکی تـردا دەردەکەوێـت کـە ڕەوایـی ئـەم جـۆرە هێزگەراییـەی پیـاو لەلایـەن ژنـەوە بخرێتـە ژێـر پـرس و گومانـەوە.

## ژنــان و پێویســتیە کۆمەڵایەتییەکانــی کۆمەڵگــەی نوێگەرایــی (مۆدێــرن)

پێش ئـەوەی بچینـە نـاو ئـەم بابەتـەوە، پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بکەیـن کـە لـە دنیـای ئەمـڕۆدا بەدەگمـەن دەتوانیـن کۆمەڵگەیـەک بدۆزینـەوە کـە بـە تـەواوی نەریتـی یـان لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە مۆدێـرن بێـت. لەبەرئـەوە لـەم وتـارەدا قسـە لـە ڕەگـەزە زاڵەکانی نـاو کۆمەڵگـەی نەریتـی و نوێگـەرا (مۆدێـرن) دەکەیـن.

### کۆمەڵگەی نەریتی

لـە کۆمەڵگـەی نەریتیدا، مرۆڤ بە ناونیشـانی بوونەوەرێکی تێکـەڵ و پێکەڵـی نـاو کۆمەڵگـە ناسـراوە و کۆمەڵگـەش مامەڵـە لەگـەڵ جیهانـدا دەکات و جیهانیـش پەیوەنـدی بـە باڵاسرووشـت (میتافیزیـک) ەوە هەیـە کـە لێکترازانـی سـێ ڕشـتە لـە کۆمەڵگـەی نوێخوازیـدا دەبێتـە هـۆی بەدیهێنانـی پەیبردنێکـی نـوێ لەجیهـان و مـرۆڤ، کـە تێیـدا مـرۆڤ نـەک بەپێویسـت بزانـێ کـە خـۆی بـە بەشـێک لـە کۆمەڵگـە ببینێـت، بەڵکـو خـۆی وەک تاکێکـی دابـڕاو و سـەربەخۆ لەوانیتـر دەبینێـت[٩]. لـە کۆمەڵـگای نەریتیـدا، ڕۆڵـە کۆمەڵایەتییـەکان زیاتـر لـە پێشـەوەن و شـێوازی ژیانـی خەڵک(ژیانێکە کە پێگە کۆمەڵایەتییـەکان تێیـدا گرنگـن). ئـەم پێگایانـە هەریەکەیـان ئەرکـی تایبـەت دەخەنـە سـەر شـانی تـاک – ڕۆڵـی تایبەتـی وەک دایکێکـی بـاش، هاوسـەرێکی دڵسـۆز و ژنێکـی کارامـە

– لە کۆمەڵگەدا کە ڕەنگە خواست و ویستی خۆی نییە[١٠].
لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا ژنان پشتبەستوو بە پیاو، زوو ڕەنجاو، پیزان، وابەستە، ڕازییە و پەیوەست بە بابەتە تایبەتەکان و پیاوانیش پەیوەستن بە بابەتە گشتیەکانەوە و لەسەر ئەم بنەمایەش، چوونی ژن بۆ گۆڕەپانی گشتی دیاردەیەکی نویٚ دەبێت، لەسەر بنەمای پێناسە نەریتی، کولتووری و باوەکان، ژن هەمیشە بە ناونیشانی ڕەگەزێکی پەیوەست بە سنووری تایبەت بەپیاو لەقەڵەم دەدرێت و ڕێی پیٚ نادرێت پیٚ بنێتە گۆڕەپانێکی جیاواز لەوەی بۆی دیار کراوە. لە هەمووی گرنگتر، ژیانی ژن لە کولتووری ئێران لە دوو دۆخ و ژینگەی ڕەها پێناسە کراوە (یەکەم؛ ماڵی باوک و دووەم؛ ماڵی هاوسەر) و بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت دۆخ یان گۆڕەپانێکی تری هەبێت[١١].

### کۆمەڵگەی نوێگەرا (مۆدێرن)

گرنگترین تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگەی نوێخواز، دابەشکردنی کاری ئاڵۆز و بەدیهێنانی پێکهاتەیەکی تازە لەگەڵ کارگەلێکی جیاواز لەناو خودی پێکهاتە تازە نەریتیەکە و پەنابردنی مرۆڤ بۆ خۆیەک بوونەوەرێکی تاک و کۆمەڵایەتی. لە کۆمەڵگەی نوێخوازیدا (ژیانی ئاراستەکراو) بووە، تاک نەک لەسەر دەبێت و نابێتەکانی کۆمەڵگە، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەوەی لەدەروونیەوە هەڵدەقوڵیٚ و بەگونجاوی دەبینێت کار دەکات کە بووەتە هۆی ئەوەی ڕۆڵەکانی لە کۆمەڵگەداکاڵتر ببێتەوە و گرنگی

بە خواستی دەروونی هەر تاکێک بدرێت[١٢]. کۆمەڵگەیەکی نوێخواز لایەنی دەروونی و ڕۆحی لە ئایین دادەبڕن و بابەتی دەروونی و ڕۆحانیبوون بەپێویستی ئاییندارپوونی تاک نازانرێت. لە کۆمەڵگەی نوێخوازدا کەسانێک لەژێر کاریگەری ژیرگەرایی سەردەمی ڕۆشنگەریدا ڕەسەنی تاک بەدوای لایەنێکی دەروونی نوێ لە چوارچێوەی دابڕاو و ئازاد لە ئایین دەگەڕێت، لەکاتێکدا کەسانێک شێوازی ژیانی (ژنێکی دیاری کراو)، زیاتر پەیڕەو لە ئایینی نەریتی دەکەن. لەکاتێکدا لە کۆمەڵگەی نوێخوازیدا پێکهاتەی مەعنەوی ئەگەر تاکگەرایانەش بێت، بەڵام لەوانەیە لەناواخندا کۆمەڵایەتی بێت، چونکە گەڕان بەدوای ڕاستیدا دەتوانێت بە ئاراستەی لایەنی دەروونی بەکۆمەڵ یان بگرە بەگرتنەبەری چەند ئاراستەیەکی جیاواز دەرئەنجام بە ئایینە نەریتیەکان کۆتایی بێت[١٣]، لەوانەشە هەر لەبەرئەوە بێت کە نەتوانرێت کۆمەڵگەیەکی نەریتی لە کۆمەڵگەیەکی نوێخواز بە شێوەیەکی گشتی لەیەک جیا بکەیتەوە.

لەکۆمەڵگەی نەریتی-مەزهەبیەکاندا، هەرەمی دەسەڵات لە خێزاندا هەیە کە پیاو لەسەرووی ئەم هەرەمە دادەنرێت و نوێبوونەوەی گۆڕانکاری کۆمەڵگە هەڕەشەیە بۆ سەر دەسەڵاتی پیاوسالاری و دەبێتە هۆی لەناوبردنی ئەم هەرەمی دەسەڵاتە. ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هەلومەرج و ڕۆڵگەلێکی زۆری لایەنی کۆمەڵایەتی. کۆمەڵگەیەکی نوێخواز دەبێتە هۆی فراوانکردنی ئازادی ژن و خواستی ئەوان بۆ کارکردن و خوێندن و بە شێوەیەکی گشتی هاوبەشی کۆمەڵایەتی زیاتر دەکات و هەر ئەو

کارە، ئـەو زەمینـە دەرەخسـێنێت کـە ژنـان داوای یەکسـانی نێوان ژن و پیـاو بکـەن. کۆمەڵگـەی نوێخـواز، زیاتـر ئـازادی ئابـووری بـە ژنـان دەبەخشـێت، بـەڵام لەوەیکـە کۆمەڵگـەی نەریتی-مەزهەبی بەپێچەوانـەوە هەوڵی پاراسـتنی سیسـتەمی باوکسـالاری و وابەسـتەیی ژن بـە پیـاوەوە دەدات (لەڕێـی پیادەکردنـی چالاکـی کولتـووری و ڕۆکردنـی بەهـا و باوەڕگەلێکـی هەڵـە بۆنـاو بیـر و هـزری زۆربـەی تاکەکانـی کۆمەڵگـە، سـنووردارکردنی تۆڕەکانـی ڕاگەیانـدن، هاندانـی هێنانـە دونیـای منداڵێکـی زۆر و بەرنامەڕێـژی ئامانجـدار لـە سیسـتەمی پەروەردەییدا) بگـرە بـە دامەزراندنـی ژنانیـش لـە کارێکی تایبەتیشـدا، هێشـتا ئەرکی قورسـی ماڵەوەی بەکۆڵەوە دەبێت و بەپێچەوانـەوە دەبێتـە هۆی سـەختتر بەرقەرارکردنی پەیوەسـتبوونی خێزانـی و پەیوەنـدی سـۆزداری لەگـەڵ منـداڵ و هاوسـەر. سـەرەڕای ئـەوەش دەبێتـە هـۆی سـەرهەڵدانی ناکۆکـی و کێشمەکێشـگەلێکی نـوێ لەنـاو خێزانـدا و لەکۆتاییدا بـە توندوتیـژی دژی ژنـان و ئەگـەری جیابوونـەوە زۆرتـر دەکات. یەکێکـی تـر لەکاریگەریـە شـاراوەکانی نوێگەرایـی لـە دیـدی کۆمەڵگـە پەیوەسـت بـە ژنـان بـوون و ئامادەبوونـی ژنانـە لـە گۆڕەپانـە گشـتیەکاندا. مۆدێرنیتـە، بـووە هـۆی گۆڕانـکاری گرنـگ لـە تێڕوانیـن لەبەرامبـەر مـرۆڤ و جیهـان، گۆڕینـی بەهـاکان و تاکگەرایـی و هتـد... هـەر یـەک لەمانـە بـە ئامادەبوونـی ژنـان لـە گۆڕەپانـە گشـتیەکانی شـاردا، کاریگەریەکـی تەواویـان دەبێـت.

فەیلەسـوف و نووسـەری ئەمریکـی بێرمـەن، لەژێـر ناونیشـانی(مۆدێرنێتەی کەمگەشـەکردوو)دا، مۆدێرنێتـەی

وڵاتانی(جیهانی سێیەم)ی تاوتوێ کردووە و دەڵێت؛(لەم وڵاتانەدا پەلە لە مۆدێرنیزم و بەڕێوەبردنی دەکرێت لە لایەن دەوڵەتەوە، هەوڵ دەدرێت بۆ دروستکردنی ڕووکەشی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن، بەڵام لە هەمان کاتدا هزرە نەریتییەکان پارێزراون[١٤]). بەپێی وتەی ئەم فەیلەسوفە، لەمڕۆدا سەرەڕای پێناسەی ڕووکەشی ناسنامەی ژنانە و پیاوانە بە شێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگەی ئێراندا هەندێک گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و بەڕووکەش ژن و پیاو هەردووکیان خاوەنی بڕوانامەی باڵا و تێڕوانینی یەکسانن، بەڵام لە ناواخندا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی پێوە دیار نییە و لە بنەچەدا هێشتان تێڕوانینە نەریتیەکان زاڵن بە سەر کۆمەڵگەدا و پیاو هێشتا لەدەسەڵاتی خۆیدا ماوەتەوە. بۆ نموونە لەبارەی کارەوە ئەگەر پیاو و ژن هەردووکیان هەڵگری بڕوانامەیەکی بەرز بن، بەهەمان شێوە هێشتا پێشەنگایەتی دامەزراندن بۆ پیاوە یان ئەوەیکە ئەو مووچەیەی دەدرێت بە ژنێک زۆر کەمترە لەو مووچەیەی پیاوێک کە هەمان کار ئەنجام دەدات.

لە کۆمەڵگەیەک بە ڕووکەش نوێخواز و لەبنەچەدا نەریتی، مرۆڤگەلێک بە هزر و تێڕوانینێکی نوێوە گەشە دەکەن کە تێڕوانینێکی جیاوازیان بەکولتووری باوی کۆمەڵگە دەبێت و ناتوانن وەک نەوەی پێش خۆیان لە دوای نەریتەکان بکەون، بەڵام لەوەیکە شێوازی بیرکردنەوەی ئەم جۆرە کەسانە، نەوەی نوێ ڕووبەڕووی نەریتەکان دەبنەوە، کۆمەڵگە ئەوان و شێوازی بیرکردنەوەیان ڕەت دەکەنەوە و هەر لەبەرئەوەش ئەم جۆرە کەسانە لە کۆمەڵگە و خێزان دەردەکرێن. دیارترین

نموونـه لەسـەر ئـەم بابەتـە، گۆڕینـی شـێوازی بیرکردنـەوە و ژیرگەرایـی نـەوەی نـوێ لـەزۆر بـوار و زەمینـەدا، بەتایبـەت شـێوازی پێکهێنانـی خێـزان. ڕاسـتە کـە لەگـەڵ نوێخوازیـی و فراوانبوونـی پەیوەندیـە کۆمەڵایەتییـەکان، پـەرە بـە ئاسـتی جوڵـە، دۆخـی کۆمەڵایەتـی، کار و ژیانـی هاوسـەری بگـرە لـە گوندەکانیشـدا لـەڕووە نەریتیەکەیـان دەردەچـن و لەسـەر بنەمـای هەڵبژاردنـی ژن و مێـرد ئەنجـام دەدرێـت، بـەڵام دەبێـت ڕاسـتیەکی تـر بخەینـە ڕوو، ئەویـش ئەوەیـە بەهـۆی ئـەوەی پێکهاتـەی خێـزان باوکسـالارانەیە و شـێوازی هەڵبژاردنی هاوسـەر لەلایـەن لاوانـەوە بەشـێوازی نوێخوازانـە، بەریەککەوتنێکـی مـەزن لـە خێزانـدا سـەبارەت بـە پێکهێنانـی ژیانـی هاوسـەری کـوڕ و نارەزایـی دایـک و بـاوک دروسـت دەبێـت کـە لـە زۆربـەی بابەتەکانـدا دووچـاری گرفتگەلێکـی چارەسـەر نەبـوو دەبنـەوە. بـۆ وێنـە هەڵهاتنـی کـچ لەماڵـی دایبـاب و بەشـودانی بـەزۆر بەکەسـێک بەدڵـی خێزانەکەیەتـی، دەسـتتێوەردانی دایک و بـاوک لـە هەڵبژاردنـی هاوسـەر بـۆ کـچ یـان کوڕەکەیانلەزۆربـەی کاتەکانـدا بـە جیابوونـەوە یـان بگـرە هەنـدێ کاتیـش بـە خۆکوشـتن کۆتایـی دێـت.

قۆناغی تێپەڕین لە نەریت بۆ نوێخوازی، ژنان ڕووبەڕووی دووفاقـی و ناڕوونـی و نادیاریـەک دەبنـەوە. لەلایەکـەوە پێکهاتـەی نەریتـی کۆمەڵگـە، ژنـان ناچـار بـە پابەندبـوون بـە نەریتەکانـەوە دەکات و لـە لایەکیتـرەوە گۆڕەپـان و بـواری نوێخـوازی کەسـایەتیەکی جیـاواز بـە ژنـان دەبەخشـێت تـا بێ وابەستەبوون هەڵچووانـە ڕەفتـار بکـەن. لـە کۆمەڵگەیـەک کـە کەوتووەتـە سـەر ڕێگای نوێخـوازی، بەبێ پەسـەندکردنی

ئامۆژگاریەکانی پیاوسالاری ڕوویداوە و ئەم کارە بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی جیابوونەوە[١٥]. ئەمە یەکێک لەو ڕاستیانەیە کەکۆمەڵگەی پەیوەست بە نەریت و نوێخوازی لە کۆمەڵگەکانی نوێخوازی پەرەنەسەندوودا بەرچاو دەکەوێت. لەم جۆرە کۆمەڵگەنەدا، نوێخوازی بانگەشە بۆ ئەزموونی تاکگەرایی دەکات و نەریتیش ئەم جۆرە ئەزموونانە سەرکوت دەکات و هەر ئەم دژایەتیکردنەیە کە بوارێک بۆ دەرکەوتنی زیانە کۆمەڵایەتییەکان فەراهەم دەکات، بەجۆرێک هەندێک لەژنان خۆکوژی بە باشترین ڕێگەچارە بۆ ڕزگاربوون لەم هەلومەرجە دەزانن.

## لێکەوتەکانی باوکسالاری بەسەر ژنانەوە: باوکسالاری و توندوتیژی

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٣لە بەیاننامەیەکیدا توندوتیژی دژی ژنان بەم شێوەیە پێناسە دەکات:(هەر جۆرە دەستپێشخەریەکی توندوتیژی کە بە ئازاری جەستەیی، دەروونی یان سێکسی ژنان کۆتایی بێت، مافی مرۆڤی ئەوانی پشتگوێ خستبێت و ئازادی کۆمەڵایەتی ئەوانی سنووردار بکات، بە توندوتیژی دژی ژنان لەقەڵەم دەدرێت.)[١٦]. ژنان ڕووبەڕووی جۆرەها توندوتیژی (دەروونی، جەستەیی و سێکسی) دەبنەوە کە توندوتیژی دەروونی دیارترین جۆری توندوتیژی ناوماڵە. توندوتیژی جەستەیی لە ڕیزبەندی دوای ئەو دێت و لە کۆتاییدا توندوتیژی سێکسی لەنێو جۆرەها توندوتیژیەکان

کەمترییننە. توندوتیژی ناو ماڵ دژی ژنانی ئێران دیارترین جۆریانە. هەرچەند بەهۆی تایبەت تەماشاکردنی ئەم بابەتە، بۆیە کەمترین ئاماری فەرمی و بەدەگمەن بەردەستە کە دەرخەری قووڵی ئەم بابەتە بێت بەڵام لە هەر سێ ژن، یەکێکیان بەدرێژایی ژیانی ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە. کۆمەڵگەی ئێران توندوتیژی دژی ژنان، زیاتر توندوتیژی جەستەیی لەبەرچاو دەگرێت و ئەویش بەو مەرجەی نیشانەی لێدان بەجەستەیەوە دیار بێت و توندوتیژیەکانی تر، هاوشێوەی توندوتیژی دەروونی بە توندوتیژی لەقەڵەم نادات و لەزۆر بابەتی تری توندوتیژی کۆمەڵایەتی و سێکسی، هاوسەری پیاو پرسەکە ئاراستە دەکات. گرنگترین هۆکارێک کە کاریگەری لەسەر توندوتیژی دەکات بریتین لە: تەمەن، ماوەی ژیانی هاوسەریی، ژمارەی منداڵ، بڕوانامە، کار، باری ئابووری، هۆگربوونی هاوسەر بە ماددەی هۆشبەر یان هۆگربوون بە خواردنەوە ئەلکولیەکان.

بەدڵنیاییەوە شێوە و ئاستی توندوتیژی لە وڵاتاندا، لە نێو چین و کولتوورە جیاوازەکاندا جیاوازە. ژنان لەبەرامبەر توندوتیژیدا، بۆ نموونە توندوتیژی خێزانی، بە لەبەرچاوگرتنی هەڵکەوتەی جوگرافیایی و پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریان، ئاراستەیەکی جیاواز هەڵدەبژێرن. ژنان لە هەندێک لە وڵاتاندا تا ئاستێک یاسا پشتیوانیان لێ دەکات یان لەڕێگەی پێگەی کۆمەڵایەتیان یان بەهۆی بوونی باری ئابووری بەهێز لەتوانایاندایە هەندێ کات منداڵەکانیان ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی دیارکراویش بێت،

لـە توندوتیـژی مەرگبـار ڕزگار بکـەن، بـەڵام لەوڵاتێکـی وەک ئێران کـە ژنـان و منداڵـەکان لەبەرامبـەر توندوتیژی نەک تەنیا لـەڕووی یاسـاییەوە پارێزبەندیـان نییـە، بەڵکو بەپێچەوانەوە لە ڕووی کردارییـەوە وەک موڵکـی ڕەهـای پیـاو لەقەڵـەم دەدرێن. ڕێژەیەکـی کەمـی ژنـان هـەن کـە لـە پێگەیەکـی کۆمەڵایەتـی-ئابـووری گونجاویـان هەیـە و توانـای ڕزگاربونیـان هەیـە لـەو هەلومەرجەبـەڵام زۆربـەی ژنانـی ئێـران نـە ئـازادی ئابـووری و نـە پێگەیەکـی کۆمەڵایەتیـان هەیـە. توندوتیـژی خێزانیـی هـەم بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ و هەمیـش بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ کاریگـەری دەکاتـە سـەر دەروونـی ژن. ئـەو ژنانـەی توندوتیـژی خێزانیـی ئەزمـوون دەکـەن لەکاتێکـدا ڕووبـەڕووی ڕوداوێکـی هەژێنـەر دەبنـەوە، ڕوداوێـک کـە بگـرە بەتـەواوی ناپەیوەسـت بـە پەیوەندیـە خێزانیەکانیـش بێـت، لەوانەیـە تووشـبوونیان بـەم کێشـە پەیوەسـت بـەو ڕووداوە پـەرە بسـێنێت. بـەو واتایـەی ئەزموونـی توندوتیژی ناومـاڵ خـۆی لەشـێوە و قاڵبـی هـۆکاردا، ئامـادەکاری بـۆ خێراترکردنـی ئـەم ناکۆکیـە دەکات. دووەم ئەوەیکـە ئەزموونـی توندوتیـژی ناومـاڵ لـە ژنانـدا لەوانەیـە تووشـی کێشـەی دەروونـی تریـان بـکات و ڕۆڵـی گرنـگ لـە تووشـبوونی ژنـان بـە دڵەڕاوکێـی زیانبەخـش بگێڕێـت. بەواتـا ئـەو ژنانـەی لەسـەردەمی منداڵیـدا زیانـی دەروونـی (بـۆ نموونـە؛ خەمۆکـی) یـان ئەزمـوون کردبێـت و لـە سـەردەمی گەورەییشـدا ڕووبـەڕووی توندوتیـژی ناومـاڵ ببـن، لەوانەیـە ببێتـە هـۆکاری دەرکەوتنـی دڵەڕاوکێیەکـی زیانبەخـش لەوانـدا. توندوتیـژی ناومـاڵ (خێزانیـی) دژی ژنـان، هەڕەشـەیەکی گەورە لەسـەر تەندروسـتی کۆمەڵایەتـی دروسـت دەکات، بـۆ نموونـە

کەمبوونی تەندروستی جەستەیی، هەڵوەشانەوەی سیستەمی خێزان، هەروەها ژیان بە ترس و دڵەڕاوکێیەکی بەردەوام و زۆربوونی هۆگری، هەڵهاتن لەماڵ، خۆکوژی و کوشتنی ژنان لەلایەن هاوبەشی ژیانیان. هەموو ئەو هۆکارانە، دەبنە هۆی ترس و تۆقانی ژنان، هەموو ئەوانەی لە سنووری دەسەڵاتی پیاواندایە لەبەرامبەر ژناندا، دەبێت توێژینەوەیان لەسەر بکرێت[١٧]. ترسی ژنان لە توندوتیژی، لەڕاستیدا هۆکاری زاڵبوونی و چاودێریکردنی ڕەفتاری ئەوانە، بە شێوەیەک کە چالاکی خۆیان سنووردار و پابەند دەکەن. توندوتیژی درێژخایەن دژی ژنان دەبێتە هۆی دەرکەوتی گرفتگەلێکیدەروونی. بۆ نموونە ناوەکی کردنی ستەم کە یەکێکە لەو کێشە دەروونیانەی لە توندوتیژیەوە سەرچاوە دەگرێت. ڕەفتارگەلی توندوتیژ هاوشێوەی سوکایەتیکردن کە ژن دووچاری ڕووخانی بەهای کەسایەتیقەرەبوونەکراو دەکات، بەشێوەیەک دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژن بگرە لە نەبوونی پیاویشدا کار لەسەر وێرانکردنی کەسایەتی خۆی بکات و بگۆڕێت بە ستەمکارێکی دەروونی دژی خودی خۆی.

بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە کە چ هۆکارێک دەبنە هۆی ئەوەی ژنان لە ناو خێزاندا تووشی هەلومەرجێکی وا دەبن. بۆ نموونە توندوتیژی جەستەیی دژی ئەوان ئەنجام بدرێت و لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و کەسایەتیانەوە بریندارببن؟ ئەزموونی توندوتیژی ناوماڵ (خێزانی) ئەزموونێکی تایبەتە و هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم جۆرە گرفتانە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر و بگرە لەناو گرووپگەلە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەیەکیشدا

جیـاوازە. بوونـی پێکهاتـەی دەسـەڵاتی پیاوسـالاری لەنـاو کۆمەڵگەیەکدا کـە لـە پلەبەنـدی دامـەزراوە کۆمەڵایەتـی و پەیوەندیـە کۆمەڵایەتییەکانیشـدا بـەدی دەکرێـت، هـۆکاری سـەرەکی توندوتیژیـە لەبەرامبـەر ژنـان و منداڵانـدا. نەریتـی باوکسـالاری، بەهـا کولتووریـەکان بـە دامەزراویـی دەکات و بەنێـو نەوەکانـدا دەیانگوازێتـەوە کـە ئـەم بەهایانـە ژنـی بـاش بـە کەسـێکی ئـارام، گوێڕایـەڵ و وابەسـتە بـە پیـاو وێنـا دەکات. لەلایەکـی تـرەوە پاڵنـەر و ئـارەزووی سیاسـی، بـاوەڕی مەزهەبـی و هەلومەرجـی ئابـووری خێزانیـش یەکێکـی تـرە لەهـۆکاری پێکهێنانـی توندوتیـژی دژی ژنـان. هەندێک توێژنـەوەی ئـەوە پیشـان دەدەن کە تێڕوانینی کـەس بەرامبـەر بە ڕەفتاری توندوتیژئامێز دژی هاوسـەر لـە ناوچە و وڵاتێکـەوە بـۆ ناوچـە و وڵاتێکـی تـر جیـاوازە. کولتـووری زۆرێـک لـە ناوچـە و وڵاتـان ڕەفتـاری توندوتیژئامێـزی پیـاو دژی ژن لـە خێزانـدا بەکارێکـی ئاسـایی دەزانـن و لـەو باوەڕەدان ئەم کارە بەشێکە لەژیانی خێزانیان و بۆ پاراستنی چیەتـی (ماهیـەت) ی خێزان پێویسـت و گرنگـە. بگرە زۆرێک لـە ناوچـە و وڵاتـان توندوتیـژی دژی ژنـان لەنـاو خێزانـدا بەشـتێکی ئاسـایی دەزانـن و وەک ئەوەیـە کـە هەمیشـە ئـەم دیـاردە لەنـاو خێزانـدا هەبـووە و بگـرە لەلایـەن ژنیشـەوە پەسـەند کـراوە. توێژینەوەگەلێکـی ئـاوا پیشـانی دەدەن کـە بەهاکانـی پیاوسـالاری و دژە ژن لەنێـو نـەوە جیاوازەکانـدا دەگوازرێتـەوە. ئـەو ژنانـەی لەسـەردەمی منداڵیـدا بینـەری ڕەفتـاری توندوتیژئامێزی باوکیان بـوون لەبەرامبەر دایکیاندا، زیاتـر دووچـاری توندوتیـژی جەسـتەیی و دەروونـی دەبنەوە.

سەرەڕای ئەوەی کولتووری پیاوسالاری، هۆکارێکی تری گرنگەکە زەمینەی ڕوودانی ڕەفتاری توندوتیژی لەبەرامبەر ژناندا، بێ لە کولتووری پیاوسالاری، هۆکارێکی تری گرنگ هەیە کە زەمینە بۆ توندوتیژی جەستەیی لەبەرامبەر ژناندا خۆش دەکات، بابەتی نایەکسانی ڕەگەزی یان هەمان ستەمی ڕەگەزی لەناو خێزان و کۆمەڵگەیە کە دەبێتە هۆی کچان لە ژینگەی خێزاندا فێر ببن کە لە ئاست پیاواندا پێگەیەکی نزمتریان هەیە بە واتایەکی تر پیاوان و ڕەگەزی پیاو لەپێش ژنانەوەیە. کوڕانیش بەهەمان شێوە ڕۆڵی ڕەگەزی خۆیان، بەواتا فێری ڕۆڵگێرانی گەورە پیاوان دەبن و تێدەگەن کە پیاوان و کوڕان پێشەنگی ژنانن و دەبێت بتوانن ڕەگەزی بەرامبەر بخەنە ژێر چاودێری خۆیانەوە.

سەرەڕای ئەوەش جیهانبینی و ئەو بیر و هزرەی کە لە کۆمەڵگەدا بانگەشەی بۆ دەکرێت، دووپاتی ڕەواییدان بە نایەکسانی ژن و پیاو دەکاتەوە. دامەزراوەی خێزان، لە ناو دەسەڵاتی دامەزراوەی ناوەندی باوکسالاریدا لەسەر بنەمای نایەکسانیە کۆمەڵایەتییەکان و قۆستنەوەی ژنان و منداڵان دامەزراوە و بیر و هزری کۆمەڵگە هەوڵ دەدات پارێزگاری لێ بکات. زۆرێک لە توێژەرە نەریتیەکان لە هەوڵی ئاراستەکردنی توندوتیژی پیاو دژی ژناندان بە پشتبەستن بە بەڵگە و هۆکارگەلێکی کەسایەتی. بۆنموونە، پیاو لەژێر کاریگەری مادده هۆشبەرەکان یان خواردنەوە ئەلکولیەکاندا بووە. ئەگەری کەمترین زاڵبوونیان بەسەر حەزە ئاژەڵی، گرژی و ئاڵۆزی، بێکاری، ئیرەیی، ناکامی، بزوێنراو لەلایەن قوربانیەوە و نەبوونی کەرەستەی

نمایشـە هەسـتیەکانیان هەبووە، بـەڵام لەبنەچـەدا توندوتیـژی پیـاو لەبەرامبـەر ژنـدا بەشـێکە لـە نەریـت و پایەکانـی ژیانـی کۆمەڵایەتـی کۆمەڵگـەی مەزهەبی-نەریتیـەکان و پێکهاتـەی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی کۆمەڵگـەکان لەسـەر بنەمـای بـێ نرخـی و سـوکایەتی و قۆسـتنەوەی ژنـان پێـک هاتـووە[18]. بۆیـە لـە توێژینـەوەی پەیوەسـت بـە توندوتیژیـەکان نابێـت بـەدوای تایبەتمەندیـە کەسـیەکان یـان چۆنایەتـی پەیوەنـدی نێـوان کەسـەکان، چ لەسـەردەمی منداڵـی چ لەسـەردەمی هاوسـەریدا بگەڕێـن، بەڵکـو زیاتـر دەبێـت بـەدوای هـۆکار سـەروو کەسـیەکان، بەواتـا پێکهاتـەی ئابـووری کۆمەڵگـە، یاسـا کۆمەڵایەتییـەکان و بوونـی ڕێکخراوگەلـی چاودێـری و پارێـزەردا بگەڕێـن و کاریگـەری ئەوانـە لـە دەرکەوتـن یـان دەرنەکەوتنـی توندوتیـژی هەڵسـەنگێنین.

## باوکسالاری و زەوتکردنی بڕیاردان لە ژن

لـە نـاو کولتوورێکـی باوکسـالارانەدا، ژن توانـای بڕیـاردان لـە زەمینـەی جیـاواز و ژیانـی خـۆی نییـە و پیـاو (بـاوک یـان هاوسـەر و بگـرە هەنـدێ کاتیـش بـرا) بڕیـاردەر دەبـن. ئـەو سـەرچاوانەی کـە توانـای بڕیـاردان لـە ژن زەوت دەکـەن دەتوانیـن ئامـاژە بەزەوتکردنـی توانـای بڕیاردانـی هاوسـەر، کار، بەردەوامیـدان بەخوێنـدن و زەوتکردنـی پەیوەندیـە کۆمەڵایەتییـەکان بدەن. وێڕای ئـەوەی لەمڕۆدا بەجیهانیبوونی چەمکگەلـی مافـی مـرۆڤ، مافـی ژنـان و زۆری چالاکـی گەلـی ڕێکخـراوە نادەوڵەتـی و نێونەتەوەییـەکان، بووەتـە هـۆی

گەشـەی ڕێکخراوگەلێکـی ژنـان و زۆری خواسـتی ژنـان بـۆ بەشـداری سیاسـی لـە ئاسـتی بەڕێوەبردنـدا، بـەڵام لـە کولتوورێکی باوکسـالارانەدا، هـەر بـەو شـێوەیە زۆربـەی ژنـان لـە بەشـدارکردنیان لـە گرووپگەلـی کۆمەڵایەتـی و بەتایبـەت سیاسـیدا سـنوور کـراون. خێزانگەلێکـی زۆر کـەم هـەن کـە ڕێ بدەن ژنـان یان کچانیـان تێکەڵی بابەتـە سیاسـیەکان ببن، بەڵگـەش بـۆ ئـەوە کۆمەڵێـک هـۆکاری سیاسـی و کولتـووری، ڕێکخراوەیی، خێزانی و تاکەکەسـییە کـە ڕەگ و ڕیشـەکەی لـە دیدی پیاوسـالارانە و جێگربوونیکەڵێن و چەوسـانەوەی ڕەگەز لـە کۆمەڵگـە و خێزانەکانـدا شـاردراوەتەوە، بـە شـێوەیەک تەنانـەت دوای واژۆکردنـی بەڵگەنامـەی گەشـەپێدانی هـەزارە، لـە سـاڵی ٢٠٠٠ لەلایـەن سـەرانی وڵاتگەلێکـەوە کـە یەکێک لـە ئامانجەکانـی یەکسـانی جێنـدەری و تواناسـازی ژنـان بـوو، دەبینرێـت کـە بەشـداری ژنـان لـە پرۆسـەکانی بڕیاردانـدا لـە ژێـر ٢٠٪ بـووە و ژنـان لـە بابەتـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەکان دوورخراونەتـەوە. بـە شـێوەیەک کـە ئێـران لـەڕووی پشـکی ژنـان لـە بەڕێوەبردن و داڕشـتنی یاسـای وڵاتدا لەڕیزبەندیەکی زۆر نزمتـر لەوڵاتانـی فیلیپیـن، ئانگـۆلا و مەغولسـتانن[١٩].

ئێـران لەنێـو ١٩٠ وڵاتـی جیهانـدا لـە ڕووی نوێنەرایەتـی ژنـان لـە پەرلەمانـدا نزیکـەی لـە پلـەی ١٨٠دایـە. تەرخانکردنـی کۆتایەکـی زۆر کـەم بـۆ نوێنەرانـی ژن لـە پەرلەمانـدا، کـە ژنـان لـە پێگـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەکان دوور دەخاتـەوە، پێـش هەمـوو شـتێک نیشـانی دەدات کـە وڵات چەنـدە لـە گەشەسـەندنەوە دوورە. هەرچەنـد ژن لـە گرووپـە کۆمەڵایەتی و سیاسـییەکان دوور بێـت، ئەوەنـدە لاواز دەبێـت، توانـای

دۆزینـەوەی پێگـەی کۆمەڵایەتـی لەدەسـت دەدات، زیاتـر بـە ماڵـەوە سـنووردار دەبێ و دەکەوێتـە ژێـر ڕکێفـی پیاوانـەوە.

ئەمـڕۆ تەنیـا بـاوەڕە کۆنـەکان دەربـارەی سـەروەری پیـاو بەسـەر ژنـدا و تێڕوانینـە ڕەگەزگەراییـەکان لەبەرامبـەر ژن ناکرێت وەک ڕێگر لەبەردەم ئامادەیی ژنان لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی لـە قەڵـەم بدرێت؛ بێگومـان فاکتـەرە دیارەکانی دیکە - لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی جیهانیدا - ڕۆڵیان لـەم کێشـەیەدا هەیە. ئـەم ڕێگرانـە و فاکتـەرە دیارانـە بـە (بنمیچی شوشـەیی) [٢٠] ناسـراون، کـە تێیدا گرووپـە کەمینـە و لاوازەکانـی کۆمەڵگـە (کەمینـە ئایینییـەکان، پێسـت ڕەنگاوڕەنگـەکان، کەمینـە سیاسـییەکان و ژنـان) دەرفەتـی کەمتریـان هەیـە لـە کار و بەڕێوەبـردن لە ڕێکخراوەکاندا هەیە[٢١]. بێگومـان، لـەم نێوەنـدەدا ژنـان، بەتایبـەت ژنانـی کـورد، دەکرێت وەک سـەرەکیترین ئامانجـی ئـەم جۆرە جیاکارییانە دەستنیشـان بکرێن. دەرکەوتنـی ژنـان لـە پێگـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـدا لـە زۆربـەی کاتەکانـدا پەیوەسـت نییـە بـە لاوازی ژنانـەوە، بەڵکو لـە کۆمەڵێـک هـۆکاری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی، ڕێکخراوەیـی، خێزانـی و کەسـیەوە سـەرچاوە دەگرێـت کـە زۆربـەی ئـەو هۆکارانـە لەدیـدی کولتـووری چەوسـێنەر (دیـدی پێشـەنگایەتی ڕەگـەزی پیـاوان) و پیاوسـالارانە لـە ژینگـەی ڕێکخراوێکدا کـە زۆربـەی پیـاوان پێشـەنگایەتی دەکـەن سـەرچاوە دەگرێـت[٢٣]. بـە دامەزراوەییکردنـی هەندێـک لـە بەهـا و بـاوەڕە نەریتـی و پیاوسـالارییەکان لـە ژێرخانگەلـی کولتـووری و دەوڵەتیـدا یەکێکن لـە تەگـەرە مەزنەکانلـە ئامادەنەبوونی ژنـان لە گۆڕەپانی سیاسـی و کۆمەڵایەتیدا.

لـە هـۆکاری سیاسییەکانیشـدا دەتوانیـن نەبوونـی متمانـە بـە توانـای ژنـان لـە نەخشـەڕێگا بـێ شـومارەکاندا، پێکهاتـەی حکومەتـی پیاوانـە، بەڕووکەش نیشـاندانی ژنان لە بەرگریکردن لەمافەکانیـان و ئامادەبوونـی ڕێژەیەکـی کـەم لـە ژنـان لـە حیزبە سیاسـییەکاندا، ئامـاژە پـێ بدەیـن. سـەرەڕای ئـەوەش کۆمەڵێک هـۆکاری خێزانـی و کەسـی وەک دژایەتـی هاوسـەر بـۆ کاری ژن لـە گرووپـە کۆمەڵایەتـی و سیاسـیەکان، ناڕەزایـی منداڵەکان لـە دەسـتبەکاربوونی دایکیـان، کێبەرکێـی نەرێنـی هاوسـەر، پەینەبـردن بـە پێگـەی کاری ژن لەلایـەن خێزانـەوە، پێـوەر و بەهاگەلێکـی سنووردارکەر لـە کۆمەڵگـە و خێـزان لەژێـر نـاوی نەریت، پابەندبونـی ڕۆڵـی دایکایەتـی و هاوسـەریی، گرفتەکانـی منداڵبـوون و زۆرێـک بابەتـی تـری هاوشـێوە، دەبنـە هـۆی ئـەوەی ئـەوەی ژنـان لـە پێگـەی ئێسـتایاندا بهێڵێتـەوە. زۆربـەی ئـەم هۆکارانـە، سـەرچاوەکەی بـۆ کولتـووری پیاوسـالاری لـە خێـزان و کۆمەڵگـەدا دەگەڕێتـەوە. هەڵبـەت پێویسـتە ئـەوە بەبیر بهێنینەوە کە پێدانەچوونەوە بەم بنەما ئاڵۆزانە و کەمتەرخەمی خـودی ژنـان لـە توێژینـەوەی و هەڵسـەنگاندنی هۆکارەکانـی ژێرخانـی ئـەم بابەتانـە، بووەتـە هـۆی بەرزبوونـەوەی ئـەو ڕەوتـە پـڕ کێشـەیە.

### هاوسەرگیری منداڵان، لەسەر بنەمای پیاوسالارییە

لـە یاسـای شارسـتانی ئێرانـدا (هاوسـەرگیریی منـداڵ) سـەرەڕای زیانـە کەسـیەکانی، خێـزان و کۆمەڵگـە، بـە پشـت بەسـتن بـە دوو (ئایەتـی قورئـان) و کۆمەڵێـک حەدیـس و

نەریت پەسەند کراوە و بگرە لەم زەمینەیەدا کولتوور سازشی بۆ دەکرێت. هاوکات پەرەدان بە سیاسەتگەلی هاندان بۆ پێکهێنانی خێزان و بەرزکردنەوەی بەهای دووگیانی لەوڵاتدا، لەساڵەکانی ڕابردوودا هەوڵگەلێکی ئامانجدار بۆ کەمکردنەوەی تەمەنی هاوسەری لە کچاندا و هاندانی خێزانەکان بۆ ئاسانکاری بەشوودانی کچانیان لەلایەن هەندێک لە نوێنەرانی ئەنجوومەن و بەرپرسان و دامەزراوەی کولتووری و پەروەردەیی گیرایەبەر. یەکێک لە نموونە بەرجەستەکانی ڕەواییدان بە هاوسەرگیری منداڵ لە کۆمەڵگەدا، کاتێک یەکێک لە تۆڕەنیشتمانییەکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ ڕاوێژکاری وەزیری تەندروستی ئێران ئاماژەی بەوەدا کە؛(ژن لەو کاتەی بۆ یەکەمجار هێلکەدانی چالاک دەبێت تا ئەو کاتەی هێلکەدانی چالاکە، دەتوانێت دووگیان بێت)... هەروەها ئێران یاسایەکی دەرکردووە کە تەمەنی ١٣ ساڵی بە تەمەنی گونجاوی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری دیاری کردووە).

بەشێک لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نکوڵی لە دیاردەی منداڵ بەشوودان دەکەن و بانگەشەی ئەوە دەکەنکە ١٣ ساڵی تەمەنێکی گونجاوە بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەری و کچی ١٣ساڵ چیتر هاوسەرێکی منداڵ نییە. ئەمە لەکاتێکدایە کە لەسەر بنەمای پێناسەی نێونەتەوەیی کەسی ژێر ١٨ساڵ، بە منداڵ لەقەڵەم دەدرێت. پێدراوەکانی ناوەندی ئاماری ئێران پیشانی دەدەن کە لە ساڵەکانی ١٣٩٥ تا ١٤٠٠کۆچی زیاد لە ١٣١ هەزار کچی ژێر تەمەنی ١٥ ساڵی ژیانی هاوسەری پێکهێناوەکە لەم ڕێژەیە تەنیا

زیاد لە ٧٥٠٠ یان لە هاوینی ساڵی ١٤٠٠ بووە. بەپێی ئەو زانیاریانەی کە دەزگای ئاماری ئێران بڵاوی کردۆتەوە، لە ساڵی ٢٠١٧ەوە تێکڕای هاوسەرگیری کچانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵ نزیکەی ٣٠ هەزار بووە، لە کاتێکدا ژمارەی کوڕانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵ لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا نزیکەی ١٢٣ کەس بووە. لەمەوبەریش، ناوەندی سەرژمێری ئێران زیادبوونی لە ١٠.٥٪ ئاماری هاوسەرگیری کچانی ١٠ تا ١٤لە ساڵی ٢٠١٩ بە بەراود بە ساڵی پار ڕاگەیاندبوو. ئەم بەراوردانە تەنیا پەیوەست بە هاوسەرگیری تۆمارکراو لە تۆماری باری شارستانی وڵاتدا و لەوانەیە ئاماری ڕاستی لەوەش زیاتر بێت، چونکە هەندێک لە خێزانە نەریتیەکان کچ و کوڕ هەر لەسەردەمی منداڵیەوە ‹مارە› دەکەن و سیغەی نهێنی (هاوسەرگیری نافەرمی) و دوای چەند ساڵ دەستدەکەن بە جێبەجێ کردنی کاری یاسایی و تۆمارکردنیان لە باری شارستانی. بگرە بە لەبەرچاو نەگرتنی ڕۆڵی ئیسلام لە منداڵ بەشوودان و ڕیشەگەلێکی تری هۆکارەکانی منداڵ بەشوودان بەدی دەکرێت کە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ئاستی خوێندەواری خێزان، منداڵ و هاوسەر بەرچاو دەکەوێت، نەک تەنیا لە کوردستان بەڵکو بگرە لە تەواوی ناوچەکانی ئێرانیش کە لە پێویستیەکانی خوێندن و لە بژێوی ژیانێکی باش بێبەشن. توێژینەوەکان پیشانی دەدەن کە لە زۆرێک لە ناوچە گوندنیشینەکان خوێندنگەی تا پۆلی پێنجی سەرەتایی تێدایە و منداڵەکان بۆ بەردەوامیدان بەخوێندن، دەبێت ڕوو لە نزیکترین شار لە گوندەکەیانەوە بکەن، بەڵام بەهۆی

گرفتگەلێکی زۆرەوە (وەک سنووورداربوونی هاتوچۆیتەنیای کچان بۆ شارەکان لەڕووی نەریتەوە، نەبوونی ئاسایش بۆ ژن، پەسەندنەکردنی کۆمەڵگە بەهۆی بابەتگەلی نەریتی و شتی تر) زۆربەی کچانی ناوچە سنووریەکان لە خوێندنی ناوەندی و ئامادەییی بێ بەش دەبن. بۆیە لە کۆمەڵگەیەک کە کچانیان نە هەلومەرجی خویندنیان هەیە و نە تێبینیەکانی تەمەنی هاوسەری بەلایانەوە گرنگە، ئاساییە کە سیاسەتەکانی دەوڵەتبە شێوەیەکی هەستپێنەکراو سەرکەوتوو بووە بەرەوایدانی هاوسەرگیریی و پێکهێنانی ژیان لە تەمەنی منداڵیەوە. هۆکارەکانی تری هاوسەرگیری منداڵدەتوانرێت بە پایەداری و پاراستنی کولتوورگەلێکی زۆری نەریتی و پەیوەستی نێو خێزانەکان ببینرێت. بە شێوەیەک کە یەکێک لە هۆکارەکانی ئاراستەکردنی هاوسەرگیریی منداڵ لەنێو ئەم جۆرە خێزانانەدا)پەروەردەکردنی ژنە) لە تەمەنی منداڵیەوە لەلایەن هاوسەرەوە بۆ ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی کێشە خێزانیەکان.

## پیاوسالاری و پەتاناسی (epidemiology) خۆسووتاندن

خۆکوژی دیاردەیەکی فیزیکی جەستەیی و بەرجەستەی مەرگی دەروونییە. بەو واتایەی کە مرۆڤ سەرەتا لەڕووی دەروونیەوە دەمرێت و دوای ئەوە مەرگی جەستەییش بەدوایەوە دێت کە پێش مەرگی جەستەیی بگرە مەرگ لە کۆمەڵگە و کولتوور و ئاکاریشدا ڕوودەدات. خۆکوژی بەتایبەت خۆسووتاندن لە ئێران، دیاردەیەکە پەرەی پێدراوە

و لە هەر ١٠٠ هەزار کەس ١٢٥کەسیان هەوڵی خۆکوژی دەدەن. ئاستی پەنابردنە خۆکوژی لە ژناندا زیاترە تا پیاو و بەناوبانگترین جۆری خوکوژی لەژناندا، خۆکوشتنە بە دەرمانی ژەهراوی و خۆسووتاندنە. خۆسووتاندن، لە کولتووری ڕۆژئاوا دۆخێکی نائاسایی خۆکوژی لەقەڵەم دەدرێت و لە دوا ڕیزبەندی جۆرەکانی خۆکوژییە. لەکاتێکدا لە وڵاتانی تری وەک هیند، ئەفغانستان و ئێران (لەناو ژنانی ئێراندا ٪٨٢.٤ خۆکوژیەکان، خۆسووتاندن بووە) و بەیەکێک لە دۆخە باوەکانی خۆکوژیش لەقەڵەم دەدرێت. سەرەڕای ئەوەی ئاماری ورد و فەرمی لەسەر سەرچاوەی خۆسووتاندن بڵاو نەبووەتەوە، بەڵام ئەم دیاردە نالەبارە کۆمەڵایەتیە لە پارێزگای ئیلام، کرماشان و پارێزگای ئورومیە زۆر باوە، بە شێوەیەک ئاستی خۆسووتاندن لە پارێزگای ئیلام ٤٢ ئەوەندەی ئاستی خۆسووتاندنە لە تەواوی وڵاتدا. لە زۆربەی بابەتەکاندا، ژنان بەهۆکاری هاوشێوەی هەڕەشەی هاوسەر و ترس لە ئەستۆنەگرتنی تێچووی چارەسەری لەلایەن بیمەوە، نکوڵی لە پەنابردنەکان دەکەن بۆ خۆسووتاندن لەلایەن ژنانەوە و بە هۆکارگەلێکی لەو شێوەیە، ئامارێکی وردمان لەبەردەستدا نییە. توێژینەوەکان، هۆکاری خۆسووتاندن، پەیوەست بە گرفتە کۆمەڵایەتی و خێزانیەکانەوە، بۆ نموونە توندوتیژی خێزانی، تۆمەتی ‹ئابڕووبەرانە› یان بوختانکردن، هاوسەرگیری زۆرەملێی لە تەمەنی کەمتر لە ١٣ساڵ، دووگیانیی ناچار لە تەمەنی ١٣ بۆ ١٥ ساڵ، پیاوسالاری، دزێوبوونی جیابوونەوە و بە کێشەکردنی جیابوونەوە، چوارچێوە نەریتیەکانی ڕەگەز کە

ڕۆڵی کۆمەڵایەتی دەسەپێنن، هەژارکردن، فشاری بونیادی، پەراوێزکردنی کۆمەڵایەتی، نەزانی و کێشەی دارایی و دەروونی نیشان دەدەن. لە ڕاستیدا خۆسووتاندن گۆڕاوە بە ڕێچکە و نەریتێکی مەرگکە ژن بۆ ڕزگاربوون لە فشاری نالەباری (فشاری توندڕەوی خێزانی و خێڵەکی) کە گۆڕاوە بۆ فشاری نالەباری کۆمەڵایەتی، وەک ڕێگە چارەیەک هەڵیدەبژێرێت، کە زۆربەی ئەوخۆسووتاندنانە بە بەرچاوی ئەندامانی خێزان و منداڵەکان ڕوویانداوە و جێکەوتەکانی بەو هۆیەوە بە شێوەیەکی قووڵ و درێژخایەن لە لێوارە جیاوازەکانی کولتوور دزەی کردووە و لەبەرەوە لە کۆمەڵگەدا وەک پەتایەکی (Epidemic) لێهاتووە.

لەزۆر حاڵەتدا، خێزانەکان بە شانازیەوەڕێوڕەسمی مەرگی ژن و ستایشی بوێری ژن دەکات لە کۆتاییهێنانی بە دۆخێک کە بەهایەکی نالەباری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا خولقاندووە. هەندێک جار بەهێزبوونی سیستەمی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی ئەوەی لە کۆمەڵگەکاندا خۆکوژی ڕووبدات. بۆ نموونە ئاستی خۆکوژی لەو ژنانەی هاوسەرگیریان کردووە ١.٦ ئەوەندەی ژنانی تەنیایە. بە شێوەیەکی گشتی هەر شتێک ببێتە هۆی لاوازبوونی سیستەمی کۆمەڵایەتی و گونجانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا، ئەوە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی خۆکوژی. سیستەمی کۆمەڵایەتی پەیوەندیەکی پێچەوانەوەی هەیە لەگەڵ هەندێک لە فاکتەرەکان، بۆ نموونە جیابوونەوە. بە سستبوونی سیستەمی کۆمەڵایەتی، خۆکوژی ژنانیش ڕوو لە کەمبوونەوە دەکات. لەهەمان کاتدا هاتنە ناوەوەی نوێخوازی خێرا لەماوەی دوو دەیە

بۆ ناو وڵاتێکی گۆشەگیر و نەریتی و دژێکی سەرسەختی نەوەی ڕابردوو کە هەڵگری نەریتگەلێکی کۆن لەبەرامبەر نەوەیەک پەروەردەکرا لەسەر بنەمای فێرکاری و پەروەردە نوێخوازیەکان یەکێکی ترە لە هەستی بێدەسەڵاتی لەزۆرێک لە ژنان و کچان لەبەرامبەر نەریتە بەهێزەکان و لەکۆتاییدا بێ لەبژاردەی خۆکوژی هیچ ڕێگە چارەیەکی تریان لەبەردەمدا نامێنێتەوە. خۆسووتاندنی ژنان لە ئێران بەهۆی دۆخی تایبەتی ڕەگەزییەوەیە، چاوەڕوانی کۆمەڵگە لە ڕەگەزی ژن لەسەر بنەمای پەسەندکردن و ملکەچ بوون هەر نالەباری و توندوتیژیەککە لە خێزاندا لەپێناو بەردەوامی دان بە ژیانی هاوسەری و بەهۆی نەبوونی سیستەمی بەرگری لەمافە شایستەییەکان لەلایەن کۆمەڵگەوە، ڕووبەڕووی ژنان دەکرێتەوە. لە چەند ساڵی دواییدا کوشتنەکان (سووتاندنی ژن لەلایەن هاوسەر و باوکەوە) و خۆکوژیە شەرەفمەندانەکانیش لە ئێراندا ڕوو لە زیادبوونە کە لە زۆری سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێت و تا ئەو کاتەی ژن لە کۆمەڵگەدا کاڵایەکی هەرزان بەها بێت و بەهای خوێنی ژن نیوەی پیاو بێت.

### فرەژنی ڕیشەی لە پیاوسالاری و بەها ئیسلامیەکاندا

یەکێکی تر لە دەرئەنجامەکانی پیاوسالاری، فرەژنیە کە لە ژێر سایەی کۆمەڵگەیەک ڕوودەدات هەڵگری بنەمای بەها ئیسلامیەکانە. فرەژنی، بەپێشەنگایەتی پەیامبەری ئیسلام و ئەوەی بۆ پەیڕەوانی ڕێگەپێدراوە، هێشتا بە نەریتی بەشێک

لە بابەتگەلی کۆمەڵایەتی ئێران و تەواوی وڵاتانی ئیسلامی لەقەڵەم دەدرێت. لە دیدی ئیسلامەوە، هاوسەرگیری و منداڵهێنان دەبێتە هۆی کامڵبوونی مرۆڤ و یەکێک لەو بابەتە ڕیشەییانەی کە ئیسلام پشتگیری لێ دەکات، فرە ژنیە و (ئایەتی٣ ی سورەتی نیساء) ئیسلام بۆ فرەژنی بەڵگەگەلێکی وەک سوڕی مانگانەی ژن و ئامادەنەبوونی بۆ ڕازیکردنی پیاو لەکاتی نەخۆشیدا، نەزۆکی و خەمۆکی ژن دەهێنێتەوە. بگرە لەسەر بنەمای دیدی بەهاگەلێکی ئیسلامیدا، بابەتی فرەژنی وەک یەکێکە لەنەریتە باشەکان لەقەڵەم دەدات کە گوایە ‹ شەڕواڵپیسی› لەناو دەبات و پەیوەندی خێزانەکان بەهێزتر دەکات، هەروەها خۆشی و ڕێزێک بە ژن دەبەخشێت کە هاوشێوەی لەحکومەتە نائیسلامیەکاندا بەدی ناکرێت. تەنانەت بەپێی چەند ئایەتێکی قورئاندا (ئایەتی ٢٨ و ٢٩ی سورەتی ئەحزاب) ئەگەر بە دوای زینە دونیاییەکاندا بگەڕێن، جیادەبنەوە. تێبینی دەکرێتئەم ئایەتە قورئانیانە نەکتەنیا فرەژنی بەکارێکی ئاسایی دەزانێت بەڵکو ئاماژە بە دوو بابەتی تریش دەدات کە مافی جیابوونەوە و نەبوونی ئازادییە لە هەڵبژاردنی شێوازی ژیان لە لایەن ژنانەوە دەخاتەڕوو کە ژن لەلایەن پیاوەوە تەڵاق دەدرێت و هیچ مافێکی نە لە تەڵاق وەرگرتن و نە لە ژیانیشیدا نییە.

تێبینی ئەوە دەکرێت کە پیاوسالاری و لە بوونی پیاو لە ترۆپکی هەرەمی دەسەڵاتدا، جیا لە سرووشتی فیسیۆلۆژی ئەو، پەیوەندییەکی دانەبچڕاوی لەگەڵ ئاوێتەبوونی بەهای ئاینییەکان لە هزری زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگە بووە کە بووەتە هۆی سنووردارکردنی هەرچی زیاتر ژنانە. لەخوارەوە

باس لە بەشێک لەو نموونە زۆرانەی دەکەین کە لەژێر سایەی بەهای ئایینی لەبەرامبەر ژنان کرداری دەکرێن:

* ژنان تەنیا دەتوانن لەگەڵ خزمانی خوێنی خۆیاندا بڕۆنە دەرەوە و بێ لەوە بە بەدڕەوشتی لەقەڵەم دەدرێت.

* ژن نابێت لە بەرچاوی خەڵکیدا بە دەنگێکی بەرز پێ بکەنێ، چونکە دەنگی ژن دەبێتە هۆی بزواندنی هەستی بێگانە و ئەمەش بە تاوان لەقەڵەم دەدرێت.

* تەواوی پەنجەرەکانیماڵ دەبێت شوشەکانی مات و تاریک بێت و یان ئەوەیکە بەپەردە داپۆشرێت تا ڕێ لە بینینی ژن بگرێت.

* ژنان نابێت خۆیان جوان بکەن، نابێت هیچ جۆرە پۆشاکێکبپۆشن کە خۆیان حەزیان لێ بێت و پۆشینی ژن دەبێت بەپێی نەریت و بەهای کۆمەڵگەی ئیسلامی بێت کە ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی لەزۆرێک لە خێزانەکان دووچاری کێشمەکێش و گرفت لەنێوان ژن و مێرد و بگرە باوک و کچەکانی.

* یەک ژن یان یەک کچ ناتوانێت بەتەنیا ماڵ بەکرێ بگرێت یان بە تەنیا بژیت.

* ژنێک بە تەنیا ناتوانێت گەشت و کۆچ بۆ شوێنانی تر بکات.

* نەریت ڕێنادات ژنێک لە دالانی بەرپەرنجەرەکەی دانیشێت.

تەواوی ئەم سنووردارییانە لەڕێی بەها و باوەڕی ئایینی لە هزری خێزان و کۆمەڵگەوە سەرچاوەیان گرتووە

کـە بووەتـە هـۆی ئـەوەی خێزانەکانیـش باوەڕیـان بـەم سنووردارىيانە بێت و بەزاندنـی ئـەم سـنووورە بەجۆرێک لـە دەرچـوون لـە ئاییـن و بەدڕەوشـتی لەقەڵـەم بدرێت.

## سەرئەنجام

بەتێڕوانینێکـی گشـتی دەتوانیـن هۆکارەکانـی پیاوسـالاری و توندوتیـژی دژی ژنـان؛ لـە کولتـووری خێـزان، پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی، یاسـاکانی بەڕێوەبردنـی کۆمەڵگـە، دیـد و بیروبـاوەڕە ئایینـی مرۆڤـەکان و پێگـەی ئابـووری کۆمەڵگـە و خێزانـەوە سـەرچاوە دەگرێت. هـەر بەوشـێوەی گووتويانـە ڕەگـەز، هەڵگـری بنەمایەکـی فیسـیۆلۆجیە، لەکاتێکـدا ڕەگـەز لـە پێکهاتـەی کۆمەڵایەتـی و کولتـووری هـەر کۆمەڵگەیەکـەوە سـەرچاوەی گرتـووە و کولتـووری هـەر کۆمەڵگەیـەک یـان دەبێتـە هـۆی گەورەکـردن و ئاڵۆزکـردن یـان لەناوبـەری تێڕوانینـی چەوسـانەوەی ڕەگـەزی. ئـەوەی ژنانـی لـە هـزری پیـاوان و بگـرە خۆشـیان گۆڕیـوە بـە بوونەوەرێکـی لاواز، زیابەخـش، بـێ توانـا و... هتـد. تایبەتمەنـدی جەسـتەیی و بایۆلـۆژی ئـەوان نییـە، بەڵکـو ڕیشـەی لـە کولتـووری کۆمەڵگـەی پیاوسـالاریدا داکوتـاوە کـە بووەتـە هـۆی پێکهێنانـی باوەڕگەلێکـی وەک سـەروەریی ڕەگەزێـک بەسـەر ڕەگەزێکـی تـر. ئـەوە کەلەپـووری پیاوسـالارییە کـە ڕەگـەزی نێـر شـەڕەنگێز و پلەوپایەخـوازی بەرهەمهێنـاوە و ڕەگـەزی ژن وا فێـر دەکات کـە خـۆی لاوازتـر لـە ڕەگـەزی پیـاو پەسـەند بکات و بەسـەر هەمـوو لایـەن کۆمەڵایەتییەکانـی تردا

گشـتاندووه. خـۆی بـه گه‌مـژه پیشـان بـدات، خـۆ نوێنیه‌کانـی وه‌ک که‌سـایه‌تیه‌ک لـه خـۆ جـوان نیشـاندانه‌کانیدا بچـووک کردووه‌تـه‌وه و ده‌بێت هه‌میشـه خۆی بـه که‌سێکی وابه‌سـته پیشـان بدات. باوکسـالاری و به‌شـوودانی به‌زۆر، باوکسـالاری و منداڵ به‌شـوودان و نه‌بوونـی مافی یاسـایی یه‌کسـان له‌گه‌ڵ پیـاودا، پیاوسـالاری و نه‌بوونـی مافی خۆپاراسـتن له‌به‌رامبـه‌ر پیـاودا، پیاوسـالاری و نه‌بوونـی مافی هه‌ڵبژاردنـی پۆشـاکێکی دڵخـوازی خـۆی و... هتـد. هه‌مـوو ئه‌مانـه ده‌رئه‌نجامـی ئـه‌م جـۆره کولتووره‌یـه.

## کاروانی هەزاران ساڵە بەرەو ئازادی

خانێ ئانوش

لە نیوەی یەکەمی سەدەی ٢١دا ترپەی دڵی جیهان لە هەرێمێک دەبیسترێت، ژیان لەخاڵی بەیەکگەشتنی شۆڕشگێڕ و دژە شۆڕشەکان، گەواهیدەری ڕۆژگارێکین لە زەمەنی پێکدادانی ناکۆکییە دەستکردەکان لەگەڵ ناکۆکییە ڕاستەقینەکان، دەبێ زۆر باش بیر لەو هەنگاوانە بکرێتەوە کە دەنرێن. بێگومان لە هەر هەنگاونانێکدا پێویستی بە خوێندنەوەیەکی ڕاستی قۆناغەکانی پێش و پاشی ئەو هەنگاوەیە. لە دۆخێکدا کە پانتاییەکانی هەر شۆڕشێک بەهەموو دەوڵەمەندی و شکۆیەکیەوە لە بەرزترین ئاستیدا دیارە، لە لایەکی ترەوە هەڕەشەکانی دژە شۆڕش و کارەسات و ماڵوێرانیەکان بەو سانایە لە بۆسەدایە.

لە کاتێکدا کە دەرفەتەکانی شۆڕش گەیشتوونەتە بەرزترین ئاستی خۆیان، مەترسی دژە-شۆڕش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەکات. لە لایەکەوە دەرفەتی شۆڕش بە هەموو دەوڵەمەندی و شکۆمەندییەوە دەردەکەوێت، لە لایەکی ترەوە کارەسات و وێرانکاری بە هەموو ڕووتی و ڕاستییەوە خۆی دەردەخات.

ناسنامەیەکی پەستێنراو لە ساتەوەختدا، وادەکات چاوەڕوانییەکان لە ساتەوەختدا نەمێنن، کە ئەمەش ئێمە بێ ڕابردوو، بێ داهاتوو و گرنگتر لە هەمووی، بێ مێژوو و بێ یادەوەری دەکات و بەرەو بێ ناسنامەییمان دەبات. نەمانی ناسنامە، کە شوێنی ماناداركردنی خودی بوونە، باشترین جۆری مرۆڤی بەکارهێنراو بۆ دەسەڵاتداران دەخوڵقێنێت. تاکی لە کۆمەڵگەگەلێکی لێوانلێو لە پێکهاتە هزریەکانی پیاوسالاری کە فاشیزمی نیولیبرال و زەمینەکانی ئامادە کردووە بۆ بەرزکردنەوەی، دەیگۆڕێت بە کەسێک کە بەخێرایی پەنا بۆ ئەو درۆیانە ببات کە لەو ڕۆژانە بەرهەمدەهێنرێن و دەبێتە سەربازانی خۆبەخشی ئەم درۆیانە. کۆمەڵگەیەک بەهۆی ئەم کارێکتەرەوە داگیر کراوە، دەتوانێت تێڕوانینێکمان دەربارەی ڕەهەندگەلێک کەلە جیهانی ئەمڕۆمان دەژیت، پێ ببەخشێت. کاتێک خوێندنەوەیەکی پێچەوانەی مێژوو لە)لەسات)ەوە دەست پێبکەین، هەڕەشەئامێزترین سات بۆ کۆمەڵگە و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەیە کە دژ و ناکۆکی بە دێرینی مێژووی مرۆڤایەتی، تەنیا بەشێوەی جەنگکردن لەپێناو سیستەمی دەوڵەتگەرایی ئەمڕۆدا سنووردار بکەن. سەرەڕای ئەوەش

لەوەیکە سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری ئەم بابەتە بە ئەزموونی مێژووی خۆی لەقەڵەم دەدات، ئەوا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕێ و ڕەوشی نوێ و زیاتر بۆ زیندانیکردنی ئێمە فراوانتر دەکات. ئاراستەکردنی دوو لایەنی دەسەڵات-کۆمەڵگە، ڕاست - درۆ، ژن-پیاو، دەوڵەمەند-هەژار، کولتوور و پاکتاوی کولتووری، لەجیهانی ئەمڕۆی ئێمەدا دەتوانێت بە ئەندازەی پێویست لەڕوشنکردنەوەی ئەم بابەت و نموونانە هاوکارمان بێت.

لە کوردستان کە شوێنی سەرەکی دژەکانە، لە لایەک پارادایمێک کە چروسکی ژیانی نوێی داگیرساندووە، لە لایەکی ترەوە پێویستە تێگەیشتن لە پرۆسەی داگیرکاریی لە ڕێگەی خوێندنەوەیەکی ئاوەژوو و گەڕان بە دوای ئەنجامەکان، لە ڕەگ و ڕیشەدا پەرە پێ بدرێت. وەک لەسەر خاکی مێزۆپۆتامیای کۆن، وا دەردەکەوێت کە مێژوو جارێکی تر خۆی وەبیر دێنێتەوە. لە بەرامبەر ژیانی نوێ، زمانی نوێ و تێزە زانستییە نوێیەکان کە بڵاو دەبنەوە، لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا، سیاسەتەکانی داگیرکاریی، توانەوە، لەناوبردن و ئەویتربوون لەسەر جەستەیەکی پارچەپارچەکراو، ئاژاوە و پێکدادانێکی بێ سنوور بەدوای خۆیدا دێنێت. لە ڕووی مێژووییەوە، لە سەدەمین ساڵیادی دوا گورزی لێدراو لە جەستەی کوردستان - سایکس-پیکۆی نهێنی و دواتر ڕێککەوتننامەی لۆزان کە ڕاگەیاندنی شتێکی ئاشکرا بوو - ئێمە چیرۆکی ژیانێک دەخوێنینەوە کە خۆی دووبارە دەخوڵقێنێتەوە و لەم کردەیەدا سوود لە ڕابردووی وەردەگرێت و ئەمڕۆ دروست دەکات. ئەم ژیانە،

سـەرەڕای هەمـوو هەوڵـەکان بۆ پەراوێزخسـتن، نادیارکـردن و دەسـتکاریکردن، بوونـی خـۆی لـە پارچـە دابەشـکراوەکانی جەسـتەوە، دووبـارە وەبیـر دێنێتـەوە و بـە دەنگـی بـەرز ڕەتکردنەوەکانـی لـەم سـەردەمەدا ڕادەگەیەنێت.

عەبدوڵـڵا ئۆجـالان لەسـەر ئـەو هـاوارە وەهـا دەڵێت:(بـاس لـە ئاییـن و میتۆلۆژیـای دەسـەڵاتداران و داگیرکـەران دەکەیـن کـە درۆ و زۆرداری بەرهـەم دەهێنـن. کاتێـک سـەیری ئـەم ئاییـن و میتۆلۆژیایانـە دەکەیـن، دەبینیـن ژن بـە هـەزار فێڵ و زۆرداری، هەنـگاو بـە هەنـگاو لـە تەختـی شـکۆداری خواوەندی دادەبەزێنرێت، بێ بایـەخ دەکرێت و لـە کۆتاییدا لەناو دەبرێت. وەک شـەڕڤانێکی ئـازادی، مەحـاڵ بـوو کـە مـن ئەمـە نەبینـم. وەک ڕۆڵـەی ئـازادی ئـەم خاکـەی کـە ئایینـی خواوەنـدی دایکـی خوڵقانـدووە و بووەتـە شـوێنی یەکـەم خواوەندەکانـی خۆشەویستی، دەبوو هەوڵی تێگەیشتن لە یەکەم گەورەکانمان و سـەرچاوەکانی خولیامـان بدەم، لێکۆڵینەوەیـان لەسـەر بکـەم و هۆکارەکانـی بوونیـان بدۆزمـەوە)[٢٤].

بزووتنـەوەی جەماوەری کە لـە ساڵی ٢٠٢٢ لـە ڕۆژهـەڵات، گەورەترین پارچـەی دووەمـی کوردستان کە سـەد سـاڵ پێش ئێسـتا بـە برینـی سـەدان سـاڵە زامـدار کـرا، دەسـتی پێکـرد، وەک پەرەسـەندنێک کـە لـە دیالێکتیکی شـۆڕشـی بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی کوردسـتان بەهرەمەنـد بـووە، هەنگاوێکـی مەزنـە بـەرەو پێشـەوە. لـە پشـت ئـەم هەنـگاوە مەزنـەوە، ئۆنتۆلۆژیایەکـی شیعرئاسـای مرۆڤایەتـی هەیـە، شـوێنەواری میراتێکـی گـەورە کـە لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا تۆمـار کـراوە،

هەر لە یەکەم تۆوەکانی مرۆڤایەتییەوە کە لە زاگرۆسەوە دەستی پێکردووە. (هالە تومەر) ئاماژە بە بەشێکی گەورەی ئەو میراتە کە هێشتا ئاشکرا نەکراوە و هەر بەشێوەیە شارەوایی و نهێنی ماوەتەوە ودەکات و دەڵێت؛(بەڵگە ئارکیۆلۆژییەکان پێویستی تێگەیشتنی باشتر لە ناوچە کولتوورییە سەرەکییەکانی دەوروبەری تۆرۆسی ڕۆژهەڵات و چیاکانی زاگرۆس تەنانەت لە ئەمڕۆشدا دەخەنە ڕوو)[٢٥].

بابەتی لێکۆڵینەوەی ئێمە توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە. چونکە لەم ژمارەدا بابەتێک کە بەپێنووسی دۆستانێککە زیاتر لەمبارەیەوە کۆڵیویانەتەوە، دەخوێننەوە. ئامانجی ئێمە لەم نووسینەدا باسێکی کورتە لە ڕۆڵی هێزی ژنان لە شوێنێککە شوێن و کات، مرۆڤ و بەها مرۆییەکان گرێدراوی یەکترن. بۆیە گوتارەکەم لە ژیناوە دەست پێدەکەم و هەوڵ دەدەم لەم گەشتەمدا بگرە ئەگەر هێمائامێزانەش بێت، هەوڵی ڕوونکردنەوە لە خانەدانی و ڕیشەکانی دەست پێدەکەم. ژینا ئەمینی بە بانگکردنی بەناوی داگیرکەرانە (مهسا) کچی کوردی سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە زۆر باش دەزانین لەهەر بەشێکی کوردستان بەناوگەلێک ڕووبەڕوو دەبینەوە زۆر جیاوازە لەوەی بەناسنامەی ئێمە ناسراوە. ژینا لەڕۆژی ٢٢ شەهریوەری ساڵ ڕابردوو (٢٠٢٢) لە تاران لەلایەن (پۆلیسی ئەخلاق) لێی دراوە و لەئەنجام دا کەوتە بەشی چاودێری چڕ لە نەخۆشخانەی تاران و لەڕۆژی ٢٥ی شەهریوەر لە نەخۆشخانەی (کیسرا) گیانی لەدەست دا. نیلوفەر حامدی و ئالهە محەمەدی دوو ڕۆژنامەنووسی ژن، یەکەمین کەسانێک بوون کە سیاسەتی

دژەژنـی ڕژێمـی ئێرانیـان ئاشـکراکرد و هەواڵـی کوشـتنی (ژینـا) و ڕێ و ڕەوشـی بەخاکسـپاردنی تەرمـی ژینـا و دروشـمی(ژن، ژیـان، ئازادی)یـان بڵاوکـردەوە.

بزووتنەوەیەککـە بـە پێشـەنگی ژنـان دەسـتیپێکرد و سەرتاسـەری ئێـران و جیهانـی وروژانـد و خەونـی ئـازادی جارێکـی تـر گیانێکـی بەبـەردا هاتـەوە، دەسـتکەوتەکانی لـە بیرەوەری مێـژووی ئـەم جوگرافیـا بـۆ هەمیشـە دەمێنێتـەوە. دروسـت وەک هێڵـکاری (تۆپۆگرافـی) دڵ هەنـدێ جـار ڕادەوەسـتێت، هەنـدێ جاریـش پاشەکشـە دەکات و هەنـدێ جـار بەرەوپێـش دەڕوات کـە هەمـووی بەشـێکە لـە جوڵـەی درێژخایەنـی ئـازادی. زۆرباشـە! ئایـا ئامانجـی دروشـمی شـۆڕشـی(ژن، ژیـان، ئازادی)کـە شـێوەیەکی سـادە و ڕوونـی ژیانـە بۆچـی دەگەڕێتـەوە؟ بنەمـای ئـەو ڕیشـە کولتوورییـەی کەژنـی لەگـەڵ ژیـان و ئـازادی کۆکردووەتـەوە. چییـە؟ وەڵامگەلێـک کـە بەهـەر پرسـیارێک کـە دەپرسـین و دەیدەینەوە/وەردەگرین، ئێمەیدووچـاری نالەبـاری ئەمـڕۆ، بـۆ ئاراسـتەی قووڵایـی مێژوومانئاراسـتە دەکات.

بـە وروژاندنـی قووڵـی چیرۆکەکـە دەمەوێـت قسـەیەک بـۆ ئـەم باسـە زیـاد بکەمکـە ئیلهامبەخشـی ئـەم گوتارەیـە. (لەڕابـردوودا، زاگرۆس-تـوروس لـە ئەفسـانەدا تەختـی خـودا و ژنەخوداوەندەکان بـوون. هەمـووان دەبێـت بەهەمـان ڕۆحی ڕابـردوو ڕەفتـار بـکات. تـۆ دەبێـت وەک ئـەو ژنەخوداوەندانـە شـکۆدارییەک بەخـۆت ببەخشـیت[٢٦]).

ئێمـە دەبێـت ڕێبازێکـی ڕەخنەگرتـن لەخـود هەرچەنـد

درەنگیشــە لــە ژنانــی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتانمان هەبێــت کــە نزیکــەی یــەک ســاڵە بــەدەوری دروشــمی(ژن، ژیــان، ئــازادی)و کاروانی ڕاستی و نهێنی ئەم ڕستانە و بەوتنەوەی (بەرخودان ژیانــە) لەبەرامبــەر سیســتەمی دەوڵــەت-پیاو-مــەلادا وەگەڕیــان خســتووە. پرۆمیتیــۆس هیــوای بــۆ مرۆڤایەتــی هەڵگــرت لــە ســەردەمی کۆنــەوە هەتــا ئەمــڕۆ و ڕێــک لــەو شــوێنەی کــە چیرۆکەکــەی تێدا ڕوویــدا، هــەروەک مێژوو شــتێکمان وەبیر دێنێتــەوە. دەقــاودەق لەشــوێنێک کــە ئــەم چیرۆکــە تێیــدا ڕویــداوە و ئــەو شــوێنە هەمــان شــوێنە بۆ گەیشــتن بە نهێنی حەقیقەتــی ژنکــە لەپشــت تاڵەمووەکانــی ژینــا شــاردراوەتەوە. تێگەیشــتن لــە نهێنــی ئــەو ژنانــەی کــە بــە دوای پرچــی ژینــادا ڕۆیشــتن، بــە فەلســەفەی دانایی کــە فۆرمۆلــە سیحراوییەکەی لــە ڕەگ و ڕیشــەی هەمــان شــوێنەوەیە...

ناگیهان لــە دوا نووســینیدا، بــە ئامــاژە بــە شــیعری فروخ، بە زمانێکــی شــاعیرانە و بــە ســیحری وشــەکانی وەبیری هێناینــەوە کــە(... بــا بزانیــن کــە ئێســتا لــە چیاکانــدا ئیرادەیــەک بەرەنــگاری دەکات کە هەموو تەکنۆلۆژیای ســەردەمی ســەرەوژێر کردووە. بــا بزانیــن، ‹بــا بــاوەڕ بــە گۆرانــی پاکــی ئــاو بکەیــن› [٢٧]).

ئــەو ژنانــەی کــە لەگــەڵ گۆرانی پاکــی ئاو بەرێکەوتــن و لــە کانیــاوی هــەر خاکێــک خــۆی تێر ئــاو دەکات و ســەرچاوەکەی بەهێــز کــرد، لەکاتێکــدا بــە ژانــی لەدایکبــوون بوونــی خۆیــان مانادارردەکــەن، لــە هــەر هەنگاوێکیانــدا پارچەیەکیــان لــە خاکــە بەپیتەکەیــان بەجێهێشــت. تــۆوی ئــازادی... و نابێــت بــە ســادەیی لێــوە تێپەڕیــن، دەســپێکی هەمــوو شــتێک لــە ژیانــدا

وەک یەکەمین پەیوەندی تۆوە لەگەڵ خاکدا. کاتێک ئەو تۆوە دەچێنرێت سوڕی لەدایکبوونی جیهانیش دەست پێ دەکات. هەندێ کات لەوانەیە ببێتە هۆیلەدایکبوونێکی هەڵە، کە بە شێوەیەک لە دایکبێت بە دروستی ئاراستە نەکرێ، بەڵام ئەگەر بە جوانی و دروستی ئاراستە بکرێت، جیهان بە بەرهەمێکی پڕ بار دووگیان دەبێت. بۆ گەیشتن بە کاتی کۆکردنەوەی بەرهەم، ڕێگایەکی دوور و درێژ لەپێشە و هەموو شتێک بە شێوە بەخشینی سات و وەرزگەلێکی گونجاو، ئەو ساتە دەست پێ دەکات و دوای ئەوە لە منداڵدانی دایک ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەورە دەبێت و لەکۆتاییدا لەدایک دەبێت و شکۆفە دەکات.

هەر لەبەر ئەم هۆکارە تێگەیشتن لە کات واتە تێگەیشتنە لە مرۆڤ، بەرکەوتنی ڕۆحی کات واتە بەرکەوتنە لەگەڵ ڕۆحی مرۆڤەکان. هەنگاوێک زیاتر بردنە پێشەوە ئەوەی کە کات (زەمان) چی هێناوە و چیمان کەڵەکە کردووە و ئەوەی وەک میرات بەجێمان هێشتووە، کاراکتەری سەرەکی ئەو گۆڕانکارییە پێکدەهێنێت کە پێی دەوترێت شۆڕش.

(نین هورساگ) دایکی کولتووری ژنەخوداوەندە کە لە زاگروس تا دەشتی میزۆپۆتامیا پەلی هاویشتووە، ژنەخوداوەندی چیاکانە و دایکی کولتووری خوداوەندە لە زاگرۆس و بۆ دەستی میزۆپۆتامیا گوازراوەتەوە. ناوی لە سەر تاتە قوڕی سومەریەکاندا هاتووە و لەباوەڕی خەڵکی سۆمەر، وەک ژنەخوداوەند-دایکی سۆمەر) ژنی چیای پیرۆز) لەقەڵەم دەدرێت. ژنی چیای پیرۆز بە تێپەڕبوونی کات،

کاریگەری لە کولتووورە جیاوازەکان کردووە و لە هەندێک سەرچاوەدا نینتو (خوداوەندی لەدایکبوون) ماما (دایک)، نینما (شاژنی مەزن)، بێلەت-ئیلی (خانمی خوداوەندەکان) و کی (خاک) ناوی هاتووە. لەوباوەڕەدان کە پادشاکانی سۆمەر بە خواردنەوەی شیری)نین هورساگ) گەورەبوون. لە نووسراوەکانی پەرستگاکاندا وەک) ڕاستەقینەترین و گەورەتری خانمی بەهەشت) باسی کراوە.

(نین هورساگ) لە مێژووی زارەکیشدا خاوەنی پێگەیەکی تایبەتە. لە ڕۆژهەڵاتیشدا سوودیان لە دەستەواژەی(خانمی چیاکان) وەرگیراوە. هەرچەند ناوی)نین هورساگ) بەکارناهێنن، بەڵام دەربڕینیان لە سوود وەرگرتن لە کولتووری کوێستان، ئاوە کە زەوی تێر ئاو دەکات. لە گوند و زۆرێک لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ نموونە(ماکۆ) لەو باوەڕەدان کە ڕووباری تیموت (زنکمار) وەک شیر(خانمی چیاکان) لەقەڵەمی دەدەن و ئەو ناوچانە تێر ئاو دەکات[٢٨]. ڕێگا دووبارە ئاشکرایە، ڕووبارەکان و ڕێڕەوی زاگرۆس ئاراستەی ڕەوتەکە دیاری دەکات. بۆ نموونە مزگین ڕووناهی[٢٩] لە شاری ماکۆ لەدایک بووە، شوێنێک کە(نین هورساگ) کە لە زاگرۆسەکان لەدایکبووە و یەکەم جار لە ئاوی ئەوێی خواردووەتەوە. بەپێی ئەم ئەفسانەیە ڕووباری(تیموت) شیری مەمکی پڕ پیت و فەڕی ئەوە و لەوانەیە)مزگین) لەم ڕووبارەی خواردبێتەوە و لە منداڵیەوە لەگەڵ داستانی خانمی چیاکان لەدایکبووە. پێش ئەوەی بڕژێتە ڕووباری ئاراسەوە بە ناونیشانی لقێک لە ڕووباری(تیموت) بەڕێی خۆیدا ڕەوان دەبێت و ئاراستەی

دروستی ڕەوتی مێژوویپارچەبووی بەشوێنێک دەگۆڕێتەوە و بەرەو زاپ دەکەوێتە ڕێ و تۆوی ئازادی لەسەر ڕێیدا دەچێنێت کە سنوورەکان ناتوانێت پارچەی بکات، چونکە نیشتمانێکە لەلایەن ژنەخوداوەندکانەوە ئاوێری دەکرێت. لەڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەکاتی هەڵتۆقینی تۆوەکان، ئەو سەردەمێکە لەنێو تاشەبەردە لێژەکانی زاپ، شوێنی خۆی لە ڕەوتی مێژوودا دۆزیوەتەوە.

ئەمە جۆرێکە لە گواستنەوەی کولتوور و نیشاندەری ڕەوتی کولتووری ژنە لە کوێستانەکان بە ئاراستەی دەشت و سەلمێنەری ئەوەیە ئەم کولتوورە لە ژنەخوداوەندی زاگرۆسەوە سەرچاوەی گرتووە. بەدرێژایی مێژوو و لە داستان و ئەفسانەکانی ئارییایی باس لەسەرچاوەی ئاو و باران، هۆکاری گەشە و بەروبووم و هێزی ژنەخوداوەند دەکات. یەکێکی تر لە نوێنەرانی کولتووری ژنان، ژنەخوداوەند(ئاناهیتایە[٣٠]). ئاناهیتا بەواتای(پاکی) دێت، بێ خەوشی و بەهێزە لەگەڵ جنۆکەیەکی نێر بەناوی)ئابوش) کە بەپێی ئەفسانەکان هێمای وشکەساڵی و مەرگە دەجەنگیت. ئاناهیتا بەناوبانگترین ژنەخوداوەندی سنووری جوگرافیای ئێرانە و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لەقۆناغی پێش ئیسلام و سەردەمی زەردەشتە. ئەو بەناونیشانی ژنەخوداوەندی جوانی، چاکە، جەنگ و پڕبەرییش دەناسرێت و لە پەرستگەکاندا دەپەرسترێت.

زۆر دوور نەڕۆین، لەو چیرۆکانەی لە بەشەکانی ژیانی ڕۆژانەماندا دزەی کردووە دەتوانین بێ ئەملا و ئەولا

پەی بەوە ببەین کە مێژوو تا چ ئەندازەیەک لە بیرەوەری کۆمەڵگەدا زیندووە. چونکە دەتوانرێت شوێنەواری ئەم کولتوورە زیندووە لەهەمان ئەو نیشتمانەدا بە ناونیشانی دەرخستنی ڕاستی ئەم ئەفسانەیە ببینین. زنجیرە چیاکانی زاگرۆس لە کوردستان کە یەکەمین شوێن پێ و بڵاوبوونەوە و پارچەبوونی کوردەکانی ئەمڕۆیە لەنێوان وڵاتانی عێراق و تورکیە و ئێران دابەش بووە و چیاگەلێک لەم سێگۆشە سەختەدا بەدی دەکرێت. لەو سێگۆشەدا کە پێی دەگوترێت هێڵی ٤٢ و دەکەوێتە سنوورە دەستکردەکانی سێ وڵات، چیاکان بەڕادەیەک سەختن کە تێپەڕینیان زەحمەتە. گوندنشینانی هەژاری سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساڵهایە لەڕێی کۆڵبەریەوە لە هەوڵی دابینکردنی بژێوی ژیانیاندان، لەکاتێکدا دەسەڵاتی داگیرکەر ئەوانە بە (قاچاخچی) بانگ دەکات، وەرن لەو چیرۆکانە ورد بینەوە کە کۆڵبەرەکان بۆمان دەگێڕنەوە. کۆڵبەرەکانی گوندەکانی سەر سنووری ئورومیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێن کاتێک لە تولەڕێگاکانی ئەم سێگۆشەیەوە تێدەپەڕین کە بەم ما و تاشەبەردانە دەورە دراون، ڕووبەڕووی ژنانێک بوونەتەوە کە سەرقاڵی سەما و تەمورە ژنینن کە مەچەتەی پێدەڵێن. ئەم چیرۆکانەم چەند جارێک لەسەردەمی منداڵیدا بیستووە و بێ پەیبردن بە مەبەست و واتاکەی بە سەرسوڕمانەوەی گوێم لێ دەگرت. لە دواییدا و بە تێپەڕبوونی کات تێگەیشتم کە ئەم ڕێڕەوە لەڕاستیدا ڕێڕەوی هەزاران ساڵەی شارستانی ژنانە و لەبارەی واتای مەچەتە لێکۆڵینەوەم کرد. مە بەواتای(ئێمە) یە، چێتر واتا باشتر و تە بەواتا)تۆ)یە. بەو واتایە کە خەڵکی

ناوچە سوود لە جنۆکە، پەری یا وشەیەکی تر وەرناگرن، بە واتایەکی تر ئەو بە تامەزرۆییەوە لە شارستانی ژنانە و جیاوازی نێوان خەون و ڕاستی لەم ڕێڕەوەدا دەڵێت)ئەوانە لە ئێمە باشترن، بە کرمانجی دەڵێن(ژ مە چێتر واتە لە ئێمە باشتر). ئایا بەڕێکەوتە کە لەهەمان شوێندا و بە تێپەڕبوونی هەزاران ساڵ، لەهەمان ئەو ڕێیانەدا، مرۆڤایەتی هەوڵی بەدەستهێنانی کولتووری ژن وکولتووری ئازادی دەدات بۆ گەیشتن بە فۆرمیلەیەکی ئەفسووناوی. لەکاتی قسەکردن لەسەر کۆمەڵگە و مێژوو دەبێت بەدوای هێزی واتادا بگەڕێن، نەک ڕێکەوتەکان. ئەوە خودی کۆمەڵگەیە کە لەڕێی داستانە پڕجۆش و جەنگاوەرە دلێرەکانەوە هێزی واتاکان لە ڕابردووەوە بۆ ئێستامان دەگوازنەوە. ژنان بە وەشاندنی تۆوی ژیان و ئازادی لە ڕێڕەوی مێژوودا بێ ڕاوەستان هەر بەوشێوەیە بەردەوامی بەرەوتی خۆیان دەدەن. لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ و لەمڕۆوە تا سبەی... ئاناهیتا هێمای چاکە، جوانی و پیت و فەڕە و ئەم سەردەمە گەواهیدەرە کە ژنان لە قاڵبی ژنەخوداوەندگەلی ئەم کولتوورەی لەکۆڵناوە. لەم شوێنەدا لەبەرامبەر ستەمدا دەجەنگێن. بۆ نموونە، تۆوی ئەو جوانییەی(ڕۆژدا زاگرۆس[٣١])ی لە دایکبوونی گوندی کۆتۆڵی ڕۆژهەلات، هێنای بۆ ئەم سەردەمە کە زریانەکان لە سنگی خۆی دا هەڵدەگرێت، جارێکی پەپولەئاسا هاتەوە ژیان و گیانی بە بەر ژنانی جیهاندا کردەوە. ژنێک کە لە باوەشی دایکیدا گوێی لە چیرۆک و داستانی ئەم کولتوورە بووە، بە هەنگاونان بە ئاراستەی کولتووری ژنانەی هەزارەها گیانی تری بەو بەخشی، ڕێڕەوێک کە هەرگیز کاروانی ئازادی لێ

ڕانەوەستاوە. ناوی ئاناهیتا لە سەدەی ٢١، دەبێتە(ڕۆژدا) و تۆوی ئازادیەک کە ڕۆژدا وەشاندویەتی بە(ژینا) سەردەردێنێ و بەناوگەلێکی تر بەردەوامی بەخۆی دەدات...

تۆوەکان بە داستانگەلێک کە هەزاران ساڵە لە هەر بستێکی خاکی ئەم وڵاتە داگیر (نە) کراوە گەشەی کردووە، لە ئەفسانەوە بۆ ڕاستی و لە ڕاستیەوە بۆ ئەفسانە بەبەردەوامی لەئاڵوگۆڕدان. کچانی جوان کە سوێند دەخۆن لەڕێڕەوێک هەنگاو دەنێین کە ئەم فەلسەفەیە پێشانی داوە. ئاخر هەر مرۆڤێک، هەم بەشێوەیەکی گشتگیر و هەم بە تایبەتی بوونێکی هەیە. بوونی هەر یەکێک لە ئێمە چ بەشێوەیتاک و چ بەشێوەی کۆمەڵ گرێدراوی یەک کات و شوێنن. بوون، ژینگە، جوگرافیا، کولتوور و نەریتەکانە کە لە ئەنجامدا چیرۆک لەم شوێنەدا دێنێتە بوون.

لەوانەیە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی بونیادنراو بێ پەیبردن بە واتای ئەو شوێنەی لێی دەژی و دەیبینێت، ڕەنگە وەک مێشێک لە زەلکاو نوقم ببێت و تەنانەت هەست بە بۆنەکەشی نەکات. بەڵام کاتێک لەسەردەمی گێژاودا واتا و خودئاگایی بئافرێنرێت ئەوا هۆکاری کەرەستەکانی بەرخودانیش دەئافرێنێت و ئازا و شیوەن و تورەیی خۆی دەگۆڕێت بە کولتوورێکی بەرخودان و ئەوەش هەمان خورەی ئەو ڕووبارەیە کە هەزاران ساڵە هەبووە و ئێمەی لەهەر هەلومەرجێکدا هیوادار و بە ئیرادە ڕاگرتووە. لەسەردەمێکدا دەژین کە هەر ناوێکی لێ بنێین)ڕێڕەوەکانی سەردەم) یان)هەڵوەشانی سەردەم)

لە گۆڕەپانی سەردەمی نوێدا، لە جەنگی بەردەوامی نێوان چاک و خراپ ڕاوەستاوین. ئەم جەنگە تەنیا لەنێوان چاک و خراپدا نییە، لەهەمان کاتدا سەرسەختییە بۆ پاک ڕاگرتنی ئەو دەروونانەی کە هەوڵی پیسکردنیان دەدرێت و ئەو ئاوانەی کە هەوڵی لێڵکردنیان دەدرێت.

لە نێوەندی ئەو بڕە زۆرەی زانیاری کە وەک حەقیقەت دەخرێنەڕوو، مێشک تێکدەدەن و گێژت دەکەن، ململانێیەکی توندی نێوان هۆشیارییەکی ڕوون و چڕبووەوە لەسەر حەقیقەت هەیە. بۆ لێوردبوونەوە، پێویستی بە هزرگەلێکی ڕوون و ئاشکرایە. ئەوانەی لەگەرمەی شەڕەکاندا، دەسووتێن، کاتێ دەسووتێن و پێدەگەن، بەو قسەیەی کە دەڵێت(خاو بووم و پێگەیشتم)، مێشکیان ڕوونە لە شەڕی مرۆڤبوونێکی دڵنزم، لە هەموو سەردەمێکدا. قسەم لەسەر ئەو فرەییەمانە کە لە لێواری تێکۆشاندا وەستاوە و هەوڵ دەدات بە زهنێکی لێڵ، کاڵ و کرچ، ئەزۆپ[٣٢]، ترسنۆک و بە لێدانێکی ژێر بە ژێر خۆی بەم لا وبەو لا دەدات... باسی کاتمان کرد؛ لە بەرەبەیانی ڕۆژگارێکدا کە ڕەنج و هیوا، هەڤاڵیتی و خیانەت، دۆست و دوژمن، چاکە و خراپە گەیشتۆتە ترۆپک، ئازادی و هیوا ناچارن کە پێکەوە بژین. گەواهیدەری ڕۆژگارێکین کە هەزاران ساڵ لەمەوبەر بووە. تێیدا دەژین و دەڕۆین. سەردەمێکە هەرگیز ئەوەی لەهزرماندا کێشراوە فەرامۆش ناکەین و وەک میراتێک بۆ ئایین دەمێنێتەوە و مژدەی وەرزی دروێنەی بەرهەمی ئەو کەسانە دەبەخشێت کە بەدوای کلیلی ئایین دەدا دەگەڕێن. دەبێتە بەخشینێکی بێ شوێن و بێ مەرج، تەنانەت بەبێ گوتنی(ئاخ) و بە خۆشحاڵییەوە...

ئەگەر ئەم کەموکوڕیە تەنیا بەم سەردەمەوە پەیوەست بکرێت ئەوا هەڵەیەکی زۆر گەورە دەبێت و دەبێتە هۆی بێهیوایی. بەدرێژایی مێژوو، جەنگی نێوان چاک و خراپ، جوانی و ناشیرینی، کۆمەڵگە و هێز و ژن و پیاو بەردەوام بوونی هەبووە و هەر بەوشێوەیەش بەردەوام بووە و دەبێت. بابەتەکانی سەرەوە دەتوانرێت تەنیا وەک چەند نموونەیەکی پەنجەژمێری مێژوو تۆمار بکرێت کە ڕاستیەکی شاعیرانە-داستانئاسا بەبیر دەهێنێتەوە. گێڕانەوەی مێژووە زارەکیەکان کە لە یادەوەری کۆمەڵگە و بەتایبەت ژنان لەسەرتاسەری جوگرافیایەک کە ژیان تێیدا بەردەوامە سەریهەڵداوە، باس لەوە دەکات بە چ شێوەیەک مێژووی نەنووسراو ڕۆچوونی ئاوی ڕووبارەکان هەندێ جار بەخوڕە و و هەندێ جاریش ئارام بەدەستی ئێمە دەگات.

# چاوپیاخشاندنێک بە توندوتیژی ڕەگەزیی و دەستدرێژی زیندانیان ئێران و بەرخودانی ژنان لەبەرامبەریاندا

پونە ئاشتیانی

**لێرەدا بگرە هەناسەدانیش بەرخودانە**

ئەم نووسینە پێشکەشە دەکەم بەهەموو ژنان، لەهەر کوێی ئەم جیهانەدا بوونەتە قوربانی توندوتیژی ڕەگەزیی و دەستدرێژییەکان.

(من ئاماژەم بە مێژووی وردی ڕووداوەکە کردووە تا بڕۆن (دیمەنە تۆماکراوەکان) دەست بەسەر ئامێری وێنەگرتنی هەواگۆڕکێ بگرن و ببینن بە چ شێوەیەک زیندانیانیان ڕووت کردووەتەوە و بە ئاو و شیر دەیانشۆرن. ئاخ! ئەم ڕەفتارانە پێچەوانەی ئەو شتانەیە ئەمانە دەیڵێن.

ئابڕووی مرۆڤایەتی ژنێک، دەخەنە ژێر پێیانەوە. لە بەرچاوی هەمووان ڕووتی دەکەنەوە. ئێمە ناچار دەکەن لە بینینی هەر ڕووداوێکی لەوشێوەیە، زیندانی-هەموو زیندانیەکان- ناچار دەکەن لەیەک شوێندا کۆ ببنەوە و تەماشای ئەو ژنانە بکەن کە لەژێر ئەوتوندوتیژیەدایە، هووهایان لێ بکەن. ئەگینا، دەست بەسەر کارتی تەلەفونیەکەیاندا دەگیرێت و بۆ ماوەی چەند مانگێک ناتوانن پەیوەندی تەلەفونی بکەن.

پێموانییە هیچ شتێک لەوە خراپتر بێت کە کەسێک لەڕیزی سەرژمێریدا ڕووتی بکەنەوە، یان ژێر کراسەکەی لێبسەنرێتەوە، یان کەرەستەی پاکردنەوەیان لێ زەوت بکرێت. یان بۆ نموونە دوو پیاو بهێنن کە ‹دەستدرێژی بکەنە سەر ژنێک› چەند کاتژمێرێک لەژێر دەستی ئەواندا بێت و ئەوەندە شان و قۆڵی بخەنە ژێر فشار و پەستانەوە کە تا دوو هەفتە جێگە دەستی ئەو دوو پیاوە بەشان و قۆڵیەوە بمێنێت. یان زۆر خراپ و بە سەختی کەسێک کوتەککاری بکەن یان بەزۆر لەشوێنێکدا گۆشەگیری بکەن. تۆ ناچار دەبووی پاشەکشێ بکەی[٣٣].

(گوتیان دەبێت خۆت ڕووت بکەیتەوە تا وێنەی هەموو بەشێکی جەستەت بگرین کە ئەگەر لێرە ڕۆیشتیتە دەرەوە نەڵێی منیان ئازار و ئەشکەنجە داوە، شەرمدەکرد هەردوو دەستم دەخستە پێش ئەندامی تایبەتم، بەرپرسەکە هاواری دەکرد ڕووبەڕووی من ڕاوەستە و هەردوو دەستت لەبەر هینەکانت لابە. ئێستا هەستە و دانیشە و هەردوو پێشت بڵاو بکەرەوە.

من دەبێت لەبەرامبەر ئامێری وێنەگرتندا بڕۆشتمایە بۆ حەمام و ئاودەست و هیچ پەرژینێک نەبوو. بە جلوبەرگەوە خۆم دەشۆرد هەستی دەستدرێژی تەواوی جەستەمی داگیر کردبوو و هیچ تایبەتمەندیەکی کەسیی لەوێدا نەبوو، هەستی ئەوەی لێپێچیکەرەوەکان لەکاتی خۆشتنمدا چاویان بەتەواوی جەستەم دەکەوێت، ئازاری دەدام[٣٤].

ئەمانە تەنیا بەشێکن لە قسەکانی سپیدە قلیان، چالاکوانی کرێکاری لە بینینی خۆی لە زیندانی ژنانی بوشەهر و ئاشکراکردنەکانیمژگان کشاوەرزی فیمینست لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا. سپیدە قلیان، کاتێ باسی بەشێکی زۆری توندوتیژییە ڕەگەزییەکان هەر لەکۆنەوە تا دەگاتە ئێستا، وەک ‹کۆتایی دونیا› پێناسەی دەکات.

دەستدرێژی ماوەیەکی درێژە بووەتە یەکێک لە ڕێگاکانی ئەشکەنجەدانی زیندانییەکان، بەتایبەتی زیندانییە سیاسییەکان. حکومەتی ئێران لە مێژووی ٤٣ ساڵەیدا چەندین شێوازی ئەشکەنجەی بەکارهێناوە دژی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان، بەڵام شتێک هەمیشە هەبووە: توندوتیژی سێکسی و دەستدرێژی دژ بە ژنە زیندانییەکان...

لەساڵە ڕەش و تاریکەکانی دەیەی ١٩٨٠، بەدرێژایی چەند شەوێک هەزاران زیندانی سیاسی و چالاکوانی چەپ لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی لەسێدارە دران. زۆربەیان زیندانیی بوون کە لە دادگاکانی ڕژێمی ئێراندا بەچەندین ساڵ زیندانیی سزا درابوون و زۆربەیان ماوەی زیندانییخۆیان تەواو کردبوو و بۆ ئازادکردنیان بە پەنجە ڕۆژەکانیان

دەژمارد. زۆربەی ئەم چالاکوانە سیاسیە چەپانە، ڕۆڵێکی سەرەکیان لە بەرخودانی سیاسی دژی ڕژێمی پەهلەوی و سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩ لە ئەستۆگرتبوو. ژنانی گەنج خوێندکاری زانکۆ بوون، ئەو ژنە لاوانەی کە سالانی ئامادەیی و زانکۆیان لە بەرخودان دژی ڕژێمی شاهنشایی تێپەڕاند. سەرەڕای ئەوەش هەموو ئەمانە دوای شۆڕش خرانە زیندانەوە. ئەمانە لە زیندانذا زۆر بەتوندی ئەشکەنجە دران تا بە شێوەیەکی ناچاری دژی خۆیان و هاوڕێیانیان دان پیانان بکەن، دان بەو کردەوانەدا بنێن کە ئەنجامیان نەدابوو. ئەمانە ئەشکەنجە دەدران تا تۆبە بکەن و چالاکی دژی چالاکوانە نارازییەکان ئەنجام بدەن. زۆرێک لەوانەی تۆبەیان کردووە، کەسانێک کە لەدواییدا بە تۆبەکاران (تەوابین) بانگ دەکران، لەزۆرێک پلە و پایەی دەوڵەتی دەسەلاتێکی زۆر بەرزیان بەدەستهێنا و گۆڕان بە مافیاگەلی بواری بازرگانی، پیشەسازی، سینەما، میوزیک یان شانۆ. ئەو پیاوە تۆبەکارانەی کە لە دواییدا خۆیان گۆڕان بە دەستدرێژیکەرێکی تر.

یەکێک لە نامرۆڤانەترین و قێزەونترین ئەشکەنجە، دەستدرێژیکردنە سەر کچانی شۆڕشگێر بوو کە لە دەیەی ١٩٨٠ی زایینی لە چاوەڕوانی ئازادبوونیان لە زیندانەدان بەسەر دەبرد. ئەمانە تەنیا لەچەند شەوێکدا دەستدرێژی سێکسیان کرایە سەر و هەمان شەو لەسێدارە دران. ئایەتوڵڵا مونتەزەری لە پەرتووکی یادەوەری خۆی و پەیوەست بە لەسێدارەدانەکانی ساڵی ٦٧، ڕوونکردنەوەیەک لەبارەی گفتوگۆکانی خۆی و خومەینی دەدات و ئاشکرای دەکات بە

چ شێوەیەک فەرمان دەرکرا دەستدرێژی سێکسی بکرێتە سەر کچانی زیندان کە گوایە هێشتا ‹پەردەی کچێنی›یان نەدڕابوو. مونتەزەری لەم پەرتووکەیدا دەنووسێت:

(کاتێک باسی لەسێدارەدان دەهاتە پێش، من دژایەتی ئەوەم کرد کە لە زیندانەکاندا ژنانیش لەسێدارە بدرێن، لەسێدارەدانی ژن لە ئیسلامدا زۆر سنووردارە و کچان لە سێدارە نادەن. ئیمامیش (خومەینی) وتی بەو پیاوانە بڵێ کچەکان لەسێدارە نەدەن. لەدواییدا ئەوان (بەرپرسەکان) لەشوێنگەلێکی جیاوازدا وا خۆیان پیشان دەدا کە مونتەزەری وتویەتی کچەکان لەسێدارە نەدەن. سەرەتا (سیغە) یان بکەن و لەدواییدا لەسێدارەیان بدەن[٣٥]).

لەسێدارەدانی چالاکوانانی سیاسی چەپ کە زیاتر ئەمانە ئەندامانی موجاهدینی خەڵک بوون، دوای دەرکردنی فەرمانی خومەینی لە شەشی مورداری ١٣٦٧ (مانگی ئاب ١٩٨٨) دەستیپێکرد[٣٦]. بە پێی لێدوانی(ناوەندی داکۆکی مافی مرۆڤی ئێران) حکومەتی کۆماری ئیسلامی دەیزانی کە لەسێدارەدانی زیندانیان لەگەڵ یاسا نێودەوڵەتیەکان ناکۆکن، هەر لەبەرئەوەش زۆر هەوڵی دا کە زانیاریەکان دەربارەی لەسێدارەدانەکان دزە نەکاتە دەرەوەی وڵات.

دوای ئۆپەراسیۆنی مەرساد، بەرپرسان هەوڵیاندا پێداچوونەوە بە دۆخی موجاهدینیخەڵک لە زیندانەکاندا بکەن. خومەینی ڕابەری ئەو کاتەی ئێران ڕایگەیاند:(لەوەیکە منافقینی خائین (ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵک) بە هیچ شێوەیەک باوەڕیان بەئیسلام نەبووە و هەرچەندە

دەڵێن لەڕووی فیڵ و دووڕوویی ئەوانە و ئەندامانی ئەمانە لە ئیسلام پاشگەز بوونەتەوە. بەئاگاداربوون لە جەنگاوەریی و جەنگی کلاسیکیان لە باکوور و خۆرئاوا و باشووری وڵاتدا بە پشتیوانی حزبی بەعسی عێراق و سیخوڕی کردن بۆ سەددام، دژی میللەتی موسڵمانی ئێمە و بەئاگاداربوونی لە پەیوەندییان بە وڵاتە زلهێزەکانی جیهانەوە و هێرش و لێدانی ناجوامێرانەی ئەوان هەر لە سەرەتا پێکهێنانی سیستەمی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا، ئەو کەسانەی لە زیندانەکانی سەرتاسەری وڵات لەسەر ئەم دوو ڕوویییەی خۆیان پێداگری دەکەن و بەردەوامن لە پێداگریی و نکوڵیکردنەکانیان، سزای لە سێدارەدانیان بەسەردا دەسەپێنرێت[٣٧].

لەسەر بنەمای هەندێک سەرچاوە و سەرژمێری بەردەست و گەواهیدانی زیندانی پێشوو لە دادگای ئێراندا، لەساڵەکانی ١٣٦٠ تا ١٣٦٤ هەتاوی (١٩٨١–١٩٨٥) نزیکەی ١١ هەزار کەس لە زیندانە جیاوازاکاندا لە سێدارە دران یان لەژێر ئەشکەنجەدا کوژران. لە ساڵی ١٣٦٧هەتاوی (١٩٨٨ ز) یشدا بەفەرمانی خومەینی گرووپێک لە زیندانیان کە کاتی سزاکەیان لە زیندانیدا تێدەپەڕاند، لەماوەی سێ مانگدا بەکۆمەڵ ڕەوانەی ژووری سێدارە کران و لەمانگی مورداد (ئاب) تا ناوەڕاستی مانگی ئازەر (کانوونی یەکەم) هەمان ساڵ زیاد لە چوار هەزار کەس کوژران.

لەسەر بنەمای گەواهی زیندانیانی سیاسی دەیەی ٦٠ (١٩٨٠کان)، لە هاوینی ١٣٦٧ (١٩٨٨ز) بە بڕینی

چاوپێکەوتنەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیونی زیندان، یەکەمین لایەنگران و ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵک کە لەدۆخی تێپەڕاندنی سزاکەیان بوون لە زینداندا، دوای ئەوەش زیندانیانی چەپ لە دادگا کورتماوەکاندا کە لەلایەن حسینعلی نێری، مورتەزا ئەشراقی و نوێنەری وەزارەت ئیتلاعات کە بە (دەستە یان ئەنجوومەنی مەرگ) بانگ دەکران لەسێدارەیان دان. شوێنی لە سێدارەدانی ئەم زیندانیانە دیار نییە و دەگووترێت کە لە گۆڕی بەکۆمەڵدا لە گۆڕستانگەلی وەک گۆڕستانی)خاوەران) نێژراون[٣٨].

لە ساڵەکانی دواییدا زۆرێک لە دەستدرێژی زایەندی لەسەر ژنان پێش لە سێدارەدانیان بڵاوکرایەوە.(پەروانە عارف) کە لە ١٧ساڵیدا بە تاوانی ئەندامبوونی لە ڕێکخراوی (پیکار) زیندانی کرا و لە ساڵی ١٣٦٠ (١٩٨١ز) تا ١٣٦٥ (١٩٨٦ز) لە زیندانەکانی (ئەوین، قزڵ حەسار، گوهەردەشت) زیندانی بووە. لە فیلمی بەڵگەیی دوا ساتەکان (لحظەهای آخر[٣٩]) دەڵێت: لەبیرمە کە ڕۆژێکیان پێنج شەممە بوو ڕۆیشتین بۆ حوسەینیە، دوای وتاربێژی تەوابەکان، لاجوردی وتی:(وا نەزانن بهێڵین بەکچێنی ئێوە لەسێدارە بدەین) ئەو بە پێکەنینێکی ناشیرین و تاڵ ئاماژەی بە ‹پەردەی کچێنی›کرد، ئەو وتی ئێمە ئێوە بە کچی لەسێدارە نادەین، بۆئەوەی ڕاستەوخۆ نەڕۆنە بەهەشتەوە. ئەم ڕستەیە بۆ ئێمەی ژنانی زیندانی زۆر قورس و تۆقێنەر بوو.

مژدە ئەرسی، زیندانی سیاسی پێشوو کە لە مانگی ئابانی ساڵی ١٣٦١ (١٩٨٢ ز) بە تۆمەتی لایەنگرانی

ڕێکخراوی پارتیزانی خۆبەخشی خەڵک (چریک های فدایی خلق) دەستگیر کرا و ٨ ساڵ لە زیندانەکانی (ئەوین، قزل حصار) زیندانی بوو. دەڵێت:(ئەوان بەئێمەیان نەدەگووت دەستدرێژی، پێیان دەگووتینکە پێش ئەوەی لە سێدارە بدرێن کچەکان لە پاسدارەکان مارە دەبڕێن. (شایستە وطن دوست) زیندانی سیاسی ئەوین لە ساڵی ١٣٦٠ (١٩٨٠ ز) تا ١٣٧٩ (٢٠٠٠ز) بەتاوانی لایەنگرانی ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵک لە زیندانەکانی(ڕەشت، بەندەر ئەنزەلی، لاهیجان، گەوهەر دەشت، ئەوین) زیندانی بووە. ئەویش دەڵێت:(پاسدارەکان پێیان دەگوتین ئێمە کچ لەسێدارە نادەین، هەر کچێک کە بڕیارە لەسێدارە بدرێت، پێش لە سێدارەدانی لەیەکێک لە برایانی پاسدار مارەیان دەبڕین و دوای ئەوە لەسێدارەیان دەدەین. ئەو، بەناوهێنانی یەکێک لە زیندانیانی سیاسی ئەندامی موجاهدینی خەڵک بەناوی (مهناز یوسفزادە) دەڵێت:


(کاتێک مهنازیان لەسێدارە دا تەمەنی ٢١ ساڵ بوو. ئەو لە هەمان کاتدا چالاکێکی سیاسی بوو، دەستگیرانەکەی هەمان ڕۆژ دەستگیر کرابوو. دەستگیرانەکەی یەکسەر لە سێدارا درا. مهناز لە دەرەوەی زیندان پێی گوتم کە دادگای پێی وتووە تۆبە بکە و ژیانی هاوسەری لەگەڵ دادوەردا پێک بهێنە بۆئەوەی ئازاد بکرێی. ئەگینا لە سێدارە دەدرێت. بەڵام(مهناز) ئەو پێشنیازەی ڕەت کردووەتەوە. (ئەو، بێ ئاگادارکردنەوەی کەس و کارەکەی لەسێدارە درا) کاتێک دایکی مهناز دەڕۆیشت بۆ چاوپێکەوتنی، لەژووری چاوپێکەوتن پاسدارێک پاکەتێک شیرینی داوە بە دایک و

باوکی مهناز و پێی گوتوون مافی خۆتان حەڵاڵ بکەن من هاوسەرگیریم لەگەڵ کچەکەتاندا کردووە و ئەم شیرینیەش هی ئەوەیە. دوای چەند ڕۆژێک لاشەی مەهنازیان ڕادەستی خێزانەکەی کردەوە. جەستەی مهناز ئەوەی نیشان دەدا کە دەستدرێژی کراوەتە سەر و ئەویش زۆر هەوڵی داوە بەرگری لەخۆ بکات و پەڵەی ڕووبەڕووبوونەوەکان بەجەستەیەوە دیار بوو. ئەوان مهنازیان بە فیشەک کوشت.)

مژدە ئەرسی، لەبارەی زیندانیەکی تر بەناوی(شەهین سامی) کە لە تەمەنی ١٩ساڵیدا لە ساڵی ١٩٨٨ لەسێدارە درا. دەڵێت:(پاسدارەکان بەستەیەک شیرینیان دابوو بە خێزانەکەی. شەهین بێ ئاگاداری کەس و کارەکەی لەسێدارە درا و لە(ئەنزەلی) بە خاک سپێدرا).

بەپێی گەواهی(محەمەد دکنما) باوکی چوار زیندانی سیاسی لەسێدارە دراو لە دەیەی ١٩٨٠ پاسدارەکان پێش لەسێدارەدان دەستدرێژی سێکسیان کردووەتە سەر کچەکانی. محەمەد دکنما دەڵێت دوای لەسێدارەدان کاتێک جلی کچەکانم وەرگرتەوە، لەسەر جلی یەکێک لە کچەکانی نووسرابوو کە من دەستدرێژیم کراوەتە سەر.(ئالهە دکنما)یەکێک لە کچەکانی(محەمەد دکنما) لە تەمموزی ساڵی ١٩٨١ ز بەتاوانی لایەنگرانی ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵک دەستگیر دەکرێت و لە یەکی تەمموزی ١٩٨٣ دا لەگەڵ ١٠ ژنی گەنجی تردا، لە زیندانی عادل ئابادی شیراز لەسێدارە دران. ئەمانە دوای لەسێدارەدانیان لە گۆڕستانێکی دووردا پەیوەست بە گۆڕستانی ناموسڵمان لە شیراز بە خاک سپێدران. چونکە بەرپرسانی ڕژێمی ئێران ئەوانی بە کافر دەزانی.

میترا مجاوریان و ماندانا مجاوریان و دوو زیندانی سیاسی تر لە ساڵی ١٣٦٠ (١٩٨١ ز) لە زیندانی مەشهەد لەسێدارە دران. مهشیدیکچی میترا و کچی مامی ماندانا دەڵێت کە پاسدارەکان بەگوڵ و شیرینی چوونەتە بەر دەرگای ماڵیان و وتویانە:(پیرۆزە کچەکەتان پێش ئەوەی لەسێدارە بدرێت بەشوو دراوە).



میترا ماندانا

ئەم جۆرە گێڕانەوە و ڕووداوانەی لە مێژووی ڕژێمی ئێراندا زۆر ڕوویداوە، دەتوانین لەوە تێبگەین کە بناغەی دەسەڵاتی خۆی لەسەر جەستەی ژن بنیاتناوە. لەسەر بنەمای بەڵگەی مێژوویی، ژنانی ئێران لەسەردەمی پێش شۆڕشی مەشرووتە، ڕۆڵێکی شایستەیان لە بزووتنەوەی مێژووە جیاوازەکانی ئێراندا بینیوە. هەندێک لە سەرچاوەکانی سەردەمی قاجارەکان بەتایبەت پەرتووکی بەڵێننامەی ڕژی(قرارداد رژی) ١٨٩٠زایینی لەنووسینی کەربەلایی ئاماژە بە پێشەنگایەتی ژنان لە بزووتنەوەی توتن)جنبش تنباکو) دەکات[٤٠].

چالاكی ژنـان و چوونیـان بـۆ نـاو گۆڕەپانـی سیاسـی و كولتـووری تـا پێـش مەشـرووتە زۆر سـنووردار و داخـراو بـوو. لـە گۆڕانكاریـە مەزنەكانـی وەک بزووتنەوەی(نـان و توتن-تنباكـو)، لەسـەردەمی ناسـری یـان شـۆڕشـی مەشـرووتە لەسـەردەمی)مزەفەرلدین شـا) ژنـان ئامادەیـی فیزیكـی بەرچاویـان هەبـووە و زیاتـر ئـەوان بـە ژنانـی ئاسـایی كۆمەڵگـە تەماشـا دەكـران. ئـەم مەشـرووتیەتە بـوو كـە گۆڕانكارییەكـی مەزنـی لـە بنەمـا كولتـووری كۆمەڵگـەدا هێنایـە بـوون و لـە ڕاسـتیدا لـەو سـەردەمە بـەدواوە كـە لـە مێـژووی ئێرانـدا بابەتێـک بەنـاوی مافـی ژنـان هاتـە ئـاراوە. بـەو شـێوەیە ڕەهەنـدی ئاگایـی و ڕێكخسـتنی ژنـان سـاڵانێک لەمەوبـەر دەسـتپێكردووە. بەئاگاداربـوون لـە ژمارەیەكـی زۆری كۆمەڵگـەی ژنانـی خوێندكاری زانكـۆ كـە لـە پێكهێنانـی شـۆڕش دژی ڕژێمـی شـا هاوبەشـیان كـردووە، وا دەهاتـە بەرچـاو كـە ڕژێمـی مـەلاكان حەزیـان لـەوە نەبـوو لـەوە زیاتـر جارێكـی تـر ڕێ بـەو كۆمەڵـە زۆرە سەركێشـەی ژن بـدەن كـە خۆیـان نیشـان بـدەن، چونكـە ئـاگاداری هێـز، توانـا و كاریگەریـان ببـوون لـە نـاو كۆمەڵگـە و شـۆڕشـدا. هـەر بەوشـێوەیە دوای شـۆڕشـی ئیسـلامی، سـەركوتكردنی ژنـان لەلایـەن ڕابـەری ئـەم شـۆڕشـە دەسـتی پێكـرد.

خومەینـی یەكسـەر دوای گەیشـتنی بەدەسـەڵات، یاسـای سەرپۆشـی زۆرەملێـی دەركـرد. لـە یەكەمیـن مەراسـیمی ٨ مارسـدا دوای شـۆڕشـی ئێـران، سـەركوتی ژنـان دەسـتی پێكـرد و بەشـێكی هـەرە زۆریـان سـەركوتی جەسـتەیی بـوو. سـەركوتكردنێک كە بەیاسـای سەرپۆشـی زۆرەملێیی دەسـتی

پێکرد و بە لێدان و سوکایەتی پێکردنیان لەسەر شەقامەکاندا بەردەوام بوو و دوای ئەوەش ڕەوانەی زیندان کران. توندوتیژی ڕەگەزیی، ئەشکەنجە و سوکایەتی دەروونی و لە ئەنجامیشدا بە لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ کۆتایی پێهات. سەرەڕای ئەوەش حکومەت تۆڵەی خۆی لە جەستەی بێگیانی ئەو ژنانەش کردەوە و جەستەی زۆرێک لەوانە بەبێ ڕێزیلە گۆڕستانی بێکەسان، لە شارە جیاوازەکاندا بەخاک سپێدران. حکومەتی ئێران بگرە بەوەش وازی نەهێنا و دوای ئەوەش کێلی گۆڕەکانیان دەشکاند و ڕێیان بە کەسوکاری لەسێدارەدراوان نەدەدا کە بۆنەیساڵیادی لەسێدارەدراوان لەسەرگۆڕەکان ئەنجام بدەن.

ئەو سیاسەتی دژایەتیکردنە لەبەرامبەر ڕۆح و جەستەی ژنان تا ئەمڕۆش بەردەوامە. یەکێک لە نموونەکانی ئەم سیاسەتە کوشتنە زەهرا (زیبا) کازمی پەیامنێر و وێنەگری ئێرانی-کەنەداییە. زەهرا کازمی لە ٣ی تیری ساڵی ١٣٨٢ (٢٤ حوزەیرانی ٢٠٠٣) لەکاتی وێنەگرتن لە خۆپیشاندەرانی بەرامبەر زیندانی ئەوین دەستگیر کرابوو. دوای هەژدە ڕۆژ لە بەرواری ٢٠ی تیری ساڵی ١٣٨٢ (١١ تەمموز ٢٠٠٣) بەهۆی ئەشکەنجەدانی توندەوە، گیانی لەدەست دا. ئەگەرچی دادوەری ئەم دۆسیەیە (دادوەر مورتەزەوی) پێداگری لەسەر ئەوە کردووە کە بەڕێکەوت مەرگی ئەوی بە لێدان و خوێنڕێژی مێشک بەهۆی بەرکەوتنی شتێکی قورس بەسەری یان سەری بەر شتێکی قورس کەوتووە) کردووە. شەهرام ئەعزەم، پزیشکی پێشوو و کارمەندی وەزارەتی بەرگری ئێران کە لە ساڵی ٢٠٠٤ لەئێران هەڵهات


و داوای پەنابەری لە کەنەدا کرد، دوای پشکنینی جەستەی زەهرا کازمی، ڕایگەیاند؛


زەهرا کازمی

(هێمای لێدانی قوورس، ئەشکەنجە و دەستدرێژیی سێکسی و شکانی کاسەی سەر و لوتی، وردبوونی پەنجەکانی پێی، شکانی پەنجە ناوەندیەکان و پەنجە توتەی دەستی ڕاستی و پەنجەی ناوەڕاستی دەستی چەپی، هەڵکەندنی ناخونی پەنجە گەورە و دۆشاومژە، کوتان بە سینەی و پەراسووەکانیەوە دیار بووە. مۆربوونەوەی زەقی دەوروبەری ورگی، ئەندامی زاوزێ و پێیەکانی سەلمێنەری دەستدرێژی دڕندانەی سێکسی و شەلاق لێدانی بەردەوام لەچەند ساتێکی جیاوازدا، پێوە دیار بووە. هەموو ئەمانە نیشانی دەدەن کە ئەو لەکاتی زیندانیکردنیدا کوژراوە. دادگای باڵا (دادگای باڵای ولایەتی کیوبک) ئەم بابەتەی زەهرا، کە زەهرا کازمی لە سەردەمی زیندانیکردنیدا لێی دراوە و دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر و بەهۆی ئەشکەنجەدانیەوە مردووە، پشتڕاست کردەوە)[٤١].

مەرگێکی تری تۆقێنەر کە لەم ساڵانەی دواییدا ڕوویدا مەرگی (زەهرا بەنی یەعقوب ئابکناری) بوو. زەهرا بەنی

یەعقـوب کچێکـی لاوی ٢٧ سـاڵە لەگـەڵ دەسـتگیرانەکەیدا بەهـۆی ڕاگرتـن و لـە بـارەگای ‹ئەمـر بلمەعـروف› لـە نووسـینگەی سـەرهەنگ پاسـدار (محەمـەد حسـین قرەباغـی) دەسـتدرێژی کراوەتـە سـەر. بۆ پەردەپۆشـکردنی ئـەم تاوانـە ئـەوی کوشـتووە و لەملـەوە هەڵیـان واسـیوە کە وای پیشـان بـدەن ئـەو خۆکـوژی کـردووە.




سیاسـەتی دەسـتدرێژی لەمـاوەی سـی سـاڵ دەسـەڵاتداری ئێرانـدا هـەر بەوشـێوەیە بەردەوامـە و لـە هەندێـک کات و شـوێندا گەیشـتووەتە ترۆپکـی بێ ڕەوشـتی. گوزارشـگەلێکی زۆر لـە دەسـتدرێژی لـە زیندانەکانـی ڕژێمـی ئێـران لـە سـەردەمی خۆپیشـاندنی دژی هەڵبژاردنەکانـی خـوردادی ١٣٨٨ (حوزەیـران ٢٠٠٩) هەیـە. لـەم نێوەنـدەدا مەرگـی (تەرانـە موسـەوی) زۆر مایـەی سەرسـوڕمان بـوو. تەرانـە موسـەوی یەکێـک بـوو لـە ژنـە ناڕازییـەکان کـە بـە گوتـەی هاوڕێکانـی لـە ڕێپێوانـە ئاشـتیخوازانەکەی ٢٥ و ٢٦و٢٧ی خـورداد (١٥، ١٦، ١٧ی حوزەریـران) بەشـدار بـووە، بگـرە

پێش هەڵبژاردنیش بە ئامادەبوونی لە ڕیزبەندەکانی سەوز (زنجیر سبز) پشتیوانی خۆی بۆ چاکسازی و ئازادی ئێران دەربڕی. ئەو لە ئەنجامدانی ئەم جۆرە ڕێپێوانانەدا زیندانی کرا. تەرانە موسەوی لە زینداندا چەندین جار لەلایەن چەندین بەسیجەوە بە دڕندانەترین شێوە دەستدرێژی کرایەسەر[٤٢]. بەهۆی سەختی برینداربوونی منداڵدان و ئەندامی زاوزێی لەهۆش خۆی دەچێت. بەسیجیەکان کاتێک دۆخی سەختی ئەو دەبینن، جەستەی نیوەگیانی دەبەن بۆ نەخۆشخانەی(ئیمام خومەینی) کەرەج بەو هیوایەی کە پارچەبوونی منداڵدان و زێی ئاڵۆزی پەیوەست بکەن بە ڕووداوی هاتووچۆوە. لە نەخۆشخانە بە پشکنینی پزیشک دەردەکەوێت کە هۆکاری برینەکانی نەک ڕووداوی هاتوچۆ بەڵکو دەستدرێژی سێکسی بووە. هێزی بەسیجیەکان کە زۆر بە سەختی سەراسیمە و نیگەران بوون بە ڕاوێژ و هاوئاهەنگی لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی خۆیان جەستەی نیوە گیانی و بێهۆشی تەرانەیان لە نەخۆشخانەوە بردە دەرەوە و تەواوی بەشی ئیداری نەخۆشخانەکە لەوە ئاگادار دەکەنەوە کە لەم بارەیەوە بێدەنگ بن و لەگەڵ هیچ کەسێکدا لەمبارەیەوە قسە نەکەن. ئەو پەرستارەی کە نایەوێت ناوی بهێنرێت، تەرانە موسەوی دەناسێت و لەکۆتاییدا جەستەی سوتاوی تەرانە موسەوی دوای چەند ڕۆژێک لە بیابانەکانی دەوروبەری تاران دەدۆزرێتەوە. بە پێی هەواڵی هرانا (٦ی مورداد١٣٨٨) لەزاری کۆمیتەی نێونەتەوەیی دژی لەسێدارەدان، بەپێی گەواهی هەندێک کەس کە لەهەمان زینداندا بوون یان کاریان کردووە.

تەرانە چەند جارێک دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر[٤٣].

توندوتیژی و دەستدرێژی سکێسی دژی ژنان لەکاتی سەرهەڵدانی(ژینا)دا شێوەیەکی نوێتری بەخۆیەوە بینی. هەرچەند لەمەوبەریش ژنانی زیندانی لە پشتی دەرگا زیندانەکانەوە دووچاری توندوتیژی و دەستدرێژی بوونەوەتەوە، بەڵام لەسەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینادا توندوتیژی سێکسی دژی ژنان پەلی کێشایە ناو شەقام و کۆڵانەکانیشەوە. وێنەگەلێکی زۆر لە ژنانی نارازی بڵاو بووەتەوە کە پیشانی دەدات ژنان نەک تەنیا لە شەقامەکاندا لەڕێی هێزی سەربازی و سەرکوتکەرەکانەوە سوکایەتی و لێیان دەدرا، بەڵکو بەرپرسانی سەرکوتکەر بە شێوەیەک ئاشکرا لەبەرامبەر چاوی ئەوانی تر دەستدرێژی سێکسیان کردە سەر ژنان. وێنەگەلێکی جیاواز ئەوەیان پیشان دەدا کە بەرپرسەکان لە مەمکی ژنان دەدەن و بە لەقە دەدەن لە ئەندامی زاوزێیان، یان ئەوانیان بە شەقامەکان دا ڕاکێشا و لەسەریان دادەنیشتن و بە سوکایەتیکردن و هەڕەشەی دەستدرێژی سێکسی چاوترسێنیان دەکردن.

لە ڕووداوەکانی بزووتنەوەی ژینا کچگەلێکی گەنجی زۆری وەک نیکا شاکەرەمی ١٧ ساڵە، زیندانی کران و دوای چەند ڕۆژێک لاشەیان بەو بیانووەی کە خۆکوژیان کرووە، ڕادەستی کەس و کاریان کردنەوە.

نیکا شاکەرەمی لە ٢٩ ی شەهریوەری ١٤٠١ بۆ بەشداری لە ڕێپێوان و خۆپیشاندانەکان دەڕوات بۆ شەقامی کشاوەرز و سەرنگوم بوو و دوای ١٠ ڕۆژ، تەرمەکەیان ڕادەستی دایکی کردەوە و بگرە




پێش ڕێورەسمی بەخاکسپاردنیشی جەستەی لەلایەن هێزی ئاسایشەوە ڕفێنرا و لە شوێنێکی دوورەدەست لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانەوە نێژرا. بەپێی گەواهی ئەندامانی خێزانی نیکا، لەسەر ورگ و سینەی جێی تەقەڵ بینراو و بەپێی گوتەی پور و خاڵی نیکا شوێنەواری دەستدرێژی لەسەر جەستەی نیکا بینراوە.

لەبەردەوامی ئەو ڕەوتە، ژنگەلێکی زۆر بەتۆمەتی ڕۆژنامەوانی یان چالاکوانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دژی دەسەڵات، لەزیندانەکاندا ڕاگیراون. چەند داکۆکیکارێکی مافی مرۆڤی ژنان لە گێڕانەوەکانیاندا ئەوەیان ئاشکرا کرد کە دەسەڵاتی باڵای دادوەری ئێران لەکاتی ڕاگرتنی ئەواندا ناچاریان کردوون بۆ وێنەگرتن خۆیان ڕووت بکەنەوە و بە تەواوی لنگیان بڵاو بکەنەوە و هەستن و دانیشن تا لەو کاتانەدا وێنەیان بگرن. لە زنجیرەیەک بڵاوکراوەی تویتەردا هاتووە؛(دەبێت خۆت ڕووت بکەیتەوە بۆئەوەی وێنەی تەواوی جەستە بگرین کە ئەگەر لێرە ڕۆیشتیتە دەرەوە نەڵێی منیان ئەشکەنجە داوە) لەسەر بنەمای ئەم گێڕانەوانە، مژگان کشاوەرز وتویەتی (شەرمم دەکرد) و (هەردوو دەستم دەخستە بەر ئەندامی زاووزێم) بەڵام (بەرپرسەکان هاواریان دەکرد: ڕووبکەرە من و دەستەکانت لابە، ئێستا بە لنگێکی بڵاوەوە هەستە و دانیشە). مژگان کشاوەرز ئەوەشی ڕاگەیاند کە بەرپرسەکان دوای زیندانی ڕاگرتن

ئەویان بردووە بۆ (وزرا) بەواتا(هەمان ئەو شوێنەی مەهسا ئەمینی تێدا کوژرا)، هەروەها دەڵێت؛(لەوێدابەڕووتی بەرامبەر کامێرای چاودێری هەستی بە دەستدرێژی سێکسی و ترس کردووە). ئەم چالاکوانەی مافی مرۆڤ ئەوەش دەڵێت کە دوای زیندانی(قرچک) ئەویان بۆ بەشی)ژووری کامێرا) بردووە و وتویانە(دەبێت خۆت ڕووت بکەیتەوە تا وێنەی تەواوی جەستەت بگرین) کاتێک پرسیاری هۆکارەکەی لێ کردبوون، پێیان وتووە) بۆئەوەی ئەگەر لێرە ڕۆیشتیتە دەرەوە نەڵێی ئەشکەنجەیان داوم.)

لەسەر بنەمای ئەم گێڕانەوانە، مژگان کشاوەرز بەپێداگری لەسەر(سوکایەتی) و فشارخستنە سەر زیندانیان بۆ دانپیانانی بەزۆر ئەوەی ئاشکرا کرد کە(لە زیندانی تاکەکەسی یەک (ئەلیف) ی سوپای پاسدارانی ثاراللە دا) زیندانییەک کورسیەکی تێگرتووە کە بەسەختی ملی بریندار کردووە و بە ڕاگواستنی بۆ نەخۆشخانەی (شوهەدای تەجریش) پزیشکی پسپۆڕی مێشک و دەمار)ئەوەی دەستنیشان کردووە بەستەری ملم پچڕاوەو پێوستی بە نەشتەگەریە) و بەهۆی ئەم بابەتەوە(بە شێوەیەکی مەرجدار) ئازاد کرام[٤٤].

دوای بڵاوبوونەوەی ئاشکراکردنەکانی مژگان کشاوەرز سەبارەت بە توندوتیژیە سێکسیەکانی زیندان،(زەینەب زەمان) چالاکوانی فیمینست لە گێڕانەوەیەکی تردا دەڵێت لەکاتی زیندانیکردندا)دووجار بەتەواوی ڕووتیان کردمەوە) و بەرپرسەکە وتی)بەتەواوی خۆت ڕووتکەرەوە و دوای ئەوە

دوو جار هەستە و دانیشە، سەرم سوڕما بوو، قسەم بۆ نەدەهات) بە وتەی ئەو، لە جاری دووەمی)ڕووتکردنەوەی لەبەر کامێرادا) لە ژووری تاکە کەسی بووە.

دوای ئەوە هەندێکی تر لە چالاکوانانی سیاسی ژن کە لە مانگەکانی ڕابردوودا زیندانی کرابوون، ئەوەیان ئاشکرا کرد کە هەمان شتیان لەبارەی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕاگەیاندنەکاندا بڵاوکردەوە. لەنێو ئەو هەموو گێڕانەوانەدا چەند بابەتێکی هاوبەش بوونی هەبوو. ئەویش توندوتیژی ڕەگەزی، سوکایەتی، پشکنینی جەستەیی، فیلم و وێنەگرتن جەستەی ڕووتی ژنانی زیندانی.


مژگان کشاوەرز

**کۆماری ئیسلامی چی لە جەستەی ژنان دەوێت؟**

تا ساتی نووسینی ئەم یاداشتە، نزیکەی ٢٥ جەستە لە ژنانی چالاکوان کۆمەڵایەتی کە لە ساڵ و مانگەکانی ڕابردوودا لە زیندان و ڕاگیرتنەکاندا بوون. لە توندوتیژی سێکسی ڕووت لە زیندانە جۆراوجۆرەکانی ئێران دژی ژنان

بڵاویـان کردووەتـەوە. دوای ئاشـکراکردنەکانی بزووتنـەوەی) مـی تو–منیش)ی ئێرانـی، ئەم زنجیرە ئاشـکراکردنانە یەکەمین جـار بـە شـێوەیەک بڵاوکرانـەوە، کـە حکومەتـی ئێـران وەک دەسـەڵاتی پیاوانـە و دژە ژن) لەمـاوەی سـاڵانی ڕابـردوودا بـەردەوام هەوڵیـداوە بـە هەڕەشـە و تۆقاندنـی توندوتیـژی سێکسـی دژی ژنـان بشـارێتەوە. سـەرەڕای ئـەوەش ئـەو ژنانـەی چیتـر هیـچ ترسـێکیان نییـە، دەسـتیان بـە ئاشـکراکردن و بڵاوکردنـەوەی بەرفـراوان کـردووە سـەبارەت بـەوەی لـە زینداندا ڕوو دەدات. لێـرەدا ئـەو پرسـیارە دێتـە ئاراوە کـە بەڕاسـتی حکومەتـی ئێـران چـی لـە جەسـتەی ژنـان دەوێـت؟

جورجیـو ئاگامیـن فەیلەسـوف و نووسـەری هاوچەرخـی ئیتاڵیایـی بـە پێشکەشـکردنی چەمکی)هوموسـاکەر) باسـی پێکهاتـەی جـۆری مـرۆڤ لە کۆمەڵگە تاکڕەوەکاندا (تۆتالیتەر) دەکات: مرۆڤێـک کـە ئەگـەری قوربانیکردنـی هەیـە، بەواتـا کەسـێک لەپێنـاو قوربانیکردنـی سـزا نادرێـت، بەوشـێوەی کە(ئاگامیـن) باسـی دەکات دەڵێت: ‹کاتێک پەیوەندی مـەودای سیاسـی کۆمەڵگەیـەک لەگـەڵ خەڵکـی ئـەو کۆمەڵگەیـە دەپچڕێـت، ڕەهەندێـک بەناونیشـانی(ئاوێتەی فەرمـی) شـێوە دەگرێـت. ڕەهەندێـک بەوپێیـەی کـە تـاک ئەندامـی کۆمەڵگەیەکـە کـە ملکەچـی یاسـایە، بـەڵام یاسـا بەرگـری لێنـاکات. بـە واتایەکـی تـر تاکـی ئـەو کۆمەڵگەیـە، دەبێـت لەبەرامبـەر یاسـاکانی کۆمەڵگـە بەرپرسـیار و وەڵامـدەرەوە بێـت و پشتگوێخسـتنی هـەر یاسـایەک سـزای خـۆی هەیـە. سـەرەڕای ئـەوەش یاسـا و حکومەتـی ئـەم کۆمەڵگەیـە، هیـچ بەرپرسـیاریەتیەک بـۆ پارێـزگاری و بەرگریکـردن لـە مافـی

تاکـی ئـەو کۆمەڵگەیـە لەئەسـتۆ ناگرێـت. لـە کۆمەڵگەیەکـی وادا مـرۆڤ دەبێتـە قوربانـی و گیانـی ئـەو، هیـچ بەهایەکـی نییـە. ئـەو فشـارەی حکومـەت لەبەرامبـەر جەسـتەی ژنانـی ئێـران بـەکاری دەهێنێـت، دەقـاودەق ڕەگ و ڕیشـەی لـەم بابەتـەدا داکوتـاوە کـە حکومـەت لەڕێـی خۆسـەپاندنەوە ئـەو یاسـایانەی لەگیرفانـی خۆیـەوە دەریاندەهێنـێ، دژی ژنـان و کۆمەڵگـە بـەکار دەهێنێـت تـا لـەوان کەسـانێکی گوێڕایـەڵ بەرهـەم بهێنێـت. دەسـتدرێژیەکی ئـاوا نموونەیەکـی ئـەم جۆرە گوتـارە هێژگەرایانەیـە کـە لـە جەسـتەی ژنـان بەناونیشـانی جەسـتەیەکی لاواز و شـایەنی دەسـتدرێژی بەرهـەم دەهێنێـت.

حکومەتـی ئێـران لـە سـێ بـواری جیـاوازدا فشـار دەخاتـە سـەر جەسـتە و ناسـنامەی ژنـان. لـە بـواری تایبەتـدا، دەسـتوەردەداتە لاوەکیتریـن بابەتەکانـی ژیانـی ژنـان، بـۆ نموونـە ژیانـی هاوسـەریی، منداڵهێنـان، پەیوەنـدی زایەنـدی و لەباربردنـی منداڵ. لەبـوارە گشـتیەکانیشـدا بەواتـا لەشـەقام، زانکۆ و شـوێنی کارکردن و هەموو شـوێنە گشـتیەکان، فشـار دەخەنـە سـەر ژنـان کـە ڕەچـاوی سـەرپۆش لەسـەر کردبـن و لـەڕادە بـەدەر پێـی ژنـان گۆڕەپـان و بـوارە گشـتیەکاندا کـورت دەکاتـەوە. حکومـەت هەمـوو ڕۆژێـک لەڕابـردوو زیاتـر سـنووردارگەلێکی نـوێ بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ئامادەبوونـی ژنـان لـە گۆڕەپانـە کۆمەڵایەتییـەکان بەرهـەم دەهێنێـت. ئـەو ژنانـە کەمتریـن نارەزایـی یـان سـەرپێچی لەبەرامبـەر ئـەم یاسـا نایاسـاییەکان نیشـان دەدەن، لەلایـەن دەسـەڵاتەوە سـزا دەدرێـن. ژنێـک بەناونیشـانی گومانلێکـراو یـان تۆمەتبـار پەلکێشـی دادگا دەکرێـت، لەلایـەن یاسـا و

دەسـەڵاتەوە پارێزگار و بەرگری لێ ناکرێت. بـەڵام دەبێت وەڵامـدەرەوە بێـت بۆنموونـە ژنێـک کـە خـۆی قوربانـی دەسـتدرێژی سێکسـی بـووە[٤٥]. دەبێـت لـە سـەرەتادا بـۆ دەزگای دادوەری بسـەلمێنێ کـە ‹ لەشـفرۆش› نییـە و خـۆی نەبووەتـە هـۆی ‹ وروژانـی ڕەگـەزی› بەرامبـەر. ژنێـک کـە بەناونیشـانی خۆپیشـاندەری سەرشـەقامەکان یـان چالاکوانـی کرێکاریـی، لەزیندانـدا ڕادەگیرێـت. ڕووبـەڕووی دڕندانەتریـن توندوتیژیـەکان دەبێتـەوە کـە زۆربەیـان توندوتیژی سێکسـین. دەزگا دادوەریەکانی دەوڵـەت، لـە قۆناغـی جیاوازی پرۆسـەی دادوەریـدا، لەڕاگرتنـەوە تـا لێپێچینـەوە و زیندانیکـردن، سـوود لەجۆرەهـا توندوتیـژی لـە دژی ژنـان، وەردەگـرن. هـەر وەک چۆن لەئاشـکراکردنەکانی (سـپیدە قلیـان) چالاکوانی کرێکاریدا دەیبینیـن، ئـەو بەڕوونـی ئامـاژە بـە توندوتیژیـە سێکسـیەکانی زینـدان دەکات. لـە ڤیدیۆیـەک کـە قلیـان لـە زیندانـی بوشـەهر دەیخاتـە ڕوو، ژنێـک کـە بەهـۆی خۆشـۆردنەوە بـێ مۆڵـەت وەرگرتـن لـە سـەرۆکی زینـدان سـزا دراوە و لەبەرامبـەر زیندانیەکانـی تـردا ڕووبـەڕووی توندوتیـژی سێکسـی بووەتـەوە، پاسـەوانی زینـدان ڕووتـی دەکاتـەوە و جەسـتەی ڕووتـی لەبەرامبـەر ئەوانـی تـردا بـە ئـاو دەشـۆرن، ژنانـی تریـش دەبێت بینـەری ئـەم دیمەنانـە بن و هوهـای لێ بکـەن. لەکاتێکدا گـەر ژنێکی زیندانـی ئامـادە نەبێت تەماشـای ئـەم جۆرە دیمەنانـە بکات، ئەویش بەهەمـان شـێوە سـزا دەدرێت. دەسـەڵاتی پیاوانـە و دژە ژنـی ئێران لەڕێـی توندوتیـژی دژی جەسـتەی ژنانـەوە، لـە هەوڵـی دەسـتەمۆکردنی ئـەم ڕەگـەزە سەرکێشـە یـان نەخوازراوەدایـە.

ڕۆژنامـەوان، نووســەر و فێمینســتی ئەمەریکـی ســوزان براون مایلـەر لـەو بارەیەوە دەڵێت:(دەسـتدرێژی بەناونیشـانی جۆرێـک لـە توندوتیـژی پیاوانـە، بەهەمـوو شـێوەکانیەوە بەپلـەی یەکـەم کارێکـی سیاسـیە. بەئاگاداربـوون لـەو پانتاییـە کۆمەڵایەتیـەی تێیـدا دەژین. ئەو بنەمایانەی پیـاوان لەڕێیانەوە بەسـەر ژنـدا زاڵ دەبـن بەباشـی خۆیـان تێدا جێگیـر کـردووە. کاری دەسـتدرێژی بـە گوتـەی بـراون مایلـەر داگیرکاریـی و دەستبەسـەراگرتنی سیاسـی تیـادا بەرجەسـتە دەبێـت کـە هـەر لەمێـژەوە پەسـەند کـراوە.

بـراون میلـەر کـە کەسـی دەسـتدرێژیکەر لەکاتـی دەسـتدرێژیکردنی بۆسـەر ژنێـک، بـوون و خـودی کەسـەکە کـەم دەکاتـەوە و نکوڵـی لـێ دەکات و لـەم ڕێیەشـەوە بـوون و ئاسـتی خـود و پێگـەی خـۆی بـەرز دەکاتـەوە، بۆیـە کردەوەی دەسـتدرێژی دەگۆڕدرێـت بـە دەنگدانـەوە و سـەپاندنی پێکهاتەیەکـی کۆمەڵایەتـی کـە تاکـی ژن و بوونـەوەی بـە تـەواوی دانەپێنەنـراوە[٤٦].

توندوتیـژی سـێکسـی دژی ژنـان شـتێکی هاوشـێوەی مشـتەکۆڵە وەشـاندن لەڕووخسـاری ژن نییـە، چونکـە ئەندامی زاوزێـی ئێمـە زۆر ئاوێتـەی واتـا کۆمەڵایەتییـەکان بـووە. وینفـرد ودهـال ئامـاژە بـەم بابەتـە دەدات و دەڵێت:(ئەگـەر بمانەوێـت بـە شـێوەیەکی ڕاسـتگۆیانە ڕووبـەڕووی دەسـتدرێژی ببینـەوە، دەبێـت ڕوونـی بکەینـەوە کـە چـۆن ئەندامـی زاوزێـوەک شـوێنی بەتاڵبوونـەوە و برینداربـوون و لاوازیـە، ئەندامـی نێرینـەش وەک چەکێـک و تێخسـتن

وەک دەسـتدرێژی هێمائامێـز ئەزمـوون دەکرێـت.) هەندێـک لـە ژنانـی بیرمەنـدی فێمینیسـت، تێڕوانینـی ودهـال، بەبەڵگـە دەهێننـەوە کە دەسـتدرێژی شـێوازێکی سـەرەکیە بۆ ڕاپەڕینی کۆمەڵایەتـی دژی جەسـتەی ژنـان[٤٧].

حکومەتـی ئێـران لەڕێـی لێشـاوێکی بەرفراوانـی توندوتیـژی سێکسـی لـە پشـکنینی جەسـتەی ڕووتـەوە بگـرە تـا دەسـتدرێژی لـە زینـدان یـان هاندانـی زیندانیانـی ژن بـۆ لەشفرۆشـی، لـە ڕاسـتیدا دەخرێتـە دۆخی(کۆمەڵایەتیکرن)ەوە. بـەو پێیـە، جەسـتەی ژن دەگۆڕێت بـە جەسـتەیەکی گوێڕایـەڵ و ماڵیکـراو، ئـارەزووی سەرکێشـی و سـەرپێچی لـەودا نییـە، جەسـتەیەک کـە لاواز و تێکشـکاو بێـت، ئـەوا دەبێـت لەماڵـدا بمێنێتـەوە و سـەرقاڵی بەرپرسـیارێتی نەریتـی ژنانـەی خـۆی بێت، وەک هاوسـەردارێک، خزمەتـی بێ بەرامبـەری پیاوان و منداڵخسـتنەوە بێـت.

لەلایەکیتـرەوە جۆرێکـی تـری دەسـتدرێژی سێکسـی لـە زیندانەکانـی ئێرانـدا هەیـە کـە کەمتـر قسـەی لەسـەر کـراوە و ئەویـش حـەزی کـەس و نەخۆشئاسـای ئەنجامدەرانـی ئـەم توندوتیـژی سێکسـیەیە. زۆرێـک لـە ژنـە زیندانیـە ئازادکراوەکانـی دەیـەی ١٩٨٠ کـە توانیویانـە لـە پەتـی سـێدارە ڕزگاریـان ببێـت، باسـی ئـەو کەسـانە دەکـەن کـە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکەن کە بە ڕوونی حەزی سێکسـی نەخۆشئاسایان هەیە. ئەم جۆرە کەسانە بە ئاسانی لەلایەن حکومەتی ئێران وەک لێکۆڵەر، لێپێچینـەوە، داوەر، سـەرۆکی زینـدان و هتـد... سـوودیان لـێ وەردەگـرن.

شـهرنوش پارسـی پـور نووسـەری ئێرانـی کـە لـە هاوینـی ١٩٨١ زیـاد لـە چـوار سـاڵ و حـەوت مانـگ ژیانـی لـە زینداندا بەسـەربرد، لـە پەرتووکێکـی یـادەوەری زینـدان بـاس لـە کەسـێک بەنـاوی)داود ڕەحمانـی) دەکات. داود ڕەحمانـی ناسـراو بـە حاجـی داود، لەدایکبـووی ١٣٢٤ لـە شـەقامی شـهباز (حەڤدەی شـەهریوە) لـە ڕۆژهەڵاتـی تـاران. ئـەو، کـە لەهەمـان شـوێنی زێدی خـۆی سـەرقاڵی پیشـەی ئاسنگەری بـووە، دوای شـۆڕش چـووە نـاو کۆمیتـەی ئینقلاب و لەڕێـی ئاشـنایی لەگەڵ)لاجـوردی) دادوەری تـاران لـەو سـەردەمەدا، کـرا بـە سـەرۆکی زینڈانـی قـزل حەسـار.

سـەردەمی سـەرۆکایەتی حاجـی داود لـە زینڈانـی قـزل حەسـار بـە سـەردەمی تۆقێنـەر بەناوبانگـە. حـاج داود ڕەحمانی کـە لەنێوان هاوینی ١٣٦٠ تـا مانگی تیری ١٣٦٣ بـە بڕیـاری ئەسـەدوڵڵا لاجـوردی، بـوو بـە سـەرۆکی ڕێکخـراوی زیندانەکانـی تـاران و سـەرۆکی زیندانـی قـزل حەسـار و دەسـەڵاتی ڕەهـای لـە ئەشـکەنجەدانی زیندانیـە سیاسـییەکاندا هەبووە. شـێوازگەلێکی جۆراوجۆری بۆ ئەشـکەنجەی زیندانیان بەکارهێنـاوە کـە هەندێـک لەوانـە (وەک گـۆڕەکان و دەزگاکان) لەشـێوە و جێبەجێکردنیـان شـێوازێکی تایبـەت بەخـۆی هەبـوو.

لـە دیدی حاجی داود ڕەحمانیـەوە جێی بـاوەڕ نەبـوو کـە ژنێـک بـە بەڵگـەی ناسـێکسـی و هەڵگـری بیـر و پەیبردنێکـی ئـازاد بەشـداری تێکۆشـان و چالاکـی سیاسـی بکات. حاجـی داود هەسـتیاریەکی تایبەتـی لەبـارەی گفتوگۆکـردن لەگـەڵ ژنانـدا هەبـوو، بەتایبـەت بـۆ ئـەو زۆر گرنـگ بـوو کـە ژنـان

دانپیانـان بکـەن کـە لەگـەڵ پیاوانـی نـاو ڕێکخسـتنەکانیان پەیوەنـدی سێکسـیان هەبـووە. بـە گەواهی)تەهمینـە پـگاە) یەکێک لـە گوندنشـینەکانی کوردسـتان دوای ئەشـکەنجەدانی لەگـۆڕدا ناچـاری کـرد لـە لێدوانەکانیـدا ڕایگەیەنێـت کـە هەمیشـە حبـی مەنـع لـە بارەگاکانـی کۆمەڵـەدا هەبـووە. یـان لـە گەواهیەکی(مـژدە ئەرسـی) حاجـی داود جارێکیـان کچێک کـە شوشـەی هۆڵەکـەی پاکردووەتـەوە و ئەودیـو شوشـەکە کۆمەڵێـک پیـاو ڕاوەسـتابوون، بانگـی دەکات و دارکاریەکـی باشـی دەکات، چونکـە لـەو بـاوەڕەدا بـووە ئـەو، بـۆ ئـەو مەبەسـتە ئەو شوشـەیەی پاک کردووەتەوە تا سینەی پیشانی پیاوانـی ئـەو دیـو شوشـەکە بدات. لـە گەواهی(پەروانـە) دا ئـەو زۆرجـار ژنانـی بـە هـۆی پیکەنینیانـەوە سـزا داوە و بەکێبـڵ و سـۆندە و تێـڵ لێـی داون. چونکـە لـەو بـاوەڕەدا بـووە کـە ئـەوان بۆ(وروژانـی حـەزی ئاژەڵـی) پاسـدارەکان کـە پیـاون، پێکەنیون. حاجـی داود سـوکایەتی بـە ژنـان دەکـرد و ئەوانـی) زیـاوەی پیـاوان) لەقەڵـەم دەدا و لـە تـەواوی لێدوانەکانـدا ئەوانـی ناچـار کـردووە دانپیانـان بکـەن کـە بـە مەبەسـتیکاری خـراپ بەشـداری چالاکییـە سیاسـیەکان بـوون.

یەکێـک لـەو ئەشـکەنجانەی کـە لـە زیندانـی قـزل حەسـار بـاو بـووە، لێدانـی لـە کۆئەندامـی زاوزێـی ژنـان بـووە. حاجی داود کـە ژنـە زیندانیـەکان ئەویـان بـە پیاوێکـی کەتـە و دەسـت و پـێ زڵ پێناسـە کـردووە، خـودی خـۆی بەتایبـەت و بـە شـێوەیەکی گشـتی لەگـەڵ کارمەندانـی زیندانـی قـزل حەسـار ئەشـکەنجە و ئازارگەلێکـی تـر بـۆ نموونـە جنێـودان، بەلێـدان داویەتـی لـە ئەندامـی زاوزێـی ژنانـی زیندانـی.

حاجی داود تەنیا یەکێکە لە دەیان نموونە کەسانێک کە حکومەتی ئێران بۆ هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکی دژی ژنان دەستی کردوونەتەوە. ئەم کەسانە بێ ئەوەی هیچ ترسێکیان لە سزادان هەبێت، جۆرە توندوتیژی دژی ژنانیان ئەنجام داوە. سەرەڕای ئەوەش هیچ کاتێک لەبەرامبەر یاسادا وەڵامدەرەوە نەبوون. لە هەندێک بابەتدا دوای مەرگیان وەک شەهیدێک ناویان هێناون. بەو شێوەیە حکومەتی ئێران، بۆ سەپاندنی ئەو ڕۆڵەی لە چوارچێوەی زهنیەتی ڕەگەزگەراییانەدا بۆ ژیانیان دیاری کردووە، سوودیان لەکەسانێک وەرگرتووە کە ئارەزوویەکی تێرنەبوویان لە ئازاردانی ژنان هەیە.

ئەم بابەتە لە سەردەمی بزووتنەوەی ژینادا چەندجارێک بنیراوە. هێزە ئاسایشە چەکدارەکان کە لە شەقامەکاندا سەرقاڵی سەرکوتکردنی خەڵکی بوون، زۆرجار لەبەرامبەر خەڵکانی تر و کامێراکان تاوانی توندوتیژی سێکسیان دژی ژنان ئەنجام داوە و دەزگا حکومیەکان لەوەڵامدانەوەی دەستدرێژیەکاندا، ژنانی تاوانبار کردووە. گوتەبێژ و نوێنەرانی حکومەت بە سوکایەتیەوە باسی ئارەزووی ژنانی ناڕازی بۆ (خۆ ڕووتکردنەوە لە شەقامەکاندا) باسیان کردووە و ڕایانگەیاندووە لەوەیکە ژنانی ناڕازی حەزیان لە خۆ ڕووتکردنەوە و پەیوەندی سێکسی ئازادە، مافی خۆیانە دەستدرێژی سێکسیان بکرێتە سەر[٤٨].

## بەرخودانی ژنان لە زیندانەکاندا

مێژووی بەرخودانی ژنان لە ئێراندا، مێژوویەکی لێوانلێو لە بەرخودانە. ژنان هەموو هێز و توانایەکی خۆیان بۆ بەرخودان دژی پێکهاتەی دژە ژن وەرگرتووە. ئەم بەرخودانە کۆمەڵێک چالاکی بەرفراوان لە زیندان و ڕاگرتنەکان گرتەوە. یەکێک لە سەرەکیترین شێوەکانی بەرخودان لەبەرامبەر توندوتیژی سێکسی و دەستدرێژیەکانە لەزیندانیەکانی ئێراندا. ئاگابەخش و ئاشکراکەری پێکهاتەی شاراوەی سیستەمی دادوەری دەستدرێژیکەری ئێرانی پیشان دەدات. ژنگەلێکی وەک(شەهرنوس پارسی پور[٤٩]) بەنووسینی پەرتووکێک لەسەر توندوتیژیە سێکسیەکان دژی ژنان لەساڵەکانی دەیەی ١٩٨٠ زۆرێک لەو نهێنیە شاراوانەیان هەڵماڵی. زیندانیانی سیاسی کە توانیبویان لە پەتی سێدارە هەڵبێن، دەستیان بە هەڵماڵینی نهێنگەلێکی بەرفراوان کرد سەبارەت بە دەستدرێژیکردنە ئەو زیندانیانەی کە فەرمانی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو بوو و پێش لەسێدارەدانیان دەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر.

لە مانگی تیری ساڵی ١٣٦٢(ئالهە دکنما) و دەیان ژنی لاوی تر کە هەموویان بە تاوانی لایەنگرانی ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵک لە ساڵی ١٣٦٠ دەستگیر کرابوون، ڕەوانەی ژووری سێدارە کران،(ئالهە دکنما) لەسەردەمی دەستگیرکردنیدا خوێندکاری ئامادەیی بوو. لەسەر بنەمای گەواهی باوکی (ئیلاهە). ئیلاهە پێش لەسێدارەدانی لەسەر جلەکانی خۆی نووسیبوی کە دەستدرێژی کراوەتە

سەر. ئەم جۆرە بەرخودانە شایستەی ستایشکردنە. حکومەتی ئێران هەر لەکۆنەوە تا ئێستا شەرمەزارانە، هەوڵی شاردنەوی توندوتیژیە سێکسیەکانی خۆی دژی ژنانی لە زیندانیەکانی ئێران بووە. وێڕای ئەوەش، ژنان لەجێی ئەوەی شەرم بکەن، ئەوەی لەتوانایاندا بووە، هەوڵی ئاشکراکردنی ڕووخساری شاراوە و دژە ژنیان داوە. بەرخودانێک کە لەدواییدا ژنانی وەک(سپیدە قلیان) و زیندانیەکانی تر لەساڵەکانی دواییدا بوێریان نواند و سەبارەت بەوەی لەزیندانە ترسناکەکانی کۆماری ئیسلامی دەگوزەرێت، ئاشکرا بکەن[٥٠].

حکومەتی ئێران لەماوەی ٤٣ ساڵ ڕابردوودا هەموو هەوڵێکی خۆی دا بۆ شکستپێهێنانی ئیرادەی ژنان. سەرەڕای ئەوەش ژنانی ئێران هەموو ڕۆژێک لەجاران زیاتر لە هەوڵدابوون ئەو سنوورانە ببەزێنن کە بۆیان دیاری کراوە. ئەوانەی لە زیندانەکاندا ڕووبەڕووی توندوتیژی سێکسی بوونەتەوە، دوای ئازادبوونیان بەهەوڵ و تەقەلای خۆیان بەردەوامیان داوە بە ژیانی ڕۆژانەیان. ئەگەر چی حکومەتی ئێران لە هەوڵدا بووە ژن بکاتە بوونەوەرێکی لاواز و ملکەچ، سەرەڕای ئەوەش ژنرۆڵی قوربانی پەسەند نەکرد و لە زۆر بواری تردا گەشەی بەخۆی دا. بە درککردن لەوەی کە حکومەتی ئێران، بە پەنابردن بۆ جۆرەها توندوتیژی دژی ژنان، لە هەوڵی ئەوەدا بووە کارایی ژن تێک بشکێنێت. وا دێتە بەرچاو بگرە هەناسەدان و زیندوومانەوە لەپێکهاتەیەکی ئاوا بۆگەندا خۆی لە خۆی دا جۆرێکە لە بەرخودان.

# چەپی ئێران و شۆڕشی(ژن، ژیان، ئازادی):

# ڕۆڵگێڕە نەبینراوەکان

مهتاب محبوب

**(خەڵکی وڵاتێک دەکرێت چاوەڕێی چی بکەن؟
خۆشگوزەرانی.. خۆشگوزەرانی.. خۆشگوزەرانی..،
هیچ شتێکی دیکە نا)**

ئـەم گوتانە(سـارینا ئیسـماعیلزادە) لـە ڤیدیۆیەکدا کـە لەیوتیوبدایـە تێیدا بـاس لـە نیگەرانیـەکان، ئـارەزوو و شـادی لاوانـی ئێرانـی و هەروەهـا لەدەسـتدانی ئـازادی و مافـی ژنـان دەکات. ئـەم خوێنـدکارە ١٦سـاڵانە لـە خۆپیشـاندەکانی ڕۆژی سـێیەمی شـەرهریوەر١٤٠١ (٢٠٢٢/١٠/٢٣) لـە کـەرەج بەهـۆی لێـدان و ئەشـکەنجەی هێـزە ئەمنیـەکان زیـان بـەر سـەری دەکەوێـت و گیانـی لەدەسـت دا.

شۆڕشی) ژن، ژیان، ئازادی)کە دۆخی هەنووکەیی لە هەموو لایەکـەوە هـەر لـە سەرپۆشـی زۆرەملێیـی تـا چەوسـانەوەی نەتەوەیـی دەخاتـە ژێـر پرسـیارەوە، سیاسـەت و کۆمەڵگـەی ئێرانـی لـە ڕیشـەوە هێناوەتـە لـەرزە. دوای بڵاوبوونـەوەی هەواڵـی گیـان لەدەسـت دانی(ژینـا) خۆپیشـاندان لەلایـەن چالاکوانانی مافی ژنـان لەبەرامبـەر نەخۆشخانەی)کسـری) لـە تـاران دەسـتی پێکـرد. مەراسیمی بەخـاک سـپاردنی تەرمەکـەی لـە شاری(سـەقز) بـە لابردنـی سـەرپۆش و دروشـمی(ژن، ژیان، ئـازادی) وتنـەوە، گەشـتە دوا ترۆپکـی خـۆی. دروشـمێک کـە دوای ماوەیەکی کورت بـە زمانـی فارسـی و هەمیش بەکوردی لەسەرتاسـەری ئێـران دەنگـی دایـەوە و تـا مانگەکانـی دوایـی هـەر لـە دەنـگ دانـەوەی بـەردەوام بـوو.

شـوێن و سـەرهەڵدان و پێشـینەی ئـەم دروشـمە گەیشـتە دەسـتی هەموو کەسـێک و بۆ زاڵبوون بەسـەر ئەم دروشـمەدا هێـزە سیاسـیەکان هـەر لـە دەسـەڵاتخواز تا چەپـە ڕادیکاڵەکان خۆیـان ئەرکدارکـرد کـە ڕووبـەڕووی ئـەم جەمسـەرەی شـۆڕش ببنـەوە. ئـەم دروشـمە ڕەگ و ڕیشـەی لـە فێرگەکانـی پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان (پەکەکـە) سـەرچاوە دەگرێـت. پارتێکـی چـەپ کـە لـە دەیـەی ١٩٧٠ لـە تورکیـا سـەریهەڵدا و ژنانـی هانـدا بێنـە ڕیزەکانیانـەوە. بۆچـی؟ چونکـە لەو بـاوەڕەدا بوون(ئـازادی کوردسـتان بێ ئـازادی ژن ئەسـتەمە).

چینی چەپی ئێـران پێشـینەیەکی درێژخایەنـی هەیـە لـەوەی هیـچ گرنگیـەک نـەدات بـە ئـازادی ژنـان. بەهەمـان شـێوە لەبەرچـاو نەگرتنـی بابەتـی نەتەوەیـی لەبەرژەوەندی)جەنگـە

چینایەتیەکان)دایە. ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ وێنەکێشانی ڕەوتی هەناوی چەپەکانی ئێران لەفراوانترین واتایدا. سەبارەت بەوەی پەیوەست بە بزووتنەوەی شۆرشی ئەم دواییە کە دوای ئەوەی دەسەڵات تاوانێکی ئەنجام دا لە پێکەوە بەستنەوەی ڕەگەز و نەتەوە/لەڕووی نەتەوەییەوە چەکەرەی کرد. بەخستنەڕووی ڕووداوگەلێکی کورت لەبارەی خەباتی چەپی ئێران لە سەردەمی شۆڕشی ١٣٥٧ (١٩٧٩ ز) لە چوارچێوەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی -ئابوورییەکان و گۆڕینی گوتار لە ئێراندا، مەبەستم ئەوەیە باس لەو پاڵنەرانە بکەم کە لە گێڕانەوە نەریتیەکانی چەپ ونە و ڕۆڵێکی زۆر بەهێزیان هەیە لە شۆڕشی(ژن، ژیان، ئازادی)دا. لێرەدا بەتایبەت جەخت لەسەر چالاکوانان و بزووتنەوەکانی ناو وڵات دەکەمەوە. سەرەڕای ئامادەبوونی فرەڕەنگی ڕێکخراوەکان، حیزب و خواستەکانی چەپ لە هاندەران کە تا ڕادەیەک بە جێگیربوونی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەیەی ١٩٨٠ ناچاربوون دوور بخرێنەوە. توێژینەوەی کاریگەری ئەوان لەسەر ناڕەزاییەکان، بزووتنەوەکان و ڕێکخراوە ناوخۆی وڵات ئەستەمە، ئەم کارە بە ئەنقەست بەهۆی سزادانی هەر شێوە پەیوەستبوون و پەیوەندیەک لەنێوان چالاکوانانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات لەلایەن ڕژێمەوە کە کەسانی پەیوەندیان لەگەڵ چالاکوانانی دەرەوەدا هەبێت، بە سیخوڕ تاوانبار دەکرێن. سزایەک کە دەتوانێت سزای لەسێدارەدانی بەدواوە بێت.

## چەپی ئێران و شکست، لەدوای شۆڕشی ١٣٥٧ (١٩٧٩ز)

لەساڵەکانی کۆتایی شۆڕشی ١٣٥٧ (١٩٧٩ز)، چەپی ئێران سەرەڕای سەرکوتکردنی بەردەوام، دەستگیری و کوشتنی ڕابەرانیان لەلایەن دەزگای بەدناوی ئیتلاعات و ئاسایشی وڵات (ساواک) ەوە، هێزێکی مەزن لەنێوان ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێمی پەهلەوی بوو و بەتایبەت لەنێوان چینی خوێندەوارانی نوێخواز(مۆدێرن) و ناوەندی ئەو سەردەمە لایەنگرانێکی زۆریان هەبوو. یان بوونی هەمەڕەنگی لە خواست و ستراتیژییە ئایدیۆلۆژیەکان، دەتوانرێ چەپەکان لەسەر بنەمای جۆری تێڕوانینیان بە دەسەڵات و هێزی دەوڵەت لە کاتی دەرکەوتنی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ (١٩٧٩ز)، بەلایەنی کەم دابەش بکرێت بە دوو گرووپەوە. لە لایەک، حیزبی توده (حزبی کۆمۆنیستی ئێران) بە جەمسەرگیری بۆ یەکێتی سۆڤیەت (ڕوسیای ئەو کات) و زۆرینەی فیداییەکانی خەڵک دا بوو. چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێرانلە ساڵی ١٣٤٩ (١٩٧٠ ز) دامەزرا کە لەسەردەمی دەسەڵاتی پەهلەوی وەک ڕێکخراوێکی نهێنی چەپ پێشڕەو بوو. ئامانجی چەکداری خۆیان وەلا نا و ناوی خۆیان بۆ (ڕێکخراوی فیدایی خەڵک) گۆڕی. ئەم ڕێکخراوە خێرا بوون بە دوو بەشەوە. یەکێکیان ڕێکخراوی (کەمینە) ی ڕادیکاڵ و یەکێکی تریان (زۆرینە) ی لایەنگرانی ڕوسیای ئەو کات.(زۆرینە) بەدوای هاوپەیمانێتی لەگەڵ بلۆکە(پێشکەوتووەکان)ی ڕژێمی نوێی ئیسلامیدا دەگەڕان. لە لایەکی ترەوە، فیداییانی کەمینە و چەندین پارتی مارکسیستی بچووکی تر هیوادار بوون بە ڕووخاندنی ڕژێم و بەردەوامبوون لە بەرپاکردنی

شۆڕشێکی سۆسیالیست (کرونین. ٢٠١٣). چەپ، سەرەڕای بەشداریە گەورەکەی لە سەرکەوتنی شۆڕشدا و هاوکاری هەندێک گرووپ لەگەڵ ڕژێمی نوێی ئیسلامی، نەک تەنها هیچ بەشێکی لە دەسەڵاتی سیاسی بەرنەکەوت، بەڵکو تووشی شکست، پاشەکشە و پاکتاوکردن بوو. سەرەڕای سەرکوتکردنی بەردەوام لەلایەن ڕژێمەوە و هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت، کە نیشاندەری شکستی پرۆژەی بەلشەویک و دەرکەوتنی جیهانی نیولیبرالیزمە. شکستی چەپ بەوە پەیوەست دەکرێت کە نەیتوانی بەرگری لە ئازادییەکان و دیموکراتیزەبوون، مافی ژنان و کەمینەکانی تر لەبەرامبەر هێرشی ئیسلامگەراکاندا بکات. چەپ ئەم مافەی بە ئایدیۆلۆژی)خۆرئاوا) و(داگیرکەران) یان(بۆرژوازیەکان) ەوە پەیوەست کردووە و بەو بیانووەشەوە بەرگری لێ نەکردوون (کرونین٢٠١٣/٦). ئەم میراتە کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی چەپ بۆ چەندین دەیە بەجێهێشت. گوتاری چەپ سەبارەت بە دژە-ئیمپریالیزم، یەکسانی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، نەهێشتنی هەژاری و ئەرکی دووبارە دابەشکردنەوەی دەوڵەتی(پشتبەستوو بە داهاتی نەوت) لە ماوەی شەڕی ئێران-عێراقدا (١٩٨٠-٨٨) بەردەوام بوو. لەگەڵ ملیتاریزەکردنی ژیانی ڕۆژانە، هەموو چالاکییەکی سیاسی قەدەغە کرا و ئەم قۆناغە بە لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی نهێنی نزیکەی ٥٠٠٠ زیندانی سیاسی چەپی سیکۆلار و موسڵمان کۆتایی هات (شەهروز١٣٨٥). دوای جەنگ، دەوڵەتی ئێران کە خۆی لە کەشوهەوای ڕێکخستنەوەی نیولیبراڵی جیهانیدا دۆزییەوە، گۆڕانکارییەکی دامەزراوەیی

بەرچاوی بەخۆیەوە بینی کە تایبەتیکردن، نارێکخستن، دیسپلینی دارایی و کەمکردنەوەی گومرگی لەخۆ دەگرت، بە مەبەستی زیندووکردنەوەی سەرمایەی نیشتمانی و جێگیرکردن/دووبارە جێبەجێکردنی سیستەمی چینایەتیبوو. کێبڕکێی نێوان دوو فراکسیۆنی نوێی سەرمایە - یەکێکیان خاوەن ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی میانڕەو/لیبراڵ کە دواتر لەلایەن ڕیفۆرمخوازەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرا و ئەوی تریان دەزگا سەربازی-بونیادیەکان کە ئیسلامی(ئینقلاب-شۆڕش)ی پەیڕەو دەکرد - بووە هۆی ڕێکخستنەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی (ولدبیگی٢٠٢٢). هەڵبژاردنی خاتەمی لە ساڵی ١٣٧٦ (١٩٩٧ز)، وەک سیاسەتمەدارێکیڕیفۆرمخواز (اصلاح طلب) بە سەرۆک کۆمار، بۆ یەکەمین جار دوای ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩) هەلێکی سیاسی بۆ گۆڕانکاری و بوژاندنەوەی کۆمەڵگەی شارستانی-بۆ نموونە هێزە چەپڕەوەکان- ڕەخساند.

ڕێکخراوە مەدەنییە ناحکومییەکان کە لە ١٩٩٠کانەوە لە هەموو باشووری جیهانیدا سەریانهەڵدابوو بۆ قەرەبووکردنەوەی کەمبوونەوەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بەهۆی بەرنامەکانی چاکسازی پێکهاتەیی بانکی جیهانی و سندوقی دراو نێودەوڵەتی، لە کۆمەڵگای مەدەنی ئێراندا بە خێرایی زیادیان کرد (صفاری١٣٩٦). سەرەڕای زاڵبوونی ئەم گوتارە دەگمەنە، هێزە چەپگەراکان کە لەسایەی ئەم ڕێکخراوە ناحکومیانەدا بواریان لە چالاکی خۆبەخشانە بۆ ڕەخسابوو، لەبەرەوە لە چوارچێوەی بزووتنەوەی کرێکاری، خوێندکارانی زانکۆ، ژنان و لەدواییشدا لە ڕووداوەکانی

ڕاپەرینی ئـەم دواییـە بەناونیشـانی کۆمیتەگەلێکی ناوچەیـی دەسـتیان بەخۆڕێکخسـتنەوە کردبوو. لێرەدا من بە شێوەیەکی گشـتی ئاماژە بـە گوزارشـی چەپـەکان دەکـەم و ئـەوەی کـە کام هێـز لـەم ڕاپەرینـە و لەدواییـدا لـە شۆڕشـی(ژن، ژیـان، ئـازادی) دا سـەریهەڵدا.

**(چەپی دژە ئیمپریالیست)، (چەپی ئابووریخواز) و واوەتر**

لێـرەدا، بـۆ جیاکردنـەوەی دوو ڕەوتـی سـەرەکی لـە چەپـی ئێرانـدا، سـوودم لـە پێشـنیازی کامـران مەتیـن، تیۆریسـتی پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان وەرگرتـووە بـۆ پۆلێنکـردن لەسـەر تـەوەری چەقـی سـتراتیژی تێکۆشـان:(چەپی دژە-ئیمپریالیسـت) و(چەپـی ئابووریخـواز). یەکەمیـان، بـە پەیڕەوکردنـی نەریتـی پارتـی ستالینیسـتی تـودە، پێشـەنگایەتی بـە دژە-ئیمپریالیزمـی بەنـاوی کۆمـاری ئیسـلامی دەدات، لـە کاتێکدا دووەمیان(خەباتـی دژە-سـەرمایەداری لـە ناوخـۆی ئێـران دەخاتـە ناوەنـد و تـا ڕادەیـەک پرسـی نەتەوەیـی و پرسـی ڕەگـەزی کۆمەڵایەتـی پشـتگوێ دەخـات). لەگـەڵ ئەوەشـدا، هـەردوو ڕەوتەکـە چینـی کرێـکار وەک تاکـە ئەکتەری(هـەر گۆڕانکارییەکـی سیاسـی پێشـکەوتنخوازی ڕادیـکاڵ لـە ئێـران) دەبینـن (مەتیـن٢٠٢٠). چەپـی دژە ئیمپریالیسـت-یا بـەو شـێوەی کـە لـە ئێـران بـەو چەپـە (جەمسـەری بەرخـودان) بانگـی دەکـەن- لەوباوەڕەدایـە هەرشـێوە دژایەتـی و ناڕەزایـی دژی حکومەتـی ئێـران لەلایـەن دەسـەڵاتە ئیمپریالیسـتەکانی خۆرئـاواوە بەتایبـەت ئەمریـکا کـە سـوودی لەڕووخانـی سـوریا و دابەشـیبوونی ئێرانـەوە سەرچاوە

دەگرێت. بۆیە لەلایەکەوە هەر شێوە بەرخودانێک لەلایەن کەمینە نەتەوەییەکانەوە بەناونیشانی هەڕەشە بۆ (یەکپارچەیی خاک) و بەتاوان دژی ئاسایشی نیشتمانی لەقەڵەم دەدرێت. لەلایەکیترەوە هەر جۆرە نارەزاییەک کە بە لاوازکردنی حکومەتی ئێران کۆتایی دێت، دەبێت تا ئەو ڕۆژە ئێران لە فشاری ئیمپریالیست ڕزگاری دەبێت، ڕاوەستێت و لە ئەنجامدا بەهۆیەوە دەزگاکانی ڕژێم و هەرجۆرە ئەگەری گۆڕانێک لە ئێراندا لاواز دەکات. نموونەیەکی ئەم دواییە، چەپەکان کە بە (جەمسەری بەرخودان) بانگیان دەکەن، خۆپیشاندان و نارەزایی ئەنجوومەنی مامۆستایانی ئێران کە بۆ داوای مافی خۆیان و ئازادی مامۆستا چالاکوانە زیندانیەکان ڕژابوونە سەر شەقام، سەرکۆنە و مەحکوم کرد. ئەوانە بە بەرزکردنەوەی دروشمگەلی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی (بەڕووکەش) بگرە دەستیان وەردایە مانگرتن و ئەو خۆپیشاندانەی کە لەلایەن کرێکارانەوە ڕێک خرابوو و هەوڵی بەلاڕێدا بردنی دروشمەکانیان و دزینی بەرخودانی ئازادی کرێکاریان دەدا (وەک سەندیکایکرێکارانی کارگەی نیشکەری حەفت تەپە، ١٣٩٦) (فلاخن٢٠٢١) ئەم چەپانە لەئاستی نێونەتەوەییدا، بە پەیبردنێکی تەواو و نائاسایی ئیمپریالیزم، نە لەبەرامبەر ئیمپریالیستەکانی ڕوسیا و چین و نە لەبەرامبەر دەستوەردانە ناوچەییەکانی ئێران لە عێراق و سوریا و یەمەن، هەڵوێستی هاوشێوەی هەڵویست دژی ئیمپریالیست خۆرئاوایان نیشان نەداوە (ترکمە، ٢٠٢٣). لە شۆڕشی(ژن، ژیان، ئازادی) لەگەڵ زاڵبوونی بابەتی نەتەوەیی، لە زۆر لایەنی ئەم ڕەوتەدا بە ئاشکرا لایەنگری ڕژێمی ئێرانیان کردووە.

بەڵام پۆلێنی(چەپی ئابووریخواز) کە مەتین بەبێ وردەکاری بەکاری هێناوە، ڕەوت و ئەکتەری جیاواز لەخۆ دەگرێت. بەهۆی نیولیبراڵیزەکردن ولە ئەنجامدا نیولیبرالیزم (ئابووری ئازاد) بوون و (کزبوونی بواری پیشەسازی)[٥١]، لە زۆربەی وڵاتانی باشووری جیهانیدا، فیگەری کرێکاری پیشەسازی پیاوی یەخە-شینی پیاو کە هەڵگری ماتەوزەی شۆڕشگێڕی نەریتی بوو، بە درێژایی دەیەکان جێگای خۆی بە چەندین ئەکتەری ڕادیکاڵی جۆراوجۆر دا کە دەنگیان - هەرچەند بە ڕێژەی جیاواز- لە ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕی ژینادا بەرز بووەوە. لێرەدا هەوڵ دەدەم ڕۆشنایی بخەمە سەر هەندێک لەم ئەکتەرانە و ئەوەی کە تا چەند (بە شێوەیەکی سنووردار) کاریگەرییان لەسەر کارنامەی چەپ هەبووە.

وێڕای سیاسەتی دەوڵەت کە لە ڕێی لاوازکردنی هێزی تاک و بەکۆمەڵی کرێکار، بووە هۆی ئەوەی نەهێڵێت چینی کرێکار لە ئێراندا خۆیان ڕێک بخەن، چینی کرێکار و ڕۆشنبیران بەلایەنی کەمی کرانەوە لە گۆڕەپانی سیاسیدا، ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دا تا بتوانن دووبارە خۆیان ڕێک بخەنەوە. بەپێی یاسا، کرێکاران مافی ئەوەیان هەیە یەکێک لە سێ بژاردەی ئەنجومەنی ئیسلامی کار، ئەنجوومەنی جۆری (صنفی) یان نوێنەری کرێکاران هەڵبژێرن. سەرەڕای ئەوەش، بێکاران، کرێکارانی دەستبەکار لە کارگە مەزنەکانی دەوڵەت و کرێکارانی دەستبەکار لە کارگە بچووکەکان مافی دروستکردنی هیچ جۆرە پێکهاتەیەکیان نییە (مالجو، ٦١-٦٧-١٣٩٦). شایەنی باسە کە ئەنجوومەنەکانی کرێکارانی ئیسلامی تەنیاکۆمەڵێک چینی دەسەڵات پێکی دەهێنێ و

بوونی ئەوان هیچ جۆرە چاکسازیەک لە دۆخی ژیانی کرێکاران لەگەڵ خۆیاندا ناهێنن.

سەرەڕای ئەوەش سەرکوتکردنی درندانەی هەرجۆرە ڕێکخستنێکی سەربەخۆ لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، بەهێزبوونەوەی سەندیکاری کرێکارانی کۆمپانیای پاسی ناوخۆی تاران و دەوروبەری لە ساڵی ١٣٨٣ (٢٠٠٤ ز) و بەردەوامی دان بە چالاکیان و مانگرتنی بەرفراوانی سەندیکای کرێکارانی کارگەی(شەکر- نیشکەر هەفت تەپە) لە ساڵی ١٣٩٦ (٢٠١٧) دوو ساتی مێژووییە لە بەرخودانی ڕێکخراو بە ڕابەرایەتی سەندیکای چەپەکان. خاڵی هاوبەشی هەر دوو بزووتنەوە، لە پاڵ ستراتیژییەکانیان، ڕۆڵگێڕێک (ئاکتۆرێک) انێکیان بینی کە پێشتر لەناو چەپەکاندا پشت گوێ خرابوون کە من دەمەوێت لێرەدا لەبارەیانەوە بدوێم.

لەئێستادا سێ کەس لە چالاکوانانی سەندیکای کرێکاران شۆفێرانی پاس (ڕەزا شەهابی، حسن سعیدی و داوود ڕضوی) لە هەلومەرجێکی سەختی زینداندا دەژین. شەهابی و سعیدی سەرەڕای ئەوەش بەتاوانی چالاکی سەندیکاییەکانیان تۆمەتی سیخوڕییان لەسەرە، بەهۆی چاوپێکەوتنی ئاشکرایان لەگەڵ دوو مامۆستای چالاکوانی جۆری فەرەنسایی لە ئایاری ٢٠٢٢ (متولی، ٢٠٢٢) لەبەرچاوی هەمووان، واتە لە شوێنێکی گشتیدا. لەم چاوپێکەوتنەدا وەرگێڕی سەندیکا،(ئانیشا ئەسەدولاهی) ژنە مامۆستای گەنج و خاوەن بڕوانامە و چالاکوانی مافی کرێکاران بەدەم ئەو چالاکوانە کرێکارانەوە بوو. لە چوار

ساڵی ڕابردوودا(ئانیشا) زۆر جار بە هۆی چالاکییەکانی خۆی لە سەر مافی کرێکاران دەستگیر و زیندانی کرا. ئەو لە ڕووداوەکانی شۆڕشی ژینادا بەهۆی دیدار و ڕاگەیاندنی هاودەنگی و هاوسۆزی لەگەڵ خێزانەکانی سەندیکای مامۆستایان، جارێکی تر بە تۆمەتگەلێکی ئاسایی)گردبوونەوە و هاوکاری کردن بۆ ئەنجامدانی تاوان دژی ئاسایش یان ڕێخۆشکەری بۆ ئەنجام دانی کارێکی وا) و(پروپاگەندە دژی دەسەڵات) دەستگیر کرا و بە ٥ ساڵ سزای بەمەرجسزا درا. ئەو یەکێکە لە چالاکوانە داکۆکیکارەکانیکرێکاران کە بە شێوەیەکی فراوان لە بوارەکانی مافی ژنان، دژی سەرمایەداری و مافی کرێکاران دەنووسێت و وەریدەگێڕێت. مانگرتنی کارگەی(نیشکرد هەفت تەپە)ش گرێدراوی ناوی(سپیدە قلیان). ئەو یەکێکە لە چالاکوانانی(دیزەفول) ی پارێزگای(خوزستان) ی باشووری ئێران. سپیدە یەکەم جار لە ساڵی ١٣٩٧ (٢٠١٨ ز) لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا لەکاتی ئامادەکردنی گوزارشتی نارەزایەکاندا دەستگیر دەکرێت و ١٩ ساڵ و نیو سزای زیندانی بەسەردا دەسەپێنرێت کە لە دواییدا بۆ ٥ ساڵ کەم کرایەوە. ئەو کاتێک کە لە شاری ئەهواز زیندانی بوو، سەبارەت بە بارودۆخی تۆقێنەری ژنانی زیندانی نووسی، سپیدە بە تایبەت سەرنجی بۆ ڕەنجی ژنانی عەرەب ڕاکێشا، کۆمەڵگەیەک کە دەنگیان لە ناو هەموو بزووتنەوەی ئازادیخوازی ژنوشیاری-فێمینیست[٥٢] یان سیاسی ون بوو.(سپیدە) بەهۆی ڕووکاری دەرەوەی لەتەنیشت کار و چالاکییەکانی تریدا، گۆڕا بە کەسایەتیەکی جێی پرسیار. ئەو سەرەڕای ئەوەی

لەخێزانێکی نەریتی و شارێک کە بەهاکانی ئازادیخوازی بەسەریدا زاڵ نییە، گەورە بووە. وێنەگەلی بێ سەرپۆشی زۆرەملێی و ڕەنگکردنی قژ و ئارایشێکی سەرنج ڕاکێشی خۆی بڵاو دەکردەوە. کارێک کە پێشتر ئاسایی پەیوەندی لەگەڵ چالاکوانانی شارستانی و کرێکاریدا نەبوو، هاتنی لە شارێکی دەوروبەر و دەربڕینی ئازادی ژنانەی و تێڕوانینی سیاسی سنووردار لەبارەی چالاکوانێکی چەپ، کێشمەکێشی بۆ زۆرێک دروست کرد.(سەروەناز ئەحمەدی) داکۆکیکاری کۆمەڵایەتی و وەرگێڕی)شۆڕش لەخاڵی سفرەوە)ی سیلڤیا فدریچی،(سمانە ئەسغەری) چالاکوانی مافی منداڵ و(نەدا ناجی) چالاکوانی مافی کار، ژنانی تری چەپی تاران کە لە ڕووداوەکانی شۆڕشی ژینا بەهۆی چالاکوانی شارستانیان دەستگیر کران. ئەم کەسایەتیە ژنە لاوانە کە تێکۆشەری کۆمەڵایەتی و سیاسیین، کار و چالاکییەکانیان لە بەریەککەوتنە ڕەگەزیی و چینایەتیەکانەوە سەرچاوەی دەگرت. خاڵی سەرنج ڕاکێشە کە بۆ ماوەیەک پاژنەی (ئاشیل-ئەفسانەی یۆنان) ی ئەوان بوو، بەواتا قوستنەوە و چەوسانەوەی ژنانیان دەخستە ژێر پرسیارەوە و دەیانگۆڕی بە گۆڕەپانێکی تری چەپگەرایی.

بزووتنەوەی ژنان لە ئێران، دوای شۆڕشی ١٣٥٧ (١٩٧٩ز) بەتایبەت لە ژێر کاریگەری حیزبە سیاسییەکاندا بوو کە ژنان بۆ ئەوان ڕۆڵی قەڵغانیان دەبینی کە ئەندامانی تا دەهات بۆ زیاد دەکردن و خواستە فیمینستییەکانیان کە هیچ کات لەڕیزبەندی خواستەکانی ئەواندا نەبوو) دوای بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی حیزب پشتگوێیان دەخست. ژمارەی

پەنجەژمێر هاوڵە سەربەخۆکان بۆ ڕێکخستنی مافی ژنان، ئەگەر چی بەدەستی چەپ لەناو نەچوو، بەڵام پشتگوێ خرا (حسین خواه، ٢٠١٨) یەکەمین هەوڵە گشتیەکانی وەک کەمپینی یەک ملیۆن واژۆ بۆ لابردنی یاسا چەوسێنەرەکان (کە لەساڵی ٢٠٠٦ داڕێژرا و جێ بەجێ کرا) هەڵگری بەرنامەگەلێکی ئازادیخوازانە بوو. ئەگەرچی زۆرێک لە ژنانی چەپ بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەم کەمپینەدا چالاک بوون، چالاکوانانی فیمینست بۆ زۆرینەی چەپ و بگرە لەلایەن دەوڵەتیشەوە پروپاگەندەی بۆ دەکرا.(بابەتی چینی ناوەند) مایەوە، لە هەژموونی گوتارەکانی دژە چەپ، فیمینستە چەپەکان، بۆ نموونە (ویبسایدی بیدارزەنی) کەشێکی زۆر سنووردار لە دۆخی گشتی بە ئامادەبوونی خۆیان لە سەر سەکۆ ئەویش بە ئەنقەست چالاککرد (زنگنە، ١٣٩٤) دەرکەوتنی خێرای بزووتنەوەیەکی چەپ و تا دەهات گەشەی دەکرد بەڵام بۆ ماوەیەکی کورت) خوێندکارانی زانکۆی ئازادی یەکسانیخواز) لەزانکۆکانی ئێراندا لە دەیەکانی ١٣٨٠. دوای دوو دەیە دیار نەمان- کە هەم هاوکاری بزووتنەوەی ژنان و هەمیش بە بزووتنەوەی کرێکاران کرد و گیانێکی تازەی کرد بەبەر زانکۆکاندا. ئەم بزووتنەوە نوێیە هاندەری دەرخستنی بابەتگەلێک دەربارەی دادوەری کۆمەڵایەتی، ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی بازاڕی ئازاد(نیولیبرالیزم)ی ئێران و کێشمەکێشەکانی پەیوەست بە سانسۆرو نەبوونی ئازادی بوو.(وهاب زادە، ٢٠٢١) لەسەر بنەمای دەرئەنجامی خوێندنەوەی ئەم بزووتنەوە چەپە تازە نییە بە چالاکونە چەپەکانی پێشوو پێگەیەکی

گرنگتـر بـە بابەتـی نایەکسـانی ڕەگـەزی بـدات و ئـەوەش بەهـۆی (گشـتگیری و تـا ڕادەیەکیـش ڕادیکالیزەبوونـی داخـوازی ژنـان) لـە تـەواوی کۆمەڵگـەدا بـوو (مـرادی٢٠٢٣) ئەوانـە بێ لـە کۆمیتـەی ژنـان، کۆمیتەگەلـی تایبـەت بـە کەمینـە نەتەوەیـی و ئایینیەکانیشـیان هەبـوو (Rivetti٢-٢٠٢٠) بزووتنـەوەی خوێندکارانـی زانکـۆ بـە دروشـمی (زانکـۆ دوایین سـەنگەری ئازادیـە) بـە شـێوەیەکی گشـتی یەکێک لـە والاترین بزووتنەوەکانـی ئێـران (چ بـۆ لیبرالـەکان و چ بـۆ چەپـەکان) بـووە. لـە ڕەوتـی ڕێپێـوان و ناڕەزاییـە فراوانەکانـی ساڵی ١٣٩٨ کـە بەشـێکی بەهـۆی دەربڕینـی ناڕەزایی گرفتـە ئابووریـەکان و هەواڵـی پەیوەسـت بـە گەندەڵیەکانـی دەوڵـەت و لەهەمـان کاتـدا پشـتگیریکردنی مانگرتنـی کرێکارانـی کارگـەی (نیشـگری حەفت تەپـە) بـوو. خوێندکارەکانـی زانکـۆ خۆپیشـاندانێکیان ڕێکخسـت و دروشـمگەلی وەک(ڕۆڵـەی کرێکارانیـن، ئێمـە پاڵپشـتیتانین) و(کرێکارانـی زیندانـی، دەبێت ئـازاد بکرێـن) دەوتـەوە. (ڕادیـو فـەردا، ١٣٩٧) خوێندکارانـی زانکۆ چەپـەکان لـە چوارچێوەی شـۆڕشـی(ژن، ژیـان، ئازادی) ناڕەزایـی و ڕێپێوانەکانـی زانکۆیـان ڕێکخسـت و تـا ئەمڕۆش پاراسـتوویانە و باجێکـی زۆری وەک زیندانیکـردن تـا دەگاتـە دەرکردنیـان لەزانکـۆ و بەشـە ناوخۆییـەکان داوە. خوێندکاران بـە دروشـمگەلی وەک(هـەژاری، گەندەڵـی، گرانـی، نەفـرەت لـە هەمـوو سـتەمکارییەک)،(بێگاری، بێـکاری، سەرپۆشـی ژن ناچاری)،(مـەرگ بـۆ سـتەمکار، چ شـا بێـت و چ ڕابـەر) خوازیـاری دادپـەروەری کۆمەڵایەتـی کـە لـەڕووی نەریتـەوە پەیوەسـتە بەچەپـەوە لەگـەڵ جەنـگ دژی جیاکاریڕەگەزیـی و

خواستگەلی دەسـەڵاتخوازی ڕاسـتڕەوەکان تێکـەڵ کـردووە.

هۆکارێکـی تـر کـە لەوانەیـە هەڵگـری تایبەتمەنـدی چەپـی کلاسـیکی بـۆ گۆڕانـکاری، بابەتـی پێکهێنانـی (کۆمەڵـەی دایکانـی دادوەریـە) ە هـەروەک چـۆن پێشـتر ئامـاژەی پێـدرا، لـە هاوینـی ١٣٦٧ (١٩٨٨ز) زیـاد لـە ٥٠٠٠ ژن و پیـاو و پیـر و لاو، موسـڵمان و مارکسیسـت لەزیندانەکانـی ئێـران لـە سـێدارە دران و زۆرێـک لەوانـە لـە گـۆڕی بەکۆمـەڵ و بـێ ناونیشـان لـە گۆڕسـتانەکاندا نێـژران و کـەس و کارەکانیـان تـا ئێسـتاش نازانـن گۆڕەکانیـان لەکوێیـە. ئـەم دایکانـە لەبازنـەی خـەم و پـەژارەی قووڵـی خۆیـان لـە کوشـتنی منداڵ و خۆشەویسـتانیان و پێداگریـان لەسـەر دادپـەروەری کۆدەبوونـەوە. کۆمەڵەیەکیـان پێکهێنـا کـە لەدواییـدا بەنـاوی (دایکانـی خاڤـاران- خۆرئاوابـوون) ناسـران. ئـەم دایکانـە دواتـر دایکـە کۆسـتکەوتووەکانی خۆپیشـاندەرانیش هاتنـە پاڵیـان، ئەوانـەی کـە منداڵەکانیـان لەلایـەن هێـزە ئەمنییەکانـەوە کوژرابـوون لـە خۆپیشـاندانەکانی دوای هەڵبژاردنـە جێـی مشـتومڕەکەی سـاڵیی ١٣٨٨ (٢٠٠٩) کـە بـە بزووتنـەوەی سـەوزیش ناسـراوە. لـە ئابانـی ١٣٩٨ (٢٠١٩ز) دەسـەڵات لەوەڵامدانەوەی ناڕەزایی و خۆپیشـاندانە سەرتاسـەریەکە بەو هۆیـەوە سـووتەمەنی و ئەنتەرنێتیـان بـۆ مـاوەی یـەک حەفتـە لەخەڵکـی بـڕی و سـەدان خۆپیشـاندەریان لەگۆشـە و کەنـاری وڵاتـدا کوشـت. ئـەم خێزانـە کۆسـتکەوتووانە و بەتایبـەت دایـکان، بـێ هیـچ ترسـێک، پەیگیـری و بەدواداچوونیـان بـۆ داخـوازی کوڕەکانیـان بـۆ ژیانێکـی شایسـتە و ئابڕوومەندانـە و هەمـوو ئەوانـەی پەراوێـز خـراون، کۆبوونـەوە تـا کۆمەڵـەی

(دایکانی ئابان) پێکبهێنن. دوای ئەوە خێزانی قوربانیەکان فڕۆکەی(PS ٧٥٢) کە لەلایەن سوپای پاسداران شۆڕشی ئیسلامی ئێران خرایە خوارەوە، لە پێناوی دادپەروەریی بۆ ئەندامانی خێزانەکانیان کە بە شێوەیەکی کارەساتبار کوژران، کۆبوونەوە)خسروی اوریاد٢٠٢٢). لە تەواوی ماوەی شۆڕشی ژینا، ئەم دایکانە هاوشانی دایکان و ئەو خێزانانە بوونکە خۆشەویستانیان گیانیان لە ٩ مانگی ڕابردوودا لەدەست داوە یان بریندارببوون. پەیوەندیان بەم هێزانەوە کرد و خوازیاری دادپەروەری بوون. ئەم دایکانە سەربەخۆیی خۆیان لە چالاکییەکانی باڵی ڕاست لە هاندەران و لەدانیشتنی دادگاکانیشدا نوێنەرایەتی ئەوانیان لەچەندین نۆرە دانیشتنی دادگا پیشاندا. چالاکیەکانیان، دایکایەتی ئەوانی گۆڕی بەکارێکی سیاسی و ئەم بەرخودانە (تایبەتە) پەلی بۆ مەودایەکی فراوانتری بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و بەپلەی یەکەم چەپگەرایانە کێشا.

من هەوڵ دەدەم پیشانی بدەم کە (ئابووریناسێکی چەپ) یئێران بەهۆی دەرکەوتنی هۆکارگەلێکی نوێ کە لەڕێی چالاکی ئۆنلاین و کرداری خۆیان، گرنگی بدەن بە بابەتی ڕەگەزیی، تا ئاستێک سەرنجی خۆیان بۆ بابەتی ڕەگەزی و ستەمی ڕەگەزیی و ڕەگەزگەرایی ڕاکێشن. سەرەڕای ئەوەش هەر بەوشێوەی کە کامەران متینبە دروستی دەڵێت) بابەتی نەتەوەکان) کە لە ڕەوتی شۆڕشی(ژن، ژیان، ئازادی) بەرجەستە بووە، بە مەبەست لە بزووتنەوە و گوتاری چەپەکان لە ئێراندا پشتگوێ خران. ئەم پشتگوێخستنە لەکاتێکدایە کە هەندێک لە

ڕێکخـراوە مارکسسـتیەکانی دوای شـۆڕش بـۆ نموونـە) ڕێکخـراوی یەکێتـی خۆبەخشـانی (فیداییخەڵکـی ئێـران) لـە ١٣٧٣ بـە فەرمـی ناسـاندنی مافـی چارەنووسـی نەتـەوە جیاوازەکانـی ئێـران و بەتایبـەت مافیخۆجیاکردنـەوە و دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ) لەنەخشـە ڕێگاکانـی خۆیاندا، ئاماژەیان بە مافی چارەنووسـی کەمـە نەتەوەکانـی دانیشـتووی ئێـران داوە، چەپەکانیـش کەمتەرخەمـی لـە چارەسـەرکردنی ئـەم پرسـە و هێزی یەکخسـتنی دان پیانـان بـە ناسـنامە و خەباتـی گەلانـی نیشـتەجێی ئێـران دەکات. لەکاتێکـدا هێـزی ڕاسـتڕەوی تونـدڕەوی پاشـایەتی لـە هانـدەران دروشـمی)یەک میللـەت، یـەک زمـان، یـەک پادشـا) و دەسـتووری کاری ئابووری بـازاڕی ئـازاد (نیولیبـرال) بڵاو دەرکـردەوە. تـا کەمینـە نەتەوەییەکانـی ئێـران بـە گوتارێـک کـە دەنگـی ئـەوان و خەباتیـان بـە خەباتەکانـی تـر لـە خاڵـی هاوبەشـی چەوسـاندنەوەی ڕەگـەزی و چینایەتیـدا بەیەکـەوە دەبەسـتێتەوە، سـەرنجیان بـەلای خۆیانـدا ڕاکێشـن.

لـە کۆتاییـدا، دەمەوێـت ئامـاژە بـە دوو سـاتی دژە-ئیمپریالیزمـی ڕاسـتەقینە بکـەم؛ یەکێکیـان سـاتێک لـەو بەشـەی کـە پێشـتر وەک چەپـی ئابـووری پۆلێـن کرابـوو و ئـەوی تریـان سـاتێکی هاوپشـتی فێمینیسـتی فرەنەتەوەیـی لەگـەڵ چـەپ. لـە مانگـی مهـر سـاڵی ١٣٩٨، ٤٥ یەکێتـی کرێـکاری لـە ئێرانـدا، بەیاننامەیەکـی بەناونیشـانی(ئێران پشـتیوانی لـە کوردسـتانی سـوریا دەکات) بـڵاو کـردەوە. ئەمانـە لەلایەکـەوە پشـتیوانی خۆیـان بـۆ کرێـکاران، پیـاوان، ژنـان و منداڵانـی کوردسـتانی سـوریا ڕاگەیانـد و لەلایەکـی تـرەوە

ئیمپریالیزمی ئەمریکا بەسەرۆکایەتی ترامپ، هەروەها جەنگی ئوردوغان دژی خەڵکی لەخاک و نیشتمانی خۆیاندا، سەرزەنشت کرد. ئەمانە لەو باوەڕەدان(جیهانی کرێکاران جیهانی ئاشتی، ئازادی، یەکسانی و ئابڕووی مرۆڤایەتیە و کۆتایی پێشێلکارانی مافی مرۆڤ هاتووە) (ایلنا ٢٠١٩) ئەم بەیاننامەیە نیشاندەری ئاگاداری بزووتنەوەی کرێکارییە بە گۆرانکاریە ناوچەییەکان و بەتایبەت کوردستان، ئاگاییەک بەدرێژایی ڕاپەڕینی ژینا و بە تایبەت پەیوەست بە دروشمی(ژن، ژیان، ئازادی) بوونی هەیە.

من لە مانگی (مەی) ساڵی ٢٠٢٢ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی تورکیا لەبارەی پێشبینیەکانی بوونی پشتیوانیەکی فرەنەتەوەیی لەنێو ژنان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گفتوگۆم کرد، ئەو لە وەڵامی پرسیارەکەی من دا لەبارەی دیدگەلی بەدەستهێنانی یەکسانی بۆ ژنان ئاماژەی بە ژنانی ڕۆژئاڤا کرد. لەم سیستەمەدا هیچ کەسێک لە پەراوێزدا نامێنێتەوە و هەمووان هان دەدرێن تا لە بڕیارەکاندا بەشداری بکەن و لە کۆمەڵگەی خۆیاندا کاریگەر بن. هەروەها ئەم سیستەمە نوێیەی ڕۆژئاڤا بە شێوەیەکی بەهێز دەتوانێت نموونەیەکی واڵا بێتبۆ کۆمەڵگەیەکی ئازادی و یەکسانی بۆ ژنان، لەوەیکە بیری چەپ تا ئێستا لە ئێران بەتەواوی ناوەندگەرا بووە، بەخۆمم دەوت چی دەبوو ئەگەر ئەم بیرۆکەیە لە ئێرانیشدا باس بکرایە. تەنیا چوار مانگ دوای ئەم گفتوگۆیەی ئێمە دروشمی) ژن، ژیان، ئازادی) لەسەرتاسەری ئێراندا دەنگی دایەوە ودەنگی لاوان و ژنانی لاوی وەک(سارینا ئیسماعیلزادە) بەگوێی هەموو جیهان گەیاند.

من لەم نووسینەمدا هەوڵم داوە پیشانی بدەم کە بە چ شێوەیەک بابەتی ڕەگەزیی، ڕێگای خۆی هەرچەندەسنوورداریش بێت، بەڕووی چەپی ئێراندا کردووەتەوە، ئێستا فەراهەمکردنی پێکهاتە و گفتوگۆ بۆ ڕۆشنکردنەوەی بابەتی نەتەوەیی لەبەردەم ئەم بزووتنەوەدایە.

## سەرچاوەکان:

-Cronin, S. (Ed.). (2013). Reformers and Revolutionaries in Modern Iran: New Perspectives on the Iranian Left. Taylor &;;;;;; Francis.

-Falakhen. (منجنیق). 04 ,2021 @manjanighreview. http: //manjanigh.de/wp-content/uploads/04/2021/falakhan183.pdf?fbclid=IwAR2CCFRM5ZI0pw5raEhHebjH_1nVcZmDAPmPXpQl3ym8_o0kcralAJvl_3E

-Farda, R. (21 11 ,2018). Students, Labor Groups Voice Support For Shush Workers. https: //en.radiofarda.com/a/iran-students-voice-support-for-striking-shush-workers/29612486.html

-Ilna. (14 10 ,2019). https: //www.ilna.ir/fa/tiny/news822604-

-Khosravi Ooryad, S. (2022). Dadkhah mothers of Iran, from Khavaran to Aban: digital dadkhahi and transnational coalitional mothering. Feminist Theory. https: //doi.org/.10 14647001221127144/1177

-Maljoo, M. (2017). The Unmaking of the Iranian Working Class since the 1990s. In Iran's Struggles for Social Justice (pp. 70 -48). Palgrave Mcmillan. 4_3-44227-319-3-978/1007 .10

-Maryam Hosseinkhah, M. (سال‌های نخست پس از انقلاب:). 11 ,2018 .ناتوانی جنبش زنان در محافظت از دستاوردهایش https: //www.aasoo.org/fa/articles/1731

-Matin, K. (23 01 ,2020). The Iranian Left, Radical Change, And The

National Question. https: //eutopiainstitute.org/01/2020/the-iranian-left-radical-change-and-the-national-question/

-Moradi, A. (2023). Identity Problematics of the Left Student Movement in the 2000s in Relation to the Women›s Movement and the Labor Movement An approach based on resource mobilization theory. Journal iranian political sociology, 66-1146 , (11) 5. https: //dx.doi.org/30510 .10/psi. 1223 .240691 .2022

-Motevali, J. (15 08 ,2022). Behind Prison Walls: Veteran Bus Drivers› Unionist Blocked from Contact with Family. Iranwire. https: //iranwire.com/en/prisoners/-106634behind-prison-walls-reza-shahabi-the-trade-unionist-jailed-over-a-two-hour-meeting/

-Rivetti, P. (2020, May 1). Building and Organizing Contentious Politics at the Univer- sity of Tehran (2017-2007). ESE - Salento University Publishing. Retrieved May 2023 ,26, from https: //doras.dcu.ie/-1-131761-22002/1/24404PB.pdf

-Saffari, S. (2017). Charity or Mass Mobilization? Public Religion and the Struggle for Economic Justice. In Iran's Struggles for Social Justice: Economics, Agency, Justice, Activism (pp. 80-65). Springer International Publishing.

-Shahrooz, K. (2006). With Revolutionary Rage and Rancor: A Preliminary Report on the 1988 Massacre of Iran›s Political Prisoners. Harvard Human Rights Journal. Retrieved May 2023 ,26, from https: //harvardhrj.com/wp-content/uploads/sites/20/06/2020/14HHRJ-227Shahrooz.pdf

-Torkameh, A. (16 05 ,2023). Rhythm of revolution in Iran: In the name of Zhina (Mahsa) Amini. https: //euc.yorku.ca/research-spotlight/rhythm-of-revolution-in-iran-in-the-name-of-zhina-mahsa-amini/

-Vahabzadeh, P. (2021). Students for Freedom and Equality: The Inevitable Return of the Left in Post-Revolutionary Iran. Iranian Studies, 858-843 , (6-5) 54. https: //www.tandfonline.com/doi/full/1836952 .2020 .00210862/1080 .10?scroll=top&;;;;;;needAccess=true&;;;;;;role=tab&;;;;;;aria-labelledby=full-article

-Valadbaygi, K. (2022). Neoliberalism and state formation in Iran, Globalizations. 2024391 .2021 .14747731/1080 .10

-Zangeneh, N. (2015). Bidarzani Collective. Journal of Middle East Women›s Studies, 364-362 , (3) 11.

# ڕیشەداکوتانی ستەمکردن

## دەربارەی نکوڵیکردن، سیاسەتی سڕینەوە

هێرۆ خوسرەوی

(دەکرێت ئێمە هاوبیریش نەبین و هێشتاش بتوانین یەکترمان خۆشبوێت، مەگەر ئەوەی ناکۆکبوون (ڕای جیاواز) ی تۆ ڕیشەی لە ستەم و نکوڵیکردن لە مرۆڤبوونی من و نکوڵیکردن لە مافی هەبوونم داکوتابێت)

**جەیمس بالدوین**

(کولتووری سەردەست هەوڵیداوە ئێمە لە نێو ترسدا بهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی ئەمنییەت لە جیاتی ڕیسک و ئازایەتیی، هاوشێوەیی لە جیاتی فرەییبوون هەڵبژێرین. تێپەڕاندنی ئەم ترسە، دۆزینەوەی ئەو شتەی کۆماندەکاتەوە و بایەخپێدان

بە جیاوازییەکانمان؛ ئەمە ئەو پرۆسەیەیە بۆ لەیەکتر نزیک بوونەوەمان کە جیهانێکمان پێدەبەخشێت، پڕ لە بەهای هاوبەش و کۆمەڵگەیەکی مانابەخش) بێل هوکس[٥٣].

لە یەکێک لە خۆپیشاندانەکاندا وێنەیەک کەوتە بەر چاوم و سەرنجمی تەواو بۆ لای خۆی ڕاکێشا، ئەویش کەسێک بوو بە هەڵگری دروشمێکەوە، لەسەری نوسرابوو:(ئەگەر ئێمە لە ئێوە بترسابایناپە، ئەوا هیچ کات بەبێ بوونی چەکێک لە دەستەکانماندا، بەرامبەرتان نەدەوەستاینەوە). ئەمە ئەو هۆشیارییەی گرووپە ژێردەستەکانە لەم شۆڕشی ژینایەدا و پێمان دەڵێت، ئەگەرچی هیچ چەکێکمان بۆ بەرگریکردن لە خومان بەدەستەوە نییە، بەڵام خودی حەقیقەتمان لە خۆیدا چەکێکە. لەو دۆخانەدا کە هەموو هەوڵێک بۆ نادیارکردن و سڕینەوە دەدرێت، ئەستەمە دەربارەی حەقیقەت بدوێیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نائومێدنیم و دەمەوێت هاوار بکەم تا ئەو کاتەی دەنگی ئەم حەقیقەتە بگاتە بەر گوێ. لەو کاتانەشدا سەبارەت بە پرسی کورد، پرسی ژنی کورد قسەکردن، دەتخاتە بەردەم کۆمەڵێک دەرئەنجام، سەرەتا لەلایەن ئەو گرووپ و ئاڕاستانەوە دەکەویتە بەر هێرش، کە بێ پەردە ئایدیۆلۆژییە دژەژنییەکانیان، دژەکوردییەکانیان و دژی مرۆڤی چەوساوە و ژێردەستە دەخەنە ڕوو. ئەم گرووپانە دەکرێت لە چەندین کاتێگۆریی جیاوازدا بدۆزرێنەوە، هەم لەو سیستەمەی ڕژێمی ئیسلامیدا و هەم لە بەشێکی زۆری ئەو گرووپانەش، کە وا خۆیان دەردەخەن ئۆپۆزیسیۆن بن و دژی سیستەمی سەردەست بن، بەڵام لە هەمان کاتدا خوازیاری سیستەمێکی هاوشێوەی ڕژێمی

ئیسـلامیی ئێرانـن بـە کـۆی پێکهاتـە دامەزراوەییەکانیانـەوە، بـەڵام تەنهـا جیاوازییـەک گۆڕینـی فیگەرەکانـی دەسـەڵات و گۆڕینـی نـاوی کۆمـاری ئیسـلامیی، بـە کورتیـی گۆڕینـی فۆرم و پاراستنی ناوەرۆک. لەگـەڵ ئەمانەشـدا ئاراسـتەیەکی دیکـە بوونـی هەیـە، ئەگەرچـی وا پێدەچێـت داکۆکـی لـە ئازادیـی، یەکسـانیی بـکات، بەتایبـەت لـە پرسـی ژنانـدا، وەک دەگوترێت:(ژنـان قوربانیـن لـە هەمـوو جیهانـدا)، بـۆ ئەمـەش وا دەردەکەوێـت کـە بەرگریکـردن لـە پرسـی ژن پرسـێکی گشـتگیر دەبێـت و هەمـوو ژنـان دەگرێتـەوە، بـەڵام دەبینیـن زۆرکات لـە بازنەیەکـی دیاریکـراودا ئـەم پرسـە دەخولێتـەوە و ناتوانێت خـۆی فراوانتـر بکات، چونکـە لـە لایەکـی دیکـەوە ئـەم بازنەیـە کۆمەڵێـک ڕەهەنـدی شـاراوەی فاشیسـتی لـە خۆییـدا هەڵگرتـووە، کـە پرسـە سـەرەکییەکانی بکـەرە ژێردەسـتکراوەکان دەشـارێتەوە و پرسـی ژنـان تەنهـا لەڕوانگـەی سـتەمی سێکسـیزمەوە دەخوێنێتـەوە، لـە کاتێکـدا بەشـێکی زۆری ژنانـی گـرووپ و لایەنـە ژێردەستەکانی ئـەم سیسـتەمە فاشیسـتییەی ئێـران دەکەونـە بـەردەم سـتەمێکی فرەڕەهەندییـەوە. ئـەم فرەڕەهەندییـەی هەڵاواردنـەش (Variety of Discrimination) دەکرێـت سـەرەتا لایەنـی ڕەگەزیـی و سێکسـوالیەتە (جێنـدەر) بێـت، ئـەو پێگـە ئابووریـی و کۆمەڵایەتییـەی لێـوەی دێـت (چینـە کۆمەڵایەتییەکـەی)، ڕەچەڵـەک و ڕیشـە کولتوورییەکـەی بێت و هەروەهـا چەندیـن لـق و پۆپـی دیکـەی نێو ئـەم کاتێگۆرییانـە، وەکو زمـان، ڕەنگی پێسـت، دەرکەوتنـی جەسـتەیی، تەندروسـتیی جەسـتەیی و دەروونـی،... هتـد.

ئەم سیاسەتی بەرتەسککردنەوەی هەموو ستەمەکان بۆ ستەمی ڕەگەزی دەمانخاتەوە بەردەم یەکەمین هەوڵەکان بۆ توێژینەوەکان دەربارەی ژنان و ستەم بەرامبەر ژنان، کە تەنها سەرنجی دەخستە سەر باڵادەستی پیاوی سپیپێست لە ناو پێکهاتە کۆلۆنیالیستی و ئیمپریالیستییەکاندا. دواتر کاتێک دیسکۆرس دەربارەی کۆلۆنیالیزم برەوی زیاتری پێدرا و ڕوانگە فێمینیستییەکانیش وردە وردە توانییان بە ناچاری دان بەو واقیعەشدا بنێن، کە ژنانی سپیپێستیش بەشداربوون لە ستەم بەرامبەر بە مرۆڤی ڕەشپێست (بە هەموو ڕەگەزەکانەوە) و هەروەها لە یەکەمین بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی ژنان بەشێکی زۆری دەستکەوتەکانیان لەسەر بە کۆیلە هێشتنەوە و بە ژنی-ماڵکردنی ژنە ڕەشپێستەکان بەدەستهێناوە. لەمەشەوە دەبینین سەرەتا خواستەکان بۆ ڕزگاری ژن و مافی یەکسان بۆ ژن تەنها لە چاویلکەی ژنی سپیپێستەوە بەرگری لێکراوە، بەمەش ژنانێکی زۆر پشتگوێ دەخرێن. لەمەشەوە ئاراستەی مێژوو و خوێندنەوەی مێژوو بۆ پێکەوەکارکردنە کۆمەڵایەتییەکان دەشێوێنرێت و ژن وەک سوبێکتێک کە خۆی توانای بڕیاردان و مامەڵەکردنی هەیە لە ڕۆڵەکەی دادەماڵرێت. بەپێی توێژینەوەکان لەسەر تێزی(هاوبەشی تاوان) کە لەلایەن کریستینا تویرمەر ڕۆهرەوە داڕێژراوە[٥٤]، دواتر لە کۆنتێکستی جیاوازدا هەم ڕەخنەی لێگیراوە و هەم تێزەکە زێدەتر گەشەی پێدراوە. مارتا مامۆزای ئەم تێزە لە کۆنتێکستی کۆلۆنیالیزمدا زیاتر برەو پێدەدات و ڕۆڵی ژنان لە نێو کۆمەڵگە کۆلۆنیالیستییەکاندا دەخاتە ڕوو، کە چۆن

بە بێدەنگبوونیان بەرامبەر بە تاوانەکانی کۆمەڵگەکەیان بەسەر کۆمەڵگە کۆلۆنیزەبووەکاندا، توانیویەتی پشتی پیاوانی سپیپێست (کۆلۆنیالیست) بەهێزتر و سەقامگیرتر بکەن[٥٥]. لەبەرئەوەی دۆخی ستەمەکان تەنها بۆ ستەمی پیاو بەرامبەر بەژن کورت ناکرێتەوە، ناتوانین دۆخی ستەم و هەڵاواردانیش لە چوارچێوەی دروستکراوی ئێرانیشدا، تەنها لە بازنەی جێندەردا بمێنینەوە.

لەگەڵ پیادەکردنی سیاسەتی شاردنەوەی فۆرمەکانی دیکەی ستەمکردندا، هەر تاکێک بەوە هێرشی دەکرێتە سەر کەوا یەکگرتووی شۆڕشی ژینا تێکدەدات، لە کاتێکدا ئەم یەکگرتووییەی کە باس دەکرێت، دەچێتە خزمەت یەک ئاراستەی سیاسییەوە، کە لەڕاستیدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ سیستەمی پێشووا نییە، لێرەشدا دووبارە پرسی شۆڕشی ژینا کورت دەبێتەوە بۆ بەها و خواستەکانی گەلی سەردەست لە ئێراندا، کە ئەویش فارسەکانن. فۆڕمەکانی ستەم و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ئەم ڕژێمە تەنها لەو ڕوانگەیەوە لەو ستەمانەوە دەستنیشان دەکرێت، کە ڕژێمەکە بەرامبەر بە گرووپێکی دیاریکراو (فارس) دەیکات. لەمەشەوە ڕەخنە و کارەکان دژی ئەم دەسەڵاتە تەنها لەو ڕوانگەیەوە دەگەیەنرێت، کە ئەم ڕژێمە ڕژێمێکی تۆتالیتارە. ڕژێمی تۆتالیتاریش دەکرێت لە هەندێک لایەنی سیاسییەوە ڕەوایەتیی بەحوکمدانی بدرێت و تاکەکانی کۆمەڵگەکەش بەشێکبن لەو پرۆسەیە. بەڵام لە ڕوانگەی گەل و لایەنە ژێردەستەکانی دیکەوە ئەم ڕژێمە نەک هەر تەنها سیاسەتێکی تۆتالیتارانە و داپڵۆسێنەرانە پیادە دەکات،

بەڵکو لەگەڵیشیدا ڕژێمەکە بەمانای سیاسەتی داگیرکردن و زەوتکردنی ژیان و مانەوەی ئەو گەلانەش دێت. ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە زۆرێک لە گرووپە پەراوێزخراوەکان هەست بە نوێنەرایەتیکردنی خۆیان ناکەن لە نێو ئەو ئاراستەیەی کە باڵادەستە، چونکە تەنها لەیەک لایەنەوە ئەم شۆڕشە دەبینرێت و تەنیا یەکلایەنانەش دەگێڕدرێتەوە. بەمەش گێڕانەوەی ڕەنج و ئازار و ستەمەکانی دیکە بەرەو ونبوون دەچن. بە مانایەکی دیکە، ئەگەر لە جوگرافیایەکی وەک ئێستای ئێراندا، ستەم فۆرمێکی سیاسیی لە سەنتەردا هەبێت (نەبوونی دیموکراسیی لە هەڵبژاردنی نوێنەراندا لەلایەن خەڵکەوە)، بۆ ئەوانەی سیاسەتی سەنتەر خستوونییەتە پەراوێزەوە و ژیانی کردوونەتە کەمپی میلیتاریی، ماناکانی ستەم جۆراوجۆرترن. با دیسان نموونەکەمان لەسەر مرۆڤی کورد بێت: ئەگەر بۆ فارسێکی تارانشین نەبوونی بژاردە پلوڕالەکانی هەڵبژاردنی سیاسیی و هەبوونی سیستەمێکی تۆتالیتاری ئیسلامیی کە ژیان و جەستەی تاکەکان کۆنترۆڵ دەکات، کێشە بنچینەییەکە بێت، ئەوا بۆ مرۆڤێکی کورد، پرسی ستەم ڕووخساری زۆری هەن، وەک داگیرکردنی خاک، جەستە، زەین. مانای ئەمانەش، واتا لێسەندنەوەی سەربەخۆیی نەتەوەیی و سەیرنەکردنی وەک بکەرێکی ئازاد و خاوەن عەقڵ، داگیرکردنی جەستەی و دابەزاندنی بۆ مرۆڤی پلە دوو، ناشارستان و کۆچپێکردنی زۆرەملێی بۆ ئەو شوێنانەی کار کە لە ئایدیۆلۆژیای باڵادەستدا بە سەنتەر ناو دەبرێت و پاشان داگیرکردنی زەین و سایکۆلۆژیا، کە مرۆڤی کورد دەکاتە

مرۆڤێکی لاواز، زەبوون و هەوڵدەدات ناچاری بکات مرۆڤی فارس بە باڵادەستتر لە خۆی بزانێت. بێگومان فارسێکی تاراننشین ڕووبەڕووی ئەم فۆرمە جۆراوجۆرانەی ستەم نابێتەوە. لەبەرئەوەشە دەبینین خەباتی مرۆڤی کورد لە ناو جوگرافیای ئێستای ئێراندا، لە خەباتی تارانییەک ڕادیکاڵتر و شۆڕشگێڕترە و هەر لەبەرئەوەشە، ڕژێم ڕووخسارە دڕندە و توندوتیژییەکانی خۆی لە کوردستاندا ئاشکراتر و بێ پەردە دەردەخات.

لەبەر ئەم هۆکارەش لێرەوە منیش دەمەوێت بە پشتبەستن بە ئەیمی سیزار لەڕوانگەی ئەو ملیۆنان کەسانەوە بنووسم، کە لە خواکانیان، لە خاکەکەیان، لە خوونەریتەکانیان، لە ژیانیان و بەگشتیش لە ژیان بێبەری کراون. لەبارەی ئەو ملیۆنان کەسانەوە دەدوێم، کە ترس، هەستی خۆبەکەم زانین، لەرزین، ژێردەستەبوون و بەدگومانبوونیان تێدا چێنراوە[٥٦]. ملیۆنان بکەری مرۆیی، کە ئەو کاتێگۆرییانەی دەسەڵاتەی سەردەست زیندانێکی بۆ دروست کردوون و بە بەردەوام دووپاتکردنەوەی ئەم کاتێگۆرییانەش بەردەوام بوونیان یەکسان دەکرێت بە شتێک کە نین. بۆ نموونە کەسانی ترانسجێندەر کە بەردەوام دەبێت لە کاتێگۆریی ژن یان پیاودا خۆیان پێناسە بکەن، لە دەرەوەی ئەم دوو کاتێگۆرییەدا بوونیان یەکسان دەکرێت بە نەبوونیان، لەمەشەوە لەم قاڵبی کاتێگۆرییە دوالیزمییەدا قەتیس دەکرێن. ئەم کاتێگۆرییانەش نەک تەنها پرسی ڕەگەز و سێکسوالیتە دەگرێتەوە، بەڵکو پرسی ڕەچەڵەک و نەتەوە و چەندین لایەنی دیکەی

جیاواز دەگریتەوە. لە پرسی مرۆڤی کوردیشدا ناساندنی بە ئێرانیی و سڕینەوەی ناسنامەی خۆی و سڕینەوەی نەتەوەبوون و کورتکردنەوەی بۆ ئێتنیک، بەمەش کورد وەکو بکەرێکی مرۆیی یان کاتێگۆرییەکی سەربەخۆ لە نێو کاتێگۆریی ئێرانیبووندا زیندانیی دەکرێت و ڕۆژانە بە گوتنەوەی ئەوەی:(تۆ ئێرانیت!(سات دوای سات بریندار دەکرێت و ئازار دەدرێت. بە سوودوەرگرتن لە پرسی دانپێدانان (Recognition) لای جودیت بەتلەر، دانپێدانان ڕێگە پێدانە بە خۆبوون و خۆدەربڕین، وەک ئەوەی کە مرۆڤ خۆی هەیە، نەک لە قاڵبخستنی بۆ نێو ئەو نۆڕم و کاتێگۆرییانەی کەسەکانی تێدا جێدەکرێتەوە. لە پەیوەندییدا بە پرسی جێندەرەوە هەموو ئەو ڕەگەزانەی بەشێک نین لە کاتێگۆریی سەپێنراوی ژن/پیاو، بە جەبرێکی کۆمەڵایەتیی دەخرێنە نێو ئەو دوو نۆرمە زۆرەملێییەوە. بە ناونانیشیان بە ژن یاخود پیاو دەکەونە بەردەم ستەمێکی دیکەوە، کە بوونی واقیعییان دەشاردرێتەوە، فەرامۆش دەکرێن و لە پێشچاو ون دەکرێن، هەروەها بە وشە و چەمکەکانی ئەم نۆڕمە سەپێنراوە پێناسە دەکرێن. ئەم لێکدانەوەی بەتلەر بۆ پرسی کوردیش ڕەنگە گرنگی زۆری هەبێت لە ڕووی خودپێناسەکردن و دانپێدانان بە بوونی کورددا، وەک ئەوەی کە کورد لە دەمی خۆیەوە خۆی پێناسە دەکات و دەیەوێت خۆی دەربڕێت. لە هەمان کاتیشدا لێکچوواندنی پرسی ئێران و چوارچێوەی ئێران وەک ئەو فۆڕمە داسەپێنراوەی کە کورد تەنها لەو پێناسەیەدا قبوڵ دەکات، کە خۆی سەرەتا بۆی دیاریکردووە. ئەمەش هەم لێسەندنەوەی ناسنامەی

کـوردە و هـەم خسـتنییە نێـو جەبرێـک و کاتێگۆرییەکـی سـەپێنراو و دۆخێکـی ژێردەسـتەیی[٥٧].

لەگـەڵ ئەمانەشـدا ئاراسـتەی ئـەم نووسـینەم ڕووەو کەسـانێک و گرووپانێکـە، کـە ڕەنگـە هیچـکات حەزنەکـەن لەبـارەی پەیوەندییەکانـی دەسـەڵات لـە نێـوان گەلـی سەردەسـت (وەک گەلێکـی داگیرکـەر) و گەلـە ژێردەسـت و پەراوێزخراوییەکانـەوە بزانـن. ڕەنگـە هەتـا نارەحەتیـش بـن بـەوەی دەربـارەی حەقیقەتێک بنووسرێت، کە لەمێژە هەوڵـی بێدەنگکردن و کپکردنیـان داوە، هەتـا ئـەو کاتـەی توانیوویانـە گـرووپ و تاکـە ژێردەسـتە و پەراوێزخـراوەکان بـەوە سـەرکۆنە بکـەن، کـە ئـەوە کێشـەکە لـە ئێوەیـە بـەم شـێوە پێکەوەژیانـە ڕازی نیـن. وەک ئـەوەی هەمـوو دەرفەتـەکان و مامەڵـەکان بـۆ هەمـوو تاکـەکان و گرووپـە جیـاوازەکان بەشـێوەیەکی یەکسـان دابەشـکرابن. بـەڵام کاتێـک ئەگـەر ڕەخنـەی دەسـەڵاتی سەردەسـت بکەیـن، کـە چـۆن گرووپـی سەردەسـت لەلایـەن خۆیـەوە واقیعییەتـەکان دەشـێوێنێت و بـە قازانجـی خـۆی دەیاننوێنێتـەوە، ئـازار و ڕەنجـی گرووپـە ژێردەسـتەکان بێبەهـا دەکات، لەهەمـان کاتیشـدا سـتراتیژ و خەباتـی ئەوانـی دیکـە بـۆ خـۆی دەقۆزێتـەوە، لەمەشـەوە خـۆی بەرهەمـی ئەوانـی دیکـە دەچنێتـەوە، ئـەوا ڕاسـتەوخۆ ئێمـە دەکەوینـە بـەر هێرشـی ئـەوان کـە گوایـە ئێسـتا کاتـی ئـەم قسـانە نییـە یاخـود ئـەوە کێشـە لـە تێڕوانینەکانـی ئێمەیـە کـە بـە ئایدیۆلۆژییانـە بیردەکەینـەوە، لـە کاتێکدا بانگەشـە بـۆ نائایدیۆلۆژیی-بـوون ڕیشـەیەکی قووڵـی لـە ئایدیۆلۆژیـای فاشیسـتییدا هەیـە و مرۆڤ لـە بکەرێکـی ئـازادی سیاسـییەوە

دادەماڵێت و دەیکاتە بکەرێکی ناسیاسیی، تا لەم ڕێگەیەوە مرۆڤ وەک بکەرێکی سەربەخۆ بێبەری بکرێت لە ئیرادە و ورە و خواست، هاودەمیش ژێرفەرمان و گوێڕایەڵ بێت.

لەم شۆڕشەدا، لە کاتی سەرهەڵدان و ئەو لێکدانەوانەی بۆی کراون، تاوەکو ئێستا کۆمەڵێک دیاردە باشتر وەک لە هەر کاتێکی دیکە دەکەونە پێش چاو، ئەویش دەکرێت لە توێی چەند پرسیارێکدا بخرێنە ڕوو کە بۆچی کورد وەک یەکێک لە گرووپە ژێردەستەکان بەردەوام دەخرێنە نێو دۆخێکی پڕ ناکۆکیی و پڕ توندوتیژییەوە، لە کاتێکدا پرسی ناڕازیبوون لەگەڵ ئەم ڕژێمەدا دەکرێت تا ڕادەیەک گشتگیربێت. پرسیارێکی دیکە کە بەهۆی کارکردنم لە بواری توێژینەوە جێندەریی و فێمینیستییەکاندا زیاتر سەرنجی ڕاکێشام، ئەوەیە کە بۆچی بەردەوام سنوور بۆ کەس یان گرووپی بەرکەوتە دادەدنرێت و زیاتر سەرکۆنە دەکرێت، لە کاتێکدا لە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا و لە هاوکێشەی بەرکەوتە (قوربانی توندوتیژییەکان) و بکەر (ئەنجامدەری توندوتیژییەکان) هەمیشە ڕەچاوکردنێکی تایبەت پێویستە بۆ کەسی بەرکەوتە. ئەگەر زیاتر مەبەستی خۆم ڕوونبکەمەوە لە نمونەیەکدا:

بەپێی زۆرێک لە داتاکان و توێژینەوەکان بۆ پرسی ئاشتیی و ناکۆکییەکان توندوتیژیی وەک ئەکتێک سەیردەکرێت کە ڕەهەندێکی پیاوانەیی هەیە، بەو مانایەی زۆرینەی داتاکانی تاوان (بە ڕێژەی ٪۹۵) پیاوانن کە ئەنجامدەری توندوتیژیین، لە هەر جۆرێکی تاوانەوە بگرە تا تاوانە دژەژنیی و ژنکوشتنەکان (فێمیساید)[٥٨]. بەدڵنیاییەوە ئەمەش بەمانای

گشتگیرکردن و سەپاندنی ئەکتی تاوان نییە بەسەر ڕەگەزی نێردا، بەو مانایەی پێمان وابێت ژنان تاوان ئەنجام نادەن، بەڵام پێکهاتە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابوورییەکان، دامودەزگا دەوڵەتییەکان ئەم هەلومەرجە دەخوڵقێنن کە پیاوان ئاسانتر بتوانن توندوتیژیی ئەنجام بدەن. لەمەشەوە دەبینین لە نموونەی دەستدرێژیی سێکسیی بۆ سەر ژنان، ژنان ئەگەرچی قوربانیی و بەرکەوتەی ڕاستەوخۆی ئەو توندوتیژییە پیاوانەییەن، هەمیشە سەر کۆنە دەکرێن بەوەی ڕەنگە خۆیان ویستبێتیان، ژنەکان خۆیان ئاماژەیەکی وەهایان دابێت، یاخود بەپێی پێویست جلوبەرگی گونجاویان نەپۆشیبێت. ئەمە ئەو جۆرە خستنەپاڵانەیە بەهۆی ئەو پێکهاتە پیاوسالارییەی لە کۆمەڵگەکاندا هەیە، کە ڕۆڵەکان پێچەوانە دەکاتەوە و بکەری توندوتیژییەکە (پیاوە دەستدرێژیکەرەکە) وەک قوربانییەک پیشان دەدرێتەوە. لە کاتێکدا پێویستە لە ڕووی دەروونیی و کۆمەڵایەتییەوە قوربانیی و بەرکەوتەکە (ژنەکە) زۆر جیاوازتر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و ترس و تۆقینەکانیشی لە ڕەگەزی بەرامبەر ڕەچاو بکرێت. هەر بۆیەش هیچکاتێک مامەڵەیەکی گونجاو نییە ژنێک بە ئەزموونی دەستدرێژیی سێکسییەوە سەرکۆنە بکرێت، کە بۆچی لە پیاوان دەترسێت. لەم نموونە کۆنکرێتییەوە دەکرێت باشتر ئەو دۆخی گرووپە ژێردەستانە بخرێنە پێش چاو، کە سەرەڕای ئەزموونکردنی جینۆساید، قڕکردن، کوشتنی سیستەماتیک، لە گەشەخستنی ئابووریی، داگیرکردنی هۆش و زمان و کولتووریان، کە سات دوای سات دەکەونە بەردەم هەڕەشەی فۆڕمە جیاوازەکانی توندوتیژیی دەسەڵاتی

سەردەستەوە، بەڵام هێشتاش ئەوان سەرکۆنە دەکرێن، بە کۆمەڵێک دەربڕینی تێکشکێنەرانە وەکو ‹تجزیەطلب› (جوداخواز، کە لە ڕوانگەی سیاسەتی یەکپارچەیی خاکەوە وەک جۆرێک لە تێکدەر و تیرۆر سەیردەکرێت). وەک ئەوەی هەموو ئەو پێکهاتانەی دیکەی ئەو سیستەمە بەشێوەیەکی ڕەوا داڕێژرابن و تەنها کێشە لە کورد یاخود گرووپەکانی دیکەی وەک بەلوچە کە جوداییخوازن.

ئەم نموونەیە دەمانگێڕێتەوە بەرەو پرسیارگەلێکی دیکە، کە بۆچی ئەم شۆڕشی ژینایە هەر لەسەرەتاوە جیاوازترە لە ناڕەزایییەکانی پێشوو و بەپێی گوتنەوەی دروشمەکانی وەک ‹ژن، ژیان، ئازادیی› و ‹مرگ بر ستمگر، چە شاە باشد، چە رهبر› (بڕوخێ ستەمکار چ شا بێت چ ڕابەر) و خواستەکانیان ئەم شۆڕشە سیستەمەکە دەهێنێتە لەرزە و هاوسۆزیی و هاوپشتیی کۆدەکاتەوە؟ ئەم شۆڕشە جیاواز لە ناڕەزایەتییەکانی پێشوو لە چینێک و ناوچەگەلێکی دیاریکراویشەوە سەریهەڵداوە و هەر لەوێشدا شۆڕشەکە چڕبۆتەوە. بەپێی ئامارەکان و ئاماژەکان ئەم شۆڕشە لە کوردستانەوە سەرهەڵدەدات، بەهۆی خاپوورنەبوونی لەمێژینەی ئاگری شۆڕشی بەردەوامی کورد لەبەرامبەر دەسەڵاتی داگیرکەردا، لەوێشەوە بەتایبەتی دەگوازرێتەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە دۆخێک و ستەمێکی هاوبەشی وەک ستەمی سەر کورد ئەزموون دەکەن. لەوەشەوە خاڵی هاوبەش پرسی جێندەرە، کە هەموو ئەو بزووتنەوانە بە ئایدیا و خەباتی جیاوازەوە کۆدەکاتەوە و پرسی ستەمەکانی دیکەش لەگەڵ خۆییدا لەگەڵ یەکترییدا

هاوخوانــی دەدۆزنــەوە. بــۆ نموونــە ســەرەڕای هەبوونــی جیاوازیــی پرســی سیاســیی نەتەوەیــی بەلوچــەکان لەگــەڵ پرســی نەتــەوەی کــورددا، بــەڵام تێکگەیشــتنیان لــە پرســی جێندەر، چینایەتیی و خەباتی دژەکۆلۆنیالیستیی لە بەرامبەر دەســەڵاتی داگیرکاردا، هاوپشــتییەک دروســت دەکات، کــە لــە بەلوچســتانەوە بــۆ کوردســتان هــاوار بکــەن و هاوپشــتیی نیشــان بــدەن و بەپێچەوانەشــەوە.

بــەڵام ئــەم هاوســۆزیی و هاوپشــتییە ناکرێــت پێمــان وابێت بەشــێوەیەکی سادەئاســا بەنێو هەمــوو خەڵکی ئــەوەی پێیدەگوترێت ئێران، و دەرەوەی ئێراندا بڵاوبۆتــەوە. لێرە لــە ئەڵمانیــا دەبینیــن ئــەو لایەنانــەی بەشــداریی ڕاســتەوخۆیان هەیــە لــە کوشــتنی سیســتەماتیکی کــورد لــە باکــووری کوردســتان، ڕۆژئــاوا، لــە ڕێگــەی کاری هاوبــەش لەگــەڵ ئــەو ڕژێمــە داگیرکارانــەی لــە تورکیــا و ســوریا و هەتــا ئێرانیــش و لەڕێگــەی نــاردن و کڕیــن و فرۆشــتنی چەکــەوە، هەمــان ئــەو لایەنانــە بــۆ نیشــاندانی هاوپشــتیی هەمــان دروشــمی ‹ژن، ژیــان، ئازادیــی› دەڵێنــەوە، لــە کاتێکــدا ئــەم دروشــمە هــی ئــەو ژنــە گەریلایانەیــە کــە ژیــان و گیانیــان لــە پێنــاو کۆمەڵگەیەکــی ئــازاد و ڕزگاربــوو لــە دەســتی پیاوســالاریی و کۆلۆنیالیــزم بەخــت کــردووە. هــەر ئەمەشــە کــە پێموایــە لــە گەشــەکردنی ئــەم دروشــمەدا دەکەوینــە بــەردەم پرســی زەوتکردن/لەدەســتوەرگرتنی کولتوورییــەوە (cultural appropriation). بــۆ ئەمــەش دەکرێــت بــە هــەردوو لایەنــی پۆزەتیــڤ و نێگەتیڤــدا ئــەم پرســە بخوێنرێتــەوە. لەلایەنــە پۆزەتیڤەکــەدا گرنگــە کــە ئــەم خەباتــەی لــە ناوجەرگــەی

خەباتی کوردەوە بۆ یەکسانیی و دادوەریی ڕەگەزەکان، یەکسانیی کۆمەڵایەتیی و ئازادیی تاکەکەسی و کۆلێکتیڤیەوە هەڵقوولاوە، بکرێت بۆ ئامانجی فۆڕمێکی نوێی پێکەوەژیان گەشە بکات، کە هەم کورد وەک گرووپێکی ژێردەستە و هەم تاک و گرووپە جیاوازەکانی دیکەی پەراوێزخراو و ژێردەستەکراو ڕزگاربکات.

بەڵام لایەنێکی دیکەی ئەم لەدەستەوەگرتنی کولتوورییە دەکرێت کێشەسازبێت، بەتایبەتیش لە سیاقی ئێرانییدا، کە دەبینین ئەم دروشمە سەرەتا وەردەگێڕدرێت بۆ زمانی فارسیی و لە زۆرێک لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا زۆرکات هەر وەرگێڕانە فارسییەکە دادەنرێت (جاری وا هەیە بە دوو جۆری نووسینی جیاوازەوە بەڵام هیچ شتێک دەربارەی ڕیشە کوردییەکەی ناگوترێت) و لە ڕیشە کولتووریی و مێژوویە کوردییەکە دادەماڵرێت. بەمەش دەبینین ئاراستەی گێڕانەوەکان و فۆڕمەکانی گێڕانەوەی مێژوو و خەباتی گرووپە ژێردەستەکان وەلادەنرێت و دواتر دەسەڵاتی سەردەست لەسەر خەبات و ئازار و ڕەنجی ئەوانی دیکە سوودمەندتر دەبێت، بەبێ ئەوەی دان بە خەباتی ئەو گرووپە ژێردەستانەدا بنێت و بەبێ ئەوەی ئازار و ڕەنجی ئەوانی دیکە دەرک بکات و هاوبەشی بکات. لەمەشەوە گرنگی ڕەخنەی ڕەشپێستەکان بەرامبەر بە بەدەستەوەگرتنی کولتووریی لەلایەن سپیپێستەکانەوە دەردەخات، کە بۆ نموونە کەسێکی سپی پێستی ئەمریکی وەک ئلڤیس پرێسلی لەڕێگەی ئەم بەدەستەوەگرتنە کولتوورییەوە (دزی هونەریی و کولتووریی) دەبێتە کەسێکی بەناوبانگ و کولتوور و

موزیکی سپیپێستی ئەمریکی دەوڵەمەندتر دەکات، لەڕێگەی دزینی خەباتی ڕەشپێستەکانی کارییبیکەوە، کە لەڕاستیدا هونەرەکەیان هونەرێکی بەرگریی و شۆڕش بوو لە دژی دەسەڵاتی سپیپێست و ڕاسیزمی سپیپێست. لەمەشەوە دەکرێت بڵێین ڕەخنەی لەدەستوەرگرتنی کولتووریی تەرکیز ناخاتە سەر ئەکتی وەرگرتنی تاکەکەسێک کە ئەم لەدەستوەرگرتنە (دزی) ئەنجام دەدات، بەڵکو ئەو پێکهاتە ڕاسیستییانەی کۆمەڵگەیەک دەست نیشان دەکات، کە ئامادە نییە لەژێر ناوی گرووپە ژێردەستە و ستەملێکراوەکاندا شتێک بڵێتەوە و هونەرێک ئەنجام بداتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی دان بە ناو و میژووی ئەواندا نەنێت، کولتوور و هونەر و خەباتی ئەوانی دیکە لەڕیشەکەی دادەماڵێت و لە کۆنتێکستە واقیعییەکەی دەسڕێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە خۆی دەکات بەخاوەنی، چونکە دەرفەتەکان، دام و دەزگاکانی دەسەڵات و هێز لەبەردەستی ئەودا هەن، وەک گرووپی سەردەست. نموونەی دیکەی زەوتکردن/لەدەستەوەرگرتنی کولتووریی، مۆسیقای جازە، کە لەگەڵ سەرهەڵدانیدا فۆڕمی خۆدەربڕینی ڕادیکاڵ و نارەزایەتیی ڕەشپێستەکان و گێڕانەوەی ئەزموونی ڕاسیزمی سپیپێستەکان بوو بەرانبەریان، بەڵام سپیپێستەکان ئەمرۆ بە بەدەستەوەگرتنی مۆسیقای جاز و بەرهەمهێنانەوەی و داماڵینی لە ڕەهەندە سیاسیی و مێژوویی و دژە-ڕاسیستییەکەی، وایانکردووە ئەمرۆ فۆرمێکی ڕووتی کاڵایی جوانیناسانەی مرۆڤی سپیپێست وەربگرێت و نەوەی ئەمرۆ هاوبەشکردنی ئەو ئەزموونەی ئازار، خەبات و شۆڕشدا بێبەریی بکات کە ڕەشپێستەکان سەد ساڵ بۆی جەنگان.

ئەگەر دروشمی(ژن، ژیان، ئازادیی) لە سیاقە کوردییەکەیدا گێڕانەوەی ئیرادە، خەبات، شۆڕش و ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو فۆرمەکانی ڕاسیزم، فاشیزم و پیاوسالاریی بێت، زەوتکردنی و وەرگێڕان و دابڕینی لە سیاقە کوردییەکەی لەلایەن مرۆڤی ئێرانییەوە، ئامانجەکەی تەنها دووبارە بێدەنگکردن و ونکردنی خەباتی مرۆڤە ژێردەستەکانە و هاوکات خۆبەخاوەنکردنی کولتووریی سیاسیی و گۆڕینییەتی بۆ فۆرم و نواندنەوەی جوانیناسانەی ڕووت لەسەر فۆڕمی کاڵایی، کە ڕۆژانە لە شەقامەکانی تاران و شەقامەکانی تاراوگە ئەم جۆرە نواندنەوەیە بە فراوانیی دەبینین، تەنانەت زۆرجار دەبینین دروشمی(ژن، ژیان، ئازادیی) لە وەرگێڕانە فارسییەکەیدا بە جۆرێک فۆرمی زەغرەفەی جوانیناسانە دەنووسرێت، وەک بڵێیت نۆستالژیایەک بێت بۆ دووبارەکردنەوەی شیعری کلاسیکی فارسیی.

لێرەدا گرنگە هۆشیارییەک دروست ببێت، کە بتوانێت دوولایەنە ڕووبەڕووی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و دوالیزمی سەردەست و ژێردەست ببێتەوە. هۆشیارییەک دروست ببێت لە دژی ترس و یەکڕەنگکردن خەبات بکات، چونکە ئەو عەقڵییەتە فاشیستییەی چەندین ساڵە بەشێوەی جۆراوجۆر خۆراکی پێدەدرێت، مرۆڤەکان ناچار بە دۆخێک دەکات، لەجیاتی فرەڕەنگی و جیاوازبوون هەڵبژێرن، دەچنە نێو ئایدیۆلۆژییەکەوە کە جیاوازبوون و فرەڕەنگی سزا دەدات و مرۆڤی ژێرفەرمان دروستدەکات. هەر بۆیەش پێویستە بە دیدێکی ڕەخنەییەوە بڕوانینە گێڕانەوەکان و هەژموونی دەسەڵاتی سەردەست (کە فارس دەگرێتەوە)

و ببینین کە چۆن هەژمـوون و ناسـنامەی فـارس لـە فۆڕمەکانـی دەسـەڵاتدا ڕیشـەیان داکوتـاوە. ئـەم هەژمـوون و ناسـنامەیەش هەمیشـە بـۆ مانـەوەی پێویسـتی بـە ئـەوی دیکەی چەوسـێنراو و ژێردەستەکراو هەیە، تا بتوانێت خۆی و دەسـەڵاتەکەی بپارێزێـت و حەقیقەتـی لای ئەوانـی دیکـە بشـێوێنێت. بـە ئیقتبـاس کـردن لـە سـامیە نێهرێـز دەمەوێت ئـەم پەیوەندییـە دوولایەنـە باشـتر شـی بکەمـەوە، کـە لـە کۆلۆنیالخسـتن دەبێت بەو مانایەبێت کار لەسـەر سیسـتەمی بیرکردنـەوە و کارکردنـی دەسـەڵاتی باڵادەسـتدا بکرێـت. لەکۆلۆنیی-خسـتن دەبێـت لـە ئاکتێکـی وەسـتانەوە بەرامبـەر سیسـتەمێکی هەژموونیـی هزرییـەوە درێـژەی پێبدرێـت؛ بۆیـە لەکۆلۆنیخسـتن پرۆسـەیەکی ڕزگاریـی کولتووریـی و مێژوویـی گرنـگ و بەرچـاوە. لەکۆلۆنی-خسـتن هەمـوو فـۆڕم و پێکهاتـە باڵادەسـتەکان دەخاتـە ژێرپرسـیارەوە، ئینجـا ئیتـر لـە زمانەوانیـدا بێت، لـە گوتـاردا بێت یاخـود لـە ئایدیۆلۆژیـادا. لەمـەش زیاتـر دەبێـت لەکۆلۆنیخسـتن وەک ئاکتێکـی خۆپاککردنـەوەی هـەردوولا، هـەم کۆلۆنیکـراو و هـەم کۆلۆنیکەر، دەرک بکرێت. بۆ هـەردوو لایەنەکە دەبێت پرۆسـەیەکی ڕزگاربـوون بێـت: ڕزگاربـوون لـە وابەسـتەیی، بەتایبەتـی لـە دۆخـی کۆلۆنیکراوەکانـدا، ڕزگاربـوون لـە هـزری ئیمپریالیسـتی و ڕاسیسـتی، لـە نواندنـەوە و ئـەو دامەزراوانـەی کـە تـا ئەمـڕۆش لەگەڵمانـدا ڕێ دەکـەن، بـە تایبەتـی لـە دۆخـی کۆلۆنیکەرەکانـدا. لـە کۆلۆنی-خسـتن ئـەو کاتـە بـە ئەنجـام دەگات، ئەگـەر خـودی پرۆسـەکە وەک زنجیـرە پرۆسـەیەک دەرک بکرێـت، کـە هـەردوو لایەنەکـە

دەگرێتەخـۆ، هـەم کۆلۆنیکراوەکـە و هـەم کۆلۆنیکەرەکـە[٥٩].
هەتا ئـەو کاتـەی مـرۆڤ ئـەوە نەخاتـە ژێـر پرسـیارەوە کـە لـە
چ پەیوەندییەکدایـە لەگـەڵ یەکتـردا، ناکرێت ئاڵۆزییەکانـی ئـەم
کێشـانەش بەیەکـەوە دەرکبکرێـن.

## سەرچاوەکان


-Cesaire, Aime (2021). Über den Kolonialismus. 3 Auflage. Alexander Verlag Berlin.

-Galtung, Johan (1998). Frieden mit friedlichen Mitteln; Friede und Konflikt, Entwicklung und Kultur. Leske + Budrich. Opladen.

-hooks, bell (1992). Black Looks, Race and Representation. South End Press. Boston, MA.

-hooks, bell (2323). Teaching community, a pedagogy of hope. Routledge. New York and London.

-Momozai, Martha (1990). Komplizinnen. Reinbeck bei Hamburg.

-Posselt, Gerald/ Schönwälder-Kuntze, Tatjana, Seitz, Sergej (Hg.) (2018). Judith Butlers Philosophie des Politischen Kritische Lektüren. transcript Verlag, Bielefeld.

-Thürmer-Rohr, Christina (2324). Mittäterschaft von Frauen. Die Komplizenschaft mit der Unterdrückung. In Becker, Ruth/Kortendiek, Beate (Hg.) , Handbuch Frauen- und Geschlechterforschung. Wiesbaden.

# شیکاری سیاسی جەستەی ژنان لە شۆڕشی ژینادا

ئەوین ڕۆژهەڵات

لە زۆربەی ڕاپەڕینەکانی ئەم دواییەدا لەهەر کاتێکدا ڕێگری لە ژنان کراوە ڕۆڵی پێشەنگایەتی ببینن، کاتێک ئامادەیی سیاسی هەبووە، بڵاوەی پێکراوە و دەستی بەسەردا گیراوە، هەوڵدراوە سەرەتا لەژێر ناونیشانی لۆژیک و بگرە ڕۆڵی پیاوانەی بۆ بکێشرێت بۆ ئەوەی بتوانێت لەژێر ئەو ناونیشانانەدا چالاکی بکات. لەم دیدەوە دەتوانین بڵێین لەناو خودی شۆڕشی ژینادا، شۆڕشێکی تر سەریهەڵداوە، ئەویش ئامادەبوونی ژنانە بەهۆی ژنبوون و جەستەی ژنبوون بووە. بەپێچەوانەی زۆرێک لە ڕووداوەکانی پێشوو

نـەک تەنیـا جەسـتەی ژن و ژنبـوون پەلکێشـی سـێبەرەکان نەکـران، بەڵکـو ئـەم ڕووداوە نێوەندکـی بەدەسـت هێنـاوە کـە لەڕێـی جەسـتەی ژن و ژنـی جەسـتە، زیاتـر ویسـت و کـردار و پەرچەکـردار و شـێوازی مامەڵـەی حکومەتـەکان ڕیزبەنـد بکـەی. لەهەمـان کاتـدا دید و تێڕوانینی زۆرینـە لـەو بـاوەڕەدا بـووە کـە شـۆڕش، ڕاپەڕیـن و کودەتـای کردارەکانـی نێرینـە و پیاوانـە بـووە. زۆربـەی پەرتووکـە مێژووییـەکان بانگەشـەی نێرینـەی ئـەم جـۆرە کردارانـە دەکـەن، بـەڵام لـە بزووتنـەوەی ژینـا، خـودی شـۆڕش بـە نێرنەبوونـی شۆڕشـەکانی تـری سـڕی و پووچەڵکـردەوە. بیرمەندانـی چـەپ و بگـرە ڕاسـتیش دانیـان بـە ژنبوونـی ئـەم شۆڕشـەدا دانـا، هەروەهـا هـەر ئـەم کارەش بـووە هـۆی ئـەوەی کەسـانێک بەدواداچـون لەنێـوان هاوشـێوەبوون و هاوتەریبـی شۆڕشـی ژینـا و بزووتنـەوەی سـاڵەکانی ١٩٦٨ خۆرئـاوادا بکـەن. بزووتنـەوەی ژینـا بەپێـی پێناسـەیەک کـە (ئـالان بادیـۆ) بـۆ (ڕووداو- حەقیقـەت) لـە دوو لایەنـەوە هـەم کۆمەڵێـک ڕاسـتی شـاراوەی ئاشـکرد کـرد و هـەم خۆیشـی کۆمەڵێک ڕاسـتی بەرهـەم هێنـا تـا بـە ناچـاری زۆربـەی ڕێزبەنـدی و پێناسـەکانی پێشـوو دەربـارەی ژن- جەسـتە و پیـاو- حکومـەت بگـۆڕێـت. بـە پێـی ئـەم چەمکـە ئـالان بادیـۆ پێـی وایـە ڕاسـتی لـە پرۆسـەی ڕووداوەکانـدا ڕوو دەدات. ئـەو پێـی وایـە ئێمـە تەنیـا چـوار جـۆر ڕووداوی ڕاسـتی دەزانین: ١- سیاسـەت ٢- زانسـت ٣- هونەر ٤- خۆشەویستی.

بـۆ نموونـە پێـی وایـە لـە سیاسـەتدا شـۆڕش ڕووداوێکـی ڕاستەقینەیە. ئێمـە یەکجـار و بـۆ هەمیشـە هاتووینەتـە ئەمدیـو (کەلێـن یـان دابەشـبوون) هکـە. ئـەم گـۆڕانکارییـە پارادایمییـەی

کە بە هۆی ڕووداو-بزووتنەوەی ژیناوە ڕووی دا، وایکرد ئیتر نەتوانین بۆ هەمیشە بگەڕێنەوە ئەودیو (کەلێن یان دابەشبوون) هکە. لەوانەیە دەرئەنجامی ئەم دابڕانە لە نەوەکان و بگرە لە جوگرافیایەکی تر نموونەیەکی زیاتر لێ بەدەست بێت و هێشتا سەرەڕای بەرهەمهێنانێکی زۆر ناواخنی ئەم بزووتنەوەیە، ڕێگایەکی دووری لەبەرە تا مەودا و ڕەهەندی ئەم ڕووداوانە بە شێوەیەکی ورد و بونیادی پەی پێ ببرێت و ڕیزبەندی بکرێت. ئێستا کە جەستەی سیاسی و شۆڕشگێڕی ژنانە لە قاڵبی زیندانیکراوی خۆی لە ڕۆڵە چەقبەستووەکاندا ئازاد بووە، ئەگەری دووبارە سنووردارکردن و داگیرکردنی ئەم جەستەیە مەحاڵە.

ئەو ڕاپەڕینە مەزنەی کە لە مانگی (٢٠٢٢/٩) لەئێران بەناوی(ژن، ژیان، ئازادی) لە کوردستان دەستی پێکرد، هەر بەوشێوەی کە لە ناوە سەرەتاکەیەوە دیارە، بەقووڵی کاریگەری ڕەگەزی پێوە دیارە، داخواز، دروشم، خواستەکان و هۆکاری بەرپابوونی ئەم بزووتنەوە نارەزاییە کە بەهەمان ئەندازەی نایەکسانی سیاسی، ماف، ئابووری و کۆمەڵایەتی و دامەزراندنی سیستەم، دەسەڵاتی خستووەتە ژێر پرسیارەوە. بە هەمان ئەندازەی نالەبارەیەکان، پێشینەی پیاوسالاری، نەریت و کلێشەی کولتووریشی خستووە ژێر ڕێژنەی ڕەخنە، گۆڕان و دەستکاریکردنەوە. لە جیاتی ئەمانە کۆمەڵێک لایەنی کرداری جەستەیی، پەیوەست بەکات و شوێن هێناوەتە بوون، بەرخودان لە زەمینەی هەنووکەیی بەقووڵی خۆی بە قەرزاری ژنان دەزانێ و سیاسەتی جەستە و شیکاری)ئەناتۆمی)سیاسی جەستە

بەناونیشـانی گۆڕەپانـی چەق)محور(یـش بـۆ ئـەو کەسـانەی کە خوازیـاری لاوازکردنـی ناوەڕۆکـی بابەتـی هێـز و دژایەتـی دەکـەن و هـەمیش بـۆ ناوچـەی دەسـەڵاتخوازیەکان جارێکی تر بـە ئاراسـتەی سـەلماندنی هێـزی خۆیـان هـەنگاو دەنێـن، زۆر چارەنووسسـازە، لـەو ڕووداوەدا ئامادەبوونـی هـەزاران کەس لـە شـەقامەکان و خۆپیشـاندانە گشـتیەکاندا. بزووتنـەوەی ژینـا و لەکاتـی خۆپیشـاندانەکاندا زۆرێـک لـە ژنـان و پیـاوان ڕژانـە سـەر شـەقامەکان، بەتایبـەت بـە ڕێبەریـی ژنـان شـوێنێک کـە زۆربـەی گۆڕەپـان و شـەقامەکانیان داگیر کردووە. دەتوانرێت ئـەوە ببینرێـت کـە بـە چ شـێوەیەک شـوێنە گشـتیەکان لەلایـەن کەسانێک کە مافی کۆبوونەوەیان نییە داگیر دەکرێت و ژیانی ئەوانیـش لەکاتـی ڕووبەڕووبوونـەوەی پۆلیسـدا دووچـاری توندوتیـژی پۆلیـس، دەسـتگیرکردن و مـەرگ دەبنـەوە. هێـرش بـۆ سـەر جەسـتە، هێرشـکردنە سـەر خـودی مافـە، چونکـە مـاف دەقـاودەق هەمـان شـتە کـە جەسـتە دەیەوێـت و لـە شـەقام و بـە بەرچـاوی هەموانـەوە کـرداری دەکات. جەستە ناڕازییەکانی ژنـان دژایەتی خۆیـان دژی شـەرعیەتە سیاسـیەکان، دابەشـکردنی شـوێنە تایبـەت و گشـتیەکان لەڕێـی ئامادەیـی جەسـتەیی خۆیـەوە پیشـان دەدات، بـەڵام بەهـۆی داگیرکردنـی ئـەو شـوێن و بەرخودانـە و پێداگرییـە لـە داگیرکردنـی شـوێن، سەرکێشـیەکی گرنـگ لەدۆخـی جەسـتەدا دروسـت دەکات. بـەو واتایـەی کاتێـک جەسـتە لـە ڕووی سیاسـیەوە نارەزایـی دەردەبڕێـت تەنیـا بـە زمانـی دەنگـی یـان نووسـین، یـان هەڵگرتنـی ئـاڵا، پۆسـتەرێک لەگـەڵ ڕاگەیاندنەکانـدا نییـە، بەڵکـو ئامادەبوونـی لـە نەبینراوتریـن

شـوێندا، خـۆی لـە خۆیـدا مەزنتریـن سـەرکێشـی سیاسـییە. بـۆ دارِشـتنەوەی بنەماگەلێکـی گۆرِانـکاری و هێنانەبوونـی دابرِانـە کۆمەڵایەتییـەکان دەبێت جەسـتە دەرکەوێت. مـن بۆ کەسـانی تـر دەردەکـەوم و ئەوانیـش بـۆ مـن دەردەکـەون. بـەو واتایـەی کـە بۆشـایی نێوانمـان رِێمـان پـێ دەدات کـە هـەر یەکێکمـان دەرکەوتنێکـی هەبێـت و ئەگـەر بابەتـی هێـز رِێ بـەم دەرکەوتنـە نـەدات و ئـەو بۆشـاییە تەنگـەلان بکات. بەریـەک کەوتنـی سیاسـی ئـەم جەسـتانە و کۆبوونـەوەی ئەمانـە دەگۆرِێـت بـۆ نارِەزایـی، شـۆرِش و کودەتـا. ئێمـە دەقـاودەق دریادەیەکـی دیـداری یەکتـری نین-دەنگـی ئێمـە هـەم دەبێت ببیسـترێت و تـا چ ئەندازەیـەک ئـەم جەستانەمان نادیـدە بگیرێـن ئەگـەر ئامادەبوونـی لـە کەشـی نارِەزایـی و هاوسـۆزی و پەیوەسـتبوونی زیاتـر بەدەسـت دەهێنـن. سـەرەرِای ئـەوەش چۆنایەتـی بوونـی ئێمـە (بۆ) ئەویتر- لـەو جەسـتەی کـە تێیداین-دەردەکەوێت و ئەمـەش بـە شـێوەیەکە کـە تەنیـا خۆمـان نابینین، بەڵکو بوونی جەسـتە بۆ هەموومان دەگۆرِێـت بـە بابەتێکـی پێویسـت و گرنـگ.

کاتێک کـە سیسـتەمی سیاسـی دەیەوێت جەسـتەی ئێمـە بـە شـێوەیەک دووبـارە پێناسـە بکاتـەوە کـە ناتوانـم بۆ خـۆم بـم و لـەرِووی کۆمەڵایەتیشـەوە بێبـەش دەبـم لـە خاوەنداریەتـی خۆم و بابەتیهێزی جەسـتەی ئێمە (پەرت یان ئەنجن ئەنجن) دەکات، قێزەون نیشـانی دەدات و نکوڵـی لێدەکات، لەبەرئـەوە منـدژی جەسـتەی سـیمبولیکی دەوڵەتـی رِادەپـەرِم. مـن بـە شـێوەیەک بۆ ئەوانیتـر دیـارم کـە ناتوانـم تەنیـا بۆ خـۆم بـم و لـەم رِێیـەوە جەسـتەی مـن دیدێـک دێنێتەبـوون کـە تەنیـا پەیوەسـت نییـە

بـە منـەوە، بەڵکـو هەڵگـری ڕەنـج و ئازارگەلێکـی مێژوویـی و نکوڵـی لێکردنێکـی بـە کۆمەڵـی پەیوەسـت بـە تـەواوی تاکەکانـی کۆمەڵگەوەیـە. ئەمـە خاڵێکـی زۆر گرنگـە، چونکـە جەسـتە تەنهـا دیـدی مـن نیشـان نـادات، بەڵکـو لـە ڕاسـتیدا جەسـتە لـە دۆخـی ئاڵوگـۆڕی دیدگاکاندایـە و ئـەم ئاڵوگـۆڕ و پەیوەندییـەش گرنگـە. ئـەوە خاڵێکـی زۆر گرنگـە، چونکـە جەسـتەیەک تەنیـا دیـدی مـن بخاتـە ڕوو، کەواتـە لەڕاسـتیدا جەسـتە لەدۆخـی ئاڵوگـۆڕی دیددایـە و ئەمـە گۆڕانـکاری و پەیوەندیەکـی گرنگـە. ئەمـەش بەڕوونـی کاتێـک ڕوو دەدات کـە ئێمـە بیـر لـە جەسـتەگەلێک دەکەینـەوە کـە پێکـەوە بەریەککەوتنیـان هەیـە. هیـچ جەسـتەیەک کەشـی دەرکەوتـن ناهێنێتـە بـوون، بەڵکـو ئـەم بەریەککەوتنـە، ئـەم مەشـقی ڕۆڵ بینینـە (لەنێـوان) جەسـتەکاندا دێنێتـە بـوون، لەشـوێنێک کـە ترازانێـک لەنێـوان جەسـتەی مـن و جەسـتەی ئەویتـردا دروسـت دەکات، بەمشـێوەیە جەسـتەی مـن کاتێـک ڕەفتارێکـی سیاسـی ئەنجـام دەدات بـە تەنیـا ئـەو کارە ئەنجـام نـادات. لەڕاسـتیدا، بەریەککەوتنێـک لەنێـوان جەسـتەکاندا ڕوو دەدات، ژنـان کـە لـە بزووتنـەوەی (ژن، ژیـان، ئـازادی) خاوەنـی دەزگایەکـی سیاسـیین لەهەمـان کاتـدا هەڵگـری جەسـتەیەکی سیاسیشـن کـە لـە کوردسـتان ڕادەپەڕێـت، خاوەنداریەتـی و بەرهەمهێنـەری بابەتـی هێـز و زاڵبوونـی بەسـەر جەسـتەدا دەخاتـە تەنگـەژەوە. پەرتووکـی(کار) لـە مێـژووی ئێرلەنـدا دا کـە هـی (جیمـز کانلیـە) ئـەم ناوەڕۆکانـە بەرفراوانتـر دەکات و دەیاننەخشـێنێت. ڕەگەزەکانـی داهێنـان بـە تـەواوی ئاشـکران. مێژوویـەک کـە بـوو بـە بەشـێک لـە زانسـت یـان ئایدیۆلۆژیـای دەوڵەت-نەتـەوە یـان شـۆڕش، ئـەو بیرەوەرییـە نییـە کـە ئێسـتا

لە یادگەی هەمووانـدا چەسـپاوە، بەڵکو وێنەیەکە بە دەسـتی بەرپرسـان کێشـراوە، هەڵدەبژێردرێت، نیشـان دەدرێت و جێگیر دەبێت. ئـەو وێنانـەی کـە دەربـارەی مانگرتـن و ڕووداوەکانـی شـۆڕشـن و لـە یـادەوەری بەسـاڵاچوواندا تۆمـار کـراون و بـە مەرگـی ئـەوان ڕەنگـە لەنـاو بچـن، جیـاوازن لـەو وێنانـەی داهێنەرانـەن و هێزێکـی سیاسـی بەرهەمـی هێنـاون. هێشـتاش مێژوونووسـان بـە هـەر ئامانجێک، ئاگایانـە بێت یـان نائاگایانـە لـەم پڕۆسـەی دروسـتکردنەدا، گیـرۆدەی پێکەوەلکاندنـی پارچـە بـە پارچـەی وێنەکانـی ڕابـردوون و بـە هەمـان ئەنـدازەش تێیداهاوبەشـن. ئەمـە پڕۆسـەیەکە نـەک تەنیـا پەیوەندیـدارە بـە بـواری توێژینـەوەی تایبەتـەوە، بەڵکـو وەک قەوارەیەکـی سیاسـی پەیوەسـتە بـە کایـە گشـتییەکانی مرۆڤـەوە.

### نەریتە داهێنراوەکانی ژنان

ژنـان لـە بزووتنـەوەی هەنووکـە و لـە سـەرەتادا لـە کوردستـانەوە بۆ تـەواوی ناوچەکانـی ئێران، هـاوکات لەگـەڵ پاڵنـەری سیاسـیاندا بەرخودانێکـی تریـان تۆمـار کـرد کـە ڕێکخـراو، دامەزرێنـراو و جەسـتانە بـووە و لەنـاو جەرگـەی نەریتەکانـی مێـژووی دێرینـی خۆیـدا سـەری دەرهێنـاوە. نەریتـی داهێنـراو لـە دیـدی (هابزبـام) بـە کۆمەڵـە نەرتێکـی داهێنـراو و نوێگەرانە دەوترێت کە هـەم وەک ناوخـۆی بنیـات دەنێت و هەمیـش لەقۆناغێکـی دیـاری کـراودا دەردەکـەون و پایـەداری بـە خۆیـان دەبەخشـن. ئـەم کۆمەڵـە کار و چالاکییانە لەژێـر سـایەی کۆمەڵـە یاسـایەکی ئاشـکرا یـان نهێنـی گەشـە

دەکـەن و بەهاگەلێکـی تایبـەت بـە خۆیـان دادەڕێـژن و ڕەوشـگەلێکی تایبـەت بـە خۆیـان ئاشـکرا دەکـەن کـە بەهـۆی دووبـارە بـوون و بەردەوامـی توانـا، هێزی تایبـەت بـە خۆیـان پەیـدا دەکـەن. هـەر ئـەم ڕەهەنـدە دووبـارە بـووە دەرخـەری بەردەوامـی کارەکانـی ڕابـردووە. شـۆڕش و بزووتنـەوە پێشـەنگەکان کـە بەپێـی پێناسـەی خۆیان لە پچـڕان و دابڕانێک لـە پێناسـەکانیاندا دروسـت دەکـەن، ڕابـردووی تایبـەت بـە خۆیـان هەیـە و هەڵگری نەریتگەلێکی داهێنەرانـەی تایبـەت بـە خۆیانـن و لەلایەکـی تریشـەوە بەپێـی تێپەڕبوونـی کات دەبنـە هـۆکاری پەیوەسـتبوون بـە ئایینـەوە.

ئەنگلس لـە پێشـەکی پەرتووکـی جەنگـی گوندەکانـدا لـە ئەڵمانیـادا دەنووسـێت:(گەلی ئەڵمـان شـۆڕشـگێڕی خۆیـان هەیـە و هەروەهـا پاڵـەوان و شـەهیدی خۆیـان کـە نەریتـی داهێنەراویـان پایەدارتـر دەکات و دڵنیاییەکی تەواویشـی پێ دەبەخشـێت) بەپێـی ئـەم گوتەیـە دەتوانیـن ئـەم گوتانـە لەگـەڵ لایەنەکانـی تـری ژیانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی نەتـەوە و بارودۆخەکانـی تـر گشـتگیر بکەیـن. زۆرێـک لـە ڕەوشـی بەرخـودان، بەرەنگاری، ڕێکخسـتن، داخـوازی خەڵـک و شـێوازی ڕووبەڕووبوونـەوەی سیسـتەمی سیاسـی یـان ئـەم جـۆرە چالاکییانـە هەڵگری پێشـینە و خواسـتێکە کـە نەریتـە داهێنراوەکانـی خۆیـان لەگۆڕەپانی کۆمەڵایەتیدا دەئافرێنن. بزووتنـەوەی(ژن، ژیـان، ئـازادی) پاڵـەوان و قوربانـی و شـەهیدگەلێکی تایبـەت بـە خۆیـان هەیـە. کەسـانێک کـە لەنـاو جەرگـەی ئـەم نەریتانـە دەئافرێنرێـن و بـەرەو زیادبوون دەڕۆن، ئەو توانایییەیـان تێدایە کە بگوازرێنەوە بۆ نەوەکانی ئایینده. لێرەدا بەکورتی باسـی کۆمەڵێک جۆری جیـاوازی جەسـتەگەلی سیاسـی ژنـان لـەم بزووتنەوەیـەی دواییـەدا دەکەیـن.

## جەستەی تێکۆشەر

لە ساڵەکانی دوای شۆڕشی ١٩٥٧ لە ئێرانژنانی کورد ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ڕێکخستنی کاری سیاسی بەکۆمەڵدا بینیوە، زۆرێک لە ژنان کە پێشتر لە ڕیزی بەرخوداندا بوون لە دژی دەسەڵاتی پەهلەوی و بە گۆڕینی هەلومەرجی سیاسی کوردستان و ڕووداوە یەک لەدوای یەکەکانی ئەو جوگرافیایە پەیوەندیان بە گرووپە ئۆپۆزسیونەکانەوە کرد، ئەزموونی پێکهێنان و لەڕاستیدا نەریتی داهێنانی بەرخودان گونجاو و جەنگ لەناو شار و دەرەوەی شارەکان لەلایەن ژنان خاوەنی پێشینەی مێژووییە. لەم نێوەندەدا پشکی گرووپگەل و پێکهاتەکانی خەڵک هەمەڕەنگ و بەرجەستەیە.

لە ڕووداوەکانی کۆچی ناڕازی خەڵکی مەریوان لە مانگی تیری ١٣٥٨ و تەنیا چەند مانگێک دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ ژنان ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا. بەپێی گەواهیدەر، بەڵگە و وێنە پاشماوەکانی ئەم ڕووداوە مێژووییانە، هاوشانی ئامادەبوونی چالاکی ژنی مەریوان لە ئوردوگا)کانیماران) هەندێک لە ژنان لە تەواوی شارەکانی کوردستان بۆ پشتیوانی خەڵکی مەریوان بەپێ بەرەو شار دەستیان بە ڕێپێوان کرد. تابلۆ، دروشم و هەواڵە چاپکراوەکانی ئەو سەردەمە ئەوەمان پێ نیشان دەدات کە ژنان بە داخوازی ئازادی و یەکسانی، چوونە ناو گۆڕەپانی بەرخودانە سیاسیەکانەوە. دەستکەوتەکانی ژنان لەم قۆناغی گرووپە سیاسیانەدا، پێکهێنان و ڕێکخستنی ئاشکرای ژنان لەژێر ناونیشانی ئەنجوومەنی ژنان یان یەکێتی ژنان و

پێکهاتـەی ژنـان، لـە زۆربـەی شـارەکانی کوردسـتان بـوو. ئـەم پێکهاتانـە لـە پەیوەنـدی بـەردەوام و هەماهەنـگ لەگـەڵ یەکدابوون. هاماهەنگی ئەوانـە خۆبەخشـی ژنـان بـۆ گەشـەی ئاگایـی کۆمەڵگـە، فێرخـوازی و دروسـتکردنی کۆمەڵەیەکـی یەکگرتووی ژنـان لـە گوند و چواردەوری شـار و کارگەکانی قاڵـی چیـن و... بـە مەبەسـتی بەرخـودان بـۆ بەدیهێنانـی مافـە کۆمەڵایەتییـەکان بـوو. لـە ٢٨ مـورداد لـە سـاڵی ١٩٥٨هـاوکات بـە فەرمانـی جیهـاد لـە کوردسـتان و زەوتکردنـی ئازادییەکانـی خەڵکـی و لەناوبردنـی پێکهاتـە دیموکراتـی و نایاسـاییکردنی چالاکی ڕێکخـراو و حیزبـە ئۆپۆزسـیونەکان، جەنـگ و کەشـی سیاسـی لـە کوردسـتاندا خسـتنیە مەوداگەلێکـی تـرەوە. ژنـان بـە ئەنـدام بـوون لـە گرووپـە دژەکانـدا، خۆئامادەکـردن، خۆپیشـاندان لـە شـەقامەکاندا و ڕێپێـوان، بەشـێکی مەزنـی بەرخودانیـان بـوو. بـۆ شـوێنپێ هەڵگرتـن و ناسـینی ڕیشـەی ئامادەبوونـی ژنـان لـە بزووتنـەوەی(ژن، ژیـان، ئـازادی) دا ڕۆڵـی چەقبوونـی بەرخودانـی ئـەوان، دەبێت بە پێـی ئەزموونە مێژوویـەکان شـێوەگرتنی دامـەزراوە دیموکراتییەکانـی ژنان و داخوازیـەکان و تـەواوی ئەمانـە و تێچـووە سیاسـییەکانیان هەڵسـەنگاندنی بۆ بکرێت کە بۆ مـاوەی چوار دەیە بـەردەوام بـووە. لەکاتـی بـەزۆر سـەپاندنی سـەرپۆش لـە مانگـی ئیسـفەندی سـاڵی ٥٧کاردانەوەگەلێکـی نارەزایی لەهەنـدێ لـە شـارەکانی ئێران ڕوویدا و بەهەمـان شـێوە لـە شـاری (سـنە، مەریـوان و کرماشـان) گرووپگەلێکـی زۆر لـە ژنـان نارەزاییان نیشـان دا. هـاوکات مەزنتریـن مەراسـیمی ڕۆژی جیهانـی ژن لـە هەشـتی مارسـدا گـۆڕا بـە داخوازیەکـی گشـتی و شـێوەیەک

لە بەرخودانی بەردەوامی ژنان کە هەموو ساڵێک بەردەوام بوو. ئەم داواکارییە گرنگانە، هەڵگری ڕەوتی تایبەت بە خۆیان بوون و ژنان بە نەریتی داهێنەرانە تاکتیکی بەرگری و بەرخودانیان بەرەو پێش برد. ژنان لەم کەشە و شوێنانەدا، پێکهاتە و گرووپگەلێکی تایبەت بە خۆیان پێکهێنا و هاوکات ڕەخنەگرتن لە سیستەمی پیاوسالاری و جەنگ دژی دەستدرێژی سێکسی و داخوازی یەکسانی لەگۆڕەپانی بەرخودانی سیاسی و گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتییەکانیش لە ئارادابوو. لەهەمان کاتدا (گولڕوخ قوبادی، گلناز متین و ناصر مهاجر) لە چاوپێکەوتن و نووسینەکانیاندا ئەوە دەخەنە ڕوو کە کۆمیتەی کاتی ژنان، ئەنجوومەنی ژنانی سنە، یەکێتی ژنانی مەریوان، کۆمەڵگەی ژنان تێکۆشەری سەقز دامەزرا و کۆمەڵێک پێکهاتەیتر بەشێک لە بەرنامە کردارییەکانی ژنان بۆ هێنانەکایەی گۆڕانێکی ڕیشەیی بوو. یەکێک لە گرنگترین بەڵگەکانی ئەم بەرخودانە تێکۆشانی ژنان و داخوازیەکانیان بوو و شێوە جێبەجێکردنیان بوو لە مانفێستی والا و کۆمەڵگەی تێکۆشەری ژنان سەقز ئاماژەی پێدراوە. بەشێک لە دەقی ئەم بەیاننامەیان بەم شێوەی خوارەوەیە:

ڕاپەڕینی چەکداری ٢٠ و ٢١ بەهمەن ئەگەرچی توانی سەرکەوتنێک بکاتە بەشی گەلی ئێران، بەڵام بە هۆی نەبوونی ڕێکخستنی خەباتێکی ڕاستگۆیانە، نەیتوانی سەرکەوتنی تەواو بەدەست بهێنێت و تەواوی ڕەگ و ڕیشەی کۆنەپەرستی هەڵکێشێت و بنبڕ بکات و دەستی ئیمپریالیست بەگشتی لە بابەتە ئابووری، سیاسی و کولتووری ئێران ببڕێت. بۆیە بۆ پووچەڵکردنەوەی تەواوی پیلانگێڕی

کۆنەپەرستانە و بەردەوامی بەرخودان و بەئەنجام گەیاندنی تا ئازادی تەواوی هێزە زەحمەتکێشەکان و بنبڕکردنیتاک لەلایەن کەسانی تایبەتەوە بوو. ژنانی تێکۆشەری سەقز پێکهاتەی خۆیان لە کۆمەڵەیەک بەناوی (ژنان تێکۆشەری سەقز) ڕاگەیاند. ئامانجی کۆمەڵەکە بریتیە لە:

ا- پێکهێنانی کۆماری دیموکراتی گەلان لەسەر بنەمای ئازادی تەواوی گرووپە سیاسی، مەزهەبی و هەر چینێکی تری کۆمەڵگە. ئازادی تەواوی چاپەمەنی، دەربڕین، بانگەشە، ئازادی مانگرتن و خۆپیشاندان، ئازادی پەروەردەی سەربازی، پێکهێنانی ئەنجوومەنی کرێکاری کە چاودێر بەرهەم و دابەشکردنی کاڵای کارگەکان بکەن.

ب- پێکهێنانی ئەنجوومەنی گوندەکان و چاودێری چاکسازی زەوی و دابەشکردنی زەوی بەسەر خێزانە گوندنشینەکان.

ج-خۆبەڕێوەبەری و مافی چارەی خۆنووسین بۆ تەواوی گەلانی ئێران لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاد و دیموکراتیکدا.

د-یەکسانی ژن و پیاو لەبابەتی ئابووری، سیاسی و کولتووری و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی سەرتاسەری ژنان.

هـ-خەبات لەپێناو دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ ژنان لەکاتی دووگیانی و دوای لە دایکبوونی منداڵەکانیان، دامەزراندنی دایەنگەیەکی منداڵە کۆرپەکان بۆ چاودێری منداڵی ژنانی خاوەن پیشە و بەتایبەت ژنانی کرێکار و

زەحمەتکێش.... (ئایین دە، شـەممە ٧ی خـوردادی١٣٧٨). بڕگە و خاڵەکانی ئـەم پەیڕەوە ئەوەنـدە پێشکەوتووە کـە هێشـتا و پاش تێپەڕینی چەندین دەیـە بـە هێـزی خۆیـەوە ماوەتـەوە و توانـای جێبەجێکردنـی هەیـە.

لەکاتـی بەرپابوونـی مەراسـیمی سـەربەخۆیی کوردسـتان لـە ١٩٤٦/١/٢٢ کە لـە چەندین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردسـتان بڵاوکرایـەوە، ٢٣کـەس لـە کەسـایەتیە فەرمیەکانـی کۆمـاری مهابـات ئامـادە بـوو ڕێیـان دا ئامادەبـووان وتـاری خۆیـان پێشـکەش بکـەن. لـەو شـانزە کەسـەی کـە وتاریـان پێشـکەش کـرد دوو کەسـیان ژن بـوون. وتاربێژانـی ژن کـە مامۆسـتای خوێنـدگای کچـان بـون. سـەربەخۆیی کوردسـتانیان پیـرۆز کـرد و گرنگـی هاوبەشـی چالاکانـەی ژنـان لـەم بەرخودانـەدا دووپـات کـردووە. (خەدیجـە مجدی) یەکێـک لـە مامۆسـتاکان وتی:(ئێسـتا خوشـکانی بەڕێـز وەرن تەماشـایەکی براکانمـان بکەیـن و دەسـت لەناودەسـت نێیـن، چونکـە مـن دەبینـم کـە نیشـتمان چاوەڕێـی ئێمەیـە تـا کچانـی دەستپێشـخەری بکەن و بخوێنـن بۆئـەوەی ئێمـەش بـە براکانمـان بگەیـن: ئەمڕۆ جیهان پێویسـتی بەوەیـە کـە کچـان و کوڕان وەک خوشـک و بـرا بۆ ئـازادی نیشـتمانمان یـەک بگـرن. ئەم وتارە سیاسـیە پێشـتر لە بڵاوکراوەی(کۆمەڵـەی.ژ.ک) بەڕوونـی خرابـووە ڕوو. دووبارە وتـاری ژنـان و پیـاوان، لـە ڕۆژنامـە و شـیعرەکاندا دەخرایـە ڕوو. نزیکـە دوای دوو هەفتـە مامۆسـتایانی خوێندنگـەی کچان بـۆ دەربڕینـی خۆشـیان بەبۆنـەی سـەربەخۆیی و ناسـاندنی ڕابـەری کۆمـاری کوردسـتان ئاپۆرایەکیـان ڕێـک خسـت. بەپێـی هەواڵـی ڕۆژنامـەی کوردسـتان کـە دوای دامەزراندنـی

حیزبی ژنـان بڵاو کرایـەوە، کۆمەڵێکی زۆر لـە ژنانی ئەندامی حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان و خەڵکـی لـە هەمـوو چیـن و توێـژەکان لـەم مەراسـیمەدا بەشـداریان کـرد. وتاربێـژان لـەم ئاپـۆرا مێژووییـەدا ڕایانگەیانـد کـە ئێمـە نابێـت چـاوەڕێ لـە هاوسـەرانمان بکەیـن پـارە و جـل و زێڕمـان پـێ بـدەن. خوشـکانی بەڕێـز، بەڕاگرتنـی کچەکانتـان لـە چوارچێـوەی دیـواری ماڵـدا بەدبەختیـان مەکـەن. بیاننێـرن بـۆ خوێندنگـە تـا وەک ژنـە نەخوێندەوارەکانیـان لـێ نەیـەت، بـۆ ئـەوەی بتوانـن بەرگـری لـەم مافـی نەتەوەییـەی خۆیـان بکـەن و بەتایبـەت ژنانـی کـورد بتوانـن لەهەمـان پێگـە و هەلومەرجـدا خۆیـان ببینـن کـە ژنانـی وڵاتـە شارسـتانیەتە دەرەکییـەکان هەیانـە.

وتارەکانـی تـر، ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە ئێمـەی ژنـان دەبێـت چەندیـن جـار ئاهەنگـی ئازادیمـان بگێڕایـە بەشـیوەیەک کـە تـەواوی جیهـان بزانێـت کـە ژنانـی کوردسـتان لەپیـاوان زیاتـر ئازادیـان خـۆش بوێـت و ڕەخنـە لـە ژنـان دەگـرن کـە بۆچـی خۆیـان لەپێگەیەکـی نزمتـر لـە پیـاوان دەبیننـەوە. ئـەوان بانگێشـتی ژنـان دەکـەن خۆشـی خۆیـان بـە ڕووخانـی دیکتاتـۆری شـا دەربـڕن تـا درێغـی نەکـەن لـە ناردنـی کچەکانیـان بـۆ خوێندنگـەکان، شـوێنێک کـە بەزمانـی دایکـی خۆیـان پـەروەردە و فێریـان دەکـەن. دوای ئەوە بەشـداربووان لەڕێـی ئابوونـەوە، هـاوکاری دارایـی بـۆ حیزبـی دیموکـرات کۆدەکەنەوە. ڕۆژنامە، ئاماژەی بە ناوی (٤١) ژن کرد کە پارە و زێڕیـان بـە حیـزب بەخشـی. لەڕاسـتیدا هەنگاونانـی ژنانـی بـۆ نـاو گـۆڕەپانی جیـاوازی تێکۆشـان، کارایـی و بەرخـودان و ئامادەبوونـی لـە پێکهاتـە جیـاوازەکان چەندیـن دەیـە لەمەوبـەر

دەستی پێکردبوو. لە بزووتنەوەی ژینا بینەری پێکهێنانی بازنگەلی مەزنی ناڕازی بوون کە لە شارە جیاوازەکاندا بەشێوەی ڕێکخراو لەلایەن ژنان دروست ببوو و ڕێزی پێشەوە خۆپیشاندان و ڕێپێوانەکانیان پێکهێنا. ئەوەی لە یەکەمین پریشکی بزووتنەوەی)ژن، ژیان، ئازادی) تا ئێستا بەردەوامە، هەڵگری وانەگەلێکی گرنگە کە پێویستی بە توێژینەوەیەکی فراوان هەیە.

پارێزگای کوردستان یەکێک لە هێمنترین پارێزگاکانی ئێرانە و هەر جولە و ڕێکخستنێک لەم خاڵە جوگرافیاییەدا ڕیشەگەلێکی قووڵی لەخۆگرتووە. لە بزووتنەوەی)ژن، ژیان، ئازادی) بەڕوون و بە شێوەیەکی فرەڕەنگبینەری بووین کە ئامادەبوونی ژنان لەهەمان ئەو سەرەتایەوە لە گۆڕستانی) ئایچ)ی سەقز و لابردنی سەرپۆشەکان لەسەر و هاوارکردنی دروشمگەلێکی سیاسی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی وێنە و ئەزموونی سیاسیە کە هەڵگری پێشینەیەکی مێژووییە. بەرخودانێک کە ژنان تێیدا پێشەنگن توانای ڕێکخستن و خۆبەخشی بالایان هەیە و ئەم پاڵنەرە بەهێزە لە کوردستاندا دەرئەنجامی چەندین ساڵ چالاکی بەکۆمەڵ و ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕەپانی خەڵکیە. کۆمەڵگەی شارستانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکێکە لە بەهێزترین کۆمەڵگەی شارستانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە بە بزووتنەوەی ژینا لە ئاستی نێوەدەوڵەتیدا پرسیارگەلێکی نوێی لە چەمکی بەرخودان و تێکۆشان، هێنایە ئاراوە. چەندین ساڵە کە بەهێزترین و کاراترین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیە، کە لەکوردستان چالاکی بەردەوام و نموونەی بەرچاوە. کۆمەڵگەی کوردستان بەهێزترین بزووتنەوەی

مامۆستایان، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی ژینگەپاریز و بەهێزترین بزووتنەوەی نەخێر بۆ لەسێدارەدان و... دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێک لە ئێران ڕێکخستن و گرووپگەلێکی هێناوەتە بوون. لەم نێوەندەدا پشکی بەرخودانی ژنان لە ئاستێکی بەرزدایە. چەندین نەوە لە ژنان شان بەشانی یەکتر بۆ بەهێزکردنی بنەماکانی بەرخودانی بەکۆمەڵ هەوڵیان داوە و نەریتە داهێنەرەکانی خۆیان فراوانتر کردووە. نەریتگەلێک کە بەشێکی لە پێکهێنانی یەکێتی دیموکراتی ژنان کوردستان لە ١٩٤٦/٣/١٥لەلایەن مینا قازی لە مهاباتدا بینەری بووین. یەکێتیەک کە هەڵگری ئەنجوومەنی بەڕێوەبەردن بووە، مافی ئەندامبوونی دەبەخشی و بۆ فێرخوازی ژنان لە گەڕەکەکانی شاردا مامۆستایان تەرخان کردبوو. زۆرێک تەنیا ئەمڕۆی کوردستان و بەرخودان و چالاکی ئەمڕۆی ژنانی کورد دەبینن. بەڵام نازانن کە ئەم ڕێکخستن و کاری بەکۆمەڵە دەرئەنجامی بزووتنەوەگەلێکە کە ساڵانێکە لەکوردستان پێکهێنراوە و بەبەخشینی باجێکی زۆر لەسەرپێی خۆی ماوەتەوە.

### جەستەی کارەساتبار–شەهید

دایکان و باوکانێکی زۆر لە باکووری کوردستان پاشماوەی ژیان و بوونایەتی و بوونی منداڵەکانیان لە ناو سندق یان کفنێکدا کە کۆمەڵێک ئیسقانی تیا بووە ڕادەستیان کراوەتەوە و بە واژۆکردنی پسوڵەیەکی وەرگرتن بە بەستە کفنەکەیانەوە دەگەڕێنەوە و جەستەی خۆشەویستەکەیان بەخاک دەسپێرن. دەست بەسەردا گرتنی جەستەی بێگیان

و قەتیسکردنی جەستە و بەپێی ڕێنماییەکانی دەوروتەسلیم و واژۆکردنی پسوڵەی وەرگری یەکێکی تره لە ئامرازه سەرکوتکەرەکان. دوای حەوت ساڵ ئێسک و پروسکی (هاکان ئەرسەلان) تێکۆشەری کورد لە کیسەیەکدا ڕادەستی باوکی دەکرێتەوه و ئەویش ئێسقانی کوڕەکەی وەردەگرێتەوه و لەگەڵ خێزان و کەسوکاری و هاوتێکۆشەرەکانی بەخاکی دەسپێرن. ئەم ئێسک و پروسکە لەبیرەوەی بەکۆمەڵداتۆمار دەکرێت. هەروەها چەکدارە بەکرێگیراوەکانی ئەردوغان کاتێک گەمارۆی جەستەی خوێناوی (بارین کۆبانی) دەدەن و جلەکانی بەری دەدڕن و یاری بە جەستەی ڕووتی دەکەن، کە نەفرەت و بێزی خەڵکی بەگشتی بەدەوای خۆیدا هێنا یان ئەو ساتەی جەستەی ژنی جەنگاوەری (چیچک) بە زیندوویی بە دیلی گرت، پیاوان جەستەی ئەم ژنەیان گەمارۆ دا و ئەشکەنجە و دەستدرێژی و سوکایەتی پێ دەکەن و بەرامبەر چاوی کامێرادا پێدەکەنین. دەزانین ئەم جەستە ژنانەیە سوکایەتی پێ نەکراوە، بەڵکو ئازاد و بەرەو بالا، داویەتی لەشەقەی باڵ.

لە دووبارە خوێندنەوەی ئەزموونی هاوبەشی خێزانە سیاسییەکاندا واژەگەلێکی بنەڕەتی و گرنگیان تێدا بەرجەستە دەکریت کە هێشتا نەگوتراون. لەڕاستیدا ئەزموونی هاوبەشی خێزانەکان زۆر لەیەک دەچن. خێزانگەلێک کە چەند جارێکە داوایان کردووە وەڵامیان بدرێتەوە و لەڕێی دادگاوە سکاڵایان لێکردوون و ئەم داخوازیانەیان بێ وەڵام ماوەتەوە. ئەو خێزانانەی کە لە دەیەی شەستەکاندا لەنێو کەشی تاریک و ڕوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەبەرەبەیانەکان و

زستانگەلی بەستەڵەک یان هاوینگەلی گەرمی تاقەتپڕوکێن ڕێگایەکی دووریان لە گوند و شارە جیاوازەکانەوە بۆ بەردەمی زیندانەکانی ناوەندی شارەکان یان تاران دەبڕی، لە چاوەڕوانی بیستنی هەواڵ یان چاوپێکەوتنی کوڕ، برا، خوشک، باوک، دایک، یان هاوسەرەکەیان بوون، کارتۆنی بچووک یان کارتۆنێکی پێچراویان ڕادەست دەکردنەوە. جانتاکە دەکەنەوە، دوایین جل یان هەندێک کات نامەیەک و ملوانکەگەلێکی دەستکرد لەناوکی خورما، یان پارچە قوماشی بەدەستچنراو لە دەزووگەلێکی سنووردار لەگەڵ نووسین یان چنینی دڵێکی بچووک لەگۆشەی خوارەوە، ئەمانە پاشماوەکانی ژیانێکی زەوت کراوی لەسێدارە دراوێکی سیاسی دەیەی شەشت بووە.

(س.ک)خوشکی یەکێک لە سێدارەدراوی دەیەی شەستی کوردستان بەم شێوەیە دەیگێڕێتەوە:(کاتژمێری شەش سەر لەبەیانی گەیشتین، لە زیندانی ناوەندی سنە لە شەوی ڕابردووەوە لەبانەوە کەوتوینەتە ڕێ، بەڵام ئۆتۆمبیلی بار لە جادەی بە بەفر داپۆشراو و ڕێبەندانـدا و وێرانە لەکۆتاییدا گەیشتین. بڕیارە چاوپێکەوتن لەگەڵ براکەمدا بکەین، بەڵام پاسەوانەکە بەردەوام بەسەر دایکمدا هاواری دەکرد و دەیگووت؛ ‹دایە کوڕەکەت لێرە نییە›. ئێمەش هەر لەوێ ماینەوە نزیکی نیوەڕۆ بوو کە جارێکی تر دەرگاکەیان کردەوە و ئێمە چووینە ژوورەوە لە تامەزرۆیی دیداری براکەم وەک بڵێی لەخۆشیاندا دڵم خەریکە دەتەقێت. گیانێک بەبەرمدا هاتەوە و لەگەڵ دایک و باوکی پیرمدا ڕۆیشتینە پێشەوە. ئەوەی لەگەڵ خۆماندا بردمانەوە کۆمەڵێک گۆرەوی پینەکراوی براکەم بوو لەگەڵ

تەسبیحێکی دروستکراو لە قنەجگەرەی زیندان و دەفتەرێکی بچووک. لەسێدارە درابوو. تەواو.)

جەستەیەکی بێ گیان ناتوانێت ئەو ساتانە بگێڕێتەوە کە بەچ شێوەیەک لێپێچینەوە و ئەشکەنجە، ئەشکەنجەی کچان و ژنانی ئێمە، لە ڕووبەری زیندانی تاکەکەسی و کەشی زینداندا. چەندین کاتژمێر بێ ئەوەی بیانبەنە دەرەوە تا کەمێک هەوای پاک هەڵمژن یان خۆشۆردن بە بەفر، لەجۆری تۆمەتبارکردن و بەگریکردنی بێ پارێزەر، لە بەردەم گڵۆپی چڵکنی و پیسی سەر مێزەکە لەگەڵ تێڵایەک کە لەهەمان کاتدا مێزەکە مێزی ئەشکەنجەدان و دانپیانانی ناچار بووە. لە هێزی جەستە پارچە بوو لە دوا کاتژمێرەکانی تا و خوێن و شێتی و ئەشکەنجە، لە دەنگی بەردەوامی دەستدرێژی گوللە لەسەرتاسەری شەو و ڕۆژ و کە دەدرا لە جوانترین لاوەکانمان و(لاوانێک بگرە ڕووخساری عیشقیشیان ماچ نەکردووە) لە تەواوی ئەو ساڵانەدا ڕۆیشت و لەدەست چوون. جەستەی کارەساتبار ناتوانێت دوایین ساتەکانی شەو، ئەو کاتانەی لە زیندانی تاکەکەسیەکاندا دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەر کچە تێکۆشەرەکانمان نەوەک)هەر کچێک کە ‹پەردەی کچێنی› لەدەست نەدابێت لەکاتی لەسێدارەداندا بڕۆنە بەهەشتەوە) [٦٠] و دەستدرێژی سێکسی هەرگیز وەک ئەشکەنجەیەک باس نەکراوە، چونکە جەستە گۆڕدراوە بە جەستەیەکی مردوو، گیانی لەدەست داوە و ناتوانێت گەواهی یان گێڕەرەوەی کارەساتەکانی خۆی بێت و گەواهی خۆی بدات کە(ئەو) ئەم ژنە ئەو ویژدانە نادیاربوونی هەبووەو

پێش ڕۆیشتنی بۆ زیندان-ڕاگرتن)زیندوو)بووە. چیرۆکە هەڵچنراوە نەبیستراو و نەگوتراوەکان، پەردەپۆش و لەخاکدا نێژراو لەم دەیەیەدا زۆرە کە هەر هێما، وێنە و ناوێک دەتوانێت کۆمەڵێک ڕاستی بەبیر بهێنرێتەوە.

هەر بانگەوازێکی گێڕانەوەش شایەتحاڵ و ڕزگاربوویەکی هەیە بۆ یادکردنەوەی کۆتا کاتژمێر و ڕۆژەکان. هەر جەستەیەکی ئەشکەنجە دراویش هەر جەستەیەکی کارەساتبار ئەگەر لەژێر کاریگەر گوتەی بنیامین سەبارەت بە بابەتە مێژووییەکانی بین، دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین کە بۆ ئازادی هەنووکە دەبێت ڕابردوو ئازاد بکەین، ئەم ڕابردووە هەرگیز ئازاد نەبووە، چونکە جەستەی کارەستبار-جەستەی سیاسی ئازاد نەبووە. ڕاستینەی تاوانباریی باس نەکراوە و ئەم تراوما بەکۆمەڵانەش هیچ کاتێک سارێژ نەبوون و چارەسەر نەکران. ڕەنجی کۆی ئەو ڕووداوانە گۆڕاوە بۆ ئازارێکی جەستەکی مێژوویی و برینداركەر. ئەو گێڕانەوانەی تایبەتن بە جەستەی خەباتگێڕ و جەستەی ژنانە و شایەتحاڵانی ڕاستەقینە، هیچ کاتێک نەبیستراون و ماتەمەکەش بۆ هەمیشە بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە و تاکو مەرگی ژینا وەک سیمبولی ڕەنج و ئازار درێژ دەبێتەوە. خەم و ماتەمی ناکۆتای خێزانە سیاسییەکانی دەیەی شەشت و کۆمەڵێک داستان لە کوردستان دەتوانێت ببێتە هۆی هاوشێوەگەرایی لە جەستەی ژینا ئەمینی، هەر لەبەرئەوەش مەرگی کارەساتباری بڵاوکراوەی ئەو، گۆڕا بە هێمایەک. شێوە جەستەی ناڕازی و شێوە جەستەی جیاواز و تێکۆشەر و شێوە دەستەی کارەساتبار.

گەڕانەوەی جەستەی ژینا و ناشتنی لەشوێن و زێدی خۆی، هێمایەکە بۆ وەرگرتنەوەی جەستە. جەستەی فیردۆسیە کە دەیەوێت لەبەرامبەر (فرادستان) خۆی بنێژێت و شیوەن بۆ خۆی بکات. خێزانی کوژراوە بەخاک سپێدراوەکان لە تەواوی ئەو سالانەدا خوازیاری بەرپاکردنی کۆڕی شیوەن بوون، بەسەر جەستەی کوڕە تێکۆشەرەکانیانەوە و ئەم ڕێ و نەریتە لەوان زەوت کراوە. خوازیاری گریان و شیوەن بوون بەسەر جەستەی هاوخوێنەکەیانەوە کە بێ وەڵام مانەوە و ئەوانیش دوای تێپەڕبوونی چەندین دەیە لە بازنەی شیوەنی ناتەواوی خۆیان ماونەتەوە. شوێنی بەخاک سپاردنی)ڕامین حسینپەناهی) زیندانی لەسێدارەدراو هێشتا لەدایکی پیری شاردراوەتەوە و ئەو تەواوی خاکی کوردستان لەخۆگری جەستەی کوڕەکەی دەزانێت و کاتێک کە دەچێتە سەر گۆڕی ژینا-مهسا ئەمینی لەسەر گۆڕی ژینا دەدات لەسنگی خۆی و بۆی دەگریت. کۆمەڵگەیەکی لێوانلێو لە داستانە خەماویەکانی کوردستان لە تەواوی ئەم سالانەدا خوازیاری وەرگرتنەوەی جەستەی مردووی ونبوو، کوژراو و جەستەی بێ ناوی کچان، ژنان و پیاوانی خۆیان بوون و بگرە کەسانێک کە خێزانیان نەبوون. کاتێک کە جەستەی کارەساتباریان ژینا دەگاتە گۆڕستانی ئایچی سەقز، ئەم گەیشتن و ئەم پەیوەستبوونەی بە شوێنی زێدی خۆی. لەڕاستیدا کۆتایی گەشتی جەستەیە لە ناوەندگەرایی تاران بۆ کوردستان شوێنێک کە خۆی دەگۆڕدرێت بەناوەند. جەستەی کاتئاسا و شوێنئاسایەک کە زۆرینەی خەڵک توانیان لە هێزی سەرکوتگەری وەرگرنەوە و چیتر

بە ناو و نیشان بەخاک ناسپێدرێت و بێ ئەنجامدانی ڕێ و ڕێچکەی ماتەمینی بەخاک نەسپێدرا و ئێستا ئەم جەستەی ژنانە لەدایکبوونی ڕاپەڕینێک تۆمار دەکات. ئەوەی لە گۆڕستانی ئایچی لە ڕاستیدا بەخاک سپاردنێکی هێمایی بوو. وەرگرتنەوەی جەستەیەکی ژنانە و سەلمێنەری سەرکەوتنە بەسەر گەڕاندنەوەی جەستەی کوژراوە بێ ناونیشانەکانی تر بوو کە لەم شیوەنەدا بێ جەستە مابوونەوە، پەیکەری ژینا/مهسا ئەمینی وەرگرتنەوەی جەستەی کارەساتباری دەیەی شەست، حەفتا، هەشتا و دەیەی نەوەد و تەواوی کوژراوانی ئەو ساڵ و مانگ و ڕۆژانەوە بووە و ئامادەبوونی و گەڕاندنەوەی تەواوی ئەو گیانانەی کە لەنێو دۆسیەکانی زیندانی ڕاگرتن و زیندانەکاندا سەرگەردان بوون. ئارام گرتنی و تۆڵەکردنەوەی جەستە ونبووەکانە کە پێشتر سیستەم هێزی ڕێکخستنی بەسەر هەموو بەشێکدا هەبوو بۆ شاردنەوەی لاشەکان.

## جەستەی قوربانی

کاتێک باسی جەستەی قوربانی، کاتێکیش باسی کوشتنی ئابڕوو دەکەین دەبێت لەکراسی خەڵتانی خوێنی(سارینا) و جەستەی کەوە بوو و لاوازی(هۆژان)، لە جەستەی(سەرگوڵ) کە جەستەی شوێنرابوو، لەو فیشەکانەی ئێسقانی(وەفا) ی پارچە کردبوو، لەسەری پەڕیوی(زعفران) و لەپێی شکاو و هاوکات پەتی گەردنی(لەیلا) و تەواوی ئەو ژنانە بدوێین کە بکوژەکانیان لەئێستادا لەنێو ئێمەدا دەژین. دەڕۆنە نۆرەی

نانەواخانـەکان و وەک هـەر کەسـێکی ئاسـایی دەڕۆنـە سـەر کارەکانیـان و لەوانەشـە چاوەڕێـی پسـوڵەی بانگێشـتی دادگا بکـەن کـە بەبیـری بهێننـەوە کـە خوشـک یـان هاوسـەر یـان کچەکەیـان کوشـتووە. جەسـتەی ژن قوربانـی لـە کۆمەڵگـەی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان گەواهیەکـی زینـدووە لەبەرامبـەر نایەکسـانی مـاف، کولتـوور و گوتـاری نێـوان ژنـان و پیـاوان. زیادبوونـی توندوتیـژی دژی ژنـان کـە کوشـتنی ئابـڕوو خۆکوژیگەلێکی ناچـاری یەکێکیتـرە لەو بەڵگە و سـەرچاوانە و پەیوەسـت بـە کوردسـتان یـان ئێرانـەوە نییـە، بـەڵام سـەرەڕای نەریتـە داهێنراوەکانـی تێکۆشـانی ژنـان و ئامادەبوونـی ئـەوان لە(چیـا) و بەرخـودان و بەرەنـگاری ناوشـارەکان ئـەو پرسـیارە دەهێنێتـە ئـاراوە کـە بۆچـی کوردسـتان هەڵگـری زۆرتریـن سـەرژمێری کوشـتنی ئابـڕووە؟ ئێمـە سـەرەڕای هاوژیـان لەگـەڵ کەسـی سەرزەنشـتکەر، تونـد و تیـژ و سـەرکوتکەر لەپاڵ قوربانیـدا، بینـەری ڕەوتـی زۆربوونـی ئـەم توندوتیژیانەیـن لـە کوردسـتاندا، کوشـتنی ئابـڕوو و ئـەوەی بەنـاوی کوشـتنی ئابـڕوو بانـگ دەکرێـت لـە گفتوگۆکانـی مافـی مـرۆڤ، ڕێکخـراوە نێونەتەوەیـی و مافناسـی و کۆمەڵایەتیشـدا جێگای خۆکردووەتـەوە، خـۆی لـە ژێـر کۆمەڵەیەکـی مەزنتـر بەناوی(Femicide-ژنکـوژی) دەبینێتـەوە. کوشـتنێک کـە کـوژراو تێیـدا ژنێکـە و تەوەرەکەشـی لەسـەر بنەمـای ڕەگـەز خـۆی دەبینێتـەوە و پەیوەنـدی بـە هۆکارگەلێکـی جیاوازتـرەوە هەیـە. لـە ڕاسـتیدا هـەر کاتێـک باسـی کوشـتنی ئابـڕوو دەکەیـن، دەبێـت پەیوەندیەکـی واتـادار و لەسـەر یـەک هەڵچنـراوی چەنـد دیاردەیـەک گرنگـی وەک بـەردەوام و کاریگـەری کولتـوور و

نەریتی پیاوسالاری لەپاڵ بوونی یاساگەلێکی نایەکسان لە ژیانی مافخوازی، ژیانی سیاسی، پێشنەکەوتنی کوردستان و هەژار، کۆمەڵە دیاردەیەکی پڕ بەڵان. نەبوونی بەرگریی یاسایی، لاوازی ڕێکخراوە شارستانیەکان و ئەنجوومەنی پارێزەری مافی ژنان، نەبوونی دادپەروەری ڕەگەزیی و زۆر بابەتی تر و هەروەها لە تیۆری ئینتەرسێکشنالیتی[٦١] وردبینەوە. توێژینەوەیەک کە پێگەی ژن وقوربانی ژن لە دامەزراوەگەلی ستەمکار پەیوەست بە پێکهاتەی کۆمەڵگە ڕوون دەکاتەوە. بڕگەیاساگەلێکی زۆرهەیە کە ژن وەک کاڵایەک خاوەندارییەتیەکەی بۆ پیاو دەگەڕێتەوە، هەروەها برا و هاوسەری بکوژیش لەبەرامبەر یاسادا سزایەکی سوک دەیانگرێتەوە. بڕگەی ٦٣٠ و هەروەها تێبینی ٢ بڕگەی ٢٩٥، بڕگەی ٢٢٠، بڕگەی٢٢ و بڕگەی یاساییەکانی تر کە ژن بە ‹خوێن حەڵاڵ› دەزانێت یان بۆ پیاو سزایەکی گونجاو کە هاوتای تاوانەکەی بێت، لەبەرچاو نەگیراوە. ئەو بڕگە یاسایانەی ئاماژەی پێکراوە و تێبینگەلێکی تر ڕێگایەکە بۆ هەڵهاتن لە یاسای کوشتن و هەڵهاتن و سزانەدانی ئەنجامدەرانی بکوژانی ئابڕوو بەکراوەیی دەهێڵێتەوە. هەروەها ڕێگا بۆ جۆرەها داوەری ئاکار لەبارەی کوژراو دەکاتەوەو هەر خودی دەربڕینی)ئابڕوو) کە بەدوای وشەی کوشتن دێت پەلکێشی بەشێک لەدزێوی تاوان لە کەشی گشتی و بازنەی پەیوەندیگەلی کوژراوت دەکات و لەناوی دەبات. هەلومەرجی دوای کوشتن گرنگە. دوای کوشتنی ئابڕوو، سەرەڕای بوونی جەستەی کوژراو کە ژنە، مافی تۆڵەسەندنەوە و سکاڵای لەو شێوەیە بۆ دایک

و کەسوکاری ژن بوونی نییە و دوای ڕوودانی تاوان، هیچ ڕێککەوتنێک بۆ قەرەبووی زیانەکان بە دایک یان کوڕی ژن یان کەسوکاری کوژراو جێبەجێ ناکرێت و دادوەریەکی چاکساز لەئارادا نییە. لەڕاستیدا هیچ گونجانێک لەنێوان سەختی تاوان و بازنەی کاریگەری سزادان و دادوەری چاکسازی بوونی نییە. هەروەها لەبارەی کوشتنی ژنان بە دڵەڕاوکێ، نائارامی و نادڵنیایی سەبارەت بە سەندنی مافی ژنی کوژراو لە کۆمەڵگەدا تا دێت زیاتر دەبێت و ژنان لەو باوەڕەدان هەر کاردانەوەیەکی ئەوان ڕووبەڕووی دادوەری و سزایان دەکاتەوە و لەڕووی دەروونیەوە ئازار دەکێشن. بە سەرنجدانە مرۆڤ لەئاست بەڵگە یان دۆسیەیەکی جەستەئاسادا، جەستە لەئاستی دیاردەیەکی کولتووری-کۆمەڵایەتی، چەمگەلی جەستەی کولتووری، شێوە و ڕەفتاری جەستەیی، جەستەی پیرۆز و ناپاک، شێوە جەستە و بابەتی جەستە لە گفتوگۆ جیاوازەکاندا، شێوە و بەهاگەلێکی بۆ داڕێژراوە. ژن لە کوشتنە ئابڕووییەکاندا لەئاستی جەستەیەکی ناپاک فڕێ دەدرێتە دەرەوەی بازنەی خێزان-کۆمەڵگەوە، هەروەک چۆن تێڕوانین) تیۆری) ناپاکی(ژولیا کریستیڤا) سەبارەت بە بابەت و کاری ناپاکی/دەرکراو دەکۆڵێتەوە. ئاڵودە و ناپاکی ڕوانین و ڕەهەندی پاشەکشەپێکردنی کارێکە کە بابەتەکەی بە ناپاک دەزانێت و بەم پێشەکیەوە خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکات تا بەرگری لەخۆ بکات. دیدێک کە دەرهاویشتەی زمان هێناویەتە بوون. لەوەی کە کاری ئاڵودە و ناپاکی هەمیشە بەجۆرێک بونی هەیە. کێشمەکێشی بابەت و ئاڵودەییش

هەمیشە جێگیرە. لە ڕووبەڕووبوونەوەی جەستەی پاڵەوان، جەستەی کارەساتبار و جەستەی تێکۆشەر، جەستەی ژنانە لە کۆمەڵگەدا دەردەکرێت، چونکە بە ناپاک لەقەڵەم دەدرێت. کاری سیستەمە ڕێکخراوەکان بۆ جێگرکردنی دەسەڵاتی هێز چ پیاو و چ سیستەمی سیاسی بێت، جەستە لەقاڵبی شتەکان بەپێی بنەمای شێوە دەرەکیەکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

کوردستان (سنە) لەساڵەکانی دواییدا بەردەوام یەکێک لە پارێزگاکانی ناو ئێران بووە کە سەرژمێریەکی زۆری کوشتنی ئابڕوو و خۆکوژی ژنانی لە خۆ گرتووە. نەریتی داهێنەرانەی ژنان و مێژووی بەرخودان و بەرەنگاریان دووپاتی بوونی جەستەیی ئەوان دەکاتەوە. بەڵام لە زاڵبوون و سڕینەوەی سنووری نێوان پاک-ناپاک و فڕێدانی جەستەی ژنان بۆ دەرەوەی بازنەی چەمکە پێناسەکراوەکانی پیاوسالاری، بە شێوەیەکی گشتی سەرکەوتوو نەبووە. پێکهاتەی سیاسی دەسەڵاتدار تەنیا سنووردارکردنەکانی خۆی جێبەجێ ناکات، بەڵکو لهڕێ و ڕەوش و پێکهاتەی ناسنامەیی کە ڕەوتی مێژوو شێوەیەکی پێ دەبەخشێت. ئەوەی خواستی خۆی و بنیراو و گوتراوە، بنەما و یاسایەکی پێ دەبەخشێت، ئەگەر خاوەنی شێوە بین، دەبێت ببینرێین، بەواتا جەستەی ئێمە دەبێت ببینرێت و جەستە دەبێت بچێتە ناو گۆڕەپانی بینراو و بیستراوەوە. لە تەواوی ئەم ساڵانەدا ئێمە ڕووبەڕووی دابەشکاری جەستەی ژنانە و جەستەی پیاوانە بووینەتەوە. جەستەی پیاوان بە بێ کۆنترۆڵ و ترس و سزا لە شوێنە گشتییەکاندا دەردەکەوێت تا قسەی خۆی بکات و چالاکیی هەبێت.

شارەزایی خۆی نیشان بدات و یاسا و ڕێسا بچەسپێنێت. جەستەیەکی تر کە جەستەی ژنانەیە و ژێردەستە بووە، نامۆ و بێدەنگکراو و پەراوێزخراوە، بە گشتی دادەبەزێنرێت بۆ ناو فەزایەکی بەرتەسک و ناسیاسی. ئەم جەستەیە لە کۆتاییدا وەک پێشمەرجی بۆ دەرکەوتن کار دەکات. بۆیە لەشێوەیەکدا دەردەکەوێت کە شایەنی زاڵبوونی بێت بەسەریدا کە ئەگەری سڕینەوەی جەستەیی و کوشتنیشی لە ئارادایە، چونکە ئەو بەکەسێکی پیس و ئاڵودە لێک دەدەنەوە. کەواتە پاڵنانی جەستە بۆ دۆخێکی تایبەت، ئەگەری زەوتکردنی ژیانی هەیە.

لەڕووداوی ژینا و ئامادەیی جەستەی ژنانە، ئێمە ڕووبەڕووی تەواوی ئەو ستەمانە بووینەوە کە ڕووبەڕووی جەستەی ژن دەبوویەوە، ڕووداوێک کە بەمەرگی ژینا بەهۆی بەزینی هێڵی بنەماگەلێک کۆنترۆڵ کراو و سنووردارکردنی جەستەی ژنانە دەستی پێکرد و بە دروشمی(ژن، ژیان، ئازادی) هەڵگیرسا و دۆخێکی سەپێنراوی پەلکێشی گۆڕەپانی بەرخودان کرد. ئەو ژنانەی لە شەقامەکاندا بە هێمای نارەزایی لەناو جەرگەی ڕاپەڕیندا، چالاکوانێک بوون کە دژی سڕینەوە، ناپاکی، کوشتار، کۆنترۆڵی جەستەیی، پاشاگەردانی و پشتگوێخراویی ژنان ڕاوەستان. توندوتیژی هێمایی لەگەڵ هەر کوشتنێکی ئابڕوو و هەر خۆکوژیەکیژنان لە کۆمەڵگەدا تا دەهات گەشەی دەسەند. تا ئاستێک کە کەشێکی تۆقێنەری هێنابووە ئاراوە کە بێ لەم ڕاپەڕینە تێک و پێکنەدەشکێنرا. مەرگی هێمایی ژینا هەڵگری ناوی تەواوی ژنانی قوربانی بوو کە مان و

ژیانیان لەڕێی بنەماگەلێکی زاڵ و سەرکوتکەر لەناو چوبوو. زۆرێک لە خۆپیشاندەران و ڕێگاگەلێکی بەرخودانی مەزن کە لە مانگەکانی ڕابردوودا (ساڵی ٢٠٢٣) بینیمان، کەش و دۆخێکی گشتی لەڕێی ژنانەوە هێنایە کایەوە کە پێشتر لەژێر ڕکێفی دەسەڵاتدا بوو، شڵەقا و پەیوەندی نێوان نمایشی گشتی هێزی سەپێنەری زاڵ لە کەشێکی گشتی و تایبەتدا، بۆ هەمیشە لەناوبرد. تێگەیشتن لە بوارەکانی بەرخودان لە دژی دەسەڵات یارمەتیدەرمان دەبێت بۆ تێگەشتن لە تێکەڵ و پێکەڵی و ئاڵۆزی بەشە جیاوازەکانی هەمان ئەو دەسەڵاتە.

بەهەمان شێوە(فوکو) لەوباوەڕەدابوو هیچ دەسەڵاتێک نادۆزیتەوە کە بەرخودان لە دژی خۆی دروست نەکات و لەبەرامبەر هەر دەسەڵاتێکدا ئەگەری کۆمەڵێک وەڵام، کاردانەوە و ڕێوشوێنی بەرپەرچدانەوەی هەیە و هەر ئەمەش ناجێگری و ناپایەداری لەناو جەرگەی دەسەڵاتدا دێنێتە بوون. بەرخودانی ژنانە و ئامادەیی و دەست بەسەردا گرتنی مەیدان و شەقامەکان، هەمان ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەکە نابێت بەکەم بگیرێت کە پیاو-دەسەڵات چیتر ناتوانێت بەسەریدا زاڵ بێت و پاکسازی و پێناسەکردنی ڕاستەوخۆی جەستەی ژنانە و سڕینەوەی وشەی نامووس لە سنووربەندییە جێگیرەکانە. جەستە ئامادەکان لەبەرامبەر هەمووان و لەو ڕاپەڕینەی دواییدا نوێنەرایەتی تەواوی دەنگە خامۆشکراو و جەستە کوژراوەکانە کە لەلایەن ئەرکە جیاوازەکانی دەسەڵات لەناو براون و لەبەرامبەردا ڕووداوی ژینا جەستەی بەرهەمهێن و پڕ بزاوت دووبارە زیندوو کردەوە کە پێشتر چەندین جار سەرکوت کرابوو. ئەم جارەیان سەرکوتکراوان بە جەستەیەکی شایستە و تەواو ژنانە گەڕانەوە گۆڕەپانی بەرخودان.

# بەشداریی ژنان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا

پەیمان وەلی

بۆنیشـاندانی ڕۆڵـی ژنـان لـە مێـژووی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، ئـەوا دەبێت ئاوڕێـک لـە مێژووی بوونیکـوردان بـە شـێوەیەکی گشـتی و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و ئێـران بـە تایبەتـی بدەینـەوە. خاڵـی هاوبەشـی بەرخودانـی ژنـان و خەڵکـی ئێـران پەیوندیـدارە بـە بوونـەوە. وەک گەلـی کـورد زۆر گرنگـە کـە بـەچ شـێوەیەک خۆمـان لـە دیـدی سیاسـی، کۆمەڵایەتـی و مێژووییـدا پێناسـە بکەیـن. هـەر بـەو شـێوەی عەبدوڵـڵا ئۆجـالان دەڵێت:(دەبێت لـە هەمـان ئـەو شـوێنەی لـە دەسـتماندا، بـەدوای ونبـوودا بگەڕێیـن) هـەر لەبەرئـەوەش گـەڕان بـەدوای ڕاسـتی کـورد لەڕێگایەکـی دروسـتەوە ئێمـە ئاراسـتەی دۆزینـەوەی ئـەوە لەدەسـتمان داوە، دەکات. ئـەم ڕێگایـە بـەدەر لـە دژیەکـی نێـوان بـوون و نەبـوون، گەیشـتنە

بـە ڕزگاری و ئازادیـی زەینـی. ئەمـەش یەکێکـە لـەو خاڵـە دەگمـەن و جیاوازانـەی ڕەوشـی گـەڕان بـە دوای حەقیقـەت، عەبدوڵـڵا ئۆجـالان لـە بیرمەندانـی تـردا جیـای دەکاتـەوە. لـەم ڕووەوە و لـە مێژوودا یەکەمجارە کە ڕاستینەی گەلی کـورد و هۆشـیاری نەتەوەیـی بەشـێوەیەکی دروسـت پێناسـە کراوە و ئاراسـتەی ئـەو پێناسـەیەش تەنهـا ڕوووی لـە گروپێکـی ڕۆشـنبیران، زانایـان یـان حیزبێـک نەبـووە. گـەل گەورەیـی و حەقیقەتـی ڕاسـتینەی کـوردە و خـودی گەلیـش ڕاسـتیی ئـەم تێڕوانینـە ئاشـکرا دەکات. لەبەرئـەوە ئـەم تێڕوانینـە پێویسـتی بـە بەرجەسـتەکردن و نیشـاندانە. لەبەرئـەوە ئـەم تێڕوانینـە پێویسـتی بـە بەرجەسـتەکردن و نیشـاندانە. ڕاسـتیی بەرجەسـتەبوو دەگۆڕێـت بـۆ حەقیقـەت و شـیاوی لێڕوانینـە. ئەمـڕۆ ڕاسـتی گەلـی کـورد، بوونـی کـورد ئاشـکرا دەکات. لـە دیـدی ئۆجالانـەوە ناکرێـت ڕاسـتییە کۆمەڵایەتییـەکان لـە دەرەوەی مێـژوو شـیبکرێنەوە. بـە واتایەکـی تـر، سـاتەوەخت لـە مێژوودا شـاراوەتەوە. لەبەرئـەوە گەڕانـەوە بـۆ پێناسـەکان و مێـژوو، بـە تایبـەت ناسـینی بابەتـی ناسـیۆنالیزم بـۆ کـورد گرنگـە. پێناسـەی بـووون لەگـەڵ ئـەو پێناسـانەی تـا ئێسـتا کـراون، زۆر لەیەکـەوە دوورن.

ئۆجـالان بـە شـیکردنەوەی دۆخـی کۆمەڵگای کوردسـتان و کەسـێتی و خێـزان لـەو کۆمەڵگایـەدا، دەگاتـە ئـەو دەرەنجامەی کـە داگیرکارییەکـی گـەورە بەسـەر زەینـی مرۆڤەکانـدا هاتـووە. هـزری نەتەوەیـی لـە سـەرەتای سـەدەی نۆزدەیەمـەوە لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا دەردەکەوێـت. تورکـە لاوەکان لـە سـاڵی ١٩٠٨بـۆ سـنووردارکردنی دەسـەڵاتدارێتی عوسـمانی،

کودەتایـان کـرد و لـە کۆتاییشـدا ئامانجیـان گرتنـە دەسـتی دەسـەڵات بـوو. ئـەم کودەتایـە زیاتـر بەرهەمـی هەسـتێکی نیشتمانپەروەرانە بووە. تێکۆشـانی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیی لـە نێـوان تـورک و عەرەبەکانـدا لـە دۆخـی فراوانبووندایـە. هەمووـمـان دەزانیـن کـە تێگەیشـتن لـە ناسـیۆنالیزم لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا بـە تایبـەت لەنێـو دەوڵەتـی تـورک و عـەرەب و فارسـدا ئـەوە بـوو کـە خۆیـان بەپێشـەنگ و باڵاتـر لـە گەلانـی تـری وەک (کـورد و ئەرمەنیـەکان و..... هتـد) بزاننـو بگـرە نکوڵیـان لێکـردن و لەناویشـیان بـردن وسیاسـەتیان بـەردەوام جینۆسـایدی کەلتـووری و فیزیکـی ئـەم گەلانـە بـووە. هـەر دەوڵەتێـک لـە سـەرەتادا لەسـەر بنەمـای داکۆکـی و بەرگریکـردن لەمافـی نەتـەوەکان لەبەرامبـەر داگیرکـەران سـەریهەڵداوە. بـۆ نموونـە (مسـتەفا کەمـال) لەسـەرەتای دامەزراندنـی کۆمـاردا، بەڵێنـی دەسـەڵاتی خۆسـەریی و داننـان بەهەندێـک مافـی، پێدابـوون. بۆیـە ئـەو ڕووداوانـەی لـە هەرێمـی کوردسـتان ڕوویـان دا، بـووە هـۆی ئـەوەی کوشـت و کوشـتار لـە موسـڵ و کەرکوکرووبدەن، لـەو ناوچانـەدا ڕێیـدا بـە کوشـتاریکوردەکان. کوردسـتان لەسـەر مێـزی زلهێـزەکان دابـەش و پارچـە پارچـە دەکرا. پاشـان ناسـیۆنالیزمی زلهێـزە دەسـەڵاتدارەکان زیاتـر دەردەکـەوت. لـە لایەکـی تـرەوە بیرکردنـەوەی سۆسـیالیزمیش لـە گەشـەکردندا بـوو.

شـەپۆلی سۆسـیالیزم بەکاریگەریەکـی بەهێـز لـە دۆخـی دەرکەوتنـدا بـوو. ئـەم ڕەوتـە لـە سـاڵی ١٩٣٠ لـە ئێرانیـش کاریگەریەکانی بەخێـرا دەردەکـەوت. ئەگـەر چـی زلهێزەکانـی جیهـان بـە پلانی(پشـتێنی سـەوز) لـە هەوڵـی لاوازکردنـی

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوون. بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەم ڕەوتە تا دەگاتە ئەمڕۆ پایەدارە. هەرچەند بە کاریگەری بزووتنەوەی سۆسیالیستی، کاریگەری ناسیۆنالیزم تا دەهات کەم ڕەنگتر دەبوو، بەڵام هێشتاش دەتوانێت کاریگەری خۆی لەهەندێک شوێنی جیهاندا بەدی بکرێت. لەو ساڵانەدا لەسەرتاسەری کوردستاندا ڕاپەڕینگەلێک لە دژی ستەمی دەسەڵاتەکانی سەردەم ئەنجام درا. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاپەڕینی سمایل ئاغای شکاک ناسراو بە (سمکۆ) لە ساڵی ١٩٢٠ دا، دامەزراندنی کۆماری مهاباد لەبەرواری دووەمی بەهمەنی ساڵی ١٣٢٤ هەتاوی بەرامبەر بە ١٩٤٦/١/٢٢بوو و لە تەواوی بەشەکانی کورستانیشدا ڕاپەڕینگەلێکی وا ڕوویدا.

ئێران لەڕووی نەتەوەیی (ئیتنیکی) و کولتوورییەوە وەک مۆزایکێک لەهەمەڕەنگی پێناسە دەکرێت. دەسەڵاتی ئێران هەمیشە ئەم فرەڕەنگییە نەک وەک هەلێک بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی فرەڕەنگ بەڵکو وەک هەڕەشەیەک لێی دەڕوانێت و بەو شێوەیە نکوڵی لەبوونی نەتەوە و باوەڕە جیاوازەکان کردووە. لەلایەکی تر، سەرمایەداری وەک بیروباوەڕێکی فەرمی لە هەموو شوێنێکدا بە دامەزراوەیی کراوە کە پەیامگەلێکی تێکدەرانەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. بەدرێژایی مێژوو گەلی ئێران سەرەڕای دەستوەردان و سەرکوتکردن هەمیشە شان بەشانی یەکتر وەستاون ولایەنە ئاکاری و سیاسییەکانی خۆیان پاراستووە. بەتایبەت گەلی کوردهەر لەکۆنەوە لەپێناو ئازادی و هەبوونی خۆی ڕووبەڕووی دەسەڵاتەکان بوونەتەوە. هاوکات لەهاتنە کایەی دەوڵەت-نەتەوەکاندا لەسەدەی ١٩ دا بە دامەزراوەیی کردنی، ئەو

ڕاستییەی ئاشکرا کردووە کە بە ئەرگومێنتە سەرمایەدارییەکان ناتوانرێت پارێزگاری لە گەلی کورد بکرێت.

دابەشکردنی کوردستان، سیاسەتگەلی یەک ڕەنگکردن و کوشت و کوشتاری کوردەکان بەرهەمی ڕێککەوتن و بەرنامەگەلی دەوڵەت نەتەوەکانی فارس و تورک و عەرەبە، ئەو ڕاپەڕینانەی کە لە کوردستاندا ڕوویانداوە، ئەگەر چی لە سەرەتادا لەسەر بنەمای بوونایەتی کورددا هەنگاوی ناوە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات گۆڕاوە بە کەرەستەگەلێکی هێز. بە دەرکەوتنی بزووتنەوەی ئازادی کوردستان و پەرەسەندنی بەرخودان هاوشانی خوێندنەوەی کۆمەڵناسی و مێژووی بابەتی کورد بووە. ئۆجالان لەپاڵ ئەم بابەتانەدا تیشک دەخاتە سەر بابەتی ژن و خێزانی کوردستانیش و ژنان وەک یەکەمین گەلی داگیرکراوی ژێردەستی داگیرکەر پێناسە دەکات. بێگومان ژنانیش ڕاستی بوونایەتی خۆیان و ئەوەی کە لە کوێ و بە چ شێوەیەک بەدەستی بهێنن لەناو ئەو بازنەدا پێناسەیان دەکات. ئەم بەرخودانە بە سەرتاسەری کوردستاندا تەشەنەی کردووە و کاریگەری لە ژنانیش کرد. کولتووری بەرخودان و تێکۆشانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەشێکی ئەم چوارچێوەیەیە. ئەگەرچی مێژووی ئەم بەرخودانە نەنووسراوە، بەڵام هاواری ئەمڕۆی ژنان هاواری مێژوویەکی ڕاستەقینەیە کە چەندین ساڵە بە شاراوەیی ماوەتەوە و کپ کراوە. ناسین و ڕێزگرتن لە مێژووی بەرخودانەکان ڕێگای ئێمە ڕوون کردووەتەوە و نەخشەڕێگای بەرخودان دیاری دەکات.

بۆ ناسینی تێکۆشان و بەرخودانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت ئاگاداری سیاسەتی دەسەڵاتی هەنووکەش بین کە ژنانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چ هەلومەرج و لە ژێر چ جۆر بیر و هزرێک تێکۆشانیان کردووە و ڕووبەڕووی چ ئاستەنگ و بەربەستێک بوونەتەوە و هێشتاش سەختیەکی زۆریان لەپێشدایە، بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی ژنان لە ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ لەبەر چاوگرتنی مێژووی بەرخودانی ژنان، ئێران ئاراستەیەکی مێژوویەکی کاریگەری نابێت، چونکە بەرخودانی گەلان دژی هەر جۆر داگیرکاریەک کاریگەری خۆیان هەبووە و ئیهامبەخشی یەکتر بوون و ئەمەش ڕاستییەکەکە نکوڵی نەکراوە. لەبەرەی بەرخودان و لەبەرامبەر کولتووری پیاوسالاریشدا، ژنان شان بەشانی یەکتر ڕاوەستاون و سەرەڕای جیاوازییە زۆرەکانیان بەهۆی دەردە هاوبەشەکانیانەوە، دەستیان ناوەتە ناو دەستی یەکترەوە.

ئەگەر هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخی ژنان بەکورتی لە سەردەمی ڕەزا شا پەهلەوی بکەین، لەو سەردەمەدا بەهۆی سەردەمی پێکهێنانی دەوڵەت-نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ڕکابەری نوێگەرایی وڵاتانی ڕۆژهەڵات لەئارادابوو. (ڕەزا پەهلەوی) لەژێر کاریگەری (مستەفا کەمال) و بارودۆخی تورکیا گەشتێک بۆ تورکیا دەکات. لەم کاتەدا چەند هەنگاوێک دەنێت، یەکێک لەو هەنگاوانە لابردنی سەرپۆشی ژنان و مافی خوێندنی ژنان بوو. ڕێگا درا بە ژن بێ لە سیاسەت، لەهەموو بوارەکاندا بەشداری

بکەن. لە کۆمەڵگەی ئێراندا ژنان لەبەرەوە لە کۆمەڵگەدا خۆیان ئاشکرا دەکرد. بەپێچەوانەی خواست، سرووشت و نەریتی کۆمەڵگەی ئێرانی ئەو سەردەمە، ژنان بەشداریان لە گۆڕەپانە کۆمەڵایەتییەکانی ئێراندا کرد. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە پرۆژانە، پرۆژەی ئینگلیزەکانبوو. لەژێر ناوی گۆڕان و مافی ژنان لە هەوڵی ڕێکخستنەوەی سیستەم و سیاسەتەکانی خودی ئێران بوون.

ئەمانە بەپێدانی هەندێک ماف بە ژنان، هەوڵیان دەدا بەرخودانی ئازادانەی ژنان کاڵ بکەنەوە و لەلایەکی تر کەلێنێکی لەنێوانیاندا دروست دەکرد. ژنان لە دوو بەرەی جیاوازدا خۆیان بینیەوە. ژنانی لایەنگری شا و ژنانی نەریتی کۆنی ئێرانی. ئەو قۆناغە بۆ هەڵگیرسانی بەرخودانی ژنان هەلومەرجێکی لەبار بوو، بەڵام ئەم هەلە بە هۆی نەبوونی بەرخودان، ئاگایی پێویست و نەبوونی پێشەنگایەتی لەدەست درا.

(محەمەد ڕەزا پەهلەوی) هەوڵی دا بەردەوامی بە چاکسازیەکانی باوکی بدات، دوای ٢١ساڵ، ئەو چاکسازیەی بەناوی شۆڕشی سپی دەست پێ کرد. لەو سەردەمەدا مافی دەنگدان و چوونە پەرلەمانەوە درا بە ژنان. ئەو مافە لەو سەردەمەدا زۆر گرنگ بوو و ژنانیش هەوڵێکی زۆریان لەو بوارەدا دا تا سوود لەم هەلە وەرگرن. بۆیە هەروەک چۆن پێشتریش ئاماژەی پێدرا، نەبوونی ئەزموون و ئاگایی پێویست بووە هۆی ئەم بارودۆخە تەنیا لەڕووکەشدا مافی ژنان بە پارێزاروی نیشان بدرێت و بەلاوازی مایەوە.

بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێکخستنی بەرخودانی ژنان هەنگاوی گەورە هاوێژرا. دەتوانین ئاماژە بە هەندێکیان بکەین. پێکهێنانی ئەنجوومەنی ژنان، ڕێکخراوی ژنانی ئێران و چەسپاندنی یاسای پارێزگاری لە ژنان لە ساڵی ١٩٧٥ بەشێک بوو لەم بابەتانە. لە هەڵکشانی بەرخودانی ئازادی نەتەوەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا و سەرەتای سەدەی بیستەم، ئەم ڕەوتە کاریگەری خستە سەر ئێرانیش و لە ساڵی ١٩٢٤دا حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی دابمەزرێت. لە دواییدا بە دامەزراندنی حیزبی (توده) لە ساڵی ١٩٤١، ڕێکخراوی ژنانیش لەناو ئەم حزبەدا پێکبهێنرێت. حیزبی توده بۆ ڕۆشنگەری دۆخی ژنان لەکۆمەڵگەی ئێران و گۆڕینی یاسا بە مەبەستی لابردنی نایەکسانیەکان دژی ڕژێمی دەسەڵات تێکۆشانیان کرد. لە زەمینەی تێکشکاندنی چوارچێوە دیاریکراوەکانی کۆمەڵگە کە مایەی ستەمکردن لە ژنان بوو لەناو ماڵ و کۆمەڵگەدا هەوڵێکی زۆر درا، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات لە ئامانجی سەرەکی خۆیان دوور کەوتنەوە و بە ئاراستەی سەرمایەداری ئازاد ڕۆیشتن.

## دۆخی ژنان لە دوای شۆڕشی ئیسلامی

لەگەڵ گەیشتنە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و چەسپاندنی یاسای ئیسلامی، فشارێکی زۆر خرایە سەر ژنان و دوای ئەوەش یاساکانی دژە ژن وەک سەرپۆشی ناچاری دژایەتی خۆی لەگەڵ ژناندا ڕاگەیاند. لە دیدی ئەم بیر و مەزهەبەوە، هزری ژنان لادەر و بزوێنەری پیاوانە، بێ دەسەڵات و بێ

مێشکن کە توانای بەڕێوەبردنیان نییە. ئەم دژە ژنییە لە بەرەوە خزاندنییە کونجیماڵەکانەوە و ئەوانیان لە هەموو گۆڕەپانەکانی ژیان سڕیەوە. لە ماوەیەکی کەمدا پێنج شارەوانی ژن، ٢٢ پەرلەمانتار، ٣٣٠ ئەندامی شورای ناوچە و هەزاران ژنی زانکۆ، دیپلۆمات، هونەرمەند، کارمەندی دەوڵەتی و کولتووری لە کارەکانیان لادران. سەرەڕای ئەم هەنگاوانەی دەسەڵات، ژنان هەرگیز ئەو یاسایەیان بەو شێوەیەیدەسەڵات لە هەوڵی ئەوەدا بەسەریاندا بسەپێنێت، جێ بەجێ نەکرد و ئەم بابەتە بوو بە یەکێک لە گرفتە ڕیشەییەکانی نێوان دەسەڵات و ژنان.

ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، بە دەست پێکردنی بەرخودان و پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراوەکان بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداریان کرد. جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم ڕووەوە خاوەنی پێشینەیەکی کۆنە و دەتوانی نەریتی هەزاران ساڵەی بەرخودانی ژنان بەدی بکەیت. بێگومان ئاستی بەرخودانی کۆمەڵایەتی پەیوەستە بە ئاستی ناسین و پەیبردنی کۆمەڵگەی لەبەرامبەر ژناندا. بەرخودانی ژنان لە ئێران بە پێکهێنانی ئەنجوومەنانێک پێی نایە قۆناغێکی چالاکەوە. ئەم ئەزموونانە بۆ دەستکەوتەکانی ژنان زۆر بەسوود بوو. لەگەڵ کاریگەری ئینقلابی مەشرووتە ئامادەبوونی ژنان و چالاکی ژنان لە ئێران بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە و لەوانەی زانستی و ڕۆشنگەریدا پێشکەوتنێک بەدەست دێت. یەکەم هەنگاویشی دامەزراندنی خوێندنگەی کچان بوو. یەکەمین خوێندنگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ١٨٩٦لە شاری سنە دامەزرا. لە ساڵی ١٨٧٠

لە مهابات، لە ساڵی ١٩٢٦ لە مەریوان، لە ساڵی ١٩٣٦لە بانە، خوێندنگەی تێکەڵ و خوێندنگەی تایبەتی کچان کرانەوە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ژنان بۆ یەکەمین جار بە ناونیشانی مامۆستا دەست بەکاربوون. هاوکات بە دامەزراندنی کۆماری مهابات لە ساڵی ١٩٤٦دا ژنان بەشداریان لە چالاکییە سیاسییەکاندا کرد. ئەم ئاستی بەشداریکردنە لەگەڵ دامەزراندنی ئەنجوومەنی ژیانەوەی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ زۆرتر بوو. لە ٨ مارسی هەمان ساڵدا کۆنگرەیەک بۆ ژنانی ڕۆشنبیر لەلایەن (مینا قازی) بەرپا کرا. ئەم چالاکییانەی ژنان لە ژێر ناوی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان دەستی پێکرد. ئەگەرچی تەمەنی کۆماری مهابات ١١مانگ بوو، بەڵام گۆڕانکارییەکی زۆر لە دۆخی ژنان هاتە کایەوە.

بەڵام هەندێک لەو ژنانەی کە لە جۆرە چالاکییانەدا شوێنێکیان بۆ خۆیان دیاری کردبوو، لەلایەن پیاوانێکەوە ئاراستە دەکران، بگرە بۆ تەواوی ئەندامان بەو شێوەیە بوو. بە واتایەکی تر ژنان خاوەنی ڕێکخراوێکی سەربەخۆ و تایبەت بە خۆیان نەبوون. لەو سەردەمەدا زۆر بەرگەی ئامادەبوونی ژنان لە گۆڕەپانی حیزبیدا نەگرت. بە ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی پارتیزانی خۆبەخش لە ئێراندا. ژنان، مامۆستایان و خوێندکاری زانکۆ بە بەشداری کردن لەم ڕێکخراوەدا هان دا. ئەگەر چی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەرخودانانێک بوونی هەیە، بەڵام بزووتنەوەی ژنان لەژێر ناوی ئیسلامدا ڕووبەڕووی هزری پاشاگەردانی بوونەوە. ئەمانە ئاستەنگ بوون لەبەرامبەر ئامادەبوونی ژنان لە بزووتنەوە چەپگەراکان

دا. سـەرەڕای ئـەوەش، ژنـان چاونەترسـانە بەردەوامیـان بـە بەرخودانـی خۆیـان دەدا و بـەو شـێوەیەش ڕێکخسـتنی ژنـان بەهێـز و توانایەکـی زیاتـرەوە دەسـتی پێکـرد.

کۆمەڵـە و یەکێتـی گوندەکان کـە لە ناوخـۆدا چالاکی خۆیان ئەنجـام دەدا لـە مانگـی مارسـی ١٩٧٨دامـەزرا، ئـەم یەکێتیـە پارێـزەری گونـد و مافەکانیانـە. دووەمیـن کۆنگـرەی کۆمەڵـە لـە سـاڵی ١٩٧٩ بەرپـا بـوو و فوئـاد مسـتەفا سـوڵتانی بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ بەرپرسـیاریەتی لـە ئەسـتۆ دەگرێـت. ئـەم یەکێتییـە لـە زۆربـەی شـارەکان بـۆ نموونـە (مەریـوان، بـۆکان، مهابـات، و شـنۆ) پێکهێنـرا. گرووپێـک کـە پێکهاتبـوو لـە ١٢کـەس کـە لـە گوندنشـین و ڕۆشـنبیران پێـک هاتبـوو لە بەهـاری ١٩٧٩ چەکدار کران و بـە ڕاگەیاندن بانگـەوازی خـۆ ڕێکخسـتنیان کـرد. لەبـارەی بەشـداری ژنانـەوە، لـە زۆربـەی شـارەکانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا ئەنجوومەنـی ژنـان دامـەزرا. وردە وردە کۆمیتـەی ژنـان لەنـاو کۆمەڵـەدا بەنـاوی (کۆمیتـەی ژنانـی کۆمەڵـە) پێکهـات و دەسـتبەکار بوون. زۆربـەی ژنانی کۆمیتـە لـە شـارەکانی سـنە و مەریوان بـوون. (مەلـەک مسـتەفا سـوڵتانی، ناهیـد محەممـەدی و تەڵعـەت خالیدی) لـە ڕێکخـراوی مەریـوان، (گوڵـروخ قوبـادی، نەسـرین زەکرییـی، شـەهێن وەتەندۆسـت، فەهیمـە قوتبـی، مونیـرە مەحبووبـی و پەرویـن نودینیـان) یـش لـە ئەندامانـی سـنە بـوون. (جەمیلـە ڕەحیمـی) لـە ڕێکخسـتنی خوێندکارانـی زانکـۆ و کرێکارانـی مهابـات بـۆ ڕێکخسـتنی ژنـان هەوڵـی خـۆی دەدا. چالاکـی ڕێکخسـتن لەنێـو ژنـان ماڵدار، مامۆسـتا، کارمەنـدان و... لـە تـەواوی گـەڕەک و ناوچـە ئەنجـام دەدرا.

سەرەڕای چالاکییە کاریگەر و بەهێزەکانی ژنان، بەهۆی دەسەڵاتی هزری پیاوسالاری کۆمیتەی ناوەند زۆربەیان ڕێگربوون لەبەرامبەر چالاکی ژناندا. ئەم کۆمیتەیە چەندین ساڵ بەردەوامی دا بە چالاکییەکانیی، بۆیە بەهۆی گرتنی شارەکان ئەم چالاکییانە دوای ماوەیەک ڕاوەستا.

ناڕوونی لە ستراتیژی حیزب بووە هۆی هەڵوەشانی ناوەکی و جەنگی براکوژی نێوان کۆمەڵە و دیموکرات و ڕێگر بوو لە ئاراستەکردنی تواناکانی کۆمەڵگە، بەتایبەت ژنان و لاوان. لەم نێوەندەدا، پێگەی بزووتنەوە لەبەرامبەر دەسەڵات دیار و ڕوون نییە. بە واتایەکی تر یەکێتیەک لە ڕا و بۆچوونەکاندا بەدی ناکرێت لەبەرامبەر دۆخی ئەو کاتدا و تێڕوانین و ڕێکارەکانیش کاریتاکە کەسی بوون. دوو دید لە هەموو زیاتر بەرجەستە دەکرێت، یەکەمیان دیدێک کە کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەیەکی داگیرکاری و خێڵگەراییە. دووەم: دیدێک لەسەر بنەمای سیستەمی دەسەڵاتی سەرمایەداری بوو و بە زاڵبوونی چینی کرێکار، هەنگاوەکانی شۆڕش دەنرێت. بۆیە ئەم دوو بیرە بە قووڵی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکرا و زیاتر بە شێوەیەکی گشتی لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکرد. بە واتایەکی تر ئەگەرچی بە بیر و هزری سۆسیالیزم سەریهەڵدا و زۆربەی کۆمەڵگەی لە خۆ گرت، بۆیە لەبەرەوە بێکاریگەر کرا و بە لاڕێدا برا. بە واتایەکی تر ئەم بزووتنەوەیە لەڕووی دەروونی، سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازیەوە لە کۆمەڵگەدا توێنرایەوە و بە لاڕێدا برا.

دواتـر شـەڕ لەسـەر باڵادەسـتی و دەسـەڵات دەست پێدەکات و دەبێتـە هـۆی چەنـد پارچـە بوونیـان. ئـەم پارچـە بوونەیـان کار لەسـەر بەرخودانـی ژنانیش دەکات. هەرچەنـد بـۆ یەکەمیـن جـار ژنانـی پێشـمەرگە لـە دەقەکانـی خەباتـدا جێگیـر دەکریـن، بۆیـە بەهـۆی جـۆری دیـدی کۆمەڵگـەی لەبەرامبـەر ژنانـدا، گۆڕانکارییەکـی ئەوتـۆ ڕوو نـادات و سـێبەری بیـری پیاوسـالاری بەسـەر خەباتـدا بشـکێتەوە، بـە واتایەکـی تـر بەرخودانـی هـزری بـە ناونیشـانی بەرخودانـی پێویسـت و ناچـاری تەماشـا ناکرێـت و مەودایـەک کـە ژنـان تێیـدا بتوانـن (خۆبـوون) ی خۆیانـی تێـدا بەرجەسـتە بکـەن، نەبـوو. تێنەپەڕاندنـی ئەقڵیەتـی دەوڵەتگەریـی، ڕەگەزگەرایـی و دەسـەڵاتخوازی بـووە هـۆی ئـەوەی توانـای خستنەڕووی بیـر و تێڕوانینـی جێگرەوەیـان هەبێـت، لـەم بارەیەشـەوە دەتوانیـن بڵێیـن یەکێـک لـە جیاوازییەکانـی (عەبدوڵـڵا ئۆجـالان) ە. لـە دیـدی ئـەودا بابەتـە کۆمەڵایەتییـەکان بـێ چارەسـەرکردنی بابەتـی ژنـان چارەسـەر ناکرێـت.

ئۆجـالان نـەک تەنیـا بـە قسـە، بەڵکـو بـە کـردار نیشـانی دا کـە ئـازادی کۆمەڵگـە بـێ ئـازادی ژنـان مەحاڵـە بێتـە دی. ئـەو بەرخودانـەی ئـەو پێشـەنگایەتی کـرد سـەلماندی کـە ئـازادی ژنـان دەبێـت لـە هەمـوو بوارێکـی تێکۆشـاندا بێـت، یەکێـک بێـت لـە سـەرەکترین کارەکان. بـەو هۆیـەوە بوێـری هێنانـە زمانـی گوتاری(خـۆ تەرخـان کـردن و یەکلابوونـەوە بـۆ ئـەو بابەتە)خـۆی سـەلماند و تیۆری(کوشـتنی پیاوێتـی) خستە ڕوو. دەرەنجامـی ئـەم بیـر و تیۆرییانـە ئـەوە بـوو کـە مـرۆڤ بـە بیـر و تێڕوانینێکـی باڵادەسـتی و دەسـەڵاتخوازانە

ناتوانێـت هەڤاڵێتیەکـی بـاش لەگـەڵ ژنانـدا دروسـت بـکات، هـەر لـە بـەر ئـەوەش بـە شـێوەیەکی قـووڵ لێکۆڵینـەوەی لەسـەر تێگەیشـتنی باڵادەسـتی پیـاو و کۆیلایەتـی ژنـی کـرد. ئـەو بەرخودانـی ئایدیۆلـۆژی، سیاسـی و دەروونی لەبەرامبەر ڕەگەزگەرایـی و چەوسـانەوەی ڕەگەزیـی ئەنجام دا، ئۆجـالان دەڵێـت دوژمنایەتـی پیـاوی زاڵ دەکـەم و بـەو شـێوەیەش بنیاتنانـەوەی خـودی لـە خۆییـەوە دەسـت پێکـرد و دوای ئـەوە بـۆ کادیـر و کۆمەڵگـەی گواسـتەوە.

عەبدوڵـڵا ئۆجـالان ڕەخنەیلـە ڕێبـازی زانسـتی کۆمەڵایەتـی ناوەندئەورووپـی گـرت و بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـە کۆمەڵایەتییـەکان بـەدوای ڕێگاچـارە و جێگرەوەدا گـەڕا. ئـەو دووبـارە پەیوەنـدی لـە نێـوان سـاتەوەخت و مێـژوو، تـاک و کۆمەڵگـە و سرووشـت و مـرۆڤ کـە پچڕانێکـی قووڵـی تێـدا بـوو، دروسـت دەکاتـەوە. نـەک تەنیا تێـز و ئەنتی تێزی مێژوو، ژیـان، بـوون و ئـەو سیسـتەمەی هەیـە، بەڵکـو سـەنتێزی هەمـوو ئەوانەشـی خولقانـد. ئـەو سیسـتەمی دەوڵـەت- نەتـەوەی ڕەتکـردەوە و لەبەرامبـەردا نەتـەوەی دیموکراتیـک لەسـەر بنەمـای پارادایمـی دیموکراسـی- ئیکۆلـۆژی و ئـازادی ژن، سیسـتەمی کۆمینـاڵ (هـەرەوەزی) لەبەرامبـەر هـزری لیبرالیـزم و سـەرمایەداری کـە کۆمەڵگـە دەکاتـە قوربانـی تـاک، پێشـنیاز کـرد. بێگومـان لەسـەر بنەمـای ئـەم هـزرە، ژنان دیدێکـی جیاوازیـان بـۆ ژیـان دەبێـت و بـوون و ویسـت و متمانـە بـە خـۆ بوونیـان بـۆ دەگەڕێتـەوە. ئۆجـالان بـە ژنـان دەڵێـت کـە تەنیـا بـە خۆیانـەوە پەیوەسـت بـن و پشـت بـە هیـچ کەسـێکی تـر نەبەسـتن. بـەم شـێوەیەش سـەرەتا دابڕانـی

مـەزن لـە هـزرەوە دەسـت پـێ دەكات. بـە (تیـۆری دابـڕان) هـەوڵ دەدرێت ژنـان لـە هەمـوو ڕوویەكـەوە بەهێـز بكرێـن. ئـەم دابڕانـە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی ژنـان ببنـە خـاوەن ویسـتی خۆیـان و پشـت بـە هێـز و توانـای خۆیـان ببەسـتن و لـەو پێنـاوەدا بجەنگن و لـە چالاكییـە سیاسـییەكان بوونـی خۆیـان بسـەلمێنن و لـە ژیانیشـدا ڕۆڵـی پێشـەنگایەتی بگێـڕن. جەنگـی ئۆجـالان لـەو بارەیـەوە بـێ وێنەیـە و دەبێتـە هـۆی ئـەوەی ژن لـە هەمـوو گۆڕەپانەكانـی ژیانـدا ببینرێـت. ئـەو ژنـی ئـازاد بـە جوانتریـن ژن پێناسـە دەكات و ڕایەڵەیـەک لـە نێـوان ئـازادی و پێـوەرە ئەخلاقییـەكان- ئێتیـک و جوانناسـی- ئێسـتیتک دروسـت دەكات. ئـەم دیدانـەی ئۆجـالان بـێ بوونـی پێـوەرە ئاكارییەكانناتوانرێت كاری سیاسـی بكرێـت. بۆیـە ئـەو لەسـەر بنەمـای پـەروەردە و خۆدسـازیی، ژنـان بـەرەو خـۆ ڕێكخسـتن ئاراسـتە دەكات. ئـەو، بـەم شـێوەیە دیـدی خـۆی دەخاتـەڕوو و ڕۆحـی ئـازادی بەرجەسـتە دەكات. لەسـەر بنەمـای ئـەم ئەندێشـەیە بـە درێژایـی سـاڵەكان و بـە لەبەرچاوگرتنـی پێشـكەوتنی بەرخودانـی ژنـان و ئایدیۆلـۆژی ڕزگاری ژن، پارتـی ژنـان و پێشـنیازی هاوسـەرۆكایەتی كـرد. ئـەو ژنانـی بـۆ گۆڕەپـان و كەشـی بەرخـودان گەڕانـدەوە و ئەمـەش بنەمـای فەلسـەفەی گـۆڕی بـۆ(ژن، ژیـان، ئـازادی).

بەرخودانـی بزووتنـەوەی ئـازادی كوردسـتان هەرچەنـدە لە باكـووری كوردسـتان دەسـتی پێكـرد، بـەڵام بـە خێرایـی سـێ بەشـەكەی تـری خسـتە ژێـر كاریگـەری خۆیـەوە و ئاراسـتەی بەرخودانـی كـردن. گەرچـی ئۆجـالان بـەو ئاماژەیـەی (كوردسـتان داگیركـراوە) دەسـتی پێكـرد، ئـەم بزووتنەوەیـە

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرفراوانتر بوو و لە سنووری کوردستان ڕانەوەستاو ئەولاتریش ڕۆیشت. لەکاتی پیلانگێڕی نێونەتەوەیی دژی عەبدوڵڵا ئۆجالان لە ١٥ شوباتی ١٩٩٩دا، هەڵویستی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەزنترین وەڵام بوو بەرامبەر وڵاتانی پیلانگێڕ. ئاشکرایە کە ئەندیشەی ئۆجالان سنوورە دروستکراوەکانی کوردستانی بێ واتا کرد. لەو کاتەوە دەستەواژەکانی وەک کوردستان، لە وتارە سیاسییەکانی حیزب و ڕێکخراوە دیموکراتییەکان بوونی خۆی سەلماند و تا ئێستاش هەر بوونی خۆی پاراستووە. کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەرەوە خۆیان لەسەر بنەمای هزر و فەلسەفەی ئۆجالان ڕێکخست. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕێکخستنی تایبەتی ژنان ڕەنگاڵەتر بوو و بەهێز تر بوو و لەپێناوی بەرخودانی ئازادیدا گیانیان بەختکردووە و ئاراستە کرد، لەبەر ئەوەی کە بوونی خۆیان و ڕاستیکۆمەڵایەتی لە بزووتنەوەی ئازادیدا دەبینییەوە. لەلایەکیتر هەمان بەرخودانی مێژوویی کە لە زیندانی ئامەد (دیاربەکر) نیشان درا، فەلسەفەی بەرخودان لە زیندانی ئەوین، ئەم بەرخودانەی ئامەدی جوانتر بەرجەستە کرد. ئەم نموونەیە، جوانتر ئاوێتەی کەسایەتی وەک (شیرن عەلەمهولی) و (زەینەب جەلالیان) دەبێت. ئەو بەرەنگاری و خۆبەدەستەوەنەدانە، ئیلهامبەخش و کاریگەری کردە سەر کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. زیلان پەپوولە (لەتیفە سەلامەت) یەکێکە لە ژنە بەرخۆدێرەکان بووە هێمای بەرخودان و ئێستاش هەزاران (زیلان) بەردەوامی بە ڕێبازەکەی ئەو دەدەن. لە ڕۆژئاوای

کوردستان و بە ئازادکردنی کۆبانی جۆشێکی مەزنی لەنێو لاوان و ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئافراند و گیانی نەتەوەیی کوردی زیاتر لە هەر سەردەمێکی تر بەهێزتر کرد. هەستی بەهێزی وڵاتپارێزیی، عەشقی ئازادی و گەڕان بەدوایدا، بووە هۆی ئەوەی ئاشنای هزر و فەلسەفەی عەبدوڵڵا ئۆجالان ببن. لە ئەنجامدا کوشتنی (ژینا ئەمینی) کچە لاوی کورد لە سەقز، بووە پڕیشکی ڕاپەڕینی خەڵک و لەبەرەوە ئاگری ئەمڕاپەرینە بڵێسەی زیاتر دەبوو، لەسەر بنەمای هەمان بەرخودان و ڕاپەرینەکانی پێشوو.

فەلسەفەی(ژن، ژیان، ئازادی) بە خێرایی هەموو ئێران و بگرە جیهانی گرتەوە. ئەوە هەمان ئەو ڕاستییەیە کە ئەگەر بیرێک لەسەر بنەمای پایەی کۆمەڵایەتی و ویستی ئازاد بێت، گرنگی و ڕێگای خۆی بۆ ناو دڵی گەل دەکاتەوە. لەم بزووتنەوە مێژووییەدا هەر کەسێک نوێنەری ڕابەرایەتی خۆی دەکات، بەڵام زۆرێک لە هەوڵە لیبرالەکانی ئێران لە هەوڵی ئەوەدا بوون دەست بەسەر ئەم شۆڕشەدا بگرن یان بەلاڕێیدا ببەن، بەڵام ئاگایی خەڵک و ڕاستی گەلێک کە هەنووکەش لە دەقە شۆڕشگێڕیەکاندا دەژیت، بوونە ئاستەنگی ئەو جۆرە گەمانە، چونکە گەلی ئێران ئەزموونی زۆریان لە بەرخودان و شۆڕشدا هەیە و تەنیا خواستی ئەوان ئازادی و دیموکراسیە. سیستەمی پاشایەتی دووبارەکەرەوەی هەمان ستەمەکانی پێشووە و وەڵامدەرەوەی پێویستیەکانی گەل نییە، بێ شۆڕشی کولتووری، کۆمەڵایەتی و هزری و دان پیادانانی هەموو ڕەنگەکان ناتوانێت بە ئەنجامێکی خواستراو بگات. ویست

و باوەڕێک کە ژنان بەدەستیان هێناوە و دارمانی ترسی کۆمەڵگە و ئەو بەهایانەی لەسەر گۆڕی شەهیدانی ئەم بزووتنەوەیە بەدی دەکرێت. پێویستە پارێزگار و خاوەنداریەتی لێ بکرێت و پەرەپێدانی دەستکەوتەکانی ئەم بزووتنەوەیە پەیامی هەموو بەشێکی ئەم کۆمەڵگەیەیە.

## سەرکەوتن هەر بۆ ئێمەیە، (بەرخۆدان ژیانە)

چیرۆکی ژیانی کوێستان داودی - ئاکادیمیای ژنۆلۆژی...



ژیان و ئازار، ئالنگاری و خەبات، پێکەوەژیان، هەستکردن و گۆڕینی ئەم هەستە بۆ هۆشیاری و بەرپرسیارێتی و پێشەنگیکردن بۆ گۆڕینی ڕاستییەکی نایەکسان و سەرکوتکەر، پرۆسەیەکە کە دیالێکتیکی دروستبوونی مرۆڤ دەسەلمێنێت. یەکەم سەرکوت و فشار دەبێتە هۆی یەکەم کاردانەوە کە هەرگیز لەبیر ناکرێت. یەکەم کاردانەوە

لـه هەمـان هەنـگاوی سـەرەتاوە جـوان، دروسـت و مەیلـی گەیشـتن بـە حەقیقەتـی ژیانێکـی جوانـە. ئـەم ئارەزووەیـە کـە مـرۆڤ سـەرباری تەمەنیـان بـەرەو گەنجییەکـی پـڕ وزە دەبـات. بـەم شـێوەیە سـەختیەکان، بەربەسـت، ئەشـکەنجە و هەمـوو دژوارییـەکان لەبەرچـاوی مرۆڤدا دەبـن بـە سـەرابێک و لـە شـەوقی گەیشـتن بـە ئامانجـدا، دەتوێنـەوە.

قۆناغەکانـی ژیانـی کوێسـتان داودی لـە گەنجییەوە هەمیشـە بـەم شـێوەیە بـووە. چیرۆکـی ژیانی ئـەو، حیکایەتی هەموو ئەو ژنانەیـە کـە ئامـادە نەبـوون لـە پەراوێـزی مێـژوودا بمێننـەوە و خوازیـاری نووسـینی مێـژووی خۆیـان بـوون بـە هەسـت، هۆشـیاری، خەبـات و جۆشـەوە. ئـەو لـەم ڕێـڕەوە مێژووییـەدا لەسـەر پێـی خـۆی و بـە پشتبەسـتن بـە خـۆی گەشـەی کـرد. ڕێکـەوت نییـە کـە لـە یەکـەم سـاتی هەنگاونـان لـەم ڕێگایـەدا تـا دوا سـاتی ژیانـی بـە فەلسـەفەی(بەرخودان، ژیانـە) ژیـا و لـە سـەرەتای بزووتنـەوەی(ژن، ژیـان، ئـازادی) لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـە دروشمی(سـەرکەوتن هـی ئێمەیـە)ی وتـەوە.

کوێسـتان هەمیشـە لـە دژی ناسـنامەی سـەپێنراو بەسـەر ژنانـدا، بـەدوای خوڵقاندنـی ناسـنامەی ڕاسـتەقینەی ژنـان و ڕاسـتەقینە و قووڵـی مێژووییـان دا بـوو. لایەنـی وڵاتپارێزیـی و خۆڕاگریـی لـە بەرامبـەر داگیرکەرانـدا، لـە شـاری مەهابـاد و مەیدانـی چوارچـرا سـەرچاوەی گرتبـوو. لـە دیـدی ئـەوەوە، نیشـتمانپەروەری بنەمایەکـی حاشـاهەڵنەگرە و ئـازادی لـە چوارچێوەیەکی سـنووورداردا پێناسـە نەدەکرد و بەهـای ئازادی لـە گەرەنتیکرنـی ئـازادی ژنـان، کۆمەڵگـە و نیشـتماندا دەبینـی

که سرووشتییه هەموو ئەمانە پێویستیان بە بیرێکی ئازادە.

لە سەردەمی خوێندکاریدا، دەچێتە ناو چالاکی سیاسییەوە و لە ڕاپەڕینەکانی ١٣٥٧ بەشداری دەکات و بە ئازایەتی و توانایەکی ناوازەوە بەشداری خەباتی نهێنی کۆمەڵە دەبێت.

لە کاتی شۆڕشی ١٣٥٧دا، کوێستان داودی وەک ژمارەیەک لە ژنانی کورد لە ڕاپەڕینەکانی دژی شا بەشداری دەکات. هاوتەریب لەگەڵ پەرەسەندنی شۆڕش لە دژی ڕژێمی شا، دەچێتە پاڵ(ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی کرێکارانی کوردستانی ئێران) کە دواتر ناوی گۆڕا بۆ کۆمەڵە. لە سەرەتاوە لە مانگرتنە گرنگەکانی مەهاباد وەک(خوێندنگەی کچان) و(پێشانگای کتێب)دا بەشداری کرد. دواتر پشتگیری لە چالاکییەکانی خوێندکارانی خەباتکار و یەکێتی کۆمۆنیست کرد و بەشداری لە هەموو ئەو هەوڵانەدا کرد کە بۆ ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی بەتایبەت لە مەهاباد کە هێشتا ڕژێمی شا لە دەسەڵاتدارییدا بوو.

بە باوەڕی کوێستان داودی خەبات بۆ ئازادی بوارێکی پیاوانە نییە بەڵکو گۆڕەپانێکی نوێی خەباتی ناسنامەییە. هەر بۆیە بەشداری ڕیزەکانی پێشمەرگە بوو. یەکەم گرووپی پێشمەرگە لە گوندی زگدراوی مەهاباد و دواتر لە گوندی قزڵجە مانەوە. لە کۆتاییەکانی ساڵی ٥٨ لە کاتی ڕێکخستنی چالاکیەک لە ڕێگای تاران لەگەڵ یەکێک لە هەڤاڵەکانی لەلایەن هێزەکانی ڕژێمی ئێرانەوە دەستگیر کرا. نزیکەی پێنج ساڵ لە ژێر ئەشکەنجەی قورسدا لە زیندانەکانی تاران و ورمێ زیندانی کرا. کوێستان لە هەموو بارودۆخە

دژوارەکانـی زیندانـی بـە ئازایەتـی و ئیرادەیەکـی گـەورەوە بەرخودانی کرد و نهێنییەکانی ڕێکخستنی بە وەفادارییـەوە پاراست. هاوبەندەکانی کوێستان باس لە ژنێکی گەنج، ئازا و خۆڕاگر دەکەن کە تەنانەت بۆ ساتێکیش ئازایەتی خۆی لە بەرامبەر فشاری جەلادەکاندا لەدەست نەدا.

کوێستان لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠ و لە کاتی هێرشەکانی ڕژێمی بەعس بۆ سەر باشووری کوردستان، لە ڕادیۆی هەنگاو، دەربارەی کەسایەتییە ناودارەکانی باشووری کوردستان، مێژووی خەباتیان و ستەمی نەتەوەیی، بەرنامەی پێشکەش دەکرد. ئەو ساتێک لە چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دوور نەکەوتەوە و دەنگی باشووری کوردستانی بە گوێی جیهان دەگەیاند. لە سەردەمی هێرشی داگیرکەران و شەڕە ناوخۆییەکان، هێرشی کیمیایی بۆ سەر هەڵەبجە و ئەنفال، هەمیشە دەنگ و ڕوویەکی سەربەخۆ بوو. بە وزەیەکی زۆرەوە، بەتایبەت بۆ مافەکانی ژنان و گەلی چەوساوەی کوردستان، درێژەی بە چالاکییەکانی خۆی دا. کوێستان داودی بەهۆی بارودۆخی نالەباری سیاسی کوردستان دەچێتە سوید. بەڵام ڕۆح و هەستەکانی هەر لە کوردستان بوو. لەو ماوەیەشدا کە لە دەرەوەی وڵات بوو، بێ گوێدانە سنوورە دەستکردەکانی کوردستانی دابەشکراو، لە هەر شوێنێک کە دەرفەتی خەبات هەبوو، بە خۆبەخشی و بە ویست و ئاگاییەوە، خەباتی بۆ ئازادی گەلەکەی کرد. کوێستان لە ئامانج و خواستەکانی خۆی هۆشیار بوو و هەمیشە پەرۆشی ناسنامەیەکی سیاسی بوو کە خەونی یەکسانی، دادپەروەری و ئازادی بێنێتە دی.

کوێستان ساڵانێک ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بوو و لە چالاکییە دیپلۆماسییەکانیشدا ئامادەییەکی چالاکانەی هەبوو. ئەو لە ساڵانی دواییدا وەک یەکێک لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بەشێوەیەکی چالاکانە و بە فیداکارییەوە کاری کرد. کوێستان خەباتی ئازادی ژنانی بەبێ دابڕان لە خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد ئەنجام دا و باوەڕی بە یەکسانی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئابووری، سێکۆلاریزم و یەکێتی نەتەوەیی هەبوو. ئەو، هەر کارێکی کە ئەنجامی دەدا بە باوەڕەوە و لە دڵ و گیانەوە ئەنجامی دەدا و هەموو وزەی خۆی بۆ تەرخان دەکرد؛ و لە بەشداری و زانیاری کۆمەڵایەتی ژنان بە ئاگا بوو. کوێستان لەم ڕێیەدا سەدان وتار، چاوپێکەوتنی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی دەربارەی پرسی نەتەوەیی، ژنان، ئەدەبیات و کولتوور ئەنجام دا و جیاوازی نەدەخستە نێوان خەڵکی هەرێمە جیاوازەکانی کوردستان نە لە ڕووی جوگرافی و نە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە.

کوێستان لە کۆمسیۆنی ژنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (KNK) بەشداری کرد. ئەو بۆ پشتگیری لە خەباتی کۆمەڵگە و بەتایبەت ژنان و بۆ پشتیوانی لە کۆمەڵگە لە دژی هێرشەکانی دەوڵەت، سەردانی باکووری کوردستانی کرد و لە هەموو کەمپەینەکانی پشتگیری لە ڕۆژئاوای کوردستان و بەتایبەت خەباتی ئازادکردنی کۆبانێ چالاکانە بەشداری کرد و دواتر پشتگیری لە بەرخودانی عەفرین کرد و لە پێناو پاراستنی خەڵکی عەفرین بە هۆشیاری نەتەوەیی بە دڵ و گیان کاری کرد.

کوێستان ژنێکی خاوەن ئیرادە، ماندوونەناس و خۆش قسە و ڕوو بە خەندە بوو. وێڕای ئەوەی دایک و هاوسەر بوو، نموونەی ژیانی هاوبەشی ئازادی لە ڕووی فکری و کردەییەوە جێبەجێ کردبوو. ئەو هاوڕێی هاوسەر و کوڕەکانی بوو و بە ڕۆحی ئازادی کە هەیبوو کاریگەری لەسەر دەوروبەری دادەنا، پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ژیان هەبوو و ژنێکی خەباتگێڕ و بەتوانا بوو کە بە وزە ئەرێنییەکەی خۆی دەوروبەری بۆ بیرکردنەوە و کردار هان دەدا.

یەکێک لە بەرنامەکانی کوێستان بۆ بزووتنەوەی ژینا، ئەنجامدانی ڕێپێوان بوو بە جلی سووری کوردی لەگەڵ ژنانی تر و لە ڕێپێوانەکە بە دەنگە جوانەکەی سروود بڵێتەوە. بەداخەوە بەهۆی توندی نەخۆشییەکەی ئەم خواستەی نەهاتە دی. دروشمی کوێستان لە خەباتە سیاسییەکانیدا(بەرخودان، ژیانە) و(سەرکەوتن هی ئێمەیە) بوو. ئەو هەمیشە بە ڕوویەکی خەندەوە و بە جددییەتێکی زۆرەوە ئەم دروشمەی لە ژیانی خۆیدا بەرجەستە کردبوو.

کوێستان هەروەک چۆن ئازایانە لە خەباتە سیاسییەکاندا بەشداری کرد، بە هەمان ئازایەتیەوە ١٩ مانگ لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجە ململانێی کرد و هەرگیز سکاڵای لە دۆخی خۆی نەکرد و ڕۆحی خۆی پاراست. بیر و دڵی هەمیشە لەگەڵ ئەو مرۆڤە هەژارانە بوو کە تووشی ئەم نەخۆشییە بوون، هەر بۆیە دەیگوت:(سکاڵام نییە و زیندووم.) کوێستان لە بەیانی ڕۆژی پێنجی سەرماوەزی ١٤٠٢ لە شوێنی ژیانی خۆی کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی سەیوانی سلێمانی بە خاک سپێردرا.

گۆڤـاری ژنۆلـۆژی بـە بڵاوکردنـەوەی چیرۆکـی ژیانـی کوێسـتان داودی، ئـەم ژنـە بەرخـۆدەرە، ڕێـز لـە کەسـایەتی ئـەو و هیـوا و بـاوەڕی لـە دوا وشـەکانیدا نیشـاندا. کوێسـتان داودی لـە سـاڵی ٢٠١٦ بەشـداری لـە یەکێـک لـە کامپەکانـی ژنۆلـۆژی کـرد بـە بەشـداری ژنانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و ئێـران کـرد و ئێمـەش ویسـتمان دەقـی قسـەکانی لەسـەر سـەربووردەی ژیانـی خـۆی و تێکۆشـانەکەی و تێکۆشـانی ژن لـە سـەردەمی تێکۆشـانی دا بخەینە ڕوو و بەو شـێوەیە ڕێز لە تێکۆشـانی ئەو ژنانـە بگریـن و بکەینـە بەشـێک لـە مێـژووی نەنووسـراوی ژنـان.

## دۆخی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کوێستان داودی[٦٢]

**ئەم کاتەتان باش هەڤاڵان..**

هـەوڵ دەدەم زۆر بـە کورتیـی باسـی خەبـات و تێکۆشـانی ژنـان لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بکـەم، دیـارە لەوانەیـە چەنـد کەسـێکتان هەبـن کـە لـەو سـەردەمە بەدنیـا نەهاتبـن، بـەڵام مـن باسـی سـەردەمی دوای ڕاپەریـن و پێداچوونـەوە بـە خەباتـی حیزبـەکان و هەروەهـا دابڕینـی ئـەوان لـە خەڵـک دەکـەم، وەک بەسـەرهاتی خـۆم و لێکدانـەوەم بـۆ هـۆکاری ڕووداوەکان تایبـەت بـە ژنـان، بەکورتیـی باسـی دەکـەم.

ئێمـە هەمووමـان دەزانیـن دەوڵەتـی داگیرکـەری ئێـران، وەکو هەمـوو داگیرکەرانـی دیکـەی کوردسـتان هەوڵیـان داوە هێندەی دەتوانن ئامـار لەبـەر دەسـتی ئێمـەی کورددا نەبێت، چونکـە ئامـار فاکتەرێکـی زانسـتییە و دەتوانرێـت وەک بنەمـا بـۆ ڕوونکردنـەوە و شـیکردنەوە و بەسەرئەنجامگەیشـتن بەکاربهێنرێت. داگیـرکار بـە پلان و مەبەست دەیەوێت کـورد هـەر لـە سـەر ئاسـتی گۆترەکاریـی بدوێـت و کار بـکات بـۆ ئـەوەی نەتوانێـت بـە فاکتـەوە مامەڵە لەگـەڵ ڕووداوەکان بکات.

ئێمە وەکو کورد، بە ڕاستیی ئێستاش ئامارێکی دروستمان لەبـەر دەسـتا نییـە، هـەر بۆ نموونـە نازانیـن ژمارەمـان چەندە. یـەک دەڵـێ سـی ملیۆنیـن یـەک دەڵـێ چـل ملیۆنیـن و بـەو شـێوەیە نەبوونـی ئامارێکـی دروسـت و حیسـابی کـە لەبـەر دەسـتی ئێمـەی کورددا نییـە و نەبووە بـووە بـە هـۆی ئـەوەی ئێمـەی کـورد وەک مـرۆڤ نەتوانیـن بەتایبەتیـی لەسـەر ئـەم شـتانە قسـە بکەیـن. بـۆ نموونـە وردەکارییەکانـی چۆنییەتـی ڕوودانـی ڕووداوەکان لـە مێـژووی کـوردا، چـی ڕووی داوە و چـۆن ڕوویـان داوە، لەبەرئـەوەی نەنووسـراوەتەوە ئێمـە ناتوانیـن باسـیان بکەیـن.

لەبـەر نەبوونـی ئامـار باسـی ژنانیـش هـەر وەکو هەمـوو باسـەکانی دیکـە لـە زۆرینـەی حاڵەتەکانـدا دەبێتـە باسـێکی گشـتیی یانـی وەکـو ئامـاژەم پێکـرد، زۆر گرنگـە هـەر نەتەوەیـەک مێژووی خـۆی بنووسـێتەوە، مێـژوو چـۆن بـوو، ڕووداوەکان چـی بـوون و ژن چـی کـردووە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی ئامارێکـی وردەمـان لەبـەر دەسـتا نییـە مەسـەلەی

خودی کێشەی ژنیش هەر دەبێتە باسەکانی دیکە، چونکە کوردستان جوگرافیایەکی پان و بەرینە.

کە دەڵێین ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕاستیدا باسی جوگرافیایەکی پان و بەرین دەکەین هەر لە شاری ماکۆوە و شاری خۆیی و بیگرە تا خوارەوەی ئیلام کورد هەن. من ناڵێم باسی ئەمڕۆ و ئێستای ئێوە دەکەم، بەڵکو باسی خۆم دەکەم بۆ نموونە، ئەو سەردەمەی کە پەیوەندیم بە کۆمەڵەوە کرد یان هەر لە شاری مهاباد بووم، من دڵنیام هەشتا لە سەدی خەڵکەکە نەیدەزانی ئیلام یان ماکۆ شاری کوردە، نەمان دەزانی، بە هەر حاڵ وا بەرخورد دەکرا کە ئاگاییەکی وا نەبوو. ژنی کورد لە پانتایی ئەو جوگرافیایدا یەکڕەنگ نیین واتا یەک جۆر و یەک دەستیش نین، هەر لە شێوەی مەزهەبی جیاوازدا کە کاریگەری گرنگی لەسەر شێوازی ژیانی ژنان داناوە تاکو جیاوازی زاراوە و کولتووری گشتیی و هەڵسوکەتی ڕۆژانە، ئەو جیاوازیانە کە بە سادەیی لە ناو ژنانی کوردا دەبیندرێت.

ئێمە بە هۆی ئەو جوگرافیا پان و بەرینەی کە هەمانە لە ڕووی زمان و زاراوە و مەزهەبییەوە جیاوازین، بەڵام یەک شت هەیە کە ئەویش خاڵی هاوبەشمانە و دیارە خاڵی هاوبەشمان زۆرە بەڵام ڕەنگە لە ڕێگای قووڵبوونەوەی سیاسەتدا بتوانین خاڵی هاوبەش بدۆزینەوە کە ژنانی ڕۆژهەڵات بتوانن وەکو بناغەیەک بۆ کارو تێکۆشان بەکاری بێنن.

ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زاراوەی کرمانج، سۆرانیی، کەلهوڕیی و هەورامیی، ئەوانە هەموومان هەیە.

لە ڕابردووی کۆندا چۆن بووە باسێکی جیاوازە، بەڵام لە مێژووی مۆدێرندا لە یەکتر نزیکبوونەوەی زاراوە دەوریکی ئێجگار زۆر دەبینێت، بەڵام یەکگرتنەوەی ئەو زاراوانە چۆن دەبێت باسێکی دیکەیە. پیاوەکان توانیوویانە زاراوەکان لە ناو ڕۆژهەلاتی کوردستان بەکار بێنن بەتایبەتیی ئەو پیاوانەی کە کاری حیزبیی و سیاسیی دەکەن یاخود ئەوانەی خەریکی کار و کاسپی و گەڕان و هاتوچوون، بە شێوەیەکی گشتی لە نێو پیاوانی کورد لەیەک حاڵی بوونێکی زمانیی هەیە.

بە هۆی ئەوەی کە ئێمەی ژنان لە ماڵێدا دانیشتووین کارێکی وامان نییە، بەتایبەتی باسی ئەوانە ناکەم کەسانێکی خوێندکارن، بەڵام ژنان لە زۆرینەی حاڵەتدا هەر لە ماڵەوە دانیشتوون، بەڵام پیاوەکان بە خاتری کار و کاسپی و هاتوچۆی گشتی دەتوانین بڵێین تۆزێک شارەزاییان باشترە لە ژنەکان لەبارەی زاراوەکانی دیکە.

ئەم لەیەکتر حاڵیبوونە ڕەنگە ژنان نەگرێتەوە وەکو باسم کرد یان بە دڵنیاییەوە بەشێکی زۆر لە ژنان ناگرێتەوە بەحوکمی ئەوەی ژنان هەر لە ماڵێ دانیشتوون لە چوارچێوەیەکی فرە ناوخۆییدا دێن و دەچن، وەکو ماڵ و خوێندنگە، ماڵ و بازاڕ کە ئەوانە بە دڵنیاییەوە زەحمەتێکی بەر چاو بووە بۆ ئەوەی کە لەیەک حاڵی بن. یانی ئەگەر پیاوان بە حوکمی ئازادییان لە نێوان ماڵ و بازاڕ و مامەڵە کولتوورییەکانەوە زمانێکی هاوبەشیان لە ناو خۆیاندا دروست کردبێت، ئەوا ژنانی کورد ئەو دەرفەتەیان نەبووە و بەو شێوەیە زمانێکی هاوبەشیان نییە.

بژێوی ژیان و کار و کاسپی دیسان هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ چوونە دەرەوەی پیاوان لە ناو ماڵ و گەڕانیان لە شارەکانی دیکە کە بووەتە هۆی ناسینی خەڵکانی دیکەی کورد و ئاشنابوونیان بە زاراوەکانی دیکە. بۆ نموونە، من کە منداڵبووم لە مهاباد نەخۆشخانە نەبوو. خەڵک ناچاربوون بۆ هەر کارێک چەندین سەعات کات بە فیڕۆ بدەن تا دەگەیشتنە جێیەکی دیکە بۆ کار یان جێبەجێکردنی پێداویستییەک. واتە داگیرکەر سیستەمێکی وای لە بازاڕ دروست کردووە کە تاکی کورد سەرقاڵ دەکات بە سەدان کێشەی هاتن و چوونەوە خەریک بن. من پێم وایە جیاوازیی زاراوە یەکێکە لە هۆکارەکان کە بەرۆکی ژنانی ڕۆژهەڵاتی گرتۆتەوە. ڕەنگە پاش دامەزراندنی مەد تیڤی و قووڵبوونەوە وبەرفراوانبوونی خەبات لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان و پاشان پەیدابوونی کەناڵەکانی دیکەی ڕاگەیاندن مشتومڕی زۆرتر پەیدا بوو. ڕاستە ڕادیۆ و تیڤیەکان پەیدابوون، بەڵام لەکوێ؟ لە ناو ماڵدا، دیسان لە ماڵدا بوون، واتا بەشێکی زۆر لە ژنان هەر لە ماڵێدا دەیانتوانی بەرنامەکان ببینن.

دوای دروستبوونی تەڤگەری ئازادیخوازیی ئەم هاوکێشەیە گۆڕاوە. دەتوانین بڵێین نموونەیەکی بەرچاوی ئەم پێداگرتنە ئەوەیە کاتێک ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیوەندییان بە تەڤگەری ئازادییەوە گرت بە ناو خولەکانی پەروەردە دەڕۆن و پەروەردە دەکردرێن دەبینین کە بە بوونی هەورامیی، کرمانجی و سۆران و پێکهاتەکانی دیکە زاراوەیەکی پان لە هەموو ئەوانە پێک دێن وەختێک

کوردی قسە دەکەن و گوێ لە یەک دەگرن دەگرن و باسێک دادەمەزرێنن.

بۆ نموونە لە کاتێ هەڤاڵان لە تەلەفزیۆن قسە دەکەن بە ڕاستیی نازانین یان تا ڕادەیەکی باڵا دیار نییە کە ئەوان خەڵکی کوێن، واتا ئاشناییەکی هاوبەش دروست بووە بە زاراوەکانی دیکە. لە پێش ئەوان ئێمە نەمان دەزانی زاراوەکانی دیکە هەن، بۆ نموونە شاری ڕەزاییە (ورمێ/ئورمیە) زۆر کەس وای دەزانی تورکن یان میاندواو، نەغەدە، ماکۆ و شاپوور و هتد... زۆر کەم کەس دەیزانی ئەوانە بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن. هەتا چووین بۆ پێشمەرگایەتیش کەم کەس دەیزانی، بەڵام ئەم شکاندنە لە پێکهاتەی ئەو تەڤگەرە و دروستبوونی و هاتە ئاراوە بە ڕاستی توانی کاریگەری خۆی دابنێ لەسەر ئێمەی ژن. لەگەڵ ئەوەشدا ژنان هەر لە چوارچێوەی ماڵدابوون. بەڵام چۆن چۆنی بوو کە تا ئەندازەیەک ئەو سنوور و بەربەستە شکا؟ ئەوە تەڤگەری ئازادیخوازیی بوو کە بووە هۆی ئەوە، کە زەمینەی بۆ ئەوە خۆش کرد، پێکهاتەیەک بوو لە ناو خەڵکەوە پێکهات، نموونەیەکی بەرچاوی ئەم پێداگرتنە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون.

ئێمە کاتێک لە ماڵ هاتینە دەرێ بۆ شاخ، لە مانای خوێندنەوە و خوێندنی قووڵدا کوردیمان نەدەزانی. هەموو نووسراوەکان فارسی بوون. دەرفەتی گفتوگۆ لە سەر ئاستی وا جیددی لە نێوان دووکەسدا زۆر کەم بوو، بەڵام بە دڵێکی زۆر فراوان کوردستانمان خۆشدەویست.

بۆ نموونـە، مـن برایەکـی گـەورەم هەبـوو کاریگـەری لێکـردم کاتـی باسـی خۆشـەویسـتی کوردسـتانی بـۆ دەکـردم، بـەڵام وەک پەروەردەیەکـی نیشـتمانیی و سیاسـیی کـە نـە حیزبـی دیموکـرات نەکۆمەڵـە نەیانبـوو، لـەو ئاسـتەدا ناحاڵـی بـوون.

### شای ئێران و ژنانی ڕۆژهەڵات

کاتێـک لـە سـاڵی ٧٩ شـای ئێـران ڕووخـا، ژنانـی ڕۆژهـەڵات ڕۆڵـی بەرچاویـان هەبـوو. زۆر کـەس باسـی ژنانـی ڕۆژهەڵات یـان ژنانـی کۆمەڵـە دەکـەن. بە کەمی مەبینن بە ڕاسـتی ئەوەی لـە باکـووری کوردسـتان و لـە ڕۆژئـاوا ئەمـڕۆ کـە شـانازی پێـوە دەکەیـن لـە ڕۆژهەڵاتیـش هەبـوو. سـەدان ژن و کچـی خوێنگـەرم هاتنـە مەیـدان. دوایـی لـە خۆپیشـاندا لـە سـەردەمی ڕووخاندنی شـادا لە شـارەکانی مهاباد، سـنە، مەریوان، سـەقز و ئەوانـی دیکـە زۆر زیادتـر لەشـارەکانی دیکـەی خودی ئێران بـوون. ژنـان لـە تـەواوی خۆپیشـاندانەکاندا بەشـداربوون، بۆ نموونـە خـۆم کـە تەمەنێکـی واشـم نەبـوو بـەڵام بەشـداری خۆپیشـاندانەکان بـووم.

دەتوانـم پێداگربـم لـەوەی کەسـانێکی زۆر کـە بەشـداری خۆپیشـاندانەکان بوون سەربەسـتبوون، هەروەها کەسـانێکیش هەبـوون بۆنموونـە بەهـۆی بـاوک و بـرا یـان مێردیـان یاخـود کەسـوکارێکیان کـە ئـەوکات لـە زیندانبـوون بەشـدار بـوون. ژنانێـک هەبـوون سەربەسـتانە بەشـداری خۆپیشـاندانەکان بـوون بـەڵام زۆرینـە بەخاتـری ئـەو هۆکارانـەی باسـم کـرد

بەشداربوون. لەدواییدا ورده ورده کە حیزبەکان دروستبوون ژنانێک کـه خوێندەواربـوون دەهاتـن و هیـچ نەدەترسـان کـه بەشـداری خۆپیشـاندانەکان بن، بـەڵام ئـەو ژنانـەی لـه مـاڵ دا بوون، کەمتر دەیانتوانی بەشـداری چالاکانـه و نەترسـانەیان هەبێـت، بـەڵام هەبـوون و بەشـدارییان دەکـرد. بەتایبـەت لـەو کاتـەدا تەنیـا خوێندنگـەی کچـان مانیـان دەگـرت یـان خوێندنگـەی کـوڕان و کچـان بـه جیـاواز مانیـان دەگـرت، جـا مانگرتنەکـه سـێ سـەد چـوار سـەد کەسـیی بـوون، کـەم نەبـوون و بـه ڕاسـتیش پشـتگیریی دەکـران.

کەواتـه لـه کولتـووری ڕزگاریخـوازی نەریتـی (سـونەتی) کوردەواریـدا هەمیشـه ژن هەبـوون وەک پێشـتر ئامـاژەم پێکـرد، وەک دایـک یـان هاوسـەر بەشـداریان دەکـرد، بـەڵام هەمیشـه ژمـارەی کچـان کـەم بـوون. کەواتـه سـەرهەڵدان دژ بـه ڕژێمـی شـا ڕچـەی شـکاند سـەبارەت بـه بەشـداریکردنی کچـان، بەتایبەتـی کچانـی خوێنـدکار کـه لـه تێکۆشـانی ئازادیخوازیـدا بەشـدار بـن.

بەشـداریکردنی کچان لەم قۆناغەدا کە بە خواسـت و ویسـتی خۆیـان بـوو، دیاردەیەکی شـۆڕشـگێڕانه و ئازادیخوازانـه بـوو. لـەم چوارچێوه نەریتیـەدا (سـونەتیەدا) ژمـارەی کچانی بەشـدار لـه حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێرانـدا زۆر کـەم بـوون، ڕەنگـه ئـەوەش زیاتـر لـه ناوخـۆی شـاری مهابـاد هەبـوو بێـت ئـەو کاتـه، بەڵام کاتێک کۆمەڵـەی شـۆڕشـگێڕی زەحمەتکێشـانی کوردسـتان دروسـت بـوو ژمـارەی کچـان کـه پێوەی پەیوەسـت بـوون زۆر بـوون. واتـا ئـەو کچانـه لـه مانـای دایـک بـوون و

هاوسـەربووندا نەبـوون، بەڵکـو کچـان بـوون کـە هـەر وەکـو کوڕانـی سـەردەمی خۆیـان کـەم یـان زیاتـر سـەرگەرمی خەباتـی ئازادیخوازانـە بـوون و دەیانویسـت بەشـدار بـن و ئامـادەش بـوون باجـی بەشـداربوونەکەیان بـدەن، چونکـە بەشدارییبوونەکەیان هاوئاست و بەرامبـەر نەبوو بە بەراوورد لەگـەڵ پیـاوان، بەڵکـو کچـەکان قسـەیان پـێ دەگوتـرا و هـەر لەبـەر ئەوەبـوو کچـان ناچـار بـوون هاوسـەرگیری بکـەن یـان لـە ژێر کاریگەریـی بڕیاری بـاوک و برابـوون، چۆن؟ بۆنموونـە کچانێک کـە بـاوک یـان برا و هاوسـەریان کۆمەڵەبوون دەبوون بـە کۆمەڵـە یـان دیموکراتبوون ئەمانیش دەبوون بـە دیموکـرات و بـەو شـێوەیە. واتـا هەڵبژاردنـەکان هەڵبژاردنێکی ئاگاهانـە و تێگەیشـتووانە نەبـوو، زۆرتـر هەڵبژاردنێکی ناچاریـی بـوو. بـۆ ژنـان هەڵبژاردنێکی پیاوانـە بـوو، بۆچـی؟ ئەگـەر چووبایتایەتـە دەرێ دەیانگـوت ئەهـا ئـەوە ئـەو کچـە چـووە دەرێ.

ئێمە زۆر کات باسی کۆنەپەرستیی داگیرکەر دەکەین، بەڵام بـە ڕاستی مەسـەلەی کۆنەپەرستیی ناوخۆ زەبری زۆری لـە ئێمـەی ژنـان داوە. ئـەو کاتـە بـە ئێمەیـان دەگـوت و ئێسـتاش بـە پەکەکـە دەڵێن؛(ئەوانـە بیری چەپیـان هەیە خوشـکوبرایەتیی نازانـن). ئاوایـان بـە ژنانی کۆمەڵـە دەگوت. ئـەو سـووکایەتیانە بەرامبـەر بـە ژنـان و کچانـی نـاو حیزبـەکان تەنیـا لەلایـەن داگیرکـەرەوە نەبـوو، بـۆ نموونـە قسـەی خـراپ نەدەخرانـە پاڵ کـوڕان و پیـاوان، بەڵکـو دەدرانـە پاڵ کچـان و ژنـان. مەسـەلەن کچـی بـاش ئـەو کچەبـوو لـە ماڵێ دانیشـتبا و هیچـی نەکردبایە. لـە نـاو خـودی تێکۆشـاندا کچـان و ژنـان ڕێزێکـی زۆریـان بـۆ خۆیـان بردبـووەوە، بـۆ نموونـە لـە دێهاتـەکان بـە ڕێـزەوە

سەیری ئەو کچ و ژنانە دەکرا کە پێشمەرگە بوون و باش مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن. هۆیەکی سەرەکیی ئەوەبوو کە ژنان جیاواز لە ئەرکی پیشمەرگایەتییان هەروەها ئەرکی کۆمەڵایەتیی و کشتوکاڵیشیان جێبەجێ دەکرد، بۆنموونە بەیانیان زوو لەگەڵیان دەچووین بۆ دەشت و بۆ دەسکەنە و و کاری ناو دێهات، بەڵام پیاوەکان وا نەبوون چونکە ئەو کێشانەی ژنەکانیان نەبوو.

هەندێک لەو قسەوباسانە دژ بە ژنان، هی کۆماری ئیسلامی بوو کە دەیانگوت ئەوان چەپن تەنانەت خوشکوبرایی نازانن و دەست لە یەک ناپارێزن. دواتر دێهاتەکانیش فێر بوون هەمان قسەیان دووبارە دەکردەوە، کاتێکیش حیزبی دیموکرات پێشتر هەبووە و کاریگەری زۆریان هەبووە، پاشان کۆمەڵە دروست بوو. حیزبی دیموکراتیش دژایەتی زۆری کۆمەڵەیان دەکرد، بۆ نموونە لە دروشمەکانیاندا دیارە بە تەوسەوە دەیان گوت(بژی بژی کۆمەڵە کچی جوانی لە گەڵە). سووکایەتی بە کچانی تێکۆشەر سەرەتا لەلایەن داگیرکەرەوە نەبوو، بەڵکو لەلایەن کۆنەپەرستی خۆماڵییەوە بوو و لەوەبەریش هەر هەبوو. لە ناو خودی تێکۆشاندا، ژنان و کچان ڕێزێکی زۆر بەرچاویان لێ دەگیرا. لە ناو خودی دێهاتەکاندا ژنان و کچانی تێکۆشەر بە هەمان شێوە ڕێز لێگیراوبوون و پاشان لەبەرەوە ئەو زیهنیەتە کۆنەپەرستییە بەرەو گۆڕان دەرۆیشت و گۆڕاش.

لە گوندەکاندا لەو قۆناغەدا زیهنیەتی کۆنەپەرستیی بەرامبەر بە ژنان و کچان نەبوو، بەڵکو تەنانەت خۆشیان

دەویستن و وەکو قارەمانێک سەیریان دەکردین. ئەوە بەو مانایە نایات کە ژنان و کچان سەربەخۆیانە بەشدار بووبن، بەڵکو بەداخەوە فەزایەکی تەواو مەردانەبوو، فەزایەکی پیاو سالارانەبوو. پیاوان ڕابەر بوون و کاروباریان دابەش دەکرد. کچان و ژنان بە پێوەری مەردایەتیی پیاوانە دەپێوران و تەنانەت بەرپرسیاری ژنەکان، پیاو بوو.

لەو کاتانەدا کە نازانم بڵێم بەخۆشحاڵییەوە یان بەداخەوە، من زۆربەیانم ڕەخنە دەکرد و زۆریشڕەخنەم دەگرت یان باسی زۆر شتم دەکرد کە هاوڕێیانی کۆمەڵە پێیان ناخۆش بوو. ئێمە دە کەس بووین هاتبووینە دەرێ بەرپرسیارێکی پیاومان هەبوو وسێ چوارێک لەو هاوڕێیانەمان لە سێدارە دران، یەکێک لەو هاوڕێیانە ماوە، بەڵام بەهۆی ئەو ڕووداوانەوە کە لەوکاتەدا ڕوویاندا تووشی کێشەی دەروونیی بوو کە دواتر دێمە سەر باسی ئەو ڕووداوە. ئێمە لەو کاتانەدا زۆر ماندوو دەبووین. شەوان هاوڕێیەک دەهات مانیفێستی کۆمۆنیستیی مارکسی بۆ دەخوێندینەوە کە ئێمە لەو کاتەدا لێی تێنەدەگەیشتین، لە ڕاستیدا ئەو هاوڕێیە بۆ خۆشی لێی تێنەدەگەیشت.

کاتێک کە تێکۆشانی ئازادیی زیاتر و فراوانتر دەبوو، ژنان و کچان ڕووبەڕووی زۆر قسە و باسی ناخۆشی داگیرکەران و ناخۆ و ناو خودی تێکۆشانیش دەبووینەوە، بە ڕاستیی ڕۆڵ و نەخشی ئەو کاتەی ژنان و کچان زۆر ناخۆش بوو. ڕۆڵی کچان کە سەنگەری ڕووبەڕووبوونەوەیان بەرامبەر بە دوژمن هەڵبژارد تاکو تەمەنی دایکایەتی ٧٠ ساڵییان لە

خەباتدا بەشداربوون، لە هێنان و بردنی نامەی نهێنی و ڕێکخستن تاوەکو هێنانی ئازوقە و چەکیش. ئەو سەردەمە هەتا دایکەکانی ئێمە وەک چۆن ئێستا بۆ هەڤاڵانی گەریلا دێن و دەگەڕێن بەدوای منداڵەکانیان، ئەو کاتیش بۆ دایکانی ئێمە وابوو. سەدەها کیلۆمەتر دەهاتن دەگەڕان دێ بە دێ بۆ دیتنمان، نەیان دەبینین بەڵام باوەڕیان بەوە کردبوو کە هاوخەباتی منداڵەکانی خۆیان بن.

کچان و ژنانی کورد لە تەمەنی چواردە ساڵیی بەرەو ژوور زیندانی کران. لە ساڵانی ٥٨ی ئێرانیی واتا ١٩٧٩-١٩٨٠ی زایینیی، نزیکەی ٦٠ کچ لە زیندان لە سێدارەدران، ئەوەندەی من لەبەردەستمە، حەتمەن دەبێت زۆرتریش بێت. ئەگەر من خوشک یان کەسی ئاغاواتێکی کوردستانبام و سەعاتێک بگیرابام ڕێزێکی یەکجار زۆریان لێ دەنام یان مەسەلەن فلان ماڵبات، ماڵباتێکی دەوڵەمەند بوونایە لە ناو خودی کۆمیتە مەرکەزییەکاندا بووایە، ڕێزێکی یەکجار زۆریان لێ دەگیرا، نموونەیان زۆرە. بە ڕای من، بەرخودانی ژنان و کچان لە ناو زیندانەکاندا گەورەترین و پیرۆزترین خەبات بوو کە ئەگەر بە هۆی دواکەوتوویی و نەبوونی ئەرشیفی کوردیشدا دیار نەبن، ئەوا درەنگ یان زوو لە ئەرشیفی زیندانەکانی ئێراندا دەبیندرێن. لە زیندانەکانی ڕۆژهەڵات، ژنان و کچان ئەشکەنجە دەدران، دەستدرێژیان دەکرایە سەر، لێیان دەدرا بەبێ ئەوەی داگیرکەر بتوانێت خەباتیان پێ بگۆڕێت. لەکاتێکدا ئێستا یان ئەوکات کە باسی زیندانی ڕۆژهەڵات دەکرێت دەترسن و یەکسەر دەپرسن دەستدرێژیان کردۆتە سەرت؟.

من نزیکەی چوار ساڵ و نیو لە زیندان بووم. ساڵێک لە زیندانی ڕەزایە بووم، ئەوەی دیکەم لە زیندانی تەورێز بەسەر برد. لە زیندانی تەورێز دوو کەس بووین، دوو کچی کورد بووین ئەوەی بە ئێمە دەکرا بەوانی دیکەش دەکرا بەڵام جیاوازییەکمان هەبوو. بە دەیان جار قسە دەکرا من تورکی تێنەدەگەیشتم، بەڵام دواتر لەبەرەوە تێگەیشتم تورکەکان دەیانگوت کوردەکان بەرن هەر چیتان پێخۆشە لییان بکەن. بە ڕاستیی زیندانی ئەو کاتی ئێمە جیاواز بوو. لەگەڵ ئەم ساڵانەی دوایی هەرگیز بەراوورد ناکرێت. ئەو چەند ساڵە گەورەترین سووکایەتی کرا بە تەواوی زیندانیانی سیاسیی ئێران و بەتایبەتیی ژنانی کورد. بۆ نموونە ئێمە شەش- حەوت زیندانی بووین کە چەند کەسمان لێ سێدارە دران. تا ئێستا نازانین گۆڕەکانیان لە کوێن. ئەو شەوەی دەیانبردن بۆ لە سێدارەدان بە ڕاستی زەحمەت بوو بەتایبەت بۆ ئێمە کە پەروەردەی نیشتیمانیی و حیزبایەتیمان نەبوو. ئەو کەسانەی ئەو سەردەمە لە سێدارە دران، ئەگەر ئێستا بمانایە هەر لەو خەباتە نەمابان و باوەڕیان پێی نەمایە، بەڵام ئەو ڕێباز و خەباتەی ئەو چەند ساڵە خەباتی ڕزگاریخوازی کوردیان بە لا ڕێدابرد و هەم خەباتی ژنانیان بەرەو دواوە برد.

یەکێک لەو دیمەنانەی لەبەر چاوم لاناچێت لە زیندان، کچێکی گەنج بوو کە نامەیان پێگرتبوو. ئەو شەوەی بەرەو سێدارەدەیان برد، بە ڕاستیی نەدەترسا. بە سەری بڵندەوە بە بوێرییەوە گوتی(من ناترسم، من دەزانم بۆکوێم دەبەن) و لە سێدەرەشیان دا.

بۆیە ئەگەر باسی مێژووی ڕابردووی خەباتی ژنانی ڕۆژهەڵات بکەین بە ڕاستی مێژوویەکی گرنگە، چونکە نە باس دەکرێت نە هیچی لەبارەوە دەگوترێت. خودی حیزبەکانی ئەو کاتی ڕۆژهەڵات بۆ نموونە کۆمەڵە، باسیان نەکردووە، هیچیان بۆ نەکردوون، تەنانەت بۆ زیندانیانی سیاسیی هیچ نەکراوە. بۆ نموونە بۆ ٦٠ زیندانی سیاسیی. من ئێستا لیستێکم لە لایە کە نازانم چەندن چونکە ئامارێکی دەقیقمان نییە، هیچیان بۆ نەکراوە. لە سالانی ٥٣ تا ٦٢ مەسەلەن سێ خوشک، چوار خوشک ئەو کاتە لە سێدارەدران بەڵام، باس نەکراون بۆچی؟ چونکە پەروەردەیەک نەبووە. بۆ نموونە کچێکی شانزە و حەڤدە ساڵ کە تۆ هیچ پەروەردەیەکت نەکردووە، بگرە ئەشکەنجە کراوە و دەستدرێژی کراوەتەسەر لە سێدارەدانی کەسوکاری لەبەر چاوی ئەم کچە کاریگەریی هەبووە لەسەریان، تۆ چاوەڕوانی چی دەکەیت؟ ئەم کچە شتێکی جیاواز بکات یان بڵێت؟ تەنانەت لە بەرنامە تەلەڤیزیۆنیەکانی ئەو کاتی کۆماری ئیسلامیی، بە زۆری دەیانبردن بۆ بەرنامە، بە زۆرەملێی قسەیان پێ دەکردن و دواتر قسەیان لەسەر دەکردن و تەنانەت هەڕەشەیان لێدەکردن.

بۆ نموونە نامیلکەی نوزەی تەوابینی عەبدوڵای موهتەدی، لەدوای لە سێدارەدانی کچ و کوڕانی کورد لە زیندانەدا، لە بری پرسەنامە و هاوخەمیی لە نامەیەکدا بۆ کەسوکارەکەیان دەنووسێ؛(ئەمڕۆ زۆر خۆشحاڵین کە کۆماری ئیسلامیی براکەت یان خوشکەکەتی لە سێدارەداوە چونکە ئەوان دانپێدانانیان کردووە)، بەڵام ئێستا بۆخۆیان

ئامادەن لەگەڵ نەیارانیان دانیشن و باسی ڕیفۆرم بکەن.

لە باسێکدا کە باسی گیرانی ساکینە جانسز دەکات شتی گرنگ هەیە. ئەو چۆن هاتۆتە دەرێ یان ئێمە چۆن چووینەتە دەرێ هەرچەندە من نەمویستووە لەسەر ئەم باسە قسە بکەم، بەڵام ئێستا بە ئەرکێکی ئینسانیی دەزانم قسەی لەبارەوە بکەم. بۆ نموونە باسی ساڵی ١٩٨٢ دەکەن، کاتێک ساکینە جانسز لە باکوور، لەو کاتەدا لە ڕۆژهەڵاتیش ئێمە سەدان ساکینەمان هەبوو. ئەمە یەکەمین جار بوو لە مێژووی کورددا ژنانی کورد بەبێ پەروەردەیەکی سیاسیی بەبێ پەروەردەی فیزیکیی و ڕوحییو فکریی سەرەڕای سیاسەتی وەحشیگەریی کۆماری ئیسلامیی لەزیندانەکاندا تێکۆشان بکەن و درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن.

لەدەرەوەی زیندانەکانیش ژنان شان بەشانی پیاوەکان خەباتیان دەکرد، ڕەنگە لە ناو شارەکاندا کەم بووبن یان هەر نەبووبن، بەڵام لە سەنگەرەکاندا بە هەمان شێوەی پیاوان برسیی و تینوو بوون و شەونەخونیان کێشاوە، بەهەمان شێوەی پیاوان بەڵام وردەوردە ماڵنشین دەبن، لەکوێدا، لە ئۆردووگاکاندا. کچان و ژنانی ڕۆژهەڵات هەتا ئەو کاتەی لە سرووشتی ئازادیی کوردەواریدا شان بەشانی پیاوان بوون بێگومان ئازادتر و باوەڕبەخۆتر و سەربەخۆتر بوون، لایەنی کەم چەکێکیان لەسەر شان بوو، لەو مەیدانەدا دەچوون و دەهاتن، کچان و ژنان بەشێکبوون لەو تێکۆشانەدا. بەڵام دوای پاشەکشێی خەبات ژنان و کچان لە ئۆردووگاکاندا گەڕانەوە بۆ ژیانی ماڵی و ئەرکی منداڵداری و ئاشپەزی و دایکایەتی کەوتە سەر شانی ژنان.

سەرەڕای ئەوەی بە هەمان شێوەی پیاوان لەو حیزبەدابوون و چەک لە شان و لەسەنگەردا بووبن، بەڵام ماڵنشین دەبن. ئەوەی دەڵێن و دەپرسن گەریلا بۆ ژیانی هاوسەرگیری هەڵنابژێریت، وەڵامەکەی لەو مێژووەدایە، ئەوە گەورەترین زەربەی لە ئێمەدا لە ڕۆژهەلاتی کوردستان. گەورەترین دەسکەوتی ئەو تەڤگەرە ئەوەیە کە گەریلا سەربەستن، بەلام ئێمە کەوتینە ناو ماڵێک، لە کوێ لە ئۆردووگاکاندا.

قۆناغی پێش پاشەکشێ کە من پێم وایە بریتییە لە قۆناغی دڵخوازانەی بەشداری کچان و ژنانی ڕۆژهەڵات لانی کەم شەش تا حەوت ساڵ درێژەی هەبوو، و پاشان وردە وردە چی کرد، ئۆفتی کرد، بەرەو خراپتر چوو، بەڵام ژنان و کچان هەر هەبوون. بەڵام بە کەمیی. لە ڕووخساری نادیار و بێ کەسایەتیی خۆیان هەرچی دەکرا دەچووە کیسەی پیاوەکانەوە. ئەگەر چەند ژنێکی کەمیش هەبوونایە ژنانی کۆمیتە مەرکەزییەکان بوون، مەسئولەکان بوون لە ناو ئۆردووگاکاندا، ماڵە کۆمیتە مەرکەزییەکان و سکرتێر جیاوازیان هەبوو. ئەو لەسەرەوە ماڵ و خانوویەکی هەیە، پێشمەرگەکانیش لە خوارەوە ماڵێکیان هەیە. ئەوە هەم حیزبی دیموکراتەکان دەگرێتەوە هەم کۆمەڵە.

ئێستاش ئەوە هەیە، لە زڕگوێز هەموو کەس ئەوە دەزانێت. دوای ئەوەش ئەگەر ژنێک هەبووبێت لە ئاستی فکری دیسان ئەوەش کە لە سەرەتادا فکری ژنان هەر نەبوو واتا ژن بەشدار نەبوو لە دامەزراندنیدا. ساکینە جانسزێکی دیکە ئەگەر هەبووبێت لە دامەزراندنی ئەو

فکرەدا، بەڵام بۆ ئێمە هیچ پرس و ڕایەک یان گفتوگۆیەک نەبوو، سەرەڕای ئەو هەموو ژنەش لە ناو حیزبدا، ئەگەر هەشبووبێت مەسەلەن ئەو ژنانە بوون کە هاوسەری کۆمیتەمەرکەزیەکان بوون. من ئەو شتانەشم لە دەرەوە باس کردووە، ڕاستیەکە و هەیە و ئێستاش هەیە. لە یەک مەکتەبی سیاسیی دوازدە دانە هەموو هاوسەرەکانیان کۆمیتەی مەرکەزی بوون. یانی ئەو کەسانەژن و مێردبوون کە لەسەر داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕیاریان دەدا. ئەمان بوون، زۆرتر نیپۆتیزم بوو، حاڵەتی خزمایەتی هەبوون نەک شتی دیکە. جێگای سەرنج و بیرهێنانەوەیە کە ژنان لە سەرهەڵدان و تێکۆشاندا دژ بە ڕژێمی شای داگیرکەر تا قۆناغی دوای شۆڕشگێریی و پاشەکشێی قووڵی بەرەو ناو ناوماڵ بێکەس و بێ پەروەردەیە، هەمیشە ئەو کەسەیە هەموو شتێک دەکات و دیاریش نییە.

دوای ئەوەی لە زیندان هاتمە دەرێ و هاتم بۆ ئوروپا، لێرە داوایان دەکرد کاریان لەگەڵ بکەم. بەڵام دوای ئەوەی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هاتنە دەرێ خۆیان کرد بە کۆمەڵەی شۆڕشگێری کوردستان کارم دەکرد، شەو و ڕۆژ کارم دەکرد، بە قەد پەنجا پیاو کارم دەکرد، بەڵام لە هیچ شوێن ناوم نەبوو. ڕاستە خەڵک بۆ ناو کار ناکات بەڵام هەموو دەستکەوتەکان پیاوەکان دەیانبرد و ژنەکانیش داکۆکیان لە پیاوەکان دەکرد. یانی ئەقڵیەتی پیاوەکانی ئێمە، حیزبەکانی ئێمە ئەقڵیەتێک بوو کە ژنەکانیش وەک پیاوەکان بیریان دەکردەوە کە پێشمەرگەبوون بەڵام لە جەستەی پیاوێکدا، لە فکری پیاودا.

پاشەکشێی خەبات بەرەو پارچەیەکی دیکەی کوردستان زەرەری گەورە و بەرچاو لە پیاوان و ژنان دەگەیەنێت. لە ماوەی ئەو ٣٦ ساڵەی ڕابردوودا دەسەڵاتی داگیرکەر توانیوویەتی بە شێوەیەکی نوێ و توندتر و ڕەقتر مامەڵە بکات. هەموو کەس دەڵێ ڕۆژهەڵات کەسی نییە و بێ کەسە. ئەمانە پرسیاری چاکن کە بۆچی وای لێ هات.

لەو داگیرکارییەدا ژنان لە ژێر دەسەڵاتی مەزهەبیدا دەژین، دەسەڵاتێک کە هەر پیاوانە نییە بەڵکو ئایینیشە. ژنان بە نیوەی پیاوان حساب دەکرێن و زۆر کەمتریش لە نیوە، لە مافی دیاربوونی جەستەی، ڕۆژانە وەک دیاربوونی پرچ و لاق و دەستی. دیارە کە دەسەڵاتی ئایینیی چەند زیانی بە ژنان گەیاندووە، هەر بۆ نموونە بە وشکەساڵی دەڵێن خەتای ژنە یان زەلزەلەیەک دەبێت دەڵێن خەتای ژنە یان مەسەلەی ئاڵودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان کە ژنان هەر خۆیان پێش ئەوەی ئاڵودە بن، گیرۆدەی برا و باوک و هاوسەر دەبن چونکە بەڵای ئەوان بە سەر ژنانیشدا دەبارێت و ژن دەبێت ئاگایان لە باوک وبراشیان بێت، لەهەمان کاتدا کێشەی ئابووریی.

بە ڕاستی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتدا فشارێکی زۆر هەیە. کێشەی جیابوونەوە، خۆفرۆشیی و لەشفرۆشیی پەیوەستە بە مەسەلەی ئابووریی. بۆ نموونە ڕێژەی بێکاریی لە ئێراندا ٪١٨یە بەڵام لە کوردستاندا ڕێژەی بێکاریی بە پێی ئاماری کۆمەڵەی مافی مرۆڤ ٪٣١. جۆرەکانی کاری ڕۆژانەش نییە، ئەوی هەیە زیاتر کاری کۆڵبەرییە و ئێوە دەزانن چۆنە. ژمارەی ئاڵودەبووان

بە ماددەی هۆشبەر ئێجگار زۆرە و ئێران ڕێخۆشکەرە بۆ زۆربوونی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر.

لە ناو ژنانی کوردستاندا ژمارەی خۆکوشتن و سووتاندن لە کوردستان لە خودی ئیلام ٧٢٪، لە کوردستان ژمارەی خۆکوشتن زیاترە بەراوورد بە وڵاتی ئێران، ڕێژەی بێکاریی و ئاڵودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان لە ڕۆژهەڵاتدا زۆرترە بە بەراوورد بە خودی ژنانی وڵاتی ئێران. تراژیدیایەکی کە خۆکوشتن و منداڵی خۆکوشتنە لە ڕۆژهەڵاتدا.

دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئازادیی باشووری کوردستان بێگومان کاریگەری باشی هەبوو لەسەر تەواوی پارچەکانی دیکەی کوردستان و ژنان بەتایبەتی. ژنانی ڕۆژهەڵات لە ڕووی ئازادیی نەتەوەییەوە، تێگەیشتن ئازادیی سیاسیی مومکینە، ئازادیی خەباتی نەتەوەیی لە ئێران مومکیینە، ژنانی ڕۆژهەڵات هەبوون بە ئازادیی کولتووریی و سیاسیی چوون بۆ باشوور. ژنانی ڕۆژهەڵات هەبوون کە بۆ خوێندن و بۆ فرسەتی کارکردن چوون بۆ باشوور. هاوکات لەم ساڵانەی دوایدا ژماری خوێندکاران لە شارەکانی ڕۆژهەڵات زۆرتربوون بەتایبەت لە شارەکانی وەکو ورمێ، کرماشان، سنە و هەروەها سەقز، مهاباد و بۆکان.

بەم شێوەیە وەک ئاماژەم پێکرد، ژمارەی کەناڵی تەلەفیزیۆن و بەرنامەکان زیاتربوون بەڵام بەداخەوە لە باشوور پاشەکشێی کولتووریی و قەیرانی ئابووریی و گەندەڵی لە سیستەمی ئابووریی و دادوەری بازاڕدا،

بوونـە هـۆی ئـەوەی کـە ژنانـی ڕۆژهـەڵات نەیانتوانـی ئـەو قازانجـە بکـەن کـە لـە سـەرەتایی دامەزراندنـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان چاوەڕوان دەکرا. لایەنێکی زۆر خراپـی پاشەکشـێی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان پاشەکشـێ بـوو بـەرەو کۆنەپەرسـتیی، گەندەڵیـی و سیسـتەمی پیاوسـالارانە. ئەوەیـە کـە هەندێـک جـار ژمارەیـەک وشـەی زۆر ناشـیرین بـە ژنانـی ڕۆژهـەڵات دەوترێـت لـە لایەنـی دوواکەوتوویـی و کولتووریـی و سیاسـییەوە. ژنانـی ڕۆژهـەڵات و ژنانـی ئێرانـی تێکـەڵ دەکرێـن، قسـەی سـوکیان پـێ دەڵێـن. بـە ڕوونـی دیـارە سیاسـەتی کۆمـاری ئیسـلامیی لـە پشـتی ئـەم بوارەوەیـە. لاوازی سیاسـەتی باشـووری کوردسـتان هـەر بـێ وەڵام نەماوەتـەوە، بەڵکـو تـەواو بـێ خەمـە.

ماوەیـەک پیـش ئێسـتا ڕۆیشـتم بـۆ باشـوور بـۆ کۆڕێـک بـە ڕاسـتیی پرسـیارێک دەکرا کـە هـەر بـە ڕاسـتیی ژنانێـک پرسـیاریان دەکـرد کـە تێکۆشـەرن لـەوێ کار دەکـەن، دەیانگوت؛(ژنانی ڕۆژهەڵات بۆ دێنە باشـوور خۆیاندەفرۆشـن یـان ژنانـی ڕۆژهـەڵات زۆر کـراوەن، زۆر خـۆش ڕوون. ئـەوەی دڵیـان کراوەیـە و ئاسـان ڕازی دەکرێن. ئـەوەی ژنانـی ڕۆژهـەڵات بۆ پیاوانـی دەکـەن، ئێمەی ژنانی باشـوور ناتوانین بـۆ پیاوەکانمانـی بکەیـن). ئەمـە هەمـووی پلانـی کۆمـاری ئیسـلامییە بـەڵام دەسـەڵاتدارانی هەرێمیـش بـە ڕاسـتیی بـێ هەڵوێسـتن و خۆشـیان بەشـدارن لـە بڵاوکردنـەوەی ئـەو قسـانە. مـن ناڵێـم هیـچ ژنێکـی ڕۆژهـەڵات وانییـە، لەوانەیـە هەبن تووشـی هەڵـە بن بـەڵام زۆربـەی ئەوانـەی هاتوونەتـە باشـوور بـۆ سـەردان یـان بـۆ کار یـان لـە دەسـت ڕژێمـی

ئیسلامی هەڵهاتوون بۆ باشووور، بەڵام هەمان شتیش بە پێشمەرگەکانی کۆمەڵەش کراوە و تا ئێستاش دەکرێت.

لەلایەکی دیکەوە نامەوێت باسەکە بگۆڕم، سیاسەتی تورکیاش بەهەمان شێوە بۆ ژنانی باشوور کراوە یان دەکرێت. هەموو ئەو بەرنامە و فیلمە تورکیانەی لە باشوور پەخش دەکرێن کۆمەڵگە تووشی کۆنەپەرستیی و پیاوسالاریی دەکرێن واتا چەوسانەوەیەکی تەواو بەسەر ژناندا زاڵ دەکرێت. هەروەها کولتووری ڕق لێبوونەوە لە شۆڕشگێڕیی و خەباتی ئازادیخوازیی بڵاو دەکەنەوە. ئامانج ئەوەیەژنی کورد لە کەسایەتیی بدرێت و لە پێ بخرێت. بەو پێیە ژنانی ڕۆژهەڵات تا ئەو دۆخە وابێت ناتوانن سوود لە باشوور وەربگرن، چونکە باشوور خۆی بۆ ژنانی باشوور دۆزەخە. ئەگەر باشوور ئەزموونێکی سەرکەوتوو بووایە لە ڕووی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و خوێندن و پێشکەوتنی ژنان ئەوا ژنانی ڕۆژهەڵات لە دۆخێکیکەدا دەبوون. ئەگەر باشوور خۆیان کولتوورێکی پێشکەوتوویان هەبووایە کاریگەری باشیشی دەبوو بۆ ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

تەڤگەری ئازادیخوازی باکوور بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری جیاوازەوە لە سەرەتاکانیدا نەیتوانیوە کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر ژنانی ڕۆژهەڵات دابنێت، چونکە ئەوکات خۆیان ڕێک دەخست. لێرەدا زیاتر مەبەستم ڕێکخستنە. بەڵام پاش ساڵی ٢٠٠٤ و دامەزراندنی ڕێکخستنەکانی پەژاک دەبینین ڕێژەی بەشداری جەوانانی ڕۆژهەڵات لە تەڤگەری ئازادیی زیاتر و زیاتر دەبن، بەشێکی بەرچاوی

ئـەو جەوانانـە، کچـان و ژنانـن لـەو قسـەوباسـە سیاسـییانە، ئـەو کچـە گەنجانـە دەبینیـن کـە لـە ئاسـتی بـاڵای سیاسـی کار دەکـەن، لـە بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتان کار دەکـەن، تەنانـەت گیانیشـیان بەخـت دەکـەن. زۆرێـک لەوانـە لـە بەشـی ڕێبـەری دان. ئەمـەش وای کـردووە کـە ژنـان و کچانـی ڕۆژهـەڵات نـەک هـەر خۆیـان لـە مـاڵ و زێـڕ ڕزگار کـردووە، بەڵکـو بـوون بـە مرۆڤێکـی کوردسـتانیی.

بـە ڕاسـتیی کـە مـرۆڤ لەگـەڵ ئـەو جەوانانـە دادەنیشـێت، ئومێـدەوار دەبێـت. سـەرەڕای ئـەو هەمـوو نەهامەتییـەی کـە بـە سـەر ئێمـەی ژنانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا هاتـووە، بـەڵام وەختێـک دەیبینێـت ئـەم تەڤگـەرە هۆکاربـووە بـە سـەدان کچـی ڕۆژهەڵاتـی (ئەمـن بۆیـە باسـی ڕۆژهـەڵات دەکـەم چونکـە باسـەکەم ڕوو بـە ڕۆژهەڵاتـە) هێناویەتیـە نـاو کارەوە مـرۆڤ دڵخـۆش دەبێـت. ڕاسـتە ئێمـە شـەهیدی زۆرمـان داوە کـە بێنـاون، بـەڵام کاری ئەمـان، یـادی ئـەو شـەهیدانە و ئـەو ڕێبازەیـان بـەردەوام دەکـەن.

## سەرئەنجام:

بـە ڕای مـن ژنانـی ڕۆژهـەڵات کەوتوونەتـە سـێ جەمسـەرەوە. ئـەو سـێ جەمسـەرەش یەکێکیـان کۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانـە کـە داگیرکـەرە کۆنەپەرسـتە. ئـەوەی دیکـە حکومەتـی هەرێمـی کوردستانە کە دەیتوانی پێشکەوتوخواز، بەرابەر و یەکسانیخواز بووایـە بـەڵام نەبـوو. سـێهەمیان تەڤگـەری ئازادیخوازییـە کـە

توانیویەتـی ژنـان ڕێکخسـتن بکات، چـەک لەشـان بکـەن، نـەک ئـەو چەکـەی پیـاو دەیـدات بـە ژن کـە دەبێـت فکـری وەکـو ئـەو بێـت و گـوێ لـە ئـەو بگـرێ و مافـی ئـەوەی نەبێـت وەک ژنێـک قسـەی خـۆی هەبێـت. تەڤگـەری ئازادییـە توانیویەتـی کچانـی کـورد پـەروەردە بـکات، کوردسـتانیانیان پـێ بناسـێنێت و خەبـات بکـەن و تێکـەڵ بـە خەڵکـی کوردبـن لـە بەشـەکانی دیکـە.

خەباتی ژنانی باکوور بوو بە قیبلەنمایەک، بوو بە پشـتوپەنایەک بۆ ژنانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان کـە خۆیـان بە تەنها نەبینن. ئێسـتا لـە دەرەوەی کوردسـتان لـەم وڵاتـی سـوید چەندەهـا پیشـمەرگەی بـە توانـا هـەن. مـن پێشـنیازێکم هەیـە، بـە ڕاسـتیی ئەگـەر مـرۆڤ بتوانێـت جاربەجارێـک سـەردانیان بکـەن، زۆر بـاش دەبێـت چونکـە بەسـەرهاتی زۆر ناخۆشـیان بەسـەر هاتـووە.

کاتێک ئێمـە کارمـان دەکرد لـە ڕێکخراوێکـی ژنان بووین کـە پیاوێک بەڕێوەبـەری بـوو بـەڵام مـن زوو گیـرام. دوای دووسـاڵ زیندانـی لـە زیندانـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێمەیـان ناچـار کـرد کـە بزانـن ئێمـە کچیـن یـان نـا. هەرچەنـدە خۆشـنییە ئـەم باسـە بـەڵام ئێمە چـۆن بووین و چـۆن ئـەو کچانـە خەباتیـان دەکـرد. بـەڵام دەبینـی بەڕێوەبەرێـک دەسـتدرێژی کردبـووە سـەر ئەندامانـی ئـەو ڕێکخـراوە و لـە دوایشـدا هیـچ سـزا نـەدرا و بـە ئـازادی دەژیـا، ئێسـتا لـە سـوید دەژی بـە سـەربەسـتی. لـە کۆتاییـدا دەمەوێـت ئـەوە بڵێـم کـە ژیانـی هاوسـەرگیریی لـە دەورانـی پێشـمەرگایەتیدا بـە ڕاسـتیی زەحمەتـە و کاریگـەری خراپـی دەبێـت لەسـەر منداڵەکانیـان. هەڤـاڵان لـە کـۆی هەمـوو ئـەم باسـانەدا ئێمـە دەبەنـە سـەر ئـەو پرسـیارەی کـە دەبێـت ئێمـە چـی بکەیـن؟

**سپاس بۆ گوێ گرتنتان.....**

## گەردوونیبوونی تێکۆشانێک کە پشتی بە خۆی بەستووە

وەرگێڕانی: نەجیبە قەرەداغی

دیمانەکەمان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چیمەن ئاراس ئەنجام دا کە تیشک دەخاتە سەر ئاستی ڕاپەڕینی ژن، ژیان، ئازادی، و بنەماکانی بەرخودان لە ڕۆژهەڵات و کاریگەرییەکانی.

**گۆڤـاری ژنۆلـۆژی: ڕاپەڕینـی(ژن، ژیـان، ئـازادی) بـۆ مـاوەی ٩ مانگـە بەردەوامـە و لـە زۆر شـوێنی جیهانیشـدا ڕەنگدانـەوەی هەبـووە. هەندێـک وەک ڕاپەڕیـن، هەندێـک وەک شـۆڕش و هەندێکیـش وەک بزووتنـەوەی(ژن، ژیـان، ئـازادی) پێناسـەی دەکـەن. ئێـوە چـۆن هەڵسـەنگاندن بـۆ ئـەم پرۆسـەیە دەکـەن؟**

**چیمـەن ئـاراس:** ناتوانیـن دۆخـی ئێسـتای ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و ئێران جیا لـە بارودۆخـی مێژوویی، سیاسـی، کۆمەڵایەتـی و ئابـووری هەڵبسـەنگێنین. هەروەهـا ناتوانیـن جیا لـە قەیرانـی ئازادی و قۆناغەکانـی پێشـوو لێکی بدەینەوە. چونکە قۆناغـی ئێسـتا، ئەنجامـی قەیرانەکانـی پێشـووە؛ هەوڵـی خەڵکیش بـۆ دەرچوونـە لـەم قەیرانـە.

ئـەو قۆناغـەی ٩ مانگـی تـەواو (مانگـی ئایـاری ٢٠٢٣) دەسـتی پێکردووە، لـە تـەوەری دروشـمی(ژن، ژیـان، ئازادی) پەرەیسـەند. ئـەم دروشـمە گرنگییەکـی زۆری بەدەسـتهێنا و بـووە دروشـمێک کـە ڕەنگدانـەوەی لەسـەر ئـەم سـەدەیە دەبێت. زۆر کـەم دروشـم هـەن کـە جیهانـی بوون. دۆخێکـی دەگمەنـە کـە چینـە جیـاوازەکان، بـە ئامانجێکـی هاوبـەش لـە دەوری گوتارێکـی هاوبـەش دەنگیـان بـەرز کردبێتـەوە. ئـەم پرۆسـەیە لـە ئەنجامـی نەبوونـی ئـازادی بـۆ ژنـان لـە ئێـران سـەریهەڵدا. سیسـتەمی پیـاو- دەوڵـەت ڕۆژ بـە ڕۆژ سـەپاندنەکانی ڕێـک دەخـات و تاکڕەنگـی دەسـەپێنێت. ڕەنگـە جیـاوازەکان قبوڵ ناکرێن، ئـەو بوارانـەی کـە ژنـان دەتوانن لە ڕێیـەوە تـا ڕادەیـەک هەناسـە بـدەن، لـە لایـەن دەوڵەتـەوە وەک

بۆشـایی دەبینرێـن و دەوڵـەت دەیەوێـت ئـەم بۆشـاییانە پـڕ بکاتـەوە. قووڵکردنـەوەی ئـەم ڕەگەزگەرایەتیـە تـا ئـەو ئاسـتە، تاودانـی و ڕێکخسـتنی پیاوسـالاریی هەمـووی بـۆ نکۆڵیکـردن لـە بـوون و ئـازادی ژن، نکۆڵیکـردن لـە ڕەنـگ و دەنگـی ژن دەگەڕێتـەوە. دەوڵـەت هـەوڵ دەدات ئـەم تێڕوانینانـە لـە ڕێگەی ژنـەوە بەسـەر گەلانـی ئێرانـدا بسـەپێنێت. سـەرەڕای ئـەوەی کۆمەڵگـەی ئێـران کۆمەڵگەیەکـی فـرە ڕەنگـە، ئایدیۆلۆژیـای ئیسـلامی تاکڕەنگی دەسـەپێنێت. لـە ڕووی ڕەگەزییـەوە پیـاو، لـە ڕووی ئایینـەوە شـیعەگەری و لـە ڕووی نەتەوەییشـەوە فـارس، تاکـڕەوی دەسـەپێنێت. ئەمـە زهنییەتێکـە. پێـش ٤٠ سـاڵیش ئـەم کێشـانە هەبـوون. لـە سـەدەی دواییـدا لـە ئێـران شـۆڕشـی گـەورە ڕوویـان دا و ژنـان لـەم شـۆڕشـانەدا پێشـەنگ بـوون. بـەڵام هەمـوو جارێکیـش هاوپەیمانێتـی هێـزە نێودەوڵەتییـەکان و هێزەکانـی ئێـران، لەگـەڵ دەسـەڵات و دەوڵەتـی ئێسـتادا یەکیـان دەگرنـەوە و دژی کۆمەڵگـە دەوەسـتانەوە. ئۆپۆزسـیۆن سـەرکوت دەکـرا.

**گۆڤـاری ژنۆلـۆژی: وەک باسـتان کـرد، ئـەم پرۆسـەیە پێشـینەیەکی هەیـە. بەتایبەتـی لـە ٤٠ سـاڵی ڕابـردوودا چەندیـن بزووتنـەوە و ڕاپەڕیـن دژی ئـەم تاکڕەوییـە سـەریانهەڵدا. چ جیاوازییـەک لـە نێوان پرۆسـەی ئێسـتا و پێشـوودا دەبینـن؟**

**چیمـەن ئـاراس:** پرۆسـەکانی پێشـوو بـۆ گەلانـی ئێـران، ژنانـی ئێرانـی و بزووتنـەوە چەپـەکان قۆناغێکـی ئەزمـوون

بوو. ڕاستە، لە خەباتەکانیاندا سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام شیکردنەوەیەکی بەهێزی بۆ کرا. کۆمەڵگە و چەپەکان میرات واتە کەلەپوورێکی هاوبەشیان هەیە. ئەم عەقڵە کۆمەڵایەتییە هەرچەندە سەرکوت کرابێ، بەڵام هەوڵ و خەبات بەردەوامە. دیکتاتۆری و عەقڵی چەقبەستووی پیاو، هەرچەندە خۆی دەسەپێنێت، بەڵام کۆمەڵگە لە خاڵی پاراستنی بوون و کولتووری خۆیدا، هێز و باوەڕی هەیە. لە پرۆسەکانی پێشووشدا باجی زۆر قورس درا. شێوازی سەرکوتکردنی پرۆسەکانی ڕاپەڕین، بەربەستەکانی بەردەمی و سیستەمی لە سێدارەدان هێزی کۆمەڵگەی پارچە پارچە کرد. ئەوەی لەم پرۆسەیەدا دەیبینین، بەتایبەتی لە ماوەی ٤٠ ساڵدا دەیبینین، ئەوەیە کە ئەم هێزە هەرچەندە سەرکوت کراوە بەڵام نەتوانراوە لەناو ببرێت. هەر دە ساڵ جارێک، ڕاپەڕینی گەورە ڕوویان داوە. بەڵام لە پرۆسەی دە ساڵی دواییدا دەبینین کە چیتر دە ساڵ جارێک نا، بەڵکو هەموو ساڵێک بە پێشەنگایەتی چینێک ڕاپەڕین بەرپا دەبێت. هۆکارێکی ئەمە، دۆخی ناوخۆیی دەوڵەتە کە باسمان کرد، هۆکارێکی دیکەشی خواست و ماتەوزەی خەڵک و کاردانەوەیانە بەرامبەر سیستەم. پێویستە بزانین کە بارودۆخی هەرێمەکە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر گەلانی ناوچەکە و ژنان هەیە.

هەلومەرجی دە ساڵی دوایی چی بوو؟ خەباتی ئازادیخوازی کورد، بەتایبەتی خەباتی ئازادی ژن، گەیشتە لوتکە. لە خەباتی ئازادی ژن کە پشت بە ٤٠ ساڵ خەبات دەبەستێت باجی زۆر گەورە درا و زەمینەی خەباتی گەورە

کرایەوە. ئەم خەباتە، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان دەتوانێت خۆی بگەیەنێتە زۆر شوێن. بەڵام، زهنییەتی دەوڵەتی دیکتاتۆر چەندین بەربەست لە کوردستان دروست دەکات، ئەم هێزە نادیدە دەکرێت، بە بەرزکردنەوەی ئاستی شەڕ و فاشیزم، بەردەوام ڕووبەڕووی سیاسەتی لەناوبردن دەبنەوە، لە کوردستان بەتایبەتی شەڕێکی سەربازی بەردەوامە. بەڵام لەگەڵ شۆڕشی ڕۆژئاوای کوردستان لە دە ساڵی دواییدا ئایدیۆلۆژیای ئازادی ژن، خۆی لە کۆمەڵگەدا سیستەماتیک کرد. لە ڕووی خەباتەوە بوونی خۆی و لە ڕووی سیاسیشەوە هێزی خۆی نیشان دا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تێکۆشانە، کۆمەڵگە ڕێکدەخات و ورەی پێدەبەخشێت. ئایدیۆلۆژیای ئازادی ژن لە کوردستان، ئەو ئایدیۆلۆژیایەیە کە خەبات دژی داعش و ئەو هێزانەی وەک داعش بیر دەکەنەوە دەربارەی ژن، بەرجەستە بووە. خەباتی ٤٠ ساڵە، لەم ئایدیۆلۆژیایەدا بەرجەستە بووە. ئەو کرانەوەیەی کە ژن ئەنجامی داوە، بۆتە خاڵی هاوبەشی هەموو کۆمەڵگەکان. کێشەی ژن کێشەی هەموو کۆمەڵگەکانە، کێشەی هەموو ژنانی جیهانە. بەتایبەتی بۆ کۆمەڵگەی ئێران کە یەکێکە لەو کۆمەڵگەیانەی زۆرترین سەرکوت کراوە و ناچاری زهنییەتی پیاو، سیستەم و دامەزراوەکانی کراوە. پێش ئەم پرۆسەیەش لە ئاستی جیهاندا ئێران، بە دژە ژن دەناسرا. شۆڕشی ژن کە ڕوویدا و ئەو کرانەوەیەی ژنانی کورد بۆ جیهانیان کرد، هەموو ژنانی لە دەوری خۆی کۆکردەوە. بێگومان ئەم دۆخە، کاریگەری لەسەر ژنانی ئێرانیش هەبوو، هەم لە ڕووی نەتەوەیی و هەم

لـە ڕووی ئـەو لایەنانـەی کـە ئـازادی ژن بـە بنەمـا دەگـرن. پارادایمـی ئێکۆلـۆژی، دیموکراتـی و ئازادیخـوازی ژن، وەڵامـی لێگەڕینەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی دایەوە. چونکە بنەماکانی ئەم پارادایمـە، لـە مێـژووی کۆمەڵگـەی ئێرانـدا هـەن و هەرچەنـدە وەک جـاران زینـدوو نیـن بـەڵام هێشـتا بوونیـان بەردەوامـە.

عەبدوڵـڵا ئۆجـالان یەکێـک لـەو کۆمەڵگەیانـەی کە ڕاسـتەوخۆ کاریگـەری لەسـەری هەبـوو و وەریگـرت، کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان و ئێـران بـوو. ئیلهامیـان لـەم پارادایمـە وەرگـرت، ئەڵتەرناتیڤێکـی بەرجەسـتە دەرکـەوت و ئیتـر ژنانـی ئێرانـی دەزانـن چییـان دەوێـت، لـە دەوری کام دروشـم خەبـات دەکـەن، چـۆن خۆیـان دەپارێـزن. ئـەم دۆخـە، هێـز و ئیرادەی بـۆ هاتنـە سـەر شـەقام فەراهـەم کـرد. پرۆسـەی ئێسـتای ئێـران، پرۆسـەی شـۆڕشـی کۆمەڵایەتییـە. ئـەو کەشـەی ئەقڵـی پیاوسـالاری-دەوڵەتگـەرا لەبـەرەوە دەیەوێـت بیسـەپێنێت، بە خەباتی ڕۆژانەی کۆمەڵایەتـی، زهنییـەت دەگـۆڕێـت و دەسـتکەوتی کۆمەڵایەتـی دەردەکەوێـت. بۆیـە دەتوانیـن ئـەم پرۆسـەیە وەک پرۆسـەی شـۆڕشـێکی کۆمەڵایەتـی پێناسـە بکەیـن کـە ژن پێشـەنگایەتی دەکات. بێگومـان؛ هێـزە چـەپ، دیموکـرات و ڕووناکبیرەکانیـش ئەکتـەری سـەرەکی ئـەم پرۆسـەیەن.

**گۆڤـاری ژنۆلـۆژی: پەیوەسـت بەمـەوە، ئـەم چینـە جیاوازانـەی بەشـداری تێکۆشـانیان کـرد، پەرەیـان بـە چ دیدێـک دا، چـۆن ڕەنگـی خۆیـان تێکـەڵ بـەو پرۆسـەیە کـرد؟**

**چیمــەن ئــاراس:** لــە نێــو هێماکانــدا کاریگەرترینیـان دروشـمی(ژن، ژیـان، ئـازادی) بـوو. ئـەم دروشـمە، تەنیـا وەک وتەیـەک نەمایـەوە، بـڵاو بـووەوە بـۆ هەمـوو شـوێنێک کـە تێکۆشانی لێ دەکرا. لە زۆر کۆڵان و شەقام کە خەباتی لێدەکرا، لـە دیـوارەکان دروشـم نووسـرا. ئەمـە تەنیـا سـنووردار نەبـوو بە هەندێـک شـار، هەمـوو شـارەکانی گرتـەوە و ڕاپەڕیـن. هەروەهـا، پەیوەسـت بـە بـوارە هێمادارەکانـی پرۆسـەکە دەتوانیـن باسـی پیرۆزیـی وشـەی ژن بکەیـن. لـە ئێـران بەتایبەتـی خواسـتەکانی ژنانـی ئێـران وەک ڕەگەزێـک کـە زۆرتریـن سـەرکوتکراون و سـوکایەتیان پێکـراوە، لـە مەیدانـەکان بـوون. دیـاردەی ژن وەک ڕەگـەز و بوونێـک، گەیشـتە ئاسـتێک کـە هـەر ژنێـک شـانازی بـە ژنبوونـی خۆیـەوە دەکـرد. وەک لەدایکبوونێکـی نـوێ بـوو. بەتایبەتـی هـاواری ژنـان، دژی کوشـتنی ژن بیسـترا، بـەڵام مەسـەلەکە تەنیـا ئەمـە نەبوو. لـە بنەڕەتدا هـاواری ژینا ئەمینی هـاواری هەمـوو ژنێـک بـوو، هەمـوو ژنێکـی ئێرانـی خـۆی لـەم هـاوارەدا بینییـەوە. لەگـەڵ ئـەم هـاوارە سـووکایەتی بـە کۆمەڵگـە، بـە نەتـەوەکان، بـە بوونـی پیاویـش کـرا. سـووکایەتی بـە ژن، سـووکایەتییە بـە پیـاوان و کۆمەڵگـە، بـەم شـێوەیە تێگەیشـتن. بـەم ڕاپەڕینـە کۆمەڵگـە، لە ڕووی فکرییـەوە زیندووبوونەوەیەکی بـە خۆیـەوە بینـی. ئەمـە، لەدایکبوونێکـی نوێیـە. بـا سـەیری ئـەم ٩ مانگـەی دوایـی بکەیـن، سـەیری دۆخـی ژنـان پێش و دوای ئەمـە بکەیـن، ئـەوە دەبینیـن. کۆمەڵگـە گەڕایـەوە بۆ هێـزی خـۆی، ژن، هەرچەنـدە بـە کەموکوڕیـش بێـت، بـەڵام وێـڕای کۆنەپەرسـتی سـەپێنراو، ئـەو بەهایـەی بینـی کـە بەدوایـدا دەگـەڕا. دیـاردەی ژن بـووە بەهایەکـی هاوبـەش.

**گۆڤاری ژنۆلۆژی: یەکێک لەو بابەتانەی گفتوگۆیلەسەر کرا ئەوە بوو، لە لایەکەوە باس لە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دەکەین بەڵام لە لایەکی ترەوە لە شارەکانی کوردستان و ئێران، تەنانەت لەو شەقامەی کە ژینا و شلێر تێیدا ئەشکەنجە دران و کوژران، کوشتنی ژنان بەردەوامە. ئەمە ناکۆک و دژیەکیەک نییە؟ ئێوە چۆن هەڵیدەسەنگێنن، ئایا لە کوێ دا گۆڕانکاری ڕوودەدات، ئایا گۆڕانکاری لە بەهاکاندا ڕوودەدات؟**

**چیمەن ئاراس:** لەم پرۆسەیەدا بینیمان کە پێویستە دۆخەکە چاودێری بکرێت، شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات، زۆر شت سەرلەنوێ پێناسە دەکرێتەوە. خەبات دژی ئەقڵی پیاوسالاری-دەوڵەتگەرا، یەکێکە لە کێشە هاوبەشەکانی ژنانی ئێران. لەم پرۆسەیەدا گەلانی ئێران لە دەوری ئەم دروشمە خۆیان ڕێکخست، کەوتنە جووڵە و سیستەمی خۆیان دروست کرد. ئێستا لە زۆر شوێنی کوردستان و ئێران دەوڵەت، چیتر وەک جاران ناتوانێت خۆی بسەپێنێت، یاساکانی دەوڵەت کاریگەرییان نەماوە، تەنانەت لە هەندێک شوێن دەوڵەت گۆشەگیر کرا. لەوانەیە چالاکییەکان وەک ڕۆژانی سەرەتا گەرم نەبن بەڵام کۆمەڵگە، لە کولتووری تێکۆشان دوور نەکەوتووەتەوە. وەک نموونەیەکی بەرچاو؛ لە هەندێک شوێن سەرەڕای ئەوەی ژنان ئەو حیجابە ناپۆشن کە دەوڵەت دەیسەپێنێت، ناشتوانێت دەستێوەردان بکات. چیتر دەوڵەت وەک جاران ناتوانێت بێت و دەستێوەردان بکات. لە پەرلەمان و ئەنجوومەنەکان هەموو ڕۆژێک بڕیاری نوێ دەردەکەن.

هەوڵ دەدات بە هێز و کارمەندەکانی دەستێوەردان بکات، لەو شوێنانەی کە ڕێکخستنی خەڵک لاوازە، فاشیزم درێژە بە توندوتیژی دەدات. بەڵام لەو شوێنانەی خەڵک پێویستیەکانی خۆی جێبەجێ دەکات دەوڵەت ناتوانێت نزیکیان بێتەوە، تەنانەت هەندێک جار دەوڵەت داوا لە خەڵک دەکات بۆ هەندێک شت. زهنییەتی پیاوسالاری شتێک نییە هەروا بە ئاسانی کۆتایی پێ بهێنرێت یان بگۆڕدرێت. ئەو زهنییەتەی دەوڵەت دروستی کردووە، لە هەندێک چینی کۆمەڵگەدا جێگیر بووە، پیاوێتی سەپێنراو زاڵە. ئەمە هەم بۆ ئێران و هەم بۆ کوردستان ڕاستە. ترسی پیاوێتی لە بەرامبەر ژن، گەرچی بە تەواوی نەبێت بەڵام هەم لە ناو دەوڵەت و هەم لە ناو کۆمەڵگەدا کوشتنی ژنان بە شێوەیەکی سیستەماتیک بەردەوامە، تەنانەت لە هەندێک شوێن زیادی کردووە. دەوڵەتیش ئەمە هان دەدات، ژن وەک تاوانبار پێناسە دەکات، بڕیاری یەک لایەنە دەدرێت و پیاو ئازاد دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەر کات کۆمەڵکوژییەک ڕوودەدات ویژدانی کۆمەڵایەتی دەجووڵێت. واتە ئەم کوشتنانە، بۆ ئەو چینانەی کە ڕاپەڕیون، ئەو کوشتنانەن کە دەوڵەت بۆ(پەند وەرگرتن) ئەنجامی دەدات. ئەم ترسە، هەم لای پیاو و هەم لای دەوڵەت هەیە، بنەماکانیان زۆر جیاواز نین.

**گۆڤاری ژنۆلۆژی: ئەمە لە ڕێگەی ژەهراویکردنی ژنانی گەنج لە خوێندنگەکانیشدا دەبینین. دەوڵەت گوایە دەڵێت(من نەمکردووە)، بەپێچەوانەوە دەڵێت(لێکۆڵینەوە لە**

**تاوانبـاران دەکـەم) بـەڵام هەمـان سیاسـەت پەیـڕەو دەکرێـت.**

**چیمـەن ئـاراس:** بێگومـان. لـە هەمـوو جیهانـدا چـی هەیـە؟ خوێندنگـەکان لەژێـر چاودێـری دەوڵـەت یـان حکومەتەکانـدان، ئاسایشـی خوێندنگـەکان لـە ئەسـتۆی ئەوانـە. لـە شـوێنی وەک خوێندنگـە، دەوڵـەت خـۆی ڕێکدەخـات. لـەم جـۆرە شـوێنانەی کە ڕاسـتەوخۆ لەژێـر چاودێـری دەوڵەتـدان، لـە کارمەندەکانییـەوە بگـرە تـا کارکـردن هەمـوو شـتێک پەیوەسـتە بـە دەوڵەتـەوە، کەسـێک لـە دەرەوە دەتوانێـت شـتی وا بـکات؟ تەنیـا یـەک خوێندنگـە نـا، دەیـان خوێندنگـە؛ تەنیـا لـە یـەک جوگرافیـادا نـا، لە هەمـوو شـوێنێک؛ دژی یـەک گـەل نـا دژی هەمـوو گـەلان، ئـەم هێرشـانە ئەنجـام دەدرێـن. لـە سـەرتاسـەری ئێـران، بەتایبەتـی لـەو شـوێنانەی کـە ژنـان بـەو ئاسـتە چالاکیـان ئەنجامـدا و بـە دەنگـی بـەرز دژی ئەقڵییەتـی پیاوسـالاری-دەوڵەتگەرا، فاشـیزم و دیکتاتـۆری دەوڵـەت وەسـتانەوە، ئـەم هێرشـانە ڕێکـەوت نیـن. دەوڵـەت، ناتوانێـت بـە ئاسـانی بەرپرسـیارێتی لەسـەر شـانی خـۆی لابـدات. ڕووداوێکـی سـاکار و ئاسـایی نییـە. لـە خـواردن و خواردنەوەیانـەوە بگـرە تـا ئـەو شـوێنانەی تێیـدان، سـەرەڕای ئـەوەی ژیانـی خوێنـدکاران لـە مەترسـیدا بـوو، ئۆتۆمبێلەکانـی فریاگوزاری نەچـوون. بە ئەنقەسـت نەنێردران. ئەگـەر کۆمەڵگـە خـۆی ڕێوشـوێنی خـۆی نەگرتبـا، زۆرێـک لـە ژنانـی گەنـج ژیانیـان لەدەسـت دەدا. ئەمـە، جیاوازییەکـی نییـە لـەو هێرشـانەی داعـش کـە دژی ژنانـی شـەنگال ئەنجامیـان دا. هەمـان زهنییەتـە. تەنیـا داعـش بـە چـەک هێـرش دەکات، ئێـران بـە دەرمـان. تەنیـا ئـەوەش نییـە، لـە شـەقامەکان کاتـێ ژنـان هاواریـان بـۆ مافـە سـەرەتاییەکانیان دەکـرد کـوژران، دەیـان

گەنج کوژران. چارەنووسی دەیان کەسی دەستگیرکراو، نازانرێت ئایا زیندوون یان نا. لە هەندێک شوێن کەسانی پێشەنگ تیرۆر کران. وەک ئەوەی ئەم کەسانە بەرپرسیار بن، بە هەندێک تاوانی نەزانراو تاوانبار کران، بۆ متمانە بەو کەسانە نەکرێت، کەس لە دەوریان کۆ نەبێتەوە، نەتوانن پێشەنگایەتی کۆمەڵگە بکەن. تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر لەو ژنانەی دەستگیر کراون، سەرەڕای تێپەڕبوونی ٩ مانگ بەسەر دەستگیرکردنیان هێشتا دادگایی نەکراون، یان بەبێ مافی بەرگری و بێ پارێزەر دادگایی کراون و سەرەڕای بێتاوانییان حوکم دراون. زۆربەی لە سێدارەدانەکانی ئەم ماوەیە لە کوردستان و بەلوچستان ئەنجام دران. ئەم تێکۆشانە لە کوردستان دەستی پێکرد و دوای ٤٠ساڵ بەلوچستانیش ڕاپەڕی. وەک جوگرافیا، وەک ئیرادە زۆر گرنگ بوو. خاڵی وەرچەرخانی ئەم پرۆسەیە ڕاپەڕینی گەلی بەلوچستان بوو. بۆیە بەتایبەتی ئەم دوو جوگرافیایە دەکرێنە ئامانج.

**گ.ژ: دەوڵەت دەزانێت ڕووبەڕووی چ مەترسییەک بووەتەوە و بۆیە بەم شێوەیە سیستەماتیک هێرش دەکات. لە ناوەندی ئەم هێرشانەدا ژن هەیە. بێگومان تەنیا هێرش بۆ سەر ژن، نا بەڵکو هێرش بۆ سەر ئەوانەشە کە لەگەڵ ژندان. باستان لەوە کرد کە ڕێوشوێنی کۆمەڵایەتی گیراوەتەبەر لە دژی ئەمە، دەکرێت زیاتر ڕوونی بکەنەوە؟**

چ.ئ: ئەگەر شیکردنەوەیەک بۆ ئەم پرۆسەیە و پرۆسەکانی پێشوو بکەین ئەگەری ئەوە هەیە تووشی

هەڵەیەکی وا ببین: ئەگەر خەباتێکی وا گەورە هەیە ئەم سەرکوتکردنە بۆچی ئەوەندە گەورەیە؟ ٤٠ ساڵە دەزانین کە هەموو هێزە باڵادەستەکان، هەڵوێستیان بە ئاراستەی ڕووخاندنی ئێران بووە. باشە ئەمڕۆ بۆچی ئەم هێزانە بەرەیان گۆڕی؟ چونکە ئەو شۆڕشەی ئێستا بەرپا بووە؛ شۆڕشی ژنە، شۆڕشێکی چەپە. لە ڕووی ئایدیۆلۆژی، کۆمەڵایەتی و سیستەمەوە ناچێتە چوارچێوەی بەرژەوەندی هێزە باڵادەستەکان. سەرەڕای ئەوەی دەرفەتێک بۆ ڕووخاندنی ئێران هاتە ئاراوە، بۆچی ئەم هێزانە ئەمەیان نەکرد؟ سیستەمی پیاوسالاری جیهانی دەتوانێت ئەو داشەی لە ژێر دەسەڵاتیدایە لە پۆست لابدات و بیڕووخێنێت. بەڵام کاتێک باس لە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دەکرێت ئەم سیستەمە پیاوسالارییە جیهانییە ڕیزەکانی یەکدەخاتەوە. لەم پرۆسەیەشدا ئەم سیستەمە، پشتی ئێرانی گرت. تەنانەت لە هەندێک شوێن مەسەلەی تێکۆشانی کۆمەڵایەتی، لە نێوان هێزەکانی ئێران و هێزە باڵادەستەکاندا بووە بابەتی سەودا و مامەڵە. ئەگەر ئێران لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی چەکی ناوکیدا سازش بۆ هێزە دەرەکییەکان نەکات، هەڕەشەیان کرد کە زیاتر ڕاپەڕینە کۆمەڵایەتییەکان تاو دەدەن. بەڵام بینیمان کە لە کەسی ئێراندا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی سیستەمی پیاوسالاری نەڕووخێت. ڕێککەوتنەکە لەسەر سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی ئێستا بوو. لە لایەکی تر هەوڵیان دا ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەم شۆڕشە دروست بکەن. لە ئەمریکا کوڕی شایان بۆ ئەمە ئامادە کرد. بردنی کوڕی شا بۆ ئەمریکا، هەر لە

بنەڕەتدا ئامادەکارییەک بوو بۆ ئاینده. چۆن لە ساڵی ١٩٧٩ خومەینییان لە پاریسەوە هێنا، ئەمجارەش ویستیان هەمان سیناریۆ بێننەوە مەیدان. بە هەموو توانایانەوە، لە دەرەوە و ناوەوە هەوڵیان دا ئۆپۆزسیۆنێک دژی ئەم شۆڕشە دروست بکەن. لە توانای ماددییەوە تا میدیا، دیپلۆماسی، تواناکانی کۆمەڵایەتی زۆر توانا خرانە گەڕ. لە لایەکی تر بۆ سەرکوتکردنی ئەم شۆڕشە شێوازی وەک کۆمەڵکوژی، لە سێدارەدان، ژەهراویکردن بەکارهێنران. دەوڵەتی ئێران بە تەنیا ئەمانەی نەکرد، لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتییەک جوولایەوە. چەندین جار هەوڵ درا لە ناوەوە و دەرەوە ئەم پرۆسەی شۆڕشە پێچەوانە بکرێتەوە، سەروژێر بکرێت. بێگومان لە دژی ئەوە، کاردانەوەی کۆمەڵگە پەرەیسەند. دروشمی(نە شا نە رێبەر؛ دیموکراسی و یەکسانی) لە بەرامبەر ئەم هەوڵی ئاوەژووکردنەوەیە ڕاوەستان. ئەم دروشمە وەڵامێک بوو بۆ ئەو پیلانەی کە هەوڵی جێبەجێکردنی دەدرا دژی کۆمەڵگە. یادەوەری کۆمەڵگەی ئێران لەم ڕووەوە زیندووە. لە شۆڕشی ٤٠ ساڵ لەمەوبەر کە پێچەوانە کرایەوە و نزیکەی ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە شۆڕشی مەشرووتیەتدا هەمان پیلان لە ئارادا بوو. ڕێوشوێنی کۆمەڵایەتی هەیە دژی ئەم پیلانانە. ژنان و کۆمەڵگەی ئێران، ئێستا گەیشتوونەتە ئاستێکی سیاسی کە دەزانن چییان دەوێت. هەم سیستەمی ئێستای ئێران و هەم سیستەمی هێزە دەرەکییەکان باش دەناسن. لەم قۆناغەدا وێنەیەکی گشتی دەرکەوت. زۆر لایەنی دەرەکی وا تێگەیشتن کە گوایە ئەم ئۆپۆزسیۆنە ئەو هێزەیە کە دیموکراسی بۆ

ئێـران دەهێنێـت. لەبەرئـەوەی خەڵـک تێدەکۆشـێت، دەزانێـت ئـەوەی سیسـتەمی دەرەکـی دەیانەوێت، بـە تـەواوی پێچەوانەی خواسـتی خەڵکە. ئـەو بەشـەی کـە دەبووایـە هەنگاوی بنایـە و دوودڵ مـا، بیـروڕای لـەم پرۆسـەیەدا ڕوون بـوو. ئێسـتا ئـەو وشـیارییە لـە کۆمەڵگەدا بڵاودەبێتـەوە کـە سیسـتەمی تایبەتـی خـۆی دامەزرێنێت. ئێسـتا ژنانـی ئێران بـاس لـەوە دەکـەن کـە بەبـێ ئـازادی ژنانـی جیهـان، ئـازادی ژنانـی ئێـران مەحاڵـە. ژنـان ٩ مانـگ خەباتیـان کـرد بـۆ ئەمـە. هەرچەنـد ژنانـی ئێران بەهێـز بـن، ژنانـی جیهانیـش بـەو ڕادەیـە بەهێـز دەبـن یـان پێچەوانەکەی. بـەم شـێوەیە کاریگەریمـان لەسـەر یەکتـر هەیـە. لـەم پرۆسـەیەدا ئاسـتی سیاسـیبوونی کۆمەڵگـە، چاوکراوەتـر و بـە بەرنامـە جووڵانـەوە. پێشـەنگەکان بـە ئامادەییـەوە، پێشـەنگایەتیان کـرد، نیشـانیان دا ئـەم کۆمەڵگەیـە تـا ئەنجـام بەدەسـت نەهێنێـت، ناوەسـتێت. لەوانەیـە لـە هەندێـک شـوێن لاواز بووبێـت، بەڵام بـەردەوام دەبێـت و چاوەڕێـی هەل دەکات.

**گ.ژ: ئایـا هێـزە سیاسـییەکان بەرنامـە و ئەلتەرناتیڤێکی سیاسـییان بـۆ ئـەم هێرشـانە هەیـە؟**

**چ.ێ:** بێگومـان؛ هێـزە پێشـەنگەکانی ئـەم گەلـە پـلان و ڕێکخسـتنیان هەیـە بـۆ پاراسـتنی گـەل و بەهاکانیـان. لـەم ڕووەوە گەلـی کـورد زیاتـر ڕێکخـراوە، بزووتنـەوەی نەتەوەیـی هەیـە و بـە دروشـمی(ژن، ژیـان، ئـازادی) بـە ڕوونـی دەریدەخـات لـە کام بەرەدایـە لـە ڕووی ئایدیۆلـۆژی و سیاسـییەوە. کۆمەڵگـە دەیەوێـت لـە دەوری ئـەم پارادایمـە

خۆی ڕێکبخات. هەڵبەت لە ناو کۆمەڵگەدا دژبەریش هەن. هەندێک ویستیان لەسەر ئەم ڕاپەڕینە خۆیان وەک پێشڕەوی گەل نیشان بدەن. ویستیان خۆیان بەسەر گەلدا بسەپێنن و وا نیشان بدەن کە مافی وتنی یەکەم و دوا قسە هی ئەوانە. گەلیان وەک داشێک دەبینی و تەنانەت لە ناوخۆ و دەرەوە کردیانە بابەتی مامەڵەی دیپلۆماسی. بەداخەوە هەندێک هێزی کوردی ناوخۆ، سەرەڕای بوونیان، هیچ پلانێکیان نییە و ڕوون نین. بۆچی ڕوون نین؟ چونکە لەلایەکەوە بانگەشە بۆ داخوازی ئۆتۆنۆمی دیموکراتی دەکەن لە ڕووی نەتەوەییەوە، بەڵام لەلایەکی ترەوە دەڵێن(هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ سیستەمی ئێران نییە.) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەندێک لایەن خۆیان بە چەپ نیشان دەدەن. بۆ نموونە کۆمەڵە و دیموکراتەکان. هەڵبەت نەک هەموو کۆمەڵە. مەبەستم کۆمەڵەی کۆمۆنیست نییە، بەڵکو کۆمەڵە و دیموکراتەکانی تر و هەندێک هێزی دیکە و گرووپی نوێیە. ئەم ڕێکخراوانە خۆیان وەک بزووتنەوەیەکی جێگرەوە نیشان دەدەن، بەڵام نە لەناو خەڵکدا بوون، نە توانیان ببنە هێزی هاوپشتی. تەنانەت هەندێکیان لە بەرەی ئۆپۆزسیۆندا خۆیان بینیەوە و هەوڵیان دا ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ئاوەژوو بکەنەوە و لە واتای خۆی دەریبێنن. ئەمەش کاریگەری لەسەر وزەی ئەم گەلە دروست کرد. بێگومان ئەم پارچەبوونە لەم قۆناغەدا کاریگەری هەبوو.

بەڵام گەلان هیچیان نەبوو کە لە دەستی بدەن. گەل ئێستا دەزانێت چۆن خەبات بکات، هەم لە ناوخۆدا و هەم لە دەرەوە. لە ڕووی نەتەوەییشەوە لە بابەتە هاوشێوەکان

یان ئەو بابەتانەی زیان بە گشت دەگەیەنن هۆشیارە. ئەو هێزانە زۆر ویستیان گەمە بە دروشمی(ژن، ژیان، ئازادی) بکەن. زۆر دەیانویست خۆیان بکەنە خاوەنی. تەنانەت هەندێک بزووتنەوە، کە تەمەنیان بەقەد ئەم دروشمەش نەبوو، هەوڵیاندا ئەم دروشمە لە میدیاکانی خۆیاندا بڵاوبکەنەوە. بەوەشەوە نەوەستان و ویستیان خۆیان وەک پێشەنگ و ڕێبەری ئەم دروشمە ڕابگەیەنن. بەم شێوەیە ویستیان دەستپێشخەری شۆڕشی کۆمەڵایەتی قۆرخ بکەن و ئەم دروشمە لەناو ببەن. بەهۆی وشیاری کۆمەڵگەوە، بەدواداچوون بۆ بەرخودان و هەروەها پێشکەوتوویی ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی ئێران، ئەم گەمانە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو. ئەگەر کەمێکیش کاریگەری هەبووبێت، تەنها لەسەر توێژێکی دیاریکراو بووە. تەنانەت لایەنگرەکانی خۆشیان لەدەست دا، چونکە گەمەکە زۆر ئاشکرا بوو.

بێگومان لەم قۆناغەدا سیستەم و پارادایمی مۆدێرنیتەی دیموکراتیمان، وەک دەرمانێک وابوو بۆ لێگەڕینەکانی ژنان و گەلان. هەر قۆناغێک دەبێت وتە و ڕوانگەی خۆی هەبێت. هەر ڕێبازێک دەبێت بەرنامەی ڕێکخستنی خۆی هەبێت و دەبێ بۆش و تەنیاباڵ نەبێت. دەبێت لەم ئاستەدا پارادایمێکی وامان هەبێت کە لەو قۆناغەدا ببێتە بابەتی گفتوگۆی ژنان و گەلان. پرسیاری(چی پێویستە بۆ پێکهێنانی و دەبێ چۆن بێت؟(بوونە بابەتی مشتومڕەکان.

**گ.ژ: لــە کردەوەشــدا ئــەوە ڕوویــدا؛ کــورد، بەلــووچ، ئــازەری و فارســەکان، یەکگرتــن لــە نێــوان ئــەم گەلانــەدا دروســت بــوو. پارادایمــی نەتــەوەی دیموکراتــی واتایەکــی گــەورەی هەیــە بــۆ ئــەم یەکگرتنــە.**

چ.ی: ڕاســتە. دەتوانیــن بڵێیــن لیگەڕینــی گــەلان بــەو ئاراســتەیە، لــە کــردەوەدا ئاســتی ئــەو خەباتــەی نیشــاندا. قۆناغــی داهاتــوو، قۆناغــی خۆڕێکخســتن و داکۆکیکردنــە لــەو پرۆســەیە، بــە شــێوەیەکی بەرجەســتە. ئەمــە تــا ڕادەیــەک ڕوویــداوە. لــە ئاســتی گەلانــی کوردســتان و ئێرانیشــدا ڕوویــداوە. سیســتەمی نەتــەوەی دیموکراتیــک، پشــت بــە سیســتەمێکی دیموکراتــی دەبەســتێت کــە هەمــوو گــەلان بتوانــن بــە یەکســانی، لەژێــر یــەک چەتــردا خۆیــان ڕێکبخــەن. لــە قۆناغەکانــی پێشــوودا بەهــۆی تێگەیشــتنی دەوڵەت-پیــاوەوە، تــا ئاســتێک کاریگــەری لەســەر کۆمەڵگــە هەبــوو. بــەڵام لــەم قۆناغــەدا بینیمــان کــە عــەرەب، فــارس و ئازەرییەکانیــش هەمــان دروشــم دەڵێنــەوە. ژنــان و هەمــووان باشــتر تێگەیشــتن و هەســتیان کــرد کــە دروســتکردنی سیســتەمێکی دیموکراتــی لــە ئێــران، بەبــێ کــورد ناکرێــت. تێگەیشــتن کــە سیســتەمی ناوەنــدی ناتوانێــت ئــازادی بــە نەتــەوەکان ببەخشــێت. هەمــوو کــەس دەزانێــت کــە سیســتەمێکی ناوەنــدی و هێــزە کۆنەپارێــز و هەژموونخوازەکانی ئێســتا ناتوانن ئازادی بە گەلان ببەخشــن. ١٥٠٠ ســاڵە ئــەم سیســتەمە هەیــە بــەڵام هیــچ ئازادییەکــی بــۆ گــەلان نەهێنــاوە. دەســەڵاتی ناوەنــدی لــە دەســتی هەرکەســێکدا بێــت، ئەوانــی تــر پەراوێــز دەخــات. بــە نــاوی نەتەوەیەکــەوە دەبێتــە دەســەڵات، دەبێتــە هێــز و هــەوڵ دەدات نەتەوەکانــی تــر

بچەوسێنێتەوە. چونکە کارێکتەری سیستەمە ناوەندییەکان، بەو شێوەیەن. پێکهاتەکانی تری لە ناو خۆیدا ناوێت. بۆیە دەبێت سیستەمێکی هاوبەش و گشتی هەبێت کە بتوانێت هەموو نەتەوەکان لەژێر چەتری خۆیدا کۆبکاتەوە. چونکە کاتێک نەتەوەیەک ئازاد نەبێت، ئازادی نەتەوەکانی تریش کەم و ناتەواو دەبێت. نەتەوەکانی تریش هەمیشە بە کێشەوە دەژین. پێویستە سیستەمێکی هاوبەش دروست ببێت. بۆ ئەمەش، خەباتی هاوبەش پێویستە، پێویستە ڕۆژانە داکۆکی لە یەکتر بکرێت. کاتێک بەشێک گەشە دەکات، دەبێت هەمان گەشەسەندن بۆ هەموو کۆمەڵگەش دەستەبەر بکرێت. ئەگەر وا نەبێت کاردانەوەیەکی گشتی دروست دەبێت. ئەگەر ئەمڕۆ گەنجانی بەلووچ لە سێدارە دەدرێن، دەبێت کۆمەڵگەکانی تریش دژی بوەستنەوە، کاردانەوە نیشان بدەن و پێکەوە ڕاپەڕن. ئەمە تەنها کێشەی بەلووچ نییە، کێشەی هەموو کۆمەڵگە و گەلانە. ئەمە بۆ ژنانیش هەروایە. ئەمە سیستەمێکە. ئێستا بەهۆی دروستبوونی باوەڕێکی هاوبەشەوە کاردانەوەکانیش هاوبەش بوون، لە کردەوەشدا بە هاوبەشی دەجوڵێنەوە. لە ڕۆژانی دواییدا سێ گەنج لە ئیسفەهان لە سێدارە دران. کاردانەوەکان لە سەرتاسەری ئێراندا نیشان دران. لە شارەکانی کوردستانیش وەک شارە ناوەندییەکان بە هەمان ئاست کاردانەوە نیشان درا. هەموو ئەمانە دەستکەوتن و نیشانی دەدەن کە هاوبەشییەک هەیە. پێویستە ئەمە بۆ ناوچەی فراوانتر بڵاو بکرێتەوە و گەشەی پێ بدرێت، بەردەوام و چالاک بکرێت.

**گ.ژ: ئێوە ئێرانتان وەک هێزێکی ناوەندیی داگیرکەر پێناسە کرد. ئەم هێزە لە ڕێگەی نەتەوەپەرستی و شیعەگەرییەوە ناکۆکییەکان قووڵ دەکاتەوە. چۆن دەتوانین کاریگەری ئەوە، لەسەر بزووتنەوە و ڕێکخراوە ژنان هەڵبسەنگێنین؟**

**چ.ئ:** ئێستا فاشیزم لە هەموو شوێنێک زاڵە و بە ناوی گەلێکەوە دەکرێت، بەڵام ئێمە ناتوانین بڵێین(هەموو فارسەکان نەتەوەپەرستن.) لەم قۆناغەدا یەکگرتنێک لە نێوان ژنان دژی دەوڵەت دروست بووە، خاوەنداریێتیان لە یەکتر کرد. لەگەڵ ئەمەشدا، لە ناو سیستەمی ئێران یان لە ناو چینی کارمەنداندا ژن هەن. لە ناو هەموو ژنانی کارمەنددا لە سەرەوە تا خوارترین دامەزراوە، کاردانەوە دژی تێگەیشتنی پیاوانە و سیستەم دروست بوو. بەڵام دەوڵەت بە پیلانگێڕی ویستی ژن دژی ژن بەکاربهێنێت. بۆ نموونە؛ لەگەڵ زیادبوونی خۆپیشاندانەکانی خەڵک، دەوڵەت ڕێپێوانی بە ژنە سیخوڕەکانی (بەسیج) کرد، بۆ ئەوەی ژنان دژی ژنان بەکاربێنێت. لە هەموو بڕیارەکانیدا ئەم ژنانەی بەکارهێنا. لەم قۆناغەدا، زۆرترین شت ئەوە بوو. لە نێوان گەلانی تردا دژایەتی و کێشەی زۆر دروست نەبوو. توێژە باڵادەست و کۆنەپارێزەکان، پانئێرانیستەکان و قورەیشییەکان دژی ئەم شۆڕشە کۆمەڵایەتییە وەستانەوە. هەندێک ڕۆژنامەوان و ڕۆشەنبیر لە میدیای نێودەوڵەتیدا هەوڵیاندا ببنە دەنگی ئەوان بەڵام ئەوانیش ئاشکرا بوون. هەندێکیان هێشتاش بە شێوەیەکی سیستەماتیک پشتگیری(سیاسەتی بەکارهێنانی ژن دژی ژن)ی دەوڵەت دەکەن. لە هەندێک

شوێن دەڵێن(کێشەی ژنان لەگەڵ خۆیاندایە، سەیر بکەن بابەتەکە پیاو نەبووە!(ئەمەش گەمەیەکی مەترسیدارە. لەبەرئەوەی ژن لە کۆمەڵگەدا گوزارە لە بەهاکان دەکات. بەڵام ئەگەر ژن دژی ژن بوەستێت، کۆمەڵگەش ناتوانێت خاوەندارێتی لە بەهای خۆی بکات. واتە دەیانەوێت بە کوتەکی گەل، لە گەل بدەن.

ئەم قۆناغە لە زۆر لایەنەوە پەرە بە هۆشیاری درا. بەڵێ، لە کۆمەڵگەدا ژن دژی ژن، کۆمەڵگەش دژی ژن توندوتیژی بەکار ناهێنێت. کاتێک توندوتیژی ڕوودەدات، کاردانەوە نیشان دەدرێت. لە هەر کوێیەک خەباتێکی دیموکراتی هەبێت ئەم ڕوانگەیە دەردەکەوێت. هێزە دژبەرەکان، ئەو هێزانەی کە لە هەندێک بابەتدا هاوبەش نین، دەتوانن پێکەوە قسە بکەن و لە خەباتی هاوبەشدا بەشدار بن. واتە دەتوانین بڵێین پێگەیشتوویيەک لە تێکۆشاندا دروست بوو و ئاستێکی سیاسیبوون گەشەی کردووە. ئێمە ئەمانە دەبینین. کۆمەڵگە فێر بووە چۆن پارێزگاری لە بەها ئایدیۆلۆژی، فکری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بکات. دەزانێت لە کوێ چۆن جووڵە بکات، لە کوێ چی بڵێت، چۆن کاردانەوە نیشان بدات. ئەمەش نیشانی دەدات کە ئەزموونی زانین-هۆشیاری لە ئاستی ڕێکخستنی ژناندا ئیتر بەرجەستە بووە.

**گ.ژ: لە دەرەوەی ئێران، لە چوارچێوەی دروشمی(ژن، ژیان، ئازادی) دا لە سەرۆک دەوڵەتانەوە تا مۆدێلەکان، پشتگیری لە زۆر لایەنەوە هات. پەیامێکگەلێک بڵاوکرانەوە**

**کە زۆر لەگەڵ نەریتی گەلانی ئێران نەدەگونجان. ئەمانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بوونە باس. ئایا کارلێکێک هەیە لە نێوان ئەم کەشەی لەو جۆرە میدیایەدا دروست کرا و کەشی مەیدانی بەرخودان؟ تا چەند ئەم بابەتەی میدیای مەجازی کاریگەری لەسەر مەیدانی خۆپیشاندانەکان هەیە؟**

چ.ئ: لێرەدا دوو لایەن دەرکەوتن. بەشێک بە ڕاستی لە ناخەوە هەستیان بەم خەباتە کرد و دەڵێن(چۆن ژنانی ئێران لە کردەوەدا خەبات دەکەن، ئێمەش بە تواناکانی خۆمان، لانیکەم دەتوانین دەنگی خۆمان بە ژنانی بەرخۆدەر بگەیەنین). بەڵام بەشەکەی تر، ویستی ئاراستە و ئامانجی خەبات بگۆڕێت. خۆبەخۆ عەقڵی پیاوانە مەیلی بۆ شتی وا هەیە. ئەمە لە سیاسەتەکانی سیستەمی سەرمایەداریشدا هەیە. دەنا ژنانی ئێران دژی چی ڕاپەڕین! بێگومان دژی عەقڵیەتی یەکڕەنگکردن ڕاپەڕین. دەڵێن(من دەڵێم و تۆ دەکەی)،(چۆن بمەوێت جل بپۆشی، وا دەپۆشی!(ژنان دژی ئەوە وەستانەوە. داواکارییەکانی ژنانی ئێران هەمووی ئازادی جلوبەرگ نییە. هەندێک ویستیان ئەمە زۆر زەق بکەنەوە. وا نیشاندرا گوایە هەموو کێشەی ژنانی ئێران جلوبەرگە، تەنانەت گەیشتە خۆپیشاندانی خۆڕووتکردنەوە. لە کاتێکدا هیچ ژنێکی ئێرانی کێشەی وای نییە. ئێمە وتمان «ئەم عەقڵیەتە هەڵەیە لە هەر کوێیەک چی بەسەرماندا بسەپێنێت، دەبێت لەوێ خەباتێک گەشە بکات بە بوون، شێواز و فۆرمی خۆی، بەپێی داواکارییەکانی خۆی». ئەگەر دەیانەوێت لە دەرەوە پشتگیری ژنانی ئێران بکەن، دەبێت ئەوانیش دژی هەمان تێگەیشتن–

عەقڵیـەت لـە شـوێنی خۆیاندا خەبـات بکـەن. ژنانـی ئێران دژی ئەم سیسـتەمەی ئێسـتایە دەوەسـتن، دەبێت ئەوانەی دەرەوەش هەمـان ڕوانگەیـان هەبێت.

ویسـتیان لـە دەرەوە ئـەم خەباتـە نـەرم بکـەن و فۆرمەکـەی بگـۆڕن. لـە پشـت پـەردەوە لەگـەڵ دەوڵـەت ڕێککەوتـن و لـە دەرەوە خۆیـان وا نیشـان دا کـە زۆر دیموکراتـن و لەگـەڵ ژنانـی ئێرانـن. خەباتەکەیـان کـردە بابەتـی سـەودا و مامەڵـە. ئەمانە، لە هەر کوێیەک درزێک ببینن، یەکسـەر خۆیان نیشـان دەدەن. بـەڵام کاردانـەوەی ژنانـی ئێـران بەرامبەریـان تونـد بـوو. خەباتـی ژنـان لـە ئێران تەنیـا دژی ڕژێمـی ئێران نییـە. ژنانـی ئێران؛ دژی پێکهاتەکانی ناوخۆ، پێکهاتـە ئێرانییەکانی تاراوگـە، دەوڵەتـە باڵادەسـتەکان و دەوڵەتـی ئێسـتای ئێـران کاردانـەوە نیشـان دەدەن. ئـەم خەباتـە یـەک ڕەهەنـد نییـە و هێشـتا نەگەیشـتووەتە ئاسـتی داواکـراو. ژنانـی ئێـران، ئـەم جـۆرە پشـتگیرییانەی دەرەوەیـان وەک سـووکایەتی بینـی بـۆ خۆیـان. وایـان گەیانـد کـە گوایـە ژنانـی ئێران نایانەوێت جل بپۆشـن، دەیانەوێت خۆیـان ڕووت بکەنـەوە. دەوڵەتیـش ئەمـەی زۆر بـاش بەکارهێنـا، وتی(سـەیرکەن، ژنـان نایانەوێت جل بپۆشـن، بـەم هەڵسـوکەوتەیان پیـاوان دەوروژێنـن، بۆیـە کێشـەی ئـەم کۆمەڵگەیـە دروسـت دەبێـت.) لەبـەر ئـەوەش دەوڵـەت، لەسـێدارەدانی ژنـان ڕەوا دەکات. هەرکـەس ویسـتی بـۆ لای خـۆی ڕایبکێشـێت و کاردانەوەکانـی کۆمەڵگـە دژی کۆمەڵگـە بەکاربهێنێت.

**گ.ژ: ئـەو توێـژەی کـە باسـتان کـرد لەگـەڵ هەوڵـی دەسـتێوەردان و یەکڕەنگکـردن و یەکدەسـتکردنی دینامیکـە هەنووکەییـەکان، بـە هەوڵـی جێگرتنـەوەی دروشـمی(ژن، ژیـان، ئـازادی) بـە دروشـمی تریـش هەبـوو.**

چ.ئ: دروشـمی ژنانـی ئێـران و ڕۆژهـەلات؛(ژن، ژیـان، ئازادی)یە، واتە هۆنینەوەی ژیان لە تەوەری ژندا. لە ژیانی تـەوەری ژنـدا ئاشـتی، ئـازادی و دیموکراسـی هەیـە. ئـەوە خۆماڵـی و ڕەسـەنە. بۆیـە دەوڵـەت تۆقـی، ویسـتیان پیاوێتـی تاو بدەن. دروشمی(پیاو، نیشتمان، ئازادی) و هاوشێوەیان دا. ئەمانەش لەلایەن ئەو توێژانەی باسمان کرد دەوترانەوە، ئەو ژنە(بەسیج)انە بوون کە ئەم دروشمەیان دەوتـەوە. هەڵبـەت هەموویـان نـا. بەڵـێ، بەشـێک لـە ژنـان هەبوون کـە دەوڵـەت کاریگـەری لەسـەریان هەبـوو بـەلام هەموویانـی نەگرتـەوە. ئەمـەش بەهـۆی چییـەوە بـوو؟ بێگومـان بەرامبـەر بـەو هەموو لادانـە، ئاراسـتە هەڵـە و هێرشـە بێبەزەییانـە؛ بزووتنـەوە چەپ، کەسـایەتییە ڕووناکبیر-دیموکـرات خۆجێیـەکان، هێـزە بـە ئەزموونەکانـی کوردسـتان ڕۆڵـی خۆیـان بینـی، خاوەنداریێتیان لێکـرد، ڕێگریـان لـە لادان کـرد. بـە شـیکردنەوەی دۆخەکـە لـە کات و شـوێنی خۆیـدا و بەدواداچوونـی لـە نزیکـەوە، ڕێگریـان لـە خزانـی کۆمەڵگـە و کەوتنـە ئـەو تەڵەیـەوە کـرد. ئەمـەش یارمەتـی دا کـە کۆمەڵگـە زوو بـەرەی خـۆی هەڵبژێرێـت. هەڵبـەت تەنیـا ئەمـە نـا، ویسـتیان چەندیـن تەڵـە بنێنـەوە. وەک تۆڵەسـەندنەوە و کوشـتن. وەک دەزانرێـت، زۆر کـەس کـوژران. دەوڵـەت ویسـتی ئـەم کوژرانانـە وەک مەسـەلەی ناوخۆیی، مەسـەلەی نامـوس، عەشـیرەت، تۆڵـەی

خوێن و وەک کەیسی تاکەکەسی نیشان بدات. بەمە ویستی خەباتی ڕاستەقینە بەلاڕێدا بەرێت و گوڕی شۆڕش کەم بکاتەوە. ئەم جۆرە هەوڵانە هێشتا بەردەوامن. دەیانەوێت گەلان دژی یەکتر بەکاربێنن، لەبەرامبەر یەک بە شەڕیان بدەن. ئەمە بۆ نەتەوە جیاوازەکانیش بۆ ژنان و گەلانیش دروستە. ویستیان وا نیشان بدەن کە(سەیرکە، دەوڵەت بێتاوانە، گەلی ئازاد کردووە.) ئەمە جێی لێپرسینەوەیە.

**گ.ژ: وا دیارە هێزە بزوێنەرە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگە لە ناو خۆیەوە دێنەدەر. هەندێک دینامیک بە زۆر دەهێنرێنە مەیدان و دەیکەنە باس بۆ ئەوەی بڵێن(سەیرکە ڕەنگی جیاوازیش هەیە.) بەم شێوەیە دەیانەوێت ئەو یەکگرتووییەی کە هەیە و بەرخودانەکەی لەناو ببەن. دەڵێن(هەرچەندە دەنگی جیاواز زەق بکەینەوە و بیکەینە باس، کۆمەڵگەش ئەوەندە لاواز دەبێت، پارچە دەبێت.)**

**چ.ئ:** ڕاستە. لە هەموو قۆناغەکانی شۆڕشدا وەهایە. لێرەش دەیانەوێت پاساوە جیاواز و دژەکان لەژێر دروشمی(ژن، ژیان، ئازادی) بەکاربێنن. دەوڵەت لە دۆخێکی تۆقیو و شڵەژاودایە. زۆر هەوڵ دەدات ئەو ماتەوزەیە پەرش و بڵاو بکات و کۆنترۆڵی ڕووداوەکان بکات. دەیەوێت کارنامەی لاوەکی دروست بکات، لە بابەتە سادەکانەوە تا گەورەکان. یەکێک لەوانە ئایینە. لە سەرەوە باسی شۆڕشی ژنانمان کرد، کە چۆن دەیانەوێت ئاستەکەی دابەزێنن. لە لێگەڕینە زایەندی- سێکسییەکانیشدا ئەمە دەرکەوت. ئێران

و هێزە باڵادەستەکانی تریش بەم شێوەیە دەرکەوتن. بۆ نموونە ڕەگەزە جیاوازەکانیان زەق کردەوە. لە ئێران، دەوڵەت ئەو توێژانەی زەق دەکردەوە کە لە دۆخی ئاساییدا نکۆڵی لێدەکردن و لەژێر پەردەی ئەو توێژانەدا ویستی دژایەتی بەرامبەر خەباتی شۆڕشگێڕی هەنووکەیی بشارێتەوە. لە قۆناغی شۆڕشدا پرسیاری وا دەکرێت، کە گوایە دیموکراسی هەیە، ئەوەش وەک ئەوەی لەناو دەوڵەتدا هەبێت! بەو شێوەیە بێچارەیی و بێ ئەڵتەرناتیڤی خۆیان دادەپۆشن. هەندێکیان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە و هەندێکیشیان لە مەیداندا دەیانەوێت ئەمە بکەنە بابەتی باس و گفتوگۆ. واتە لە هەر شوێنێک دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت، یەکسەر دەیخەنە گفتوگۆوە. دەکرێت ناسنامە و ڕەگەزە جیاوازەکان داواکاری و کێشەیان هەبێت، بەڵام لە شوێنێکدا کە یەکسانی و دیموکراسی نەبێت، هەموو کەس کێشەی لەگەڵ ئەو سیستەمە دەبێت. سیستەمێکی ناوەندی، توێژێکی دیاریکراو دەگرێت و هەموو ئەوانی تر پەراوێز دەخات. لەوەش زیاتر، لادانێکی زۆر لە کارنامە دەکەن و بێڕێزی بە ماتەوزەی کۆمەڵگە دەکەن لەو پرۆسەیەدا. هەر ئەوەی کە کارنامە جیاوازەکان ئەوەندە تاو دەدرێن و لە ڕۆژەڤدا دەهێڵنەوە، جۆرێکە لە ڕیسوایی. ئەمە دژی هێزە دیموکراتییەکان بەکاردەهێنرێت. هەر توێژێک خواستی جیاوازی خۆی هەیە و ئەمەش واتادارە. بەڵام خەبات تەنیا لە ئاستی زایەند و جلوبەرگدا نییە. لەو پرۆسەیەدا ئەمە زۆر بووە ڕۆژەڤ. لە بابەتی باوەڕیشدا هەروایە. لەو ناوچانەی کە ئایین زاڵە، ئایین دەبێتە گەورەترین فاکتەر. یان دەبێتە

ئایینی توندڕەو یان دژە ئایین پەرەدەسێنێت. یان لە هەندێک شوێن چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان تەنیا هەوڵی ئازادی خۆیان دەدەن. بۆ نموونە؛ کەسێک بە بیرکردنەوەی خۆی دەیەوێت شتێک بکات، بە تەنیا بخوێنێتەوە، یان دەیەوێت بەبێ پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوەکانی دەوڵەت بژی. ئەوەندە فشار لە کۆمەڵگەدا هەیە. یان داخرانی زۆر-پارێزگاری یان پێچەوانەکەی تەواو کرانەوە. یەکێکیان ڕووی توند و ئەوی تریان ڕووی نەرم نیشان دەدات و بەم دووفاقییە کۆمەڵگە دەشێوێنن. هەندێک بەشی کۆمەڵگە سپی و هەندێکی تر ڕەش نیشان دان، گەمەکردنە بە ناوەرۆک و ڕۆحی کۆمەڵگە. پارچەکردنی کۆمەڵگەیە و بە تێپەڕبوونی کات زاڵکردنی دەسەڵاتە بەسەر کۆمەڵگەوە. سیستەم لە هەر شوێنێک زەمینەی خۆی بدۆزێتەوە، پڕوپاگەندەی خۆی دەکات و سیستەمەکەی خۆی جێگیر دەکات. لەو شوێنەی کە بە ئاسانی ناتوانێت ئەوە بکات، یان بە زۆر و فشار دەیکات یان بە تێپەڕبوونی کات، دەیکات. واتە ئەم سیستەمە شێوازی کورتخایەن و درێژخایەنی هەیە. با باشی بزانین کە کێشەکە پەیوەندی بە زیهنیەتی پیاوسالاری و دیاردەی دەوڵەتەوە هەیە. گەورەترین کێشە، ژیانە لەگەڵ ئەم دوو فاکتەرە لە هەمان شوێندا. پێویستە خەبات لەبەرامبەر بەوە بکرێت. کاتێک مرۆڤ نەتوانێت بە ئازادی بیر بکاتەوە و بژی، بە سرووشتیانە کێشەکانی تریش دێنەئاراوە. دەبێت ئامانجی کورتخایەن و درێژخایەنمان هەبێت. بابەتی بەپەلەمان، هەروەها بابەتیش هەن کە بە تێپەڕبوونی کات دەکرێت چارەسەر بکرێن. لێرەدا دەیانەوێت ئەو توێژانەی

لە مەیداندا هەن، کێشە بچووکەکان، گەورە بکەنەوە. ئەم گەمەیە، گەمەی هێزە دەرەکییەکانە. هەندێ لە گرووپە بچووکەکان دەڵێن(ئەگەر ئەمە دیموکراسییە، تۆ سەرەتا دەبێت کێشەی من چارەسەر بکەیت.) کاتێک ئەم کێشەیە یەکلادەبێتەوە، کێشە و ململانێ دیکە دروست دەبێت. ئیتر کێشەی ژنان و گەلان دەکەوێتە پەراوێزەوە، دوادەخرێت و تەنانەت لەبیر دەکرێت. لە ئێستادا دەوڵەتی پیاوسالار کێشەی ژنانی پشتگوێ خستووە. هەمیشە بە زەقکردنەوەی هەندێک کێشەی تاکەکەسی، شۆڕشی تەزاندووە و پرۆسەکە و ماتەوزەی شۆڕشگێڕی سنووردار کردووە. لە جیاتی خێرابوونی پرۆسەکانی شۆڕش، بە پێچەوانەوە وەستاندوویانە. ئێستا پێویستە بەرامبەر بەوە وریا بین. پێویستە ژنان ببینن لەم پرۆسەیەدا چی دەگەیەنن و ڕۆڵیان چییە. سەپاندنی کێشەی تاکەکەسی لەلایەن هەر کەسێکەوە، چ بە ئاگایی یان بێ ئاگایی، واتە کەوتنە ناو سیاسەتە تایبەتەکانی دەوڵەتەوەیە. دوای ئەوەی ئەم دۆخە دەبێتە ڕێگر لە بەدەستهێنانی پرۆسەکە، ئیتر گرنگ نییە دواتر هەست بە دۆخەکە دەکەیت یان نا.

**گ.ژ: دەوڵەتەکان، هەمیشە بە دابەشکردن و پارچەپارچەکردنی هێزەکان، وزەی سەرەکی پرۆسەکە هەڵدەمژن و دەیڕەتێنن. ئەمە تەنیا تایبەت نییە بە ئێران، لە هەموو شۆڕشەکاندا هەمان تاکتیک دەکەن. لە لایەکەوە تاکتیکی تۆقاندن، لە لایەکی تر تاکتیکی**

**پارچـە کـردن، بەکاردەهێنرێـت. دەوڵـەتـی ئێرانیـش زۆر ئـەم لایەنـی تۆقانـدن و ترسـاندنە بەکاردەهێنێـت. ئـەوەش زیاتر لـە سیاسـەتی زینـدانـدا دەبینیـن. زینـدانـەکان، لـە ڕوانگـەی دەوڵەتـەوە ئـەو شـوێنەن کـە زۆرتریـن تـرس دروسـت دەکـەن بـۆ خۆبەدەسـتەوەدان. ڕووی تـری زینـدان ئەوەیـە کـە شـوێنی بەرخودانـە. ئەمـە چـۆن هەڵدەسـەنگێنن؟**

چ.ئ: سـالانی ٦٠ سـەردەمی هەڵکردنی شـنەبای چەپ بوو لـە جیهانـدا، پرۆسـەی خەباتـی مارکسیسـت-لینینیسـت بـوو. لە ئێرانیـش ئـەم خەباتـە مارکسیسـت-لینینیسـتییە زۆر گەشـەی کـرد. لـەو سـەردەمەدا لـە ئێـران زیندانـی زیاتـر دروسـتکرا و دەوڵـەت سیاسـەتی وای پەرەپێـدا کـە ئـەو یاسـایانەی نەیدەتوانـی سـەرکەوتوو بـن لـە جێبەجێکردنـی لـە بەرامبـەر کۆمەڵگـە، ویسـتیان لـە ڕێگـەی ئـەم سیاسـەتی زیندانییانـەوە، جێبەجێـی بکـەن. ئـەو بـەش و تاکانـەی کۆمەڵگـە کـە هێـزی بەسـەریاندا نەدەشـکا و نەیدەتوانـی بـە ئاشـکرا بیانکوژێـت، لـە زیندانەکانـدا دەستبەسـەری دەکـردن. زیندانـەکان، لـە ئێـران وەک شـوێنی تۆبەکـردن ناودەبرێـن. لـە سـالانی ٦٠دا نەریتێکـی بەهێـزی زینـدان دروسـت بـوو. لەبەرئـەوە لەسـێدارەدانەکانیش سیسـتەماتیک بـوون. تـا وای لێهـات کـە دەیان، سـەدان تەنانەت هەزاران زیندانی بە یەکجار لەسێدارە دەدران. پێشـەنگانی کۆمەڵگـە، بـەم شـێوەیە لەناوبـران. بـەلام تەنیـا توانییـان توێژێکـی زۆر سـنووردار بترسـێنن. ئێمـە بـە پرۆسـەی لەسـێدارەدانەکانیش تێدەگەیـن کـە لـە زیندانەکانـدا خەبـات و بەرخودانێکـی نـاوازە هەبـوە. تـا ١٠-١٥ سـاڵ لەمەوبـەر زیندانەکانـی ئێـران پـڕ بـوون، دۆخێـک هاتەئـاراوە

کە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان تەنانەت نەیاندەتوانی دەنگی خۆیان بگەیەننە دەرەوە. خۆبەدەستەوەدان و پەشیمانی دەسەپێنرا. ژنانی کورد و ڕێکخستنە و پارتە کوردییەکان لە زیندانەکاندا دووبارە ڕۆحی خەباتیان پەرەپێدا و پەرەیان ڕێکخستن دا. بەرخودان، ترسی لەسێدارەدانی بەزاند. بۆ ئەوەی ببنە(پەند) بۆ خەڵک بە دڕندەیی کوژران، بەڵام ئەو هەڤاڵانە میراتێکی گەورەی بەرخودانیان لە دوای خۆیان بەجێهێشت. لە ١٥ ساڵی ڕابردوودا لە زیندانەکانی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ مەیدانەکانی تێکۆشان گەشە دەکەن و فراوان دەبن. لەم ساڵانەی دواییەدا جگە لەو بەشانەی کە بەشداری خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانیان کردووە و دەستگیرکراون، ئەو ژنانەش کە دەستگیرکراون بەرخودان دەکەن و درێژە بە خەباتی خۆیان دەدەن، دەتوانن دەنگی خۆیان بگەیەننە جیهان. بەتایبەتی لەم پرۆسەیەدا ئەو ناوانەی کە زۆرترین هێزیان بە شۆڕش بەخشیوە، هانی شۆڕشیان داوە و دەنگیان گەیاندووەتە ڕای گشتی جیهان، ئێستا لە زیندانەکاندان. بۆ نموونە، زەینەب جەلالیان ژنێکی شۆڕشگێڕە و سەرەڕای ئەوەی ١٥ ساڵە لە زیندانە، لە ساڵانی دواییدا هیچ هەواڵێکی لە بارەوە نازانرێت. زەینەب جەلالیان، ناونیشانێکە بۆ تێکۆشان. قیبلەنمایەکی شۆڕشە. لەبەر ئەوەیە هەڤاڵانی لە زیندانەدا بە زەینەب دەڵێن(تۆ مامۆستای سەرەکی تێکۆشانی ئێمەیت.) دەڵێن(ئێمە لە ئێوەوە فێربووین.) بۆیە لەم پرۆسەیەدا گۆشەگیرکردنی زەینەب جەلالیان و بڕینی پەیوەندی لەگەڵ دەرەوە، ڕێکەوت نییە. ئەمە هەڵوێستی دەوڵەتە. ئەگەر تەنانەت نامەی هەڤاڵێکی

وەک زەینەب بگەیشتایەتە دەرەوە، لەوانەیە ئاراستەی شۆڕشی بگۆڕییایە، کەواتە زەینەب و شیرین عەلەمهولی و لە نموونەی ئەو هەڤاڵانە، میراتێکی وایان بۆ هەڤاڵانی ژنی تەنیشتیان بەجێهێشت کە هەڵوێستیان جێگەی ڕێزلێنانە. سەرەڕای ئەوەی هەر ساتێک چاوەڕوانی لەسێدارەدانیان دەکرا، ئەم ژنانە هەڵوێستێکی وایان نیشاندا کە هەرگیز دوودڵ نەبوون. ئیتر چاویان کراوەتەوە، دەزانن لە پێناوی چیدا لەسێدارە دەدرێن. واتە ئەو کارتەی لەسێدارەدانیان، لە دەستی دەوڵەت دەرهێنا. ئەمەش بەهێزترین چەکیانە. لە قۆناغی خەباتدا، خۆیان پێگەیاند و گەیشتنە ئاستێک کە لاوازترین ئەڵقەی دەوڵەتیان گرت. لە خەباتی ژنانی ئێراندا بەرخودانی ژنان لە زینداندا یەکلاکەرەوە بوون. ئەگەر وا نەبووایە دوای ئاستێکی دیاریکراو، دڵەڕاوکێیان دەبوو. سیاسەتی ترساندنی دەوڵەت، ئەگەر بچووکترین ئەنجامی بەدەستهێنابا، کاریگەری لەسەر هەموو پێشهاتەکان دەبوو. زیندانەکان، گەورەترین مەیدانی تێکۆشان. ئەگەر تۆ لە زینداندا دەوڵەتت بەزاند، لە شەقامەکانیشدا دەیبەزێنیت.

**گ.ژ: وتت کە سەرچاوەی هێز و ورەی گەل، هەڵوێستەکانیانە لە زیندانەکاندا. لە بەشەکانی تری کوردستان داکۆکی لە ڕۆژهەڵات، هیواکانی بۆ داهاتوو بەهێزتر کرد. خەبات و بەرخودان، دابەشبوونی دەستکردی نێوانیشمانی لەناوبرد. پێتوایە چییە کە ئەم ڕۆحی یەکێتی تێکۆشانەی بەهێزتر کرد؟**

چ.ئ: ئەمە پرۆسەیەکی نوێ بوو. پرۆسەی شۆڕشی ژنانە کە بە ژن، ژیان، ئازادی دەستی پێکرد، هەم زۆر نوێ بوو، هەم نوێگەریشی لەگەڵ خۆی هێنا. بەوەشەوە بەربەستەکانیشی وەلاوە نا. بینیمان لەم لە ساڵانەی دواییدا کوردستان تێکۆشانیکی پڕاوپڕ لە ڕۆژئاڤا و باکووری کوردستان و ناو بە ناویش لە باشووری کوردستان گوزەرا، واتە لە هەموو پارچەکان کاتێک ئەم خەباتە گەرمە هەبێت، مەحاڵ بوو کە کاریگەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەکات. بەشداری لە خەباتدا، قوربانی لێکەوتەوە، هەڵوێستی نەتەوەیی نیشاندرا. لە ڕووی دیبلۆماسیەوە پەرەسەندنی سیاسی ڕوویدا، لەگەڵ بەرزبونەوەی دەنگی ئازادی، دەنگەکانی ڕۆژهەڵات بەرەو پێکهاتەیەک چوون. بێگومان ئەمانە دانەبڕاو نین لە خەباتی پارچەکانی تر. واتە کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر ڕۆژهەڵات. بە شێوەیەک گەیشتنە یەک، بەڵام زۆر بە گەرم و گوڕی نەبوو، بە کاریگەری ساڵانی دوایی خەبات گوێزرایەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ناتوانین بڵێین خەبات ڕاستەوخۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەستی پێکرد. سەرەڕای ئەوەی خەباتێکی خۆجێی و لە شوێنی خۆی بوو. گرنگیدان و سەرنجێکی تایبەت لەسەر ئەم پارچەیە هەبوو. سیاسەتی زوڵم و زۆرداریی گەورەی دیکتاتۆریەتی فاشیستی بەردەوام بوو لەبەرامبەر گەل، کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە دەزانرا، هاوسۆزی هەبوو. بەڵام ئەوە، لە ئاستێکدا نەبوو کە گۆڕانکاری دروست بکات. خەباتی پارچەکانی تر کاریگەری لە ئێران کرد. لەو پرۆسەیەدا زیاتر چالاک بوو و نیگاکان

دووبـارە ئاراسـتەی پەیوەندییـە دووقۆڵییـەکان کـران. ئیتـر نیشـاندانی هەڵوێسـت دژی دیکتاتۆریـەت پێویسـتییەک بـوو. ٥٠ سـاڵە خەباتێـک لـە کوردسـتان بەردەوامـە و ئـەوە لـە چوارچێـوەی ئـازادی ژنـدا بەردەوامـە. خۆبەخـۆ بـەم ڕاپەڕینـەی دوایـی ئـەوەی کاردانەوەی نیشـاندا و خاوەنداریێتی لـە خەبـات کـرد، ژنـان بـوون. ئـەوە خاڵـی هاوبەشـی ئێمەیـە و ڕاسـتەوخۆ کاریگـەری لەسـەر یەکتـر دەکەیـن. دەکرێـت لـە ژیانـی ڕۆژانـەدا هەمـان پراکتیکمـان نەبێـت، بـەڵام لـە ئاسـتی ئایدیۆلۆژیـا، بیـر و پارادایمـدا پەیوەسـتین بـە یەکـەوە، هێڵـی سـووری هاوبەشـمان هەیـە. لـە بابەتـە نەتەوەییەکانـەوە بگـرە تـا بەهاکانـی کۆمەڵگـە، یەکن. ئەمسـاڵ بینیمـان کـە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، بووە سەرچاوەی ئیلهـام بـۆ جیهـان. هـەروەک چـۆن ڕۆژئـاوای کوردسـتان توانـی خەباتـی گەلـی کـورد بناسـێنێت بـە جیهـان، بـە هەمـان شـێوە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانیش دەتوانێـت پارادایمـی ژیانـی ئـازاد بناسـێنێت بـە جیهـان.

**گ.ژ: زۆر کـەس سـەرەتای پرۆسـەکە و دۆخـی ئێسـتایان بـەلاوە سەرنجڕاکێشـە. لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان شۆڕشـێک هەیـە. ئایـا ئـەم شۆڕشـە، دەکرێـت لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانیش ڕووبـدات؟ لـەم بارەیـەوە چاوەڕوانـی تـۆ چییە؟**

**چ.ێ:** ئێمـە لەبـەر ئـەوەی کوردیـن و لـە کوردسـتان دەژیـن، بێگومـان لایەنـی هاوبەشـمان هەیـە. وڵاتمـان داگیرکـراوە و تێگەیشـتن-زیهنیەتی پیاوسـالاری خـۆی دامەزرانـدووە. ئێمـە،

لە هەر کوێیەک بین، هەمان کێشە دێتە بەردەممان. لەبەر ئەوەشە کە مەسەلەی(چیمان دەوێت)، هاوبەش بووە و گەیشتووەتە فۆرمولەیەک. زمانی خەباتیشمان، بووە بە زمانی ئەم تێکۆشانە، جەستە و چەترێک کە هەمووی لەخۆ دەگرێت. ئەم چەترە، لە ١٠ساڵی ڕابردوودا بە شۆڕشی ڕۆژئاوا، کولتووری کوردی زیندوو کردەوە و لە تەوەرێکی هاوبەشدا، کاریگەری لەسەر بەشەکانی تری کوردستان کرد. لە ئێران یەکێک لە کێشە سەرەکییەکان کێشەی ئازادی ژنە. چونکە سیستەم، خۆی لەسەر ئەوە دامەزراندووە. لە ڕۆژئاواش تەواو لەسەر بنەمای ئازادی ژن شۆڕشێک بەرپابوو. لە ڕاستیدا خەونەکانی گەلانی ڕۆژهەڵات و ئێران لە ڕۆژئاوا هاتنە دی، ئەو حەقیقەتەی بەدوایدا دەگەڕان، لێرە دۆزییانەوە. ئەگەر لە جێی خۆیدا بێت، دەتوانین بڵێین کە ڕۆژئاوای کوردستان بوو بە قیبلە. کاردانەوەکانیش بەو پێیە گەشەیان کرد. تەنانەت ئێستا کوردستان، لە بابەتێکی ناوخۆیی و نەتەوەییەوە بووە گەردوونی بووە. ڕۆژئاوا، بوو بە مۆدێلی ژیانی هاوبەشی گەلان. لەم ٩ مانگەدا لە بەلوچستان دروشمیان بۆ کوردستان وتەوە. ئەمە نیشانی دەدات کە لە ڕووی فکرییەوە چیتر سنوورەکان نەماون. بوونی شۆڕشی ڕۆژئاڤا، هیوای بە ڕۆژهەڵات بەخشی، ڕۆژهەڵاتی بەکێشی ناو خەبات کرد و لە ئاستی فکریدا گەشەی پێدا. بێگومان، تەنیا سنووردار نەکرا بە سەرچاوەی ئیلهامەوە. هەوڵی گەشەپێدانی ئەم مۆدێلە درا لە ڕۆژهەڵات. لە کوردستان سنوورەکان توندن، لەوانەیە هاتوچۆی جەستەیی نەکرێت،

بـەڵام ئـەم سـنوورانە لـە ڕووی فکرییـەوە تێپەڕێنـراون. هەرچەنـدە دیـوار دروسـت بکرێـت، خودئاگایـی لـە بنـەوە گەشـە دەکات. کەواتـە ڕووخانـی ئـەم سـنوورانە زۆر دوور نییـە. خەباتـی نەتەوەیـی، ئـەم ڕۆحـەی خولّقانـدووە.

یەکێـک لـە دەسـتکەوتەکانی ئـەم پرۆسـەیە بـە شۆڕشـی ژن، ژیـان، ئـازادی، لـە ئەدەبیاتـەوە تـا هونـەر بەخشـینی پێوەرێکـی گرنگـی جوانناسـییە بـە جیهـان. لـە ٩ مانگـی ڕابـردوودا، هونـەر و کولتووری نۆ سـاڵ گەشـەی کـرد. کارە کولتوورییـەکان چۆنایەتییـان لـە ئاسـتێکی بـەرز دا بـوو، لـە بواری هونـەردا فیلـم، گۆرانـی، شـانۆ وەک کرانەوەیـەک بـوو و گـرێ کوێـرەکان لەناوبـران. بـەم شـێوەیە ئاسـۆش فـراوان بـوو. هەمـوو کـەس بەپێـی توانـای خـۆی دەیەوێت کار بکات. لـە هـەر شـوێنێک هیـوا و خـەون هەبێـت، لـەوێ سیسـتەمیش دروسـت دەبێـت. لـە شـوێنێک خـەون هەبێـت هیـوا، خەبـات و داهاتـووش دەبێـت. لـە ٩ مانگـی ڕابـردوودا بینیمـان کـە خەبـات، دەسـتکەوتی بەرجەسـتەی هێنایـە ئـاراوە. لەپـاڵ ئـەوەدا خەباتێک کـە بووەتـە سیسـتەم؛ دەبێتـە سـەرچاوەیەک بـۆ بوارەکانـی هـزر و ڕێکخسـتنیش.

لـە هـەر پرۆسـەیەکدا ڕۆڵ دەکەوێتـە سـەر شـانی جێیـەک و هەمـوو کـەس ڕۆڵێکـی هەیـە. ڕۆژهـەڵات، بـە دروشـمی(ژن، ژیـان، ئـازادی) واژۆی لەسـەر ئـەم سـەدەیەی دواییـدا کـرد و شایسـتەیی ئـەوەی بەدەسـتهێنا ببێتـە سـەرچاوەی ئیلهـام. ئـەو گرێکوێرەیـە تێدەپەڕێنێـت کـە لـە بـواری کولتـوور-هونـەردا، هەیـە. ئەمـە سـەرچاوەیەکە لـە ئاسـتی جیهانـدا. تەنیـا

سنووردار نییە بە ئێران و کوردستان. لە ئێران خەباتی ژنان و گەلان بەردەوامە و نەوەستاوە. لەوانەیە وەک جاران گەرم نەبێت، بەڵام لە ئامانج و ڕۆحدا کاردانەوەکان نەگۆڕاون. دروشمیەکانیان لە دژی کردەوەکانی دەوڵەتە. گەل، سەنگەرەکانی گرتووە و هەموو کەس لە سەنگەری خۆیدایە. ئەوە، بەو واتایە دەگەیەنێت کە؛ لە هەر شوێنێک خەبات هەبێت، لەوێ سیستەم و دیاردەکانیش دەبن، لەوێ گۆڕانکاریش دەبێت. هەرچەند باجی قورسیشی هەبێت، ئەوەی پێی دەڵێین خەبات، بەپێی سرووشتی خۆی ئاوایە. بەبێ بەخشینی هەوڵ، بە بێ باجی قورس، بێ ماندووبوون ئەمانە دروست نابن. ئێمە، کەسانی زۆر بەنرخمان لەدەست دا. بەڵام بەهۆی ئەمانەوە شۆڕش درێژخایەن، بەردەوام و ڕەگی داکوتاوە. ئەمە؛ میراتێکی گەورەیە کە پێویستە زۆر باش پەرەی پێبدرێت و بپارێزرێت. من، وەک کەسێک هیوادارم و لە ناخەوە باوەڕم بەوە هەیە. هەرچەند قورس و لەسەرخۆ بڕوات، بەڵام زەمینەی ئەمە پتەوە و لە ناخەوە باوەڕم وایە ئەم میراتە دەبێتە هۆی شۆڕشی کۆمەڵایەتی.

سەرەڕای ئەمەش، من پێموایە هێزی دەرەکیش لەم کارەدا ڕۆڵی هەیە. پێموایە هێزە دەرەکییەکان لە پشت پەردەوە ڕێککەوتوون بۆ سەرکوتکردنی هێزە چەپ و دیموکراتییەکان، بۆ خنکاندن و لەناوبردنی ئەم شۆڕشە. هەندێک دەوڵەت ئەرکی خۆیان جێبەجێ دەکەن. ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئێمە ئێستا دەوڵەتە هەنووکەییەکان بە بێتاوان و بێگوناح دەبینین! مەترسییەکی وەها هەیە. ئەو هەموو گەنجە لە ئێران لە سێدارە دەدرێن، بەڵام لە دەرەوە

یـان کاردانەوەیەکـی لاواز لـە ئاسـتی پەرلەمان–سیناتۆدا هەیە یان کاردانەوەی تاکەکەسی هەیە. وا دیارە هێزە دەرەکییەکان پشـتگیری ئێـران دەکـەن بـۆ لاوازکردنـی بەرخـودان. چونکـە بەپێـی سرووشـتی خۆیـان وان، نایانەوێـت سیسـتەمەکە بـە ڕاسـتی بگۆڕدرێت. هەڵەیـە چاومـان لـە هێـزە دەرەکییـەکان بێت و بیر لـەوە بکەینـەوە کـە هەڵوێستی هێزە دەرەکییـەکان، ئەرێنـی یـان نەرێنییـە. چونکـە ئـەوەی یەکلاکەرەوەیـە؛ هێـزە جێگیر و خۆجێییەکانن. ئـەم هێزە خۆجێیانـە وا لە دەوڵەت دەکات پاشەکشـە بـکات. دوای پاشەکشـەی دەوڵـەت، خەڵـک دەتوانـن خواسـتەکانیان بـەدی بهێنـن و سیسـتەمێکی نـوێ دابمەزرێنن.

بێگومـان پێویسـتە جیهانـی دەرەوەش دان بـەو خەباتـەدا بنێت و بیناسـێت. بـەڵام، چاوەڕوانـی کـردن یـان هەڵوێسـتی وەک(بـا هەندێـک لـە دەرەوە بێـن و خەبـات بـۆ گەلـی ئێـران بکـەن) یان(بـا ئێمـە هەنگاوێـک بنێیـن و دەوڵـەت دوو هەنـگاو پاشەکشـە بـکات و هەندێـک دەسـتبەرداری بـکات) زۆر هەسـتیاری و ناسیاسـییە. ئەمە هەڵوێسـتێکی ناشـارەزاییانەیە. ئەمـە خەسـڵەتی دەوڵەتـان و زهنیەتـی پیاوسـالارییە: هەتـا هێـزی هەبێـت هەوڵـی خنکانـدن دەدات، لـەو شـوێنەی هێـزی نەبێـت تـۆ دەتوانـی بیخنکێنیـت. ئێمـە ئێسـتا بـە تـەواوی سـەرکەوتوو نەبوویـن، بـەڵام خاڵـی بەهێزمـان ئەوەیـە کـە تەنیـا نیـن. لـە خەباتـی جیهانیـدا، ڕۆحێکـی هاوبەشـمان دروسـت کـردووە، بـە جۆرێـک کـە چیتـر هیـچ ژنێـک، هیـچ نەتەوەیـەک تەنیـا نییـە. بیـر بکەنـەوە؛ ژنێکـی کـورد، ژینـا ئەمینی، لـە تـاران شـەهید کرا. ژنـان لـە ئەسـتەنبوڵ، قاهیرە، تونـس و جەزائیـر دەنگیـان بـەرز کـردەوە و هاواریـان کـرد.

ژنانی ئەفغانستان، کە لەژێر گوشاری بەهێزی سیستەمی تاڵیباندان، چەندین جار نارەزاییان دەربڕی و پشتگیرییان کرد. ئەم کاردانەوانە چۆن دروست بوون؟ چونکە ئێمە لە سەنگەری خۆمان پتەو وەستاین. ئەگەر ئێمە پتەو بوەستین، هەموو کەس لە سەنگەری خۆیدا هێز لە ئێمە وەردەگرێت و پتەو دەوەستێت. ژنانی ئێران لە زیندانەکان، شەقام، ماڵ و گۆڕەپانەکانی خەباتدا بەهێزن و پێویستە ئەم خەباتە فراوانتر بکرێت، پەرە پێ بدرێت و زیندوو ڕاگیرێت. نابێت چاومان لە دەرەوە بێت. ئەوەی پێویستە بکرێت، خۆمان دەتوانین بیکەین. ئێستا هۆشیاریی ڕەگەزی پەرەی سەندووە و لەم ڕووەوە کاردانەوەکان بەهێزن. تەنانەت کاریگەری لەسەر هێزی خەبات و هێزی گوشار هەیە و دەتوانێت پاشەکشە بە دژەکەی خۆی بکات. ئێمە بەهێزین و بێگومان سەردەکەوین!

**گ.ژ: پەیامت بۆ خوێنەرانی گۆڤاری ژنۆلۆژی چییە؟**

**چ.یٔ:** شانازی بەوە دەکەم کە بەشداریم لەم گۆڤارەدا کرد و بۆچوونی خۆمم دەردەبڕی. گۆڤاری ژنۆلۆژی تەنها وەک گۆڤارێک نابینم؛ بەڵکو وەک سەرچاوەیەکی زانستی دەیبینم کە ئاسۆی مرۆڤ فراوان دەکات، سنوورە داسەپاوەکان دەڕووخێنێت و تێڕوانینی پیاوسالاری و نەریتی کۆن وەلاوە دەنێت. ئێمە بە ژنۆلۆژی ڕۆشنبیر و هۆشیار دەبینەوە. وەک خۆمان؛ بە زمانی خۆمان، بە بیری خۆمان کێشەکانی خۆمان هەڵدەسەنگێنین و چارەسەریان دەکەین. ژنۆلۆژی

فێری کردین چۆن سیستەمی خۆمان دروست بکەین. دەتوانم بڵێم؛ هەر ژنێک دەرفەتی هەبێت با گۆڤاری ژنۆلۆژی بخوێنێتەوە. پێشنیار دەکەم هەموو ژنێک بە شێوەیەک ژنۆلۆژی بخاتە بواری ژیانەوە. گۆڕانکاری فکری هەر ژنێک دەتوانێت ماتەوزەی ژنانی دیکە بێنێتە مەیدان و لافاوئاسا بیخرۆشێنێت. گۆڤاری ژنۆلۆژی لەم ڕووەوە دەبێتە زمان و مەعریفەی ئەو زانستە و پێویستە بگاتە دەستی هەمووان. من پێشنیار دەکەم هەموو ژنێک بیخوێنێتەوە.

**گ.ژ:** ئێمەش سوپاسی ئەم بەشدارییە بەنرخەت دەکەین و دەستخۆشی لە ماندووبوونت دەکەین.

## پەراوێزەکان:

[١] ناوی قەڵایەکە بەسەر کێوێکەوە کە هەمان ناوی هەبووە لەبەرزاییەکانی گوندی(بالانج) کە ١٨کلم لە باشوری خۆرئاوای(ئورومیە)ەوە دورە. بەرگری قەڵای دمدم ڕوداویکی مێژوویە و پەڕەیەکە لە مێژووی سیاسی کوردستان لەسەدەی ١٧ دا (١٦٠٩) ز بەرامبەر بە (١٠١٨) ی کۆچی کە لەناوچەی ئورومیە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕویداوە. جەنگی نێوان میرە کوردەکان ئەمیر خانی لەپ زێڕینی برادۆستی و شا عەباسی سەفەوی لەبەرامبەر سیاسەتی گۆڕینی دیموگرافی لەکوردستاندا ڕوویداوە.

[٢] زیکیرتو ئاماژە بە دەوروبەری ناوچەکانی (دیواندەرە، بۆکان و قروەی ئەمرۆ و دەروبەری ئوزون) دەکات کە لەژێر فەرمانڕەوای پادشایەک بووە بەهەمان ناو کە لە دەوروبەری ساڵەکانی ٧١٦ی پێش زایین ژیاوە.

[٣] ئەم پشکنینانە لە ئەشکەوتەکانی (کولیان) و (جاوری) هەروەها ڕووباری (گراب) بینراوە.

[٤] یاری یان ئایینی یارسان، دەرئەنجامی پەرەسەندنی کولتوور و بیروباوەڕی دانیشتوانی زاگرۆسە بەدرێژایی هەزاران ساڵ. ئایینی یاری بەم شێوەی ئێستای بە فێرکارییەکانی(سوڵتان سەهاک) و هاوەڵانی لە سەدەی حەوتەمدا بە پێی ساڵنامەی هیجری دامەزراوە. حەوت تەن، کورتکراوەی ئەو حەوت کەسەیە کە بە دۆستی پلە یەک لە سوڵتان سەهاک دادەنران. ئەوان بە شێوەی حەکیم و دانایان بوون بۆ ڕێنماییکردنی مرۆڤەکان لە هەموو سەردەمێکدا.

[٥] ژنە خودای شاخ کە لە دواییدا بەناوی (ئینانا) خودای داهێنراوی چاخی بەردینی نوێ دەرکەوتووە.

[٦] مورتەزا عزەتی، لەیلا شەهریاری، محەمەدی نەجەفی و عەلی شەفیعی،(خەملاندنی کاریگەری جیاکارییە ئابوورییە ناوچەییەکان لەسەر گەشەی ئابووری دەوڵەت لە ئێران)، ٢٠٢٣. بەشی ١٢ ل ٣٩- ٥٦.

[٧] عەبدولقادر نیازی و مەهدی عامری، پاتۆلۆژیای دەروونی و کۆمەڵایەتی نەبوونی بەشداری سیاسی ژنان لە ئێران. زانستە مرۆییەکان ٢٠٢٠

[٨] ڕوسیلس پ. دوباش و، ڕیبێکا. ا. دوباش. توندوتیژی ژنان بۆ پەیوەندییە ئینتیمیەکان کارکردن. گۆڤاری تاواناسی بەریتانی ٢٠٢٤ ژ. ٤٤ (٣) ل ٣٢٤

[٩] چارڵز تایلۆر،(سەردەمێکی عەلمانی). لە سەردەمێکی عەلمانی، چاپخانەی زانکۆی هارڤارد، ٢٠٠٧

[١٠] شێوازێکی ژیان کە مرۆڤەکان بە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی خۆیان دەناسرێنەوە، و تێیدا هەندێک جلوبەرگ و جل و بەرگ و ڕەفتارێکی پەسەندکراو هەن کە هاوتای هەر ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتییە.

[١١] تێلا ڕەشیدی و عەباس مەلەک حوسێنی،(مۆدێرنیتە و کاریگەرییەکەی لەسەر پێکهاتنی ناسنامەی ژن لە فەزای گشتی شارەکاندا (توێژینەوەی کەیس: پارکی

ئێلگۆلی، تەبریز)(، لێکۆڵینەوەکانی جوگرافیای پلاندانانی شار ۲۰۱۳، ژمارە ۲ (۳) ل ۳۷۰ - ۳٤۳

[۱۲] چارلز تایلۆر،(سەردەمێکی عەلمانی) لە سەردەمێکی عەلمانیدا، چاپخانەی زانکۆی هارڤارد، ۲۰۰۷

[۱۳] مارشال بێرمان، ئەزموونی مۆدێرنیتە، ۱۷ی ژانویەی ۲۰۰۱

[۱٤] محەمەد عەباسزادە، حەمەد سەعیدی عەتایی، زەهرا ئەفشاری،(لێکۆڵینەوەیەک لە هەندێک هۆکاری مۆدێرنیتە کاریگەر لەسەر مەیلی ژنان بەرەو جیابوونەوە (بابەتەکانی لێکۆڵینەوە: ژنانی شووکردوو لە زەنجان)(، لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران، بەرگی ٤، ئەیلوولی ۲۰۱٥، ل ۲٥ – ٤٤.

[۱٥] بڕیارنامەکانی کۆبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ۱۹۹۳.

[۱٦] پامێلا ئابۆت و کلێر والاس، پێشەکییەک بۆ کۆمەڵناسی: دیدگا فێمینیستیەکان، Routledge ISBN: ۰-٤۱٥-۳۱۲٥۸-۲

[۱۷] بیدی مارتن و چاندرا موهانتی، سیاسەتی فێمینیست: ماڵ چی پەیوەندی بەوەوە هەیە؟ فێمینیزمەکان: ئەنتۆلۆژیای تیۆری ئەدەبی و ڕەخنە، ۱۹۸٦، ل ۲۹۳–۳۱۰.

[۱۸] ب. ڕەزەوی، شیکاری پێگەی بەشداری ژنان لە پرۆسەی گەشەسەندنی سیاسی–کۆمەڵایەتی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، ۲۰۰۸، ل ٦۰–۷۳.

[19] S. Haslam, M. Ryan,(The Road to The Glass Cliff: Differences in The Perceived Suitability of Men and Women for Leadership Positions in Succeeding and Failing Organizations) , Leadership Quarterly, V: 546-530 ,.19.; T. M. Welbourne, C. S. Cycyota, &;;; C. J. Ferrante,(Wall Street Reaction to Women in Ipos: An Examination of Gender Diversity in Top Management Teams) , Group and Organization Management, V: 547-524 ,32.

[20] M. Fernandez, M. Mors,(Competing for jobs: Labor queues and gender sorting in the hiring process) , Social Science Research, V: 80-1061 ,37.

[21] M. Fernandez, M. Mors,(Competing for jobs: Labor queues and gender sorting in the hiring process) , Social Science Research, V: 80-1061 ,37.

[۲۲] غولام–ڕەزا جەمشیدیها، سیاوەش گولپیور،(مۆدێرنیتە و خۆکوشتن لە نێوان کچان و ژنانی لەکەکانی ئێران)، گۆڤاری کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران، ۲۰۱۰

[۲۳] سەید حەسەن ئەسەدی، بنەماڵە و مافەکانی، مەشهەد: بێ ناش، ۲۰۰۷

[۲٤] ع. ئۆجالان: بەرگی دووەم: (سەرمایەداری، سەردەمی خودا بێ دەمامکەکان و پادشایانی ڕووت).

[۲٥] هالەتومر: ئەو وێنانەن کە لەسەر بەرد کێشراون لەناوچەی کوردستان وان–

هاکاری... تێزی نامەی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی زانکۆی ئەستەمبول.

[٢٦] ع. ئۆجالان، بەرگی دووەم، سەرمایەداری، سەردەمی خودا بێ دەمامکەکان و پادشایانی ڕووت.

[٢٧] ناگیهان ئاکارسەل: دەنگی دێرین: ژن، گۆڤاری ژنۆلۆژی ژمارە ٢٦ ساڵ ٢٠٢٣

[٢٨] لە لێکۆڵینەوەی مێژووی زارەکی کە بەئاگاداری و مۆلەت لە پەرژین تێکوشەر ڕۆژنامەوانی ڕۆژهەلاتی کوردستان وەرگیراوە.

[٢٩] مزگین ڕووناهی بەناوی)حەلیمە ئەفەندی، لەدایکبووی(ماکۆ) کە لە مانگی چواری ٢٠٢٢ لە زاپ گیانی بەخت کرد.

[٣٠] پەرستگاکەی لە شارۆچکەی)کەنگاوەر) پارێزگای کرماشانە. ئەم شوێنە لە ڕیزبەندی میراتی جیهانیدا تۆمار کراوە و هێشتا زۆرێک لە شوێنەوارناسان سەردانی دەکەن. لەکاتێکدا هەندێک لە مێژوونووسانی عەرەب و ئێرانی دەڵێن کە دروست کردنی ئەم پەرستگایە لەسەر بنەمای ڕۆژژمێری کۆچی هەتاوی بۆ سەدەی سێیەم دەگەڕێتەوە و هەندێک لە مێژوونووسان لەوباوەڕەدان دێرینی ئەم پەرستگایە بۆ پێش لەدایکبوونی مەسیح دەگەڕێتەوە.

[٣١] ڕوژدا کوتول بەناوی(مەنسورە میرزادە) کە لە مانگی شەشی ٢٠٢٢ لە ناوچەی زاپ گیانی بەختکرد.

[٣٣] تویتەکەی سپیدە قولیان سەبارەت بە توندوتیژی سێکسی لە زیندانی بوشەهر

https: //twitter.com/sepideqoliyan/status/1435927993558331393?ref_src=twsrc5٪Etfw7٪Ctwcamp5٪Etweetembed7٪Ctwterm5٪E7٪1435927993558331393Ctwgr5٪Ecdf21dd5705bdcc659a3b6abde8c63f7b19a9dc7٪4Ctwcon5٪Es1_&;;;ref_url=https3٪A2٪F2٪Ffarsi.alarabiya.net2٪Firan2٪F2٪2021F2٪09F2٪10FD8B3D9BEDB8CD8AFD-987D982D984DB8CD8A7D986

[٣٤] زنجیرە تویتێک لە بزوتنەوەی (me too–منیش) ی ئێرانی و ئاشکراکردنی لەلایەن (مژگان کشاوەرز) ی چالاکوانی ژنوشیاری (فیمینیست)، لەتوند و تیژی زایەندی و پشکنینی جەستەی ڕووت لە ژووری ڕاگرتن و زیندانیەکانی ئێراندا.

[٣٥] پەرتووکی یادەوەری (ئەیەتوڵا مونتەزەری) یەکێتی بڵاوکراوەی ئێران لە ئەوروپا، بڵاوکراوەی باران، لەبڵاوکراوەکانی (خاوەر و نیما). چاپی دووەم ١٣٧٩ هەتاوی. بەشی دەیەم. ل ٣٤٤– ٣٤٥.

[٣٦] کۆمەڵە گوتار و پەیامگەلێکیخومەینی، لاپەڕەی نور. بەرگی ٢١ لاپەرە ١٠٢

[٣٧] بی بی سی: لەسێدارەدانەکانی ساڵی ١٩٨٨ چەند مانگێک پێشتر پلانیان بۆ دانرابوو، https: //www.bbc.com/persian/iran/٢٠٠٩/٠٨/٠٩٠٨٢٨__bd_pp execution

[38] isna.ir/x5VyvY

[39] https: //www.bbc.com/persian/iran/130919/09/2013_nm_execution_political_prisoner

[٤٠] کربلایی، شیخ حسن (١٣٦١) بەڵێنامەی ڕژی ١٨٩٠، یان مێژووی سنوردارکردنی بازرگانی توتن لە ساڵی ١٣٠٩ کۆچی هەتاوی. لە بڵاوکراوەی / مبارزان. تاران.

[٤١] شادی سەدر؛ زەهرا کازمی، ئەو کەیسە هەمیشە گەمەکەرەی کە داخرابوو

https: //www.bbc.com/persian/arts/160711/07/2016_l44_nazeran_kazemi_case

[دەزگای مافی مرۆڤ عەبدولڕەحمان بۆرومەند [42 https: //www.iranrights.org/fa/memorial/story/61253/taraneh-musavi

[43] https: //www.youtube.com/watch?v=Uk1FHHd6vYg&;;;t=90s

[44] https: //twitter.com/lzeinabzamanl/status/1662832285740138499

[45] Karen DeCrow, Sexist Justice: 1974) 15-209) ; LeGrand, supra note 13, p. 919; generally

Brownmiller, supra note 9, p. 234; Catharine MacKinnon, Toward A Feminist Theory Of The State: 83-171

[46] Winifred Woodhull,(Sexuality, Power, and the Question of Rape) , in Feminism and Foucault: Reflections On Resistance: 167 (Irene Diamond &;;; Lee Quinby eds., 1998) ; Vikki Bell,(Beyond the(Thorny Question): Feminism, Foucault and the Desexualisation of Rape) , 19 Int'l J. Soc. Law: 1991) 3) ; Ann Cahill,(Foucault, Rape, and the Construction of the Feminine Body) , 15 Hypatia: 43 (Winter 2342) ; Monique Plaza,(OurDamages and Their Compensation) , 1 Feminist Issues: 1981) 25).

[47] http: //www.dialogt.net/ &;;; http: //mina-entezari1.blogspot.com/08/2327/blog-post_2449.html

[48] https: //aftabnews.ir/323LlO

[٤٩] کتێبی یادەوەرییەکانی زیندان لە نووسینی شەهرنوش پارسیپوور دەتوانین وەک یەکێک لەو نموونانە بهێنینەوە. ئەم کتێبە لە لایەن چاپخانەی باران لە وڵاتی سوید چاپ کراوە

[50] https: //justice4iran.org/persian/other/crimes-impunity1-3/#_ftn6

[٥١] کزبونی بواری پیشەسازی کە بە ئینگلیزی پێی دەڵێن (Deindustrializ ):

پرۆسەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابوورییە کە بەهۆی نەهێشتن یان کەمکردنەوەی توانا یان چالاکی پیشەسازی لە وڵاتێک یان ناوچەیەکدا دروست دەبێت، بەتایبەت پیشەسازییە قورسەکان یان پیشەسازییەکانی بەرهەمهێنان.

[٥٢] دەستەواژەی کوردی(ژنوشیاری) چالاکوان ژنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شاری سنە)فەریدە وەیسی) دایهێنا کە لەباتی دەستەواژە بیانی (فیمینیسم) بەکار بهێنرێت.

[53] hooks, bell (2323). Teaching community, a pedagogy of hope. Routledge. New York and London. S. 197

[54] Thürmer-Rohr, Christina (2324). Mittäterschaft von Frauen. Die Komplizenschaft mit der Unterdrückung. In Becker, Ruth/ Kortendiek, Beate (Hg.) , Handbuch Frauen- und Geschlechterforschung. Wiesbaden. S. 90-85.

[55] Momozai, Martha (1990). Komplizinnen. Reinbeck bei Hamburg. S. 22.

[56] Cesaire, Aime (2021). Über den Kolonialismus. 3 Auflage. Alexander Verlag Berlin. S. 47.

[57] Posselt, Gerald/ Schönwälder-Kuntze, Tatjana, Seitz, Sergej (Hg.) (2018). Judith Butlers Philosophie des Politischen Kritische Lektüren. transcript Verlag, Bielefeld. S. 303-301

[58] Galtung, Johan (1998). Frieden mit friedlichen Mitteln; Friede und Konflikt, Entwicklung und Kultur. Leske + Budrich. Opladen. S. 83

[59] zit. nach hooks, bell (1992). Black Looks, Race and Representation. South End Press. Boston, MA. S.1

[٦٠] بەبۆچونی ئەوان هەر کچێک ئەگەر پەردەی کچێنی لەدەست نەدابێت و بمرێت یان لەسێدارە بدرێت ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە، بەواتا لەبەرئەوە دەستدرێژیان دەکەنە سەر تا لەو دونیاکەش نەڕۆنە بەهەشتەوە...

[٦١] ئینتەرسێکشناڵیتی، چوارچێوەیەکی شیکارییە کە بەکاردێت بۆ لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی کۆمەڵگە و دەسەڵاتەکان بەپشتبەستن بە ناسنامە کۆمەڵایەتی و سیاسییە جۆراوجۆرەکانیان، وەک ڕەگەز و نەتەوە و زایەند. بەپێی ئەو ناسنامانە، کەسێک ڕەنگە ئیمتیازاتی هەبێت یان ستەم لێ بکرێت.

[٦٢] بابەتێکی کوێستان داودی لە کامپی ژنۆلۆژی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لە سوێد لە ١٩ حوزەیرانی ٢٠١٦ پێشکەشی کرد

ئەفسانەی ژیان لێرە سەریهەڵدا و خوڵقا و
لە کوردستاندا وەک ژن و ژیان شێوەی گرت.
ئەمجارەیان لەژێر دەسەلاتی هێزە هیراشیی
و دەوڵەتدا ژیانی دەوروبەری ژن و ژیان لە
هەمان شوێن نەما.....

Jineolojî
WWW.JINEOLOJIDERGISI.COM